ساڵی سێهەم، ژمارە ١١ پووشپەڕی ١٣٩٩

# دوماهنامەی بەیان

مدیرمسئول‌وصاحب امتیاز: **د. اسماعیل مصطفی‌زاده**
شورای نویسندگان:
کوردی کرمانجی: **عبدالکریم سروش، اوزال اسکندرزاده**
کوردی‌سورانی: **د. ابراهیم اسماعیل‌پور، پروانه احمدین**
**قرنی امین پور، د.خالق جلیل‌نژاد، کریم رحمانی، یعقوب خضری**
کوردی هورامی: **همایون محمدنژاد**
کوردی‌کلهوری : **طاهر ویسی** (کۆچەر)
شعر: **طاهر کریمی**
ویراستار : **رحیم سلطانی**(هەژێن)

مدیر سایت: **امیر بیژنی** (www.beyangowar.ir)
طراحی و گرافیک: **آوات حکیم‌زاده**
تایپ و حروفچینی: **زهرا** (گوڵزار) **نادری، آزاد اسماعیلی**

ئەم دەقانەی لەم گۆڤارەدا بڵاو دەبنەوە، مەرج نییە ئاوێنەی بیروڕای بەڕێوەبەرانی بێ.

**سەروتار /** د. شەماڵ ئیسماعیل پوور ٢
**ئەوپەڕ ڕەخنە یا فەلسەفەی ڕەخنەی ئەدەبی /** ڕەهبەر مەحموودزادە ٣
**مەرگی ئەویتر لە گۆشەنیگای خەمۆکییەوە/** کاوان محەمەدپوور ١١
**بنەماکانی فکری ـ فەلسەفی ڕەخنەی کلاسیک/** د.خالەق جەلیل‌نەژاد ١٥
**بانگەشەیەک بۆ تەنینەوەی شەقامەکان/** ئەمجەد غوڵامی ١٩
**سووکە ئاوڕێک لە سەر یۆتۆپیزم کردنی.../** عەبدولقادر نیازی ٢٢
**«ئیداورد سەعید» و «ژان‌پۆل سارتر»...**/ یوونس ڕەزایی ٢٥
**وتوویژ لەگەڵ ڕۆمان‌نووس حەسەن محەمەدی/** بەیان ٣٠
**قەناتی کوردۆ، نووسەر و زمان‌ناسێکی چالاکی کورد/** بەیان ٣٦
**جوانوو مایین/** قادرعەلیخا ٣٧
**ڕۆمان‌نووسی بەتوانا کاک عومەر مەولوودی/** هێمن ئیسماعیل‌پوور ٤١
**خوێندنەوەی کۆمەڵە شێعری زەویی پلاستیکی/** عەلی حوسەینی ٤٦
**گرینگی ڕۆمان لە ئەدەبیاتدا /** چیمەن سانیار ٤٨
**ئایا من ڕەخنەگرانە بیر دەکەمەوە؟/** پەردیس ڕەحیمی ٤٩
**چەن ترووسکە لە کۆچی هەورە تریشقە/** ناسر کەریمی ٥٠
**لە جێژوان هەر بەرامەی خۆشی سێوە/** ک.د. ئازاد ٥١
**چیرۆکی حوسەین کوردی شەبستەری/** مەحیا میکائیلی ٥٢
**خوێندن بە کاتی جەهەندەم/** تاهیر حامیدی ٥٥
**وێژەوانانی موکریان/** سەید نووح عینایەتی(نەبەز) ٦٠
**سەبارەت بە ڕەخنە /** د.عومەر حیسامی(ئەمیر) ٦٣
**خاڵخاڵۆکە/** پەروانە ئەحمەدێن ٦٥
**سلێمانی جاران(خوێندن وخوێندەواری) /** رزگار خدر مستەفا ٦٧
**شوانی کورد وەک یەکەمین ڕۆمانی کوردی/** محەمەد ئەدیبی ٦٩
**ڕازی ئەو دوو چاوەی کە بەتاڵ بوون لە نیگا /** جەمیلە سەمەدی ٧١
**وێنەیەکی سوعبەتچی/** فەوزیە سوڵتان‌بەگی ٧٢
**بەڵگەیەکی زارەکیی لە کوشتاری .../** مستەفا ڕەسوولی‌دێبوکری ٧٣
**مێژووی خەت، کتێب و پیشەی چاپ لە.../** مەسعود رەشیدی ٧٤
**بۆچوونی سیستەمی لە بەڕێوەبەریدا / د.** فاروق یەزدان‌ستا ٧٦
**بابەشێخی مەردۆخ ڕۆحانی «شیوا» /** بەیان ٧٨
**هۆزانڤانێن کورد یێن بەهدینی/** سەردار هێتوتی ٨١
**ژ پێشەنگێن رۆژنامەڤانیا بەهدینان.../** هێرش کەمال رێکانی ٨٦
**تـەیفیێ هەکاری/** ئیسماعیل بادی ٨٨
**ڕخنەی ئەدەبی و کورتە .../** تاهیر وەیسی (کۆچەر) ٩٠
**کردهای استان همدان/** مهندس فریدون کرمی ٩٣
**قرص اکستازی/** د. ناصر قاضی‌نیا ٩٥
**ماڵپیت/** ئومید تورکە (ڕێژەو) ٩٦



وێنە: قەناتی کوردۆ(نووسەر)

وێنەکێش: ڕێبوار خالید تاهیر

آدرس:
مهاباد، میدان آرد، پاساژ بانک ملت، طبقه ٣
تلفن: مصطفی زاده ٠٩١٤١٦٨٣٢١١
Email: beyangovar@gmail. com

شماره کارت (اسماعیل مصطفی‌زاده)
٦٠٣٧٩٩٧٤٧٤٣٠٨٧٨١

# سەروتار



د. شەماڵ ئیسماعیل پوور - سەقز

## وێژە و کۆمەڵگا

ویژەی هەر گەلێک لە کۆمەڵە دەقێک پێکهاتووە کە بەرهەمی هەرمان و بەرچاوی پێشینیانی ئەو گەلەیە. ئەم وێژەیە بەسەر دوو ڕێچکەی هۆنراوە و پەخشاندا دابەش دەبێ کە جیاکردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە و وێژەوانان و فەیلەسووفان هەمیشە ویستوویانە هێڵی نێوانی ئەم دوانە تۆخ بکەنەوە.

بەگشتی وێژە باڵی بەسەر هەموو گەلاندا کێشاوە و وەک دەڵێن ژیانی هیچ گەلێک جیا لە وێژە نییە. یونگ دەڵێ: «وێژە دەربڕینی نەستی گەلە». بە دڵنیاییەوە فەرهەنگ بەشێکی بەرچاو و دیاری ئەم نەستەیە. کەوابوو بۆناسین و زانیاری وەدەستهێنان لە سەر فەرهەنگ دەبێ دەستەوداوێنی وێژە بین. لە سۆنگەی ئەدەبەوە ڕێگەی ئەبیستیمۆلۆژی هەموار دەکرێ و گەلێک دەتوانێ خاوەنی ئەم زانستە بێ کە توانیبێتی خاوەنی ئەدەبیاتێکی دیار و بەرچاو بێت. بەواتایەکیتر لە ڕێی وێژەی گەلێکەوە دەتوانین سەر لە زانستی ئەبستیمۆلۆژی ئەو گەلە دەربێنین. وێژە ئاوێنەی باڵانوێنی ئاکار و ئەخلاقی نەتەوەیەکە. گەلانی خاوەن ئەخلاق و ئاکار جوان بەدڵنیاییەوە وێژەیەکی ئاکارمەند و دەوڵەمەندیان هەیە. وێژە دەتوانێ لە تاکی کۆمەڵگا، شارۆمەند دروست بکا و هەر وەها لەڕێی وەرگێڕان و ئاشنابوون لە گەڵ ئەدەبی گەلانیترەوە، ڕێگە لە دەمارگرژی و توندوتیژی بگرێ. گەلان و هاووڵاتییانی خاوەن ئەدەب کەمتر لە داوی دەمارگرژی کەوتوون و زۆرتر مرۆڤ دۆستییان کردۆتە پیشە.

لەڕاستیدا بەرهەمهێنانی فەرهەنگ کاری وێژە و ئەدەبە. ئەگەر بەتەما بین خاوەنی فەرهەنگێکی جوان و پاک و گەشەکردوو بین، دەبێ لە سەر وێژە و بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی بەهێز و کاریگەر کار بکەین و بەرهەمی باش بخوڵقێنین. دەستڕاگەیشتن بە حەقیقەت، لە ڕێی وێژەوە دەکرێ. سی سی لویس دەڵێ: وێژە لەگەڵ ئەوەدا کە وەسفی ڕاستی دەکات، لێشی زیاد دەکا. بەپێی ئەم وتەیەی لویس وێژە دەتوانێ خولقێنەری ڕاستیش بێت و تەنیا بە وەسفی ڕاستییەکان ڕازی نەبێت.

وێژە ڕێنوێنی کۆمەڵگایە و دەتوانێ ژیانی خەڵکی بەرەو ئاقاری باش بەرێ و نووسەر بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕێبەر و چاوساغی گەلە. نووسەر لە ئاست خەڵکەکەی بەرپرسیارە و وێژە هەڵگری ئەو ڕەسالەتە قورسەیە. بۆ بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکە لە ژانری تایبەت کەڵک وەردەگیرێ. بەپێی بارودۆخی سەردەم و پێویستی کۆمەڵگا و شوێندانەری و کاریگەری تایبەت و ئاستی خوێندەواری گەل، ژانرەکان دەستنیشان دەکرێن. نووسەر بەم پێیە بەرهەم دەخوڵقێنێ. ژانرە ئەدەبییەکان لە نێو گەلانی جیهاندا هاوبەشن و لە هەر جێیەکی جیهاندا بەرهەمی ئەدەبی بخولقێ، لە ژانرە جیاوازەکان کەڵک وەردەگیرێ. بەڵام گەلانی پێگەیشتوو و خوێندەوار لە دوو شێوازی ڕۆمان و چیرۆک زۆرتر کەڵک وەدەگرن و ئەم دوو ژانرە لە جیهانی مۆدێڕندا، زۆرتر بەرچاون.

ئەدەبی کوردیش لەم یاسایە بەدوور نییە و نووسەری ئێمەش بە پێی ئەم ڕەوتە دەچێتە پێش. بەداخەوە لەبەر هەلومەرجی تایبەت بە گەلی کورد و وڵاتی کوردەواری، کەمتر ئاوڕ لە پەخشان دراوەتەوە و زۆرتر هەست و نەستی کورد لە هۆنراوەدا خۆی دیوەتەوە. کار بۆ ڕۆمان و چیرۆکی تکنیکی، وەکوو دوو دیاردەی مۆدێڕن، ساڵانێکە سەری هەڵداوە و بەحەق کاری زۆر جوان و باشیش کراوە. بەڵام لە چاو ئەدەبی گەلانی پێشکەوتوو زۆر ساوایە و دەبێ کاری جیدی بۆ بکرێ.

### هەربۆیە گۆڤاری بەیان

بە پێی ئەرکی سەرشانی خۆی و زەروورەتی کاری، ئاوڕ لە هەموو ژانرەکان دەداتەوە و بە پێی پێویستی سەردەم لە سەر شێوازە گرینگ و سەردەمیانەکان جەخت دەکاتەوە و بایەخ بەو بەرهەمانە زیاتر دەدات کە کۆمەڵگا پێویستی حەتمی پێی هەیە.

بەری ویلسۆن                وەرگێرانی ڕەهبەر مەحموودزادە ـ شنۆ



# ئەوپەڕ ڕەخنە یا فەلسەفەی ڕەخنەی ئەدەبی

پرسی ڕەخنە و بابەتی ڕەخنەیی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە مێژوویی فکر لە هەر کۆمەڵگایەک. گەڕانەوەیەکی کورت بۆ مێژووی فکر بۆمان دەردەخات بێتوو ڕەخنە و بابەتی ڕەخنەیی وەک پێویست بەهای پێ بدرێ، داهێنان، نوێخوازی، تۆلێرانسی مەعریفی و بەبنەما پەرە دەستێنێت.هەر کات ڕەخنە و بنەماکانی مێتۆدیک و زانستی ڕەخنەیی پێ بگرن هیچ نەریت و مژارێک بۆی ناکرێت خۆی وەک بابەتێکی پیرۆز و ئاماڵپیرۆز پێناسە بکات.ڕەخنە و تێگەیی ڕەخنەیی جەوهەری پرسیارەکان قووڵ و واتادار دەکا لەسەر داروپەردووی پرسیارگەلی قووڵیش ئاست و پانتای بیرکردنەوەش ڕووبەر و دوورەدیمەنیان فراوانتر دەبێ.هەر کۆمەڵگایەک بتوانێ بنەماکانی بیر و هزری ڕەخنەیی بە شێوەیەکی زانستی پەرە پێ بدات، لە دۆگماتیسمی مەعریفی و کلتووری مەودا دەگرێت. لە بیرۆکەی مرۆڤ و کلتووری ڕەخنەگردا هەموو مژار و بابەتێک بۆی هەیە بخرێتە سنووری شک و هەڵسەنگاندن. بەو ئەندازە، کلتووری کۆمەڵگایەک لە مێژووی خۆیدا وا گۆش کرابێ کە ڕەخنە و بابەتی ڕەخنەیی بە هێند وەرگرێت فرەیی و پلۆرالیسمی مەعریفی باشتر جێگیر دەبێت.بیر و مرۆڤی ڕەخنەگر، چۆنێتی هەڵسوکەوت و ڕێکخستنی بە نیسبەتی ئەو پرسانەی کە دەگەڵیان ڕووبەڕوو دەبێ لە هەرچەشنە تێئۆلۆژی یان ئیدئۆلۆژییەکی خۆسەپێن مەودا دەگرێت. کە وابوو، ڕەخنە و بیری ڕەخنەگرانە بابەتێکی شهوودی نییە بەڵکە بابەتێکی زانستی، مێژوومەند و بەردەوام لە جووڵە، ڕانەوەستان و خۆ تازەکردنەوەی جەوهەری و بنەمایی دایە.تێگە و کلتووری ڕەخنەیی، لە هەمبەر ئۆتۆریتەی مۆنۆلۆگ و پەرەگرتنی هەر چەشنە دەنگێکی پاوانخواز وەک پرەنسیپێکی مێتۆدیک ڕادەوەستێ، تەنانەت ئەو دەنگە مۆنۆلۆگە ئەگەر سەرچاوەکەی خۆشی بێت. هەر ئەوەش وای کردووە تێگە و کلتووری ڕەخنەگرانە بەردەوام لە چەشنێک نەزەروەرزی ئێپیستمیکدا بێ. بەو پێودانە، لە ئۆنتۆلۆژیای بیر و کلتووری ڕەخنەگر دا هیچ بتێک هێزی بوون و مانی نییە. بۆیە هزر و کلتووری ڕەخنەگر ملکەچی سێبەر و مەزنی هیچ چەشنە ئایدیایەک چ ئاسمانی و چ ئەردی نییە.بەو پێیە، ڕەخنە و بیری ڕەخنەگرانە، بەستێن و مەودای فرەیی لە داهێنان، نوێخوازی، قبووڵ کردنی بیر و ئەندێشەی جیاواز، دوورکەوتنەوە لە چەقبەستوویی مەعریفی، گیرۆدەنەبوون بە دەست هەر چەشنە ئیدئۆلۆژی یان تێئۆلۆژییەک و ... خۆش دەکات.

گۆڤاری بەیان بۆ پەرەگرتن و باڵاکردنی بیر و هزری ڕەخنە و ڕەخنەی ئەدەبی بە پێویست دەزانێ فایلی تایبەت بۆ باس و مەسەلە جۆراجۆرەکان مەعریفی و فکری ئەدەبی لە کوردستان بڵاو کاتەوە. بۆیە داوادەکات لە هەموو بیرمەندان و خاوەن ڕایان بە نووسین و لێکۆڵینەوەکانیان یاریدەدەرمان بن.

گۆڤاری بەیان

ئەوپەڕڕەخنە یا ڕەخنەناسی، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی ئەو تیۆری و بۆچوونە ڕەخنەییانەی خەریکی تاوتوێ کردنی مانای دەق، پێوەندییەکانی نووسەر ـ دەق ـ خوێنەر و پێوانەکانی داوەری کردن لەسەر دەق[ی ئەدەبی] و دەستکردە فەرهەنگییەکانیتر دەبن. هێندێک جار ئەوپەڕڕەخنە لە ژێر سەردێڕی هێرمنۆتیک ـ یش باسی لێ دەکرێ. (گەرچی هێرمنۆتیک دەتوانێ بۆچوونێکی تایبەت لەمەڕ ئەوپەڕ ڕەخنەوە بێ) و جاری واشە ئەوپەڕ ڕاڤەی پێ دەڵێن چونکە باس‌وخواسەکانی پێوەندیدار بە ڕاڤە دەورێکی گرینگ لە ئەوپەڕڕەخنەدا دەگێڕن.

پرسەکان: ئاستە وردەکانی لێکۆڵینەوە

بۆ ئەوەی بتوانین سیمایەکی دیار لە ئەوپەڕ ڕەخنە بهێنینە بەرچاوی خۆمان، باشتر وایە دوو ئاستی ورد و هەراوی لێکۆڵینەوە لەیەک جودا بکەینەوە. چونکە لە هەر کام لەو ئاستانەدا پرس و باسی جیاواز دێتە گۆڕ. لە ئاستی وردی ئەوپەڕ ڕەخنەدا، سەرنج دەدرێتە پرسەکانی پێوەندیدار بە ڕاڤە و لێکدانەوەی دەق:

ئەلف) نووسەر(دانەر) ب) دەقێک ج) لە زەمینە و چندراوەی تایبەت و بە بەردەنگگەلی دیاریکراو لە زەینی خۆیدا، بەرهەم دەهێنێ و ئەم دەقە دواجار لە لایەن د) خوێنەرێکەوە یا ڕاڤەکارێکەوە دەخوێندرێتەوە و ڕاڤەی لەسەر دەکرێ؛ خوێنەر یا ڕاڤەکارێک کە هـ) لەناو زەمینەی تایبەتی خۆیدا ئامادەیە و و) ڕاڤەیەک لە دەقەکە بۆ ز) خۆی یا بۆ بەردەنگەکانی تر دابین دەکا.

پرسەکانی پێوەندیدار بە نووسەر

ئەوپەڕڕەخنە، بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو دەقانەی نووسەرەکانیان ناسراون، خەریکی تاوتوێ کردنی شوێن‌دانانی تیۆریکی زانیارییەکانی پێوەندیدار بە نووسەری دەق لەسەر چونیەتی لێکدانەوەی دەقەکە دەبێ. بۆ نموونە ئایا بۆ ڕەخنەکاریی دەقی وەک کۆمێدی خودایی دانتە، ڕاڤەکار دەبێ بە دوای دۆزینەوە و سەرەتی پێدانی ئەو مانایە بێ کە نووسەر لەبەر چاوی بووە؟ ئەگەر وابێ، لەسەر ڕاڤەکار فەرزە بە لێکۆڵینەوەی دەقەکە یا پێشەکی نووسەر یا ئەو وتارانەی نووسەر نووسیونی، ئەمە ڕوون بکاتەوە کە نووسەرەکە ویستوویەتی لەڕێگای ئەم دەقەوە چ مانایەک بۆ زەینی خوێنەر ڕابگوێزێ.

یان لەوانەیە بۆ ڕاڤەکار پێویست بێ هەر بە تەنیا هێندێک باسی لاوەکیی پێوەندی‌دار بە نووسەر لە بەر چاو بگرێ. لەم ڕوانگەوە زانیارییەکانی پێوەندیدار بە نووسەر بۆ تێگەیشتنی مانای دەقەکە دەورێکی کەمتر دەگێڕن و وەکوو زانیاریی ئاسایی لە ناو کۆمەڵێکی زۆر لە زانیارییەکانی تر چاویان لێ دەکرێ.

هێندێک دەق وەکوو ئوستوورە و حیماسەکان بەمانای باوی وشەی نووسەر، نووسەریان نییە. دۆزینەوەی ئاخێزگە مێژووییەکانی ئەم چەشنە دەقانە زۆر جار کارێکی دژوارە. بۆچوونێکی ئەوپەڕڕەخنەیی کە بڕوای بە

دەورێکی گرینگ و شوێندانەر بۆ نووسەر هەیە، چۆن لەگەڵ بارودۆخێکی ڕاڤەکارانەی لەم چەشنە بەرەوڕوو دەبێتەوە؟ لەوانەیە بارودۆخی لەم چەشنە پشتڕاستکەرەوەی ئەم ڕوانگەیە بن کە بەلانی کەمەوە بۆ ئەم چەشنە دەقانە، نووسەر ئەرکێکی ئەوتۆی لەسەرشان نەبووە.

جگە لەمە دەقی وەها هەن کە بە درێژایی زەمان، نووسەری جۆراوجۆریان هەبووە. بۆ نموونە، حیکایەتەکانی مەسیح سەرەتا لە زمانی خۆیەوە دەربڕدراون، بەڵام ئەوەی ئێستا لە بەردەستی ئیمە دایە چل هەتا حەفتا ساڵ دوای مەرگی مەسیح لە لایەن کۆمەڵگای مەسیحییەوە کۆکراوەتەوە و نووسراوە. پرسیارێک کە لێرەدا دەورووژێ ئەمەیە کە ئەوەی ڕاڤە دەکرێ چییە؛ قسەی مەسیح یا ڕوانگەی بەرەی یەکەمی مەسیحییەکان؟ ئەوپەڕڕەخنە لەگەڵ پرسیارێکی لەمەش دژوارتر بەرەوڕوو دەبێتەوە: ئایا دەکرێ بگەینە واوەی کۆکرانەوە و پێداچوونەوەی ئەم دەقە و قسەکانی خودی نووسەری دەقەکە [واتە مەسیح] وەچنگ بخەین؟

جگە لەمانە، هەر لەبنەڕەتدا، نووسەر چییە؟ ئایا باسی نووسەر وەکوو کەسێک لە کاری نووسیندا، باسێکی گرینگە؟ یان نا گەڕانەوە بۆ نووسەر بیانوویێکی لەبارە بۆ بەستنەوەی دەق بە کات و شوێنێکی تایبەتەوە؟ جگەلەمە بەڕاشکاوی ناتوانین بڵێین نووسەری هێندێک دەق کێن. [بۆ نموونە] هێنری هەشتەم نووسراوی شکسپیرە یا نووسراوی شکسپیر و جان فیلچر؟ وەڵامی جۆراوجۆر بەم پرسیارە ئاکامی ڕاڤەکارانەی جۆراوجۆری بەدواوە دەبێ. لەبارەی هێندێک نووسەری دیکە بۆ نمونە هێزیۆد (نووسەری سەرهەڵدانی خوداکان، کارەکان و ڕۆژەکان) و هۆمێر (نووسەری ئیلیاد و ئۆدیسە) تەقریبەن چ لە سەر نووسەرەکان نازانین. کەوایە لەم وارانە دا گرینگایەتی نووسەر لەچی دایە؟ و هەر بەگشتی هەر لەبەرخاتری ئەوەی نووسەرێک بەرهەمێکی نووسیوە دەبێ لە پێوەندی دەگەڵ بەرهەمی ئافرێندراوی خۆیدا جێگەیەکی بەرزی ئەوپەڕڕەخنەیی پێ بدرێ؟

### پرسەکانی پێوەندیدار بە دەق

ئایا دەقە جۆراوجۆرەکان دەبێ بەشێوەی جۆراوجور ڕاڤە بکرێن؟ ئەگەر بە شێوەیەکی تایبەتی‌تر ئەم پرسیارە دووپات بکەینەوە، دەڵێین بۆ تێگەیشتنی دەقی جۆراوجۆری ئەدەبی، فەلسەفی، مافناسانە و ئایینی بنەمای وەک یەک دەکار دەکرێن؟ ئایا جیاوازیی نێوان ئەم بەستێنانەی لێکۆڵینیوە دەتوانێ دەربڕی ئەمە بێ کە دەقەکانی هەرکام لەم بەستێنانە دەگەڵ پرسی جیاوازی تایبەت بەخۆیان بەرەوڕوون؟ ئایا دەکرێ بڵێین ڕوانگەیەکی ئەوپەڕڕەخنەیی هەیە کە بۆ هەموو ئەو دەقانە بەکار دەهێندرێ؟ یان نا لە هەرکام لەو بەستێنانەی لێکۆڵینەوەدا ڕوانگەیەکی ئەوپەڕڕەخنەیی جیاواز بوونی هەیە.

دەوری ئەو ژانرەی دەقەکە سەر بەو ژانرەیە، لە تێگەیشتنی دەقەکەدا چییە؟ ئەم ڕاستییە کە نمایشەکانی شکسپیر، نمایشن، بە چ شێوازێک کاردەکاتە سەر لێکدانەوەیان؟ شێوازی گوتوبێژ لە نووسراوەکانی ئەفلاتوون دا چ دەورێک لە تێگەیشتنی مەبەستی ئەودا دەگێڕێ؟ ئینجا ژانر خۆی چییە؟ بۆ نموونە ئایا ژانر تایبەتمەندییەکی پێوەندیدار بە دەقە؟ (تایبەتمەندییەک کە لەوانەیە بۆ فۆرم و پێکهاتەی دەق تایبەتمەندییەکی زاتی بێ) یا ئەوە ڕاڤەکارە کە پۆلین کردنی ژانرەکان بە سەر دەقدا دەسەپێنێ. ئایا پێوانەکانی پێوەندیدار بە ژانر، بە کردەوە ئەوەندە وردبینانەن کە بەکار بێن؟ دیارە پێوانەیەک هەیە کە بە هۆیەوە دەکرێ نمایشەکانی شکسپیر بە نمایش بزانین. بەڵام ئەم پۆلین‌کارییە بۆ بەرهەمەکانی تر زۆر ڕوون و وردبینانە نییە. بۆ نموونە کتێبی ئەییوب بە شێوەی جۆراوجۆر نرخێندراوە. جاری وایە بە تراژێدییان زانیوە. هێندێک جار بە شین‌گێڕی یا حیماسە یا موراقەبە و تەنانەت بە کۆمێدیشیان زانیوە. دیارە هەرکام لەم تێگەیشتنانە ئاکامی ڕاڤەکارانەی جیاوازیان بە دواوە بووە.

چەند ژانرێک هەن کە پرسی تایبەت بە خۆیان وروووژاندووە. بۆ نموونە هێندێک کەس قسەکانی مەسیحیان بە «حیکایەت» زانیوە. بەڵام پرسیار ئەمەیە کە بە حیکایەت زانینی ئەم قسانە لەمەڕ شێوازی لەباری لێکدانەوەیان چیمان پێ دەڵێن؟ ئایا دەبێ بە شێوەی تەمسیلی لێکیان بدەینەوە یا بە شێوەی ئەخلاقی یان بە شێوەکانی تر. یان لەوانەیە پێویست بێ هەر بەتەنیا بڵێین هەڵخرێنەرن و هیچی تر. کەی دەتوانین بەرهەم گەلی هاوچەرخی وەک وڵاتی وێرانی ت.س. ئەلیوت، ئوستوورەی سیزیێف ی ئالبێرکامۆ یا لە چاوەڕوانی گۆدۆدا هی ساموئێل بێکێت وەک حیکایەتێک لەمەڕ ڕەنجە مۆدێڕنەکان ـ ەوە وەسف بکەین؟ ئایا ئەمانە هەر بەمانای حیکایەتەکانی مەسیح یا ئەفلاتوون حیکایەتن؟

### پرسەکانی پێوەندیدار بە زەمینەی سەرەکی و بەردەنگ

زەمینە و دەوروپشتی سەرەکیی دەق چ گرینگایەتییەکی ئەوپەڕڕەخنەیی هەیە؟ ئایا ئەو زەمینەیە، سەرەداوێکمان لەبارەی چۆنیەتی تێگەیشتنی دەقەوە پێدەدا؟ ئەم باسە پەرە بە وروووژاندنی ئەم پرسیارە دەدا کە پێوەندی نێوان مانای ئەوان / ئەوێ / ئەودەم دەگەڵ مانای ئێمە / ئێرە / ئیستا چییە؟ ئەگەر زەمینەی سەرەکی گرینگایەتییەکی ئەوپەڕ ڕەخنەیی هەبێ چ گرفت گەلێکی شیمانەبۆکراو بۆ ڕاڤەی ئەم دەقە ڕوو دەدەن؟ جگە لەمە، سنوورەکانی زەمینە هەتا کوێن؟ بۆ نموونە زەمینەی هاملێت ـ ی شکسپیر چییە؟ ئایا ئەم زەمینەیە، بریتییە لە بارودۆخ و هەڵکەوتی شکسپیر لە کاتی داهێنانی هاملێتدا؟ یان بریتیە لە ڕووداوگەلی ساڵەکانی ١٦٠٠و ١٦٠١ی زایینی؟ یان نەریتی نمایشی پێوەندیدار بە تۆڵە ستاندنەوە؟ لەوانەشە زەمینەکەی بریتی بێ لە نمایشنامەیەکی کۆنتری ئینگلیزی لەبارەی هاملێت (کە ئێستاکانە شتێکی لەسەر نازانین) و لە بەرگی پێنجەمی چیرۆکە تراژیکەکانی فرانسوا دوبلفۆرێست (١٥٧٦) دا هاتووە یان ڕاپۆرتێک بێ کە ساکسۆگراماتیکوس لە سەدەی دوازدەهەمی زایینی لە کتێبی مێژووی دانمارکدا لەبارەی کەسێک بەناوی ئاملێت ـ ی نووسیوە؟

### پرسەکانی پێوەندیدار بە خوێنەر / بیسەر / ڕاڤەکار

لە ڕوویەکەوە ڕاڤەکار بزوێنەر و چالاککەری

مانای دەقە بەڵام پرسیار ئەمەیە شوێندانانی ڕاڤەکار لەم بزواندنەدا تا چ ڕادەیەکە؟ ئایا ڕاڤەکار دەتوانێ مانایەکی شاردراوە لە ناو دەق بدۆزێتەوە و دەری بێرێ؟ لەم ڕوانگەوە مانا شتێکە کە دەق بەرزەفتی کردووە و خستوویەتە ژێر ڕکێفی خۆی و ئەرکی خوێنەر دۆزینەوە و پەردە لە سەر هەڵگرتن و وەچنگ خستنیەتی.

لەوانەیە بڵێین ڕاڤەکار کەسێکە کە هەرشتێکی دەق پێشانیدەدا، وەپاڵ دەق دەدا. ئەگەر وابێ مانا شتێکە وەپاڵ دەق دەدرێ. ئەم ڕوانگەیە لە زێدەڕۆیانەترین شێوازی خۆیدا پانتای مانایی دەق دەگەیێنێتە ئەوپەڕی بەربڵاویی خۆی. (بەم شێوەیە ئودیپی شاریاری سۆفۆکل [چونکە باسی ڕەنجی هێندێک لە مرۆڤەکان دەکا کەوایە] باسی ڕەنجی ئەسکیمۆکانی کاناداش دەکا. ڕوانگەیەکی سازگارتر هەیە کە سنوورێک بۆ ئەو مانایانەی وەپاڵ دەق دەدرێن، دادەنێ. (کەوایە ئۆدیپی شاریاری سۆفۆکل لە بارەی غروور یا دەستەڵاتی چارەنووس یان لەبارەی باجێکە کە بۆ پەیجۆری و بەدواداچوون دەبێ بدرێ نەک لەبارەی ئەسکیمۆکان )

لەوانەیە بتوانین لە دەلاقەیەکی تەواو جوداوازەوە بۆ پرسی مانا بڕوانین. ڕەنگە بتوانین بڵێین مانا ئەنجامی دانوستان و کارلێککردنێکی داهێنەرانەی نێوان دەق و ڕاڤەکارە. هۆگرییەکانی ڕاڤەکار چ شوێندانانێکیان لەم ناوەدا دەبێ؟ ئەگەر ڕاڤەکار کەسێکی وابێ هونەر یا ئایین یا دەروونناسی بەلاوە گرینگ بێ، ئایا ئەمە کار لە چۆنیەتی تێگەیشتنی ئەو لە دەق دەکا؟

ئایا ڕاڤەی دوژمنکارانە و دژ بە دەق، بەقای لە ڕاڤەی خۆشەویستانە و هاوڕایانە کەمترە؟ ئایا دەکرێ قسە لە ڕاڤەی بێ لایەن بکەین و ئەگەر وڵامی ئەم پرسیارە ئەرێ یە ئایا بەقا (ئیعتبار)ی ئەم ڕاڤە بێلایەنانە لە ڕاڤەکانی دیکە زیادترە؟ هەڵوێستی ئایدۆلۆژیکی ڕاڤەکار چ دەورێک دەگێڕێ؟ ئایا ئەم هەڵوێستە دەتوانێ لە سەر ڕێگای تێگەیشتنی ئەوەی دەق گەرەکیەتی بیڵێ، ببێ بە بەرهەڵستێک؟ یان بەپێچەوانە ئایدۆلۆژی ئامرازێکی ڕزگاریبەخشە و ئەم توانایییە دەدا بە ڕاڤەکار هەتا مانای ناو دەق بدۆزێتەوە، واتە مانایەک کە خوێنەری سەرەپێیی ناتوانێ پەردەی لەسەر هەڵبگرێ.

بابەتێکی تر کە پێوەندی بەم باسەوە هەیە، لایەنی بە کۆمەڵی ڕاڤەیە. زۆرتر وایە کۆمەڵێک لە ڕاڤەکاران لەئەنجامی کەڵک وەرگرتن لە مێتۆدۆلۆژییەکی وەک یەک (بۆ نموونە مێتۆدولۆژیی فرۆیدی، یۆنگی، پێکهاتەشکێنانە) یان ئایدۆلۆژییەکی وەک یەک (بۆ نموونە ئایدۆلۆژیی مارکسیستی، فێمینیستی) یا فەلسەفەیەکی وەک یەک (بۆ نموونە فەلسەفەی ئەفلاتون، ئەرەستوو، ئاکویناس، لاک، هیۆم) یا هەڵوێستێکی ئایینی وەک یەک (بۆ نموونە هەڵوێستی ڕەگاژۆیانە، پرۆتستانی لیبراڵ، نوێخواز) بە ڕوانگەیەکی هاوبەش دەگەن. تاقمە جۆراوجۆرەکانی ڕاڤەکار لە دەقێکی واحید، ڕاڤەی جۆراوجۆر بە دەستەوە دەدەن، ئایا دەرەتانی پێکهاتن لەسەر مانایەکی هاوبەشی نێوان تاقمەکان بوونی هەیە؟ یا هەر لەبنەڕەتدا دەبێ بڵێین هەرچی ڕاڤەیە لە زاتی خۆیدا ڕاڤەیەکی بە کۆمەڵە و ئەو کەسانەی لە دەرەوەی بازنەی بڕوا و دەرەوەستییەکانی ئەو تاقم و کۆمەڵەن ناتوانن لەو ڕاڤەیەدا بەشداربن؟

ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێ کە ڕاڤە زیادتر لە سەر بنەمای بڕوا هاوبەشەکان پێک دێ، ئەم ڕوانگەیە پشت ڕاست دەبێتەوە کە ڕاڤەکاری دەق دەستی بە شێوەیەکی بێ سنوور ئاوەڵا نییە [و هێندێک سنوور بە هۆی بڕوا باو و هاوبەشەکانەوە بە سەریدا دەسەپێ]. لێرەدا پێشگریمانە و بڕواکانی کەسی ڕاڤەکار دەورێکی گرینگ لە تێگەیشتنی مانای بەرهەم دەگێڕن. ئەگەر وابێ ئەدی دەوری نووسەر و دەق چی لێ دێتەوە؟

پرسێکیتر کە ئەوپەڕڕەخنە بەرەورووی دەبێتەوە پێوەندی بەم خوێندنەوانەوە هەیە کە لە دەلاقەی ڕوانگە نوێیەکانەوە دەڕواننە دەقە کۆنەکان. بۆ نموونە لە حاڵێکدا کە مێژووی نووسینی مەکبێس ـ ی شکسپیر بە ڕوونی زۆر بەر لە سەرهەڵدانی گەڕیانی وەک فرۆیدیسم و مارکسیسم و فێمینیسم ـ ە ئایا دەتوانین لێکدانەوەی فرۆیدی و مارکسیستی و فێمینیستیمان لەو دەقە هەبێ؟

پرسەکانی پێوەندیدار بە زەمینەی ڕاڤە

ئەو پرسە ئەوپەڕڕەخنەییانەی پێوەندییان بەو ئاقار و زەمینەیە هەیە کە تێیدا خوێنەر دەقەکە تێدەگا، تەنانەت لە پرسەکانی پێوەندیدار بە ڕاڤەکاریش بەربڵاوترن. بۆ نموونە دەکرێ بپرسین زەمینە (چندراوە)ی ڕاڤە چییە؟

لەلایەکەوە ئەم پرسیارە دەکرێ بەم شێوەیە لێک بدرێتەوە کە مەبەستی ڕاڤەکار لەڕاڤەی بەرهەم چییە؟ ئایا گەرەکیەتی لێکۆڵینەوەیەکی زانستگایی بنووسێ؟ وتاربێژی بکا؟ وتار بۆ دەرس گوتنەوە ئامادە بکا؟ هاوڕێیەک بۆ خوێندنەوەی بەرهەمێک دنە بدا؟ ڕوانگەی نووسەر بخاتە ژێر پرسیار؟ ڕووناکایی بخاتە سەر بابەتی بەرباس؟ کەسێک بهاروژێنێ؟

لەلایەکی ترەوە ئەم پرسیارانە بۆیان هەیە پێوەندییان بە دۆخی ڕاڤەوە هەبێ. ئایا دۆخەکە تایبەتە و ڕاڤەکە هەر بەتەنیا بۆ چێژوەرگرتنی کەسی ڕاڤەکار دەکرێ؟ یا دۆخەکە گشتییە و باسوخواسێکی بەدواوەیە؟ زەمینەی لێکۆڵینەوەی زانستگایی و هەروەها زەمینەکانی پێوەندیدار بە خوتبە و بەڵگە ئایینی و کەلامییەکان، سکاڵا حقوقییەکان، باسەکانی پێوەندیدار بە یاسای بنەڕەتی و هەروەها ئەو ڕاڤانەی لەسەر بنەمای دەروونناسی کلینیکی لە سەر هەڵسوکەوتی نەخۆشێکەوە دەکرێن، هەموویان باسوخواس و موناقەشەیان لێدەکەوێتەوە.

باسەکانی پێوەندیدار بە ڕاڤە

ڕاڤە چییە؟ ئایا دەکرێ هەرچی لەسەر دەقەکە دەگوترێ بە ڕاڤە بزانین؟ ڕاڤە دەبێ چ پێوانەگەلێک لەبەر چاوبگرێ هەتا وەک ڕاڤە بناسرێ؟ بۆ نموونە ئایا دەبێ پێمل و وەفاداری دەقە سەرچاوەکە بێ؟ ئایا دەبێ توانایی و دەست ڕۆیشتوویییەکەی هێندەی دەقە سەرچاوەکە بێ؟ ئایا دەبێ هەر خاوەنی ئەو مانایە بێ کە دەقە سەرچاوەکە هەیەتی؟ ئایا دەکرێ ڕاڤەکە بە شێوەیەکی جیاواز دەکار بکەین و هێشتاش هەر بە ڕاڤەی بزانین؟

ئەو ئاوەڵناوانەی دەتوانین بە دروستی وەپاڵ ڕاڤەی بدەین کامانەن؟ ئایا ئاوەڵناوی «ڕاست و دروست»

دەکرێ وەپاڵ ڕاڤە بدرێ؟ ئایا قسەکردن لە ڕاڤەی ڕاست و دروست مەنتیقییە؟ ئەی ئاوەڵناوی تر چۆن؟ هی وەک ئەمانە: پاساودار، بەڵگەدار، دەوڵەمەند، بیرکارانە یان شیاوی قبول کردن؟

ئایا دەبێ پێمان وابێ دەقەکان هەر تاقە ڕاڤەیەکی ڕاستیان هەیە؟ بە درێژایی مێژووی ئەوپەڕڕەخنە، کەڵکەڵەی ڕاست بوونی ڕاڤەی کتێبی پیرۆز بۆ دامەزراندن و ڕێکخستنی فێرکاریی کڵیسایی گرینگایەتییەکی زۆری هەبووە. ئەگەر وابێ چۆن دەتوانین بڵێین کە هەر بەتەنیا ڕاڤەیەک بۆ دەقێکی دیاریکراو دروستە؟ ئەگەریش بڕوامان بەوە نەبێ، ئەنجامی ناسیناسانەی ئەوپەڕڕەخنە وەکوو بەستێنێکی لێکۆڵینەوە کامانەن؟ ئایا ئەوپەڕڕەخنە لەو لکانەیە کە زانستیان لێ وەدی دێ؟

لە لایەکی ترەوە لەوانەیە بکرێ ڕاڤەگەلی جۆراوجۆر وە پاڵ دەق بدرێ. ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، ئایا گشت ڕاڤەکان وەکوو یەک جێگای ڕەزامەندین؟ یا هێندێکیان لە هێندێکیان باشترن؟ ئەگەر وابێ پێوانەی هەڵسەنگاندن چییە؟ و ئەگەریش هیچ کام لەو قسانە ڕاست نین مەبەست لە ڕاڤە چییە؟ جۆراوجۆر بوونی ئەو ڕاڤانەی لە دەقێک دەکرێن بە چ ئەنجامێکمان دەگەیێنێ؟ ئایا ئەو ڕاڤە جۆراوجۆرانە هەر بە تەنیا ئەنجامی سروشتی تایبەتی ئەوپەڕڕەخنەن؟ یان ئەنجامی ئامانج و هۆگری و ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی ڕاڤەکارانەن؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە بڕوامان بە ئاست گەلی جۆراوجۆری ڕاڤەکارانە هەبێ و هەر بۆیەش بڵێین ڕاڤەکان بە گوێرەی ڕادەی بەرچاوڕوونی و قووڵایی تێگەیشتنی ڕاڤەکار، جۆراوجۆر دەبن؟

ڕاستە جیاوازیی هێندێک لە ڕاڤەکان بە هۆی داکۆکی کردنیان لە سەر لایەنی جیاوازی دەقە بەڵام وا هەیە لە بەرهەمێک چەند ڕاڤەی ناتەباش بکرێ. ئەو بابەتە نیشاندەری شێوازێکی تێکچندراوتر لە جۆراوجۆربوونی ڕاڤەکانە. بۆ نموونە ئۆدیپی شاریاری سۆفۆکل وەکوو هاندەرێک بۆ گەڕانەوە بۆ ئایینە ئۆلەمپییەکانیش ڕاڤە کراوە و وەکوو لایەنگرێکی مرۆڤخوازیی نوێش لێکدراوەتەوە کە بە دژی ئایینی کۆنی ئۆلەمپی ڕادەوەستێ. ئایا زەمینەکانی ئەم جۆرە ڕاڤە دژبەیەکانە لە هەناوی بەرهەمە سەرچاوەکەدا هەیە یان دەبێ هۆی ئەم ناتەباییانە بگێڕینەوە بۆ شوێندانانی ڕاڤەکار لەسەر بەرهەم؟

هێندێک لە دەقەکان هەر خۆیان هەڵوێست گەلی ناتەبا لە خۆدەگرن. لەم پێودانەدا ڕاڤە دەبێ لایەنگریی لە کام یەک لەم ڕاڤانە بکا؟ بۆ نموونە کتێبی سەرهەڵدان [لە ئینجیلدا] دوو گێڕانەوەی جیاواز لە خوڵقان بە دەستەوە دەدا. (کتێبی سەرهەڵدان، پاژی یەکەم، ئایەتی ١ هەتا پاژی دووەم ئایەتی ٢٥. تێپەڕین لە گێڕانەوەیەکەوە بۆ گێڕانەوەیەکی تر لە نێوەڕاستەکەیدا واتە لە پاژی دووەم، ئایەتی ٤ دا ڕوودەدا) و هێندێک لە وردەکارییەکان لەو دوو گێڕانەوەیەدا یەک ناگرنەوە. (بۆ نموونە لە یەکەمیاندا ژن لە ئاستی پیاو دایە بەڵام لە دووەمیاندا ژن دەورێکی لاوەکی دەگێڕێ) جگە لەمە ئینجیلەکانی چاخی نوێ کە خۆیان دەقی تەواو هەڵوەژێردراوی نەریتێکی زارەکیی لە پێشدا هەبوو و داهێنەرانەن، وێنەگەلی تەواو جیاواز لە فێرکارییەکانی مەسیح بە دەستەوە دەدەن. سێیانیان (ئینجیلی مەتتا و مێرقۆس و لووقا) مەسیح وەک کەسێک دەناسێنن کە هێندێک ئامۆژگاری لەمەڕ مەلەکووتی خودا ، زۆرتر بە شێوازی حیکایەت دەڵێتەوە. لە بەرانبەردا ئینجیلی یوحەننا مەسیح وەک کەسێک وێنە دەکا کە لە چوارچێوەی وێنەگەلی تێکچندراو (کوڕی خودا، نانی ژیان، نووری جیهان، شوانێکی باش، قیامەت و مێوی ڕاستەقینە) و زۆرتر بە شێوەی تاک بێژی، لە خۆی دەدوێ.

پرسەکانی پێوەندیدار بە وەرگر لە ڕاڤەدا

بەردەنگی ڕاڤە کێیە؟ زیاتر وایە ئەو بەردەنگەی قسەی لێ دەکرێ - خوێنەر خۆیەتی کە گەرەکییەتی بۆ چێژ وەرگرتن یا بۆ دەوڵەمەندبوونی مێشکی خۆی، بەرهەمەکە تێبگا. بەڵام دەکرێ وەرگر تاقمێک لە بەردەنگەکانیش بن کە بۆ بیستنی لێکدانەوەیەک کۆزیلکەیان بەستووە وەک: خوێندکاران، کۆمەڵێک لە لێکۆڵەران، دادگا، یان ئەو تاقمەی لەبەر خودا دەپاڕێنەوە. ئاستی زانستیی بەردەنگ تا چ ڕادەیەک بۆی هەیە سنوور بۆ ڕاڤە دابنێ؟ تا چ ڕادەیەک ڕاڤە خۆی دەگەڵ بەردەنگێکی دیاریکراودا ڕێک دەخا؟

ئاستە هەراوەکانی لێکۆڵینەوە

ئەوپەڕڕەخنە لە ئاستی هەراودا، بابەتی بەربڵاوتر لە ڕاڤەی دەق تاوتوێ دەکا. هەڵبەت ئەم باسانە هاوپێوەندییان پێکەوە هەیە و تێک تەنراون. لەم چوارچێوەیەدا زۆر پرسی گشتی سەرنجیان پێ دەدرێ کە لێرەدا قامکیان بۆ ڕادەدێرین.

هێندێک لە پرسەکانی ئەوپەڕڕەخنە لە ئاستی هەراودا پرسی مێتۆدۆلۆژیکن. ئایا دەکرێ بڵێین مێتۆدێکی (یان چەندین مێتۆدی) ئەوپەڕڕەخنەییمان هەیە؟ ئایا ڕێگایەک بۆ دەستڕاگەیشتن بە مانای دەق هەیە؟ ئەگەر پێمان وابێ ئامانجی ئەوپەڕڕەخنە تێگەیشتنی دەقە، هەر لەبنەڕەتڕا ئایا تێگەیشتن کردەیەکی ئەوتۆیە بتوانێ کاری مێتۆدۆلۆژیک وەخۆ بکا؟

ئایا زانستە مرۆڤییەکان (کە بریتین لە ئەدەب، فەلسەفە، حقووق، ئایین و مێژوو) کە مێتۆدەکانی ئەوپەڕڕەخنەیی دەکار دەکەن بە جۆرێک مێتۆدناسی تەیارن؟ ئایا ئەم مێتۆدناسییە جودا لە مێتۆدناسییەکانی دیکەیە؟ یان لە هێندێک ڕووەوە وە مێتۆدناسیی زانستە سروشتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان دەچێ؟ ئایا هەر لە جێدا مانای مێتۆدناسیی ئەوپەڕڕەخنەیی بۆ تێگەیشتنی زانستە مرۆڤییەکان لەبارە؟ لەوانەیە چەمکی مێتۆدناسی پێشاندەری ڕوانگەیەک بێ کە [بە ناحەق] خۆی بەسەر زانستە مرۆڤییەکاندا داسەپاندووە. ئەگەر بڵێین زانستە مرۆڤییەکان مێتۆدناسییەکی دیاریکراو بەکارناهێنن تێگەیشتنی دەق لە چییەوە دێ. هێندێک لە باسوخواسەکان و بابەتەکانی ئەوپەڕڕەخنە باسی تێگەیشتنی تێگەیشتن دەکەن. تێگەیشتن چۆن وەسف دەکرێ. چ شتێک تێگەیشتن لە تێگەیشتنی کەم یا تێنەگەیشتن جودا دەکاتەوە؟

ئایا تێگەیشتنی عەینی بوونی هەیە؟ ئایا ڕاستە بڵێین تێگەیشتن ئەگەر تەنانەت دەربڕی ئایدۆلۆژی، نێرماک (جنسیت)، ڕەگەز، چین و جێگەی مێژوویی ڕاڤەکاریش نەبێ، بەلانی کەمەوە، ڕەنگدانەوەیەکی لەمانە تێدا هەیە. ئایا

گشت جۆرەکانی ڕاڤە تاکەکەسین یا بەکۆمەڵن، پرسەکانی پێوەندیدار بە بایەخ و ئامانج و بەقای زانستە مرۆڤییەکان، پێوەندی نزیکیان لەگەڵ ئەم باسوخواسانەوە هەیە. ئایا ئامانجی زانستە مرۆڤییەکان وەکوو زانستەکانی‌تر گەیشتن بەزانینە، ئەگەر وابێ زانین لە زانستە مرۆڤییەکان دا چ جۆرە؟ لەلایەکی ترەوە، لەوانەیە بڵێین ئامانجی زانستە مرۆڤییەکان هەر بەتەنیا ڕانان و نیشاندانی ناسین و تێگەیشتنە جۆراوجۆرەکانە. لەوانەشە پێویست بێ زانستە مرۆڤییەکان وەک کۆمەڵە چالاکییەک بۆ دەوڵەمەندکردن و ڕوونکردنەوە یا چێژوەرگرتنی تاکەکەسی بناسین. لە ڕوانگەی ئەوپەڕەخنەوە، چون دەبێ دە زانستە مرۆڤییەکان بگەین؟

هەروەها ئەوپەڕڕەخنە لە ڕوانگەیەکی هەراوەوە، مەودای بەکارهێنانی ئەوپەڕڕەخنە دەخاتە بەر سەرنج. بۆ نموونە ئایا دەکرێ تیۆرییەکی ڕاڤەکارانە بێجگە لە دەقێکی نووسراو، بۆ دەستکردە فەرهەنگییەکانی‌تری مرۆڤیش بەکار بهێنین؟ ئایا تیۆرییەکی گشتی ئەوپەڕڕەخنەیی کە لەبارەی ڕاڤەدایە، دەکرێ بۆ خەون دیتن، بەرهەمی هونەری، مۆسیقا، ئاماژە، کردە و هەست و سۆزەکانی خەڵکیش کەڵکی لێ وەربگیرێ؟ یان بە پێچەوانەوە دەبێ بۆ هەر بوارێکی لێکۆڵینەوە، تیۆرییەکی ئەوپەڕڕەخنەیی جودا دەگۆڕێدا هەبێ؟

لەبارەی هیچکام لەم بابەتە بەرباسانەی بواری ئەوپەڕڕەخنە، چ لە ئاستی ورد و چ لە ئاستی هەراو دا کۆدەنگییەک بوونی نییە و ئەم نووسراوانەی لە ڕوانگەی ئەدەبی، فەلسەفی، مافناسانە و دەروونناسانەوە سەرچاوەیان گرتووە پێشاندەری باسوخواس و موناقەشەیەکی بەرچاون.

کورتە مێژوو

ئەوپەڕڕەخنە لە کەشوهەوای بیرمەندانەی یۆنانی کەونارا و لەوکاتەدا گووڕا کە بەردەنگە باش - عاملاوەکان ئایینی نەریتیی ئولەمپی و دەقە تەواوکەرەکانی وەک شێعری هۆمیر و هێزیۆد و بەرهەمی نمایشنامەنووسەکانیان بردە ژێرپرسیار. ئەو پرسیارەی کە لەوێ سەردەمێدا هاتە گۆڕێ ئەوە بوو کە چۆن دەبێ دەقی کارەساتاوی و هەر لەو کاتەدا پیرۆز و کون فام بکەین. زانایانی یۆنان بە شێوەی جۆراوجۆر وڵامی ئەم پرسیارەیان داوە. ئەفلاتوون لە کۆمار دا زۆریەک لەبەرهەمە کلاسیکەکانی ئەدەبی یۆنانی (وەک بەرهەمەکانی هۆمێر و هێزیۆد و شاعیرانی‌تری) ڕەدکردەوە. ئەو پێی وابوو ئەم بەرهەمانە لەبارەی خوداوە تووشی هەڵە بوون (و خوداکانیان وەک بوونەوەری بێ هێز و نا ئەخلاقی وێنا کردووە) و شوێندانانی خراپیشیان لە سەر منداڵانی شوێنوەرگر هەیە. (واتە ترسەنۆک و نابەرپرسیاریان باردەهێنن). ئەفلاتوون پێی وابوو بەرهەمی لەو چەشنە دەبێ لە کۆمەڵگای ئارمانیی ئەودا یاساخ بێ. لەجیاتی ئەمە لەو کۆمەڵگایەدا دەبێ سەرنج بدرێتە ڕەنگدانەوەکانی واقیع. بەم حاڵەشەوە، ئەفلاتوون لە بەرهەمێکی کۆنتریدا، واتە ئیۆن، ڕوانگەیەکی جیاواز دەخاتە ڕوو. ئەو دەڵێ شێعر ئەنجامی لەخۆچوون و بەرزەفت بوونی شاعێر لە لایەن خوداوەیە. هەربۆیە ئەگەرچی شێعر، زانستی بەدواوە نییە بەڵام سەرچاوەی ئیلهامێکی خوداییە (و هەر بۆیەش لەوانەیە خاوەنی بایەخی خۆی بێ). ئەرەستووش لە کتێبی بووتیقادا لە ڕوانگەی ژانر، پێکهاتە و بەتایبەتی شوێندانانی بەرهەمەکان لە سەر خوێنەرەوە دەڕوانێتە بەرهەمی ئەدەبی. لەم پێناوەدا ئەرەستوو باسی جۆرە شوێندانانێک دەکا کە ناوی پالاوتن (کاتارسیس)ی لەسەر دادەنێ.

ئاراستەی تەمسیلی

سەرەڕای ئەمانە ئەو وەڵامەی هەموو لایەک قبووڵیان کرد، وەڵامێک بوو کە ڕەواقییەکان دایانەوە. ئەوانە چەمکی مانای تەمسیلی (مانای شاردراوە و قووڵتر)یان هێنایە گۆڕێ. ڕەواقییەکان پێیان وابوو خوداکان ڕەنگدانەوەی هێزەکانی سروشتن نە ڕەنگدانەوەی بوونەوەرەکانی ئەوپەڕی سروشت و هاوپێوەندیی نێوان خوداکانیش ڕەنگدانەوەی هاوپێوەندی نێوان هێزەکانی سەرعەرزن. ئەم ئاراستەیە دەرەتانی چێژوەرگرتن لە ڕووبەری دەق دابین دەکا و هەر لەم کاتەشدا ئەم دەستەڵاتە دەدا بە کەسانی وردبین هەتا لە چییەتی و قووڵایی دەق بکۆڵنەوە.

ئاراستەی تەمسیلی بە سەرهەڵدانی ئایینی جوولەکە و فەلە لە ڕۆمدا پەرەی ئەستاند. بۆ نموونە کەسێک بە ناوی فیلۆ لە چوارچێوەی ئایینی جوولەکەدا زۆر بە بەربڵاوی کەڵکی لە ئاراستەی تەمسیلی وەرگرت هەتا ماناکانی کتێبی پیرۆزی عیبری (چاخی کۆن) بۆ بەردەنگە باش عاملاوەکانی جوولەکە و ڕۆمی ڕوون بکاتەوە. لە جیهانی مەسیحیدا، ئۆریگون بۆچوونێکی سێ توێژی تەمسیلی هێنایە گۆڕێ. لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونەدا، هەرچی دەقە لە ڕووکەشترین توێژی خۆیدا، مانایەکی جەستەیی (یان واژەیی) لەخۆگرتووە. بەڵام ئەوانەی قووڵتر بیردەکەنەوە دەتوانن مانایەکی ئەخلاقیش لەدەقەکە هەڵبهێنجن و ئەوانەش کەوا لە تێگەیشتن و بڕوادارییدا بە چڵەپۆپە گەیشتوون، دەتوانن دەرخۆنە لەسەر مانای ڕووحانی و تەمسیلی دەقیش لابەن.

ئاگۆستین و کاسیان ئاراستەیەکی تەمسیلی چوارتوێژیان پێشنیار کرد کە هەرتوێژێکی لەگەڵ ئاستێکی جیاواز - ی عاملاویی خوێنەردا یەکیان دەگرتەوە. ئەم چوارتوێژانە لە ڕوانگەی ئاگۆستینەوە بریتین لە ئاستی مێژوویی یا واژەیی کە خوازەش دەگرێتەوە و پێوەندی بە شتێکەوە هەیە کە نووسراوە یان کراوە، ئاستی هۆناسانە پێوەندی بە شتێکەوە هەیە کە لە سۆنگەیەوە شتێک دەگوترێ یا دەکرێ، ئاستی قیاسی پێوەندی بە پێکهاتن و یەکگرتنی چاخی کۆن و چاخی نوێیە، و لە کۆتاییدا ئاستی تەمسیلی کە لە ڕاستیدا پێوەندی بە مەسیح و فێرکارییەکانی مەسیحەوە هەیە. بۆچوونی مانایی ئاگۆستین وەک مێتۆدناسییەکی ئەوپەڕڕەخنەیی پێوەر(ستاندارد) لەبارەی کتێبی پیرۆزەوە تارادەیەکی زۆر قبووڵ کرا.

بەم حاڵەشەوە مۆدیلی تەمسیلی ئەوپەڕڕەخنە دژبەری خۆشی هەبوو. تیۆدۆری مۆپسۆستیایی و نەستوورییەکان کە نووسراوە ئەوپەڕڕەخنەییەکانیان تێداچووە و فەوتاوە، مۆدێلێکی جیاوازیان بەکار دەهێنا. مۆدیلی ئەوان زیاتر مانای واژەیی و مێژوویی لەبەرچاوبوو. جگەلەمە ئەوانە بەهۆی باس کردن و پەروەردەکردنی تیۆرییەکی ئەوپەڕڕەخنەیی لەبارەی جۆرناسیدا بە نێوبانگن. مەبەست

لە جۆرناسی ئەمەیە ڕووداوێک لە کتێبی چاخی کۆندا (بۆنموونە تێپەڕین لە ئاو لە میسر) هەواڵی ڕووداوێک لە کتێبی چاخی نوێ (وەک غوسلی تەعمید) دەدا. تەمسیل تیۆرییەکە لەبارەی مانادا، بەڵام جۆرناسی تیۆرییەک لەبارەی ڕووداوەکان لە چوارچێوەی مێژوودا بە دەستەوە دەدا.

بۆچوونی تەمسیلی لەگەڵ تێبینییە ئەوپەڕەخنەیی‌یەکان چاک یەکی دەگرتەوە. ئەم بۆچوونە جۆراوجۆر بوون و پرئەژمار بوونی ڕاڤەکان و بەکارهێنانەکان بە گونجاو دەزانێ. ئاستە جیاوازەکانی تێگەیشتنی کە ئەنجامی بەرەوڕوو بوونەوەی خوێنەران دەگەڵ دەق بوو تەتەڵە دەکرد و گشتایەتی و یەکپارچەیی دەقی دەپاراست و ئەمە شتێکە کە لەوانەیە لەڕواڵەتدا و بۆ بەردەنگی عاملاو و بەرچاوڕوون لەبار نەیێتە بەرچاو.

بەڵام ئەو بۆچوونە گوێی نەدەدایە زەمینەی مێژوویی نووسین کە لە سەرەتای سەدەکانی ناوڕاستدا وەک بابەتێکی گرینگ حیسابی بۆ نەدەکرا و لە بەرانبەردا لایەنگری لە ڕوانگەی ئەفلاتوونی دەکرد کە واقیعی بۆ مەلەکووتێکی هەتاهەتایی و بێزەمان دەگێڕاوە و مێژووی وەک بەشێک لە جیهانی بگۆڕ و لەکات بەستراوە، پشت گوێ دەخست. جگەلەمانە بۆچوونی تەمسیلی دواجار گەیشت بە زۆر و زەبەند بوونی ماناکان - زۆر زیاتر لە مانا چوارتوێژەکانی ئاگوستین - و هێندێک ڕاڤەی لێکەوتەوە کە دواتر لە لایەن هێندێک بیردارێژی ئەوپەڕەخنەییەوە وەک ڕاڤەی ڕەشکەو پێشکەیی و دوور لە زەین ناسران.

بۆ نموونە لەسەدەی شازدەیەمدا کەسێک بە ناوی تیندال لەسەر ئەم بڕوایە بوو کە ڕاڤەی تەمسیلی بەقای مانای دەق دەبا و بەم بۆچوونە کە کتێبی پیرۆز دەبێ هەر بە تەنیا مانایەکی هەبێ و ئەویش مانای مێژوویی و واژەییە، بەتوندی بەگژی بۆچوونی تەمسیلیدا چوو.

لەسەدەی سێزدەهەمدا تووماس ئاکویناس لەگەڵ ئەوەی بۆچوونی ئاگوستینی پشت ڕاست کردەوە پێی وابوو ئاستە قووڵتر یا بەرزترەکانی مانا دەبێ لەگەڵ مانای واژەیی و مێژوویی تەبا بێ. ئەم بابەتە ئەوپەڕەخنەی بۆ لای تێگەیشتنی گرینگایەتی مێژوو هاندا.

بۆچوونی چاکسازانە

لە دەورانی چاکسازیی ئایینیدا زانیارییەکی زۆر زیاتر لەبارەی زمانە کەوناراکان (یۆنانی، ئارامی، عیبری) و پێواژۆی ڕاگوێزرانی دەقە ئەدەبییە کۆنەکان (زیاتر لە یۆنانی و عیبرییەوە بۆ سوریانی و دواتر بۆ عەرەبی و ئینجا بۆ لاتین) لەدەست دابوو. جگەلەمە چۆنیەتی ڕوانین بۆ مێژوو گۆڕابوو. میتافیزیکی ئەوێ سەردەمێ کە لە قوتابخانەی ئەفلاتوونەوە بۆ قوتابخانەی نوێ - ئەفلاتوونی و لەمیشەوە بۆ قوتابخانەی ئەرەستوویی گۆڕابوو، بەڕواڵەت بایەخێکی زۆرتری بۆ جیهانی لە حاڵی گۆڕان داناوە واتە جیهانێک کەمێژوو دەورێکی بەرچاوی تێدا دەگێڕا.

چاکسازانی پرۆتستان لە سەدەی شازدەهەمدا (لووتێر، کالوێن و ناکس) لایەنگرییان لە بۆچوونێکی ئەوپەڕەخنەیی دەکرد کە تاقە ڕاڤەیەکی لەدەق بە ڕەوا دەزانی ئەویش ڕاڤەی دامەزراو لەسەر مانای واژەیی و مێژوویی بوو (مەگین دەقەکە لە زاتی خۆیدا بە ئاشکرا تەمسیلی یا خوازەیی بووبایە) ئەم بۆچوونە ئەوپەڕەخنەییە لە لکی کەڵکەڵەیەکی کەلامییەوە چرۆی دەرکرد، ئەگەر قەرار ئەوەبوو فێرکارییە ڕاستەقینەکان لەسەر بنەمای دەقێکی سەرچاوەی دەست ڕۆیشتوو بدۆزرێنەوە، ئەودەقە دەبوو بە بێ پێچ و پەنا دەگەڵ خوێنەر دوابایە.

ئێرنێستی، زانای پرۆتستان لەسەدەی هەژدەهەمدا گۆڕانکارییەکی لە بۆچوونی چاکسازانە وەدی هێنا. ئەو گوتی مادام مانای واژەیی و مێژوویی دەقە سەرەکییەکە بە ئاشکرا جێگا بۆ جۆراوجۆریی ماناکان دەهێڵێتەوە، پاساوێکی شیاو بۆ پرئەژمار بوونی ماناکانی ناودەق لە گۆڕێدا هەیە.

بەکردەوە وا هەڵدەکەوت کاتێک تاقمێک دەهاتنە سەر ئەو بڕوایە کە دەقی پیرۆز تاقە ڕاڤەیەکی دروست هەڵدەگرێ، کەسانێکیش کە ڕوانگەی دژی ئەمەیان لەبارەی مانای دەقدا دەبوو تاقمێکی دیکەیان پێک دەهێنا. بەم شێوەیە بوو کە هاوکات لەگەڵ بۆچوونی پرۆتستانی بۆ ڕەخنە تاقمێکی دژبەر و خەنیمیش بە ڕوانگەی جیاوازەوە سەریان هەڵدەدا و ڕەخنە تایبەتمەندییەکی تاقمخوازانەی پەیدا کرد. ئەم ئاڵوگۆڕە، سروشتی بە کۆمەڵی ڕەخنەی بەرجەستە کردەوە.

بۆچوونی ڕۆمانتیک

لە گشت ئەو مۆدیلانەی تا ئێستا قسەمان لێکردن، دەوری نووسەر(یا دانەر) پشتگوێ خرابوو. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، فریدریش شلایر ماخێر ئەم بۆچوونەی هێنایە گۆڕی کە تێگەیشتن کاتێک وەدی دێ کە ڕاڤەکار بۆ ئەوەی بە بۆچوونەکانی نووسەر بزانێ، دەقەکە دەخوێنێتەوە. یا بە دەربڕینێکی‌تر تێگەیشتن کاتێک وەدی دێ کە ڕاڤەکار لەگەڵ نووسەرەکە لەبارەی بابەتی بەرباسدا ڕوو بە ڕوو دێتە دوان. بەم شێوەیەی شلایر ماخێر لێکی داوەتەوە، کردەی تێگەیشتن، پێچەوانەی کردەی ئاخافتنە ڕاڤەکار دەبێ ئو بۆچوونەی بناغەی ئاخاوتن بووە وەچنگ بخا.

بۆچوونە هاوچەرخەکان

ئەوپەڕەخنەی هاوچەرخ بە ئەندێشە دەوران‌سازەکانی ویلهێلم دیلتای لە ئاخروئۆخری سەدەی نۆزدەهەمدا دەست پێدەکا. دیلتای هەوڵی دا لەسەر بناغەی مێتۆدناسییەکی جیاواز لەگەڵ زانستە سروشتییەکان تیۆرییەکی گشتگر لەمەڕ زانستە مرۆڤییەکانەوە دابمەزرێنێ. ئەوپەڕەخنە ڕایگەیاند مێتۆدی زانستە مرۆڤییەکان «تێگەیشتن»ە. ئامانجی وی پێشاندانی جیاوازی و بایەخی زانستیە مرۆڤییەکان لە دەورانێکدا بوو کە ئەو زانستانە کەوتبوونە بەر پەلامار. بەڵام ئەوانە ڕەخنەیان لە دیلتای دەگرت پێیان وابوو ئەوپەڕەخنە بە داکۆکی کردن لەسەر مێتۆد، هەر لە سەرەتاوە چوارچێوەی فیکریی زانستە سروشتییەکانی بەکارهێناوە.

لەڕوانگەی دیلتاوە بەرهەمەکانی زانستە مرۆڤییەکان - واتە جیهانی شوێن‌وەرگرتوو لە زەین یا دەستکەوتە فەرهەنگییەکان - کۆمەڵێک بەرهەمی بەشەرین کە هێندێک لەوانە بریتین لە: بەرهەمە هونەرییەکان، بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان، ئایدۆلۆژییە سیاسییەکان، ئەندێشەکان،

سەما، یاسا، یاسای بنەڕەتی، شێوازی سیاسی، زمان، ئایین، ئوستووره و داب و نەریتەکان. بەکورتی دەستکەوتە فەرهەنگییەکان هەموو جۆرە دەستکرد و سۆزە مرۆڤییەکان دەگرێتەوە کە زانستە مرۆڤییەکانیش یەک لەوانەیە. دیلتای هەوڵی دا هەتا بە داکۆکی کردن لە سەر «تێگەیشتن» بنەماکانی زانستە مرۆڤییەکان ڕەنگڕێژی بکا و بەم شێوەیە بناغەیەک دابڕێژێ بۆ ئەوەی وەک لکی جیدی زانستگایی لەگەڵ زانستە مرۆڤییەکان مامەڵە بکرێ، لکی ئەوتۆ کە ئەوە دەهێنێ لە بەرنامەی دەرسی زانستگاکانی مۆدێرندا جێگایان بۆ بکرێتەوە. گرینگایەتی کاری دیلتای لەمەدا بوو کە بناغەکانی زانستە مرۆڤییەکانی وەکوو بابەتێکی جیدی هێرمنۆتیکیی وا کە ئەنجامی زۆروزەبەندی بەدواوەیە، هێنایە بەرباس. ئەم پرسانە زەینی لێکۆڵەرانی سەدەی بیستەمی بە خۆیەوە خەریک کردووە.

دوای دیلتای لە ڕوانگەگەلی ڕەخنەیی جۆراوجۆری وەک ڕوانگەی هێرمنۆتیکی پێکهاتەخواز، پۆزیتیڤیست و هی ترەوە ئەندیشەی ئەوپەڕڕەخنەیی جۆراوجۆر هاتووەتە کایەوە و لێکۆڵەران لە بواری لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری وەک لێکۆڵینەوەی کلاسیکی کتێبی پیرۆز، تیۆری ئەدەبی، بۆچوونە جۆراوجۆرەکانی دەروونناسانە، تیۆری مافناسانە و فەلسەفەی شیکارانە و پۆزیتیڤیستی، خەریکی تاوتوێ بوونە.

لە دەیەکانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠دا پۆزیتیڤیسم، لە ئورووپا، بریتانیا، کانادا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا پەرەی ستاند و گرینگایەتی پەیداکرد. پۆزیتیڤیستەکان پێیان وابوو زانستە مرۆڤییەکان لە ڕووی ناسیناسانەوە، بێمانان و بەمانای وردی وشە (وەک زانستەکانی تر) چ ڕاستەقینەیەکی ئەوتۆ لەخۆ ناگرن. ڕۆدۆلف کارناپ، ئە. چ. ئەیێر، ئۆتۆ نۆیرات و کەسانێکی تر پێشەنگەکانی ئەم پەلامارە بۆ سەر لێکۆڵینەوە لە بواری زانستە مرۆڤییەکان بوون و لێکۆڵەران و ڕەخنەگرە ئەدەبییەکان و بیرمەندە دینییەکانیان بەو پاساوە کە گوزارەکانیان لە هەڵوەشانەوە نایێن، دە هەڵمەتان گرت. ئەم پێواژۆیە هەڵچوون و هەڵخرانێکی زۆری هارووژاند بەڵام لەبەر هێندێک گرفت کە بۆ ڕێکخستنی پێوەری ماناداربوون هەیبوو، ئاخیرەکەی دامرکاوە.

بیرداڕێژانێکی وەک هانس گێئۆرگ گادامێر، ئیمیلیۆ بێتتی، یۆرگێن هابێرماس، پۆل ڕیکۆر، ڕۆدۆلف بوولتمان و هیتر، خەریکی پەرەپێدان و لێکدانەوەی هێرمنۆتیک بوون. ئەوانە تێکۆشان هەتا بە شێوازی جۆراوجۆر پێشگریمانەکانی ڕەخنە ئاشکرا بکەن. گادامێر بە پشت قایم بوون بە بەرهەمە فەلسەفییەکانی مارتین هایدگێر، بە شێوەیەکی تایبەت لە سەر ئەو دەورەی پێشگریمانەکان لەپاڵ نەریت (و کۆمەڵگا) و مێژوویی بوون و ئاسۆی ڕاڤەکار لە ڕەخنەدا دەیگێڕن داکۆکی کرد. هێرمنۆتیک بە دان هێنان بە بەستراوە بوونی ڕاڤەکار بە مێژوو و بەستراوەبوونی هەموو مرۆڤەکان بە دۆخی خۆیان، دەوری مێژوو و دۆخی لە تێگەیشتنی بەرهەمەکانی بواری زانستە مرۆڤییەکان سەلماند. ئەم بابەتە لە شێوازی هێرمنۆتیکی بوولتماندا واتە «ئوستووره سترینەوە» کە بە شێوەیەکی بەربڵاو سەلمێندراوە، بەڕوونی لێکدراوەتەوە. پێشنیاری بوولتمان ئەوەیە بۆ ناسینی شێوازی جۆراوجۆری مێژووبەست بوونی ڕاڤەکار و دەقەکۆنەکان دەبێ [لەهەنگاوی یەکەمدا] کەڵک لە سیستەمی ئوستوورەیی دەقی سەرچاوە (مۆدیلی فیکریی دەق) وەربگرین هەتا پەیامەکەی (کریگما) بدۆزینەوە و دوای ئەمە ئەم سیستەمە ئوستوورەیی سەرەتاییە ڕادەین هەتا بتوانین پەیامەکە بۆ قالبی سیستەمێکی ئوستوورەیی نوێ ڕابگوێزین. بەم شێوەیە لە حاڵێکدا مێژووبەست بوونی جیاوازی ڕاڤەکار و نووسەر دەگەن بە تەبایی، ماناش (پەیامەکە) دەپارێزرێ (واتە گریکما ئوستوورەی لێ دەسترێتەوە و سەرلەنوێ ئوستوورەی لێ بار دەکرێتەوە)

بە گشتی ئاڕاستەی هێرمنۆتیکی بۆ ئەوپەڕڕەخنە پشتڕاستکەرەوی ئەم ڕوانگەیەیە کە داکۆکی لە پرئەژمار بوونی ڕاڤەکان لەلای ڕاڤەکاران و لە دەورانە مێژووییەکانی ژیانیان و لە هاوپێوەندی پتەوی نێوان دەق و ڕاڤەکاری دەق دەکا، تاقە هەڵاواردەیەکی لەم نێوەدا هەیە ئێریک دۆناڵد هێرشە کە پێی وایە مانای دەق هەر ئەم مانای مەبەستی نووسەر/دانەرە. هێرش لەوانەیە تاقە کەسێک بێ کە لە جێگە و پێگەی ئەوپەڕڕەخنەگر و ڕاڤەکارێکی وا کە شێعری ڕۆمانتیک و بەرهەمەکانی ویلیام بلەیکی بە تەسەڵی تاوتوێ کردووە، لە ئەوپەڕڕەخنەی ئەدەبیی ئەمڕۆدا و لەبواری هێرمنۆتیکدا بەشێوەیەکی جیدی لایەنگریی لە ئاڕاستەی مانای یەکە لە ناو هێرمنۆتیکدا بکا. لێکۆڵەرانی ڕەگئاژۆ کە بۆچوونێکی وەک ئەویان لە ئەوپەڕڕەخنەی ئایینیدا هەیە، لەم بارەوە هاوڕێیەتی هێرش دەکەن. زۆر بۆچوونی ئەوپەڕڕەخنەییش هەن کە سەرنجیان دەبڕنە پێکهاتەی بەرهەم. بۆچوونی ڕەخنەگرانەی دامەزراو لەسەر فۆرم و دامەزراو لە سەر دەق، لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە ئایینییەکاندا، تێبینی پێکهاتەیی و شێوازناسانە بە ڕێگاخۆشکەری گەیشتن بە مانای دەق دەزانن.

ئەم بۆچوونانە بۆنموونە بە لێک هەڵاواردنی داکۆکییەکان و نەریتەکان لە ناوی دەقی ساغکراوەدا، شوێندانانی ئەوپەڕڕەخنەیی چوار ڕەهەندی ئەدەبی (ڕەهەندەکانی D,P,E,J) لە پێنج دەفتەری تەورات تاوتوێ دەکەن و بۆ هەڵهێنجانی ڕاڤەیەک لە دەق کەڵکی لێ وەردەگرن. هەر بەم شێوەیەش بۆ ڕاڤەی کتێبی ئەییووب لە پێکهاتەکەی ( کە بریتییە لە پێشبار، گوتوبێژ، تاکبێژیی ئەلیهۆ، تاکبێژیی یەهووە و پاشبار) کەڵک وەردەگرن. گەرچی لەم باسەی دواییدا بابەتەکە نەختێک تێکچندراوترە چونکە ڕەسەنایەتیی هەر پێنج یەکە پێکهاتەییەکەیان هەندێکیان، مسۆگەر نییە.

لێکۆڵینەوەی پێکهاتەخوازانە لەبارەی سروشتی زمان لە گۆشەنیگایەکی تریشەوە داکۆکی لەسەر گرینگایەتی پێکهاتە کرد. ئەم لێکۆڵینەوانە زیاتر لێکۆڵینەوەی خەڵکناسانە (وەک ئەوانەی کلۆد لیڤی ستروس) و یان لێکۆڵینەوەی زمانناسانە (وەک ئەوانەی فێردینان دۆ سۆسۆر) بوونە و هەر ئەم لێکۆڵینەوانە شوێنیان لەسەر بۆچوونی ئەدەبی بۆ ئەوپەڕڕەخنە هەبووە.

بۆچوونی پێکهاتەخواز سەرنجی خۆیان دەبڕنە جیهانی گوتار واتە جیهانێک کە خولقاوی دەستی کۆمەڵێک نیشانەیە.

ئەم بۆچوونانە هەوڵی ئەوەیانە ئەم جیهانە لە گشتایەتی جیاوازیدا فام بکەن. هەر لەم پێناوە دایە کە ئەوپەڕەخنەگرانی پێکهاتەخواز بۆ نموونە سەرنجی خۆیان دەبڕنە زمانی سارتر یا زمانی کتێبی ئەییووب. هەڵویستی نۆرترۆپ فرای لە کتێبی نەهێنی گشت(۱۹۸۲) بە کردەوە هەڵوێستێکی پێکهاتەخوازانەیە؛ بەم مانایە کە شیکاریی ئارکیتایپی ئەو دەپرژێتە سەر تاوتوێ کردنی گشتایەتی مۆدێلە تاقانەکانی«زمانی کتێبی پیرۆز». لە ڕوانگەی پێکهاتەخوازانێکی وەک ڕۆلان بارت، زمانەکان لە نیشانەگەلێک پێکهاتوون کە دوو پاژیان هەیە: دال و مەدلوول.

بۆچوونەکانی تری ئەوپەڕەخنەیی(وەک بۆچوونی هێرمنۆتیکی پۆل ریکۆر) بڕوایان بە بوونی پاژێکی سێیەمیش لەزماندا هەیە کە ناوی مەرجەعە. باسی پاژەکانی زمان پرسێکی ئەوپەڕەخنەیی‌تر دەهێنێتە ئاراوە کە پێوەندیی بەم شتەوە هەیە کە دەق قسەی لێ دەکا. لە ڕوانگەی ڕیکۆرەوە، گوتار بریتییە لە بزاڤی بێ ئەملا و ئەولای پاژەکانی زمان بۆلای جیهان. لە ڕوانگەی بارتیشەوە ئەوەی بەرسەرنجی ئەوپەڕەخنەیە زیاتر لە ڕێکخران و پێکهاتەی دالەکان، ڕێکخراون و پێکهاتەی مەدلوولەکانە بەم شێوەیە لە ڕوانگەی بارتەوە، ئیشی ڕەخنەی ئەدەبی بریتییە لە تێگەیشتنی سیستەمی تەبا و یەکانگیری نیشانەکان.

لەپاڵ گەشەو هەڵدانی هێرمنۆتیک و پێکهاتەخوازی، بۆچوونێکی تریش هەیە کە بریتییە لە ڕەخنەی نوێ. ئەم بۆچوونە لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی ۱۹۴۰ لە لایەن کەسانێکی وەک رابێرت پەن وارێن، کلینت برووکس، ئالێن تەیت و جان کرۆ ڕەنسۆم وەسەرێکەوت. ئەم بۆچوونە بە گوێرەی بڕوای بەم بنەمایە کە دەبێ ئەدەب بە بوونەوەرێکی خۆبژێو بزانین، سەرنجی خۆی بڕییە دەق. ئەم بابەتە، ڕەخنەگرە نوێکانی لە دوو تاقمی ئەوپەڕەخنەگر هەڵاوارد: ئەو ئەوپەڕەخنەگرانەی بڕوایان بە دەورێکی گرینگ بۆ خوێنەر/ راڤەکار هەبوو. ئەم تاقمەی دووەم، ئەوپەڕەخنەگرانی مێژووخواز، مارکسیست و دەروونپشکێن لەخۆدەگری کە داکۆکییان لە سەر دەوری ڕوانگەی ڕەخنەگر دەکرد.

هەڵوەشاندنەوە (پێکهاتەشکێنی)، بۆچوونێکی تازەترە کە تەوەرە بوونی هێندێک لە بەرهەمەکان (کە بە هەر بەڵگەیەک گرینگایەتییەکی زیاتریان لەچاو بەرهەمەکانی تر هەیە یان لە لێکۆڵینەوەدا دەبێ بەسەر بەرهەمی دیکەدا زاڵ بکرێن) دەباتە ژێر پرسیار.

کەوایە دەق بۆی هەیە دەقێکی هەرەمەپەسەند، فەلسەفی، مێژوویی یان ئوستوورەیی بێ. هەر بەم شێوەیە ئەنیمەیشن، ئۆپێرا و پارچەپەخشانیش هەموویان هەر دەقن. پێکهاتەشکێنی لە ئاستێکی تردا هەوڵ دەدا تا دەنگێکی سەرکوتکراو کە لە ناخی دەنگە زاڵەکاندا خەریکە بۆخۆی بەربەرەکانێ دەکا، ئاشکرا بکا. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا جۆزێف هیلیس میلر، پۆل دوومان و هارۆڵد بلووم، لەو پازدەساڵەی ڕابردوودا، لایەنگرییان لە پێکهاتەشکێنی کردووە. هەربەم پێودانە، هێندێک فێمینیستی وەک هێلێن سیزۆ، ژوولیا کریستۆڤا، ئالیس جاردین و لووس ئیریگاری بە پێکهاتەشکێنی دەق و زمان، داگژانە دەستەڵاتی سەدان ساڵەی پیاوسالاری و سپی‌سالاری. سیزۆ و جاردین بۆ کوتایی هێنان بە گوتاری پیاوانە پەرژانە سەر دووبارەسازکردنەوەی زمان. دوای دیلتای قوتابخانە ئەوپەڕەخنەییەکان ئەو پرسە ورد و هەراوانەیان پێ چارەسەر نەکرا کە لەگەڵیاندا بەرەوڕوون. بیردارێژانیش هێشتا بە گوێرەی ڕوانینیان بۆ پێوەندییەکانی نێوان نووسەر، دەق (زمان، پێکهاتە، ژانر، مێژوو بەست بوون) خوێنەر/ ڕاڤەکار (نەریت و هۆگرییەکانیش دەگرێتەوە) ڕاڤە (مانا، بەکارهێنان) و بەردەنگ (ئەو کەسەی ڕاڤە بۆ ئەوە) تا ڕادەیەکی زۆر لێک هەڵدەواردرێن.

سەرچاوە: دانش‌نامەی نظریەهای ادبی معاصر، ترجمەی مهران مهاجر و محمد نبوی،انتشارات آگاه،۱۳۸۴ صص:۲۲۴-۲۱۳

**موەفەق‌ئیبراهیمی(سەربەرز)- مەهاباد**



بۆ جارێکیش بێ، خۆت شێعرێکم بۆ بڵێ
باسی ئەوینم بۆ بکە
بە ڕەنگی سوور
وێنەی ئاگر
بەقووڵایی چەشنی دەریا
وشەکانی پڕ لە خۆشەویستی بن لە پێکەوە بوون
دێڕەکانی بە ژیان برازێنەوە
شێعرەکانم
باسی خەمە
گریانە
فرمێسکە
دوری و نەمانە
بێزارم لە پەنجەکان و پێنوسەکەم
بێزارم
لە هەرچی بۆنی تەنیاییە

**

پاش بارانی ئەمشەو
لەپشت شووشە تەمگرتووی ژورەکەما
جوانترین سەمفۆنیای ژیان
لەسەر ڕوومەتی
گەڵاداری حەوشەکەمان
دڵۆپەکانی بارانە
دورتریش ئاسۆی ڕوون
کۆلکەزێرینەی
پشتچەماوەی هەزارڕەنگ
بباری باران!
لە تەڕبوون ناترسم
خۆم هەموو ڕۆژێ لە بەنداوی ژیاندا
مەلە دەکەم



**کاوان محەمەدپوور - سنە**

# مەرگی ئەویتر لە گۆشەنیگای خەمۆکییەوە

**سرنجێک لەسەر ڕۆمانی خەوزڕان، نووسینی سراج بناگەر**

پێشەکی:

هایدیگەر بە ئاماژە بە مەرگی (ئۆفیلیا) لە شانۆنامەی (هەملێت)ی شێکسپیر، «مەرگ لە ناوئاودا» بە جوانترین مەرگ دەزانێ. ئۆفیلیا لە پاش ئەوەی باوکی-بە هەڵە- لەلایەن هەملێتەوە ئەکوژرێت، شێت ئەبێ و بە دەسچنێک لە گوڵ خۆی لە ئاودا دەخنکێنێ. ئەم ئاماژەی هایدیگەر، لە ئاست ڕەخنەی ئەدەبییەوە-جەخت دەکەمەوە لە ئاست ڕەخنەی فەنی ئەدەبیاتدا!- بۆ تاوتوێی ڕۆمان هیچ یارمەتییەکمان نادا، ئەوەی کە تیۆری هایدیگەر لە ئاست ڕەخنەی ئەدەبی ناتوانێ یارمەتی دەرمان بێت دوو هۆی زۆر ئاسایی هەیە، یەکەم: هایدیگەر فەیلەسووفە و ڕەخنەگری ئەدەبی نییە، کەواتە تیۆرییەکانی هایدیگەر لە ئاست فەلسەفەی نەزەری ئەدەبیات بەکەڵکن، یانی دەتوانین بۆ بووتیقای ئەدەبی کەڵکیان لێوەرگرین، نە وەک ڕەخنەیەکی فەنی ئەدەبیات. دووهەم: هایدیگەر سەری کێشە و ناکۆکی لەگەڵ گشت هونەری مۆدێرن (بە شێعر وڕۆمان و نیگارکێشی و...)وە هەیە، دیارە کە ڕۆمانیش یەکێ لە سەرچاوە هەر گرینگەکانی هونەری مۆدێرنە، کەواتە لەسەرتاوە ڕوانگەی هایدیگەر بۆ ئەم باسە ڕوونە. بەڵام هۆی ئاماژەی من لە سەرەتای ئەم وتارە بە ڕستەکەی هایدیگەر دەگەڕێتەوە سەر پێوەندی یەک وێنا و دوو چەمکی هاوبەش لە ڕۆمانی (خەوزڕان) و ڕستەکەی هایدیگەر. وێنای (مەرگ لەناوئاودا) و دوو چەمکی (مەرگ) و (پاشماوەکانی مەرگ). بابەتی (مەرگ) - کە وەک یەکێ لە باسە سەرەکییەکانی ڕۆمانی خەوزڕان وایە- لەلایەن هایدیگەرەوە بە تێر و تەسەل قسەی لەسەر کراوە وهاتوتە ژێر نیگای فەلسەفیانەی ئەو، کەواتە بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم باسە وەکوو پرسیارێکی گرینگی فەلسەفی هایدیگەر دەتوانێ یاری دەرمان بێت(نە وەکوو ڕەخنەگرێکی ئەدەبی). من سەرەتا بە کورتی لە ڕوانگەی گێڕانەوەناسی، پێکهاتەی ڕۆمانەکە تاوتوێ دەکەم تا بە چەشنێک پێوەندی پێکهاتەی ڕۆمان و ناوەڕۆکی باسەکە لەیەک گرێ دەین و هۆگەل و پاساوی ڕەخنەی ئەدەبیشمان بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی باسەکە هەبێ. دواتر دەچمە سەر شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕۆمانی خەوزڕان و پێوەندی مرۆڤ بە چەمکی (مەرگ، ئۆبژەی لە دەستچوو و خەمۆکی) باس دەکەم. بۆ ئەم باسە کە دێتە خانەی کردەوە دەروونناسییەکانی مرۆڤ، پێویستمان بە وتارەی (شینگێڕی و مالیخولیا)ی فرۆیدەوە هەیە.

بەکورتی ئەم وتارە لە دوو بەش پێکهاتووە، یەکەم سرنجێکی کورت لەسەر گێڕانەوەناسیی ڕۆمانی خەوزڕان و دواتر تاوتوێی ناوەڕۆکی ڕۆمان بە سازدانی مەنزوومەیەکی نەزەری لە دوو ڕوانگەی هایدیگەر لەسەر (مەرگ وەکوو چەمکێکی ئینتزاعی) و، خوێندنەوەی فرۆید لە (ئاکاری مرۆیی لە دوامەرگ و لەدەستدان)، بە پێویستی هەر دوو بەشی وتار، هەوڵ دراوە لە دەستەواژەی تایبەت بە باسەکە کەڵک وەربگرم، لە بەشی گێڕانەوەناسیدا باس لە نووسەر ناکرێت و (گێڕەوە)- ڕاوی - و چۆنیەتی گێڕانەوە شیدەکرێتەوە، بەڵام لە بەشی دووهەم بەپێی پێویست، باس لە ئەندێشەکانی نووسەر لە ڕووی هێماکانی دەقەوە دەکرێ. نووسەری ئەم وتارە، لەسەر ئەو باوەڕەیە شرۆڤە و ڕاڤە کردنی دەق، هیچ ئەوەی کە نابێتە هۆی (مەرگی داهێنەر)-تیۆری ڕۆلان بارت-، بەڵکوو بەچەشنێکیتر نووسەر زیندوو دەکاتەوە و لە جەستەیەکیتردا بۆ خوێنەری شەمەند دەکا. ئەم بۆچوونە هیچ دژایەتی لەگەڵ شرۆڤە جیاوازکانی دەق یان هەوڵی بێ ئەنجام بۆ دۆزینەوەی مانای ڕێکی ناومێشکی نووسەر نییە، چوون ڕەنگە تەنانەت خودی نووسەریش ئاگادار نەبێ لەو کاتەدا ڕێک بەچی بیریکردۆتەوە، یان ئەگەر لە دانیشتێکی خۆمانەشدا بۆمان باس کا دیسانەکە بەشێ لە ڕاستییەکانی چیرۆک ونن و کەس دەستی پێناگەن. کەواتە مەبەستی بەشی دووهەمی ئەم وتارە- کە هەر لە پێوەندی بەشی یەکمدایە- شەمەندکردنی نووسەر لە جەستە و مانایەکیتر دایە، نە کوشتن و کۆتایی پێهێنانی!

مەوداکانی گێڕانەوە و بەرسازەکردنی ڕووداو:

ڕۆمانی خەوزڕان- کە بەسەرهاتی عەشق و لە دەستدانمان لە بیست و چوارکاتژمێردا بۆ دەگێڕێتەوە - لە شێوازی(سبک) کلاسیک بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان کەڵکی گرتووە و (گێڕەوەی زانای گشتی سنووردار)(راوی دانای کل محدود)ی بۆ بەسەرهاتەکان هەڵبژاردووە، لەحنی گێڕەوە لەم ڕۆمانەدا، خۆ لە قەرەی حەقایەت بێژی دەدا و نزیک دەبێتەوە لە گێڕانەوەی ڕۆژەزاری کوردی. هەرلەسەرەتای ڕۆمانەوە، گێڕەوە وەسفی دۆخێکیمان بۆ دەکا کە قەرارە ڕووداوەکانی چیرۆک لەوێدا ڕوو بدەن، ئەم وەسفانە لە سەرانسەری ڕۆمان پاتە دەبنەوە، وسفی خۆر و هەوای بەهار، وەسفی جێگە و کاتەکان، وەسفی کێوی ئاویەر و شوێنگەکانی (بروانە لاپەڕەکانی (٥)و(١٠٠)و...) ئەم چەشنە لە وەسف کردنی فەزای چیرۆک، شێوازی ڕۆمانی کلاسیکە کە بە مەبەستی هاندانی خوێنەر بۆ ناو کایەکانی ڕۆمان و نزیک بوونەوەی لە ڕووداوی چیرۆک بەکار دێت. هەر بەم پێیەش گێڕەوەی ڕۆمان لە پلەیەکی نزیکەوە بەسەرهاتەکانی ڕۆمان دەگێڕێتەوە، واتە بە ڕووداوەکان نزیکە و(مەودا) ( Distance)ی گێڕەوە و بەسەرهاتەکان زۆر نییە، بۆیەش خوێنەر لەگەڵ عەینیەتی ڕووداو بەرەوڕوو دەبێتەوە، وەختێ گێڕەوە باس لە ڕووداوەکانی چیرۆک دەکا لە زۆربەی شوێن هەوڵ دەدا، لە شێوازی ناوەندی کردنەوەی(Focalization) سفر، کەڵک وەرگرێت. مەبەست لە ناوەندی کردنەوە، چەقسازی یان تیشکۆخولقاندنە کە لە گێڕانەوەناسیدا بە مەبەست و کارکردی بەرچاوکردنەوە و لە ناوەند گرتن دێت. بە ڕوانگەی ژێرارد ژێنێ، لە هەر چیرۆکێکدا دەتوانین سێ شێوەی ناوەندی کردنەوەمان هەبێ: ١) ناوەندی کردنەوەی ناوەکی: مەبەست ئەوەیە کاتێک ڕووداوی چیرۆک، لە

گۆشەنیگای یەکێ لە کاراکتێرەکان دەگێڕدرێتەوە و بەردەنگ دەرک و فامی کاراکتێر لە ڕووداوەکە وەردەگرێت (وەکوو کاتێک ژۆزێف-کا لە ڕۆمانی موحاکمەی کافکادا، وسفیماڵێکی ئاسایی دەکا کە لە فامی ئەودا وەک دادگا دەنوێنێت). ٢) ناوەندی کردنەوەی دەرەکی: کاتێک لە گۆشەنیگایەکی پەسیڤەوە چیرۆک دەگێڕدرێتەوە، واتە گێڕەوە وەکوو کامێرایەک تەنیا هەڵسوکەوتی کاراکتێرەکان پێشان دەدات و هێچ باسێک لە فام و دەرکی کەسایەتی لەمەڕ ڕووداو ناکا، ٣) ناوەندی کردنەوەی سفر: کە مەبەست لەوەیە، کاتێک گێڕانەوە لە گۆشەنیگای هیچ کام لە کاراکتێرەکان ناگێڕدرێتەوەو بەردەنگ تەنیا لەگەڵ شێوە ڕوانینی گێڕەوە بەرەوڕووویە، وەکوو چیرۆکگەلێک کە گێڕەوەی زانای گشتی هەیە و گێڕەوە خۆی قسەدەکا. هەر بەم شێوەی ئاماژەمدا، ڕۆمانی خەوزڕان لە زۆربەی شوێنەکان لە شێوازی ناوەندی کردنەوەی سفر کەڵک وەردگرێت، ئەم شێوازە لەگەڵ پێکهاتەی گشتی چیرۆکەکە و کەڵک وەرگرتن لە گێڕەوەی زانای گشتی یەکگرتووەی هەیە و بەباشی لەگەڵ یەکدا دەگونجێن. بۆ نموونەی ئەم ناوەندی کردنەوە دەتوانین ئاماژە بە لاپەڕەکانی: (٣٣)و(١٠١)و...بکەین.

ئەگەر بڕوانینە شێوازی ناوەندی کردنەوە لە ئاستی کاراکتێرەکاندا ئەبینین کە گێڕەوە لەو ئاستەدا لە ناوەندی کردنەوەی ناوەکی سوود وەردەگرێت، واتە تەنیا وەکوو کامێرایەک هەڵسوکەوتی کاراکتێرەکان ناگێڕێتەوە، بەڵکوو بە باشی فکر و خەیاڵیان لە قاڵبی لەحنێکی شیاوە بۆ هەر کام لە کارەکتێرەکان نمایش ئەدا. هەر ئەم تەکنیکە-کە بەباشی لە ناو ڕۆماندا گونجاوە- ئاستی پێکهاتەی کاراکتێرەکانی بردۆتە سەر و خوێنەر لەگەڵ کاراکتێرسازی فەنی و ڕێکوپێک بەرەوڕوویە. بۆیەش ئەتوانین ئاماژەکەین ڕۆمانی خەوزڕان نموونەیەکی باشی (ڕۆمانی کاراکتێر) لە ئەدەبیاتی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە. بە شیاوی، لەحنی یەک بە یەکی کاراکتێرەکان پارێزراوە و بێ ئەوەی ناوی کاراکتێرەکانمان لەبەر دەست بێت ئەزانین کام کاراکتێر قسەدەکا یان فلان هەڵسوکەوت لەخۆی ئەنوێنێت. تەنانەت ڕوانگە و بەرسازەی بازە (سەگی فەریدوون) و بەختیار (هاوڕێ فەریدوون) و خودی فەریدوون بە (تەنیایی و مەرگ) بە باشترین شێوە لە ناو ڕۆماندا گونجاوە. ئەم شێوە لە کاراکتێرسازی ئاگاداری و لێزانییەکی تایبەتی لە چەشنی ناوەندی کردنەوە و لەحندا پێویستە، واتە دەبێت سێ چەشنی ناوەندیکردنەوە و لەحن بە باشی لە لۆژیکی چیرۆکدا جێ بگرێت و بەپێ پێویست ئەم ئاستانە ئاڵوگۆڕیان بەسەر بێ- کە (خەوزڕان) توانیویەتی لەم ئاستەدا بە باشی سەرکەوێت-. مەوادی کەمی گێڕەوە لەگەڵ ڕووداوی چیرۆکەکە و پێوەندی نێوان پێکهاتەی هێڵی ڕۆمان و گەڕانەوەکان(Flash Back)-کە تەنیا لە ڕووی بیرەوەرییەکانی کاراکتێر و گێڕەوە بۆ خوێنەر ڕوون دەبنەوە-، هێڵی چیرۆک بەباشی دەباتە پێش. کەڵک وەرگرتن لە لەحنێکی نزیک بە حەقایەت بێژی، سەمیمییەتی نێوان خوێنەر و ڕۆمانەکە شەمەنددەکا و دەبێتە هۆی ئەوە خوێنەر بە ئەدەبیاتی گێڕەوە نزیکتر بێتەوە. گێڕەوە بەردەوام لە وشەی (جا) بۆ گێڕانەوە کەڵک دەگرێت:«جا بێ ئەوەی تەمار ئەم بمێنێ»،«جا بەکەنینەو درێژەی دا»، «جا ئەوەنە هەڵاورد و ئەوەنە درێژەی دا»، «جا وەک ئەوە لە قسەکەی خۆەی ترسیاوێ»و...«...». ئەم شێوە لە لەحنی گێڕەوە، بیرخەرەوەی گێڕانەوەی ئاسایی و بەتایبەت حەقایەت بێژی کوردییە. پێوەندی ئەم لەحنەی گێڕەوە و ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە-مەرگ و لە دەستدانی خۆشەویست- دەتوانێ پاساوێکی زانستی هەبێ که لە درێژەدا باسی لێوەدەکم.

گێڕەوە لە زەمەنی(tense/ Tempus) ئاسایی و هێڵی بە گێڕانەوە کەڵک دەگرێت و بە هیچ شێوە خۆی لەقەرە شێواندی زەمەن نادا. تەنانەت خوێنەر بۆ ئاگاداری لە ڕابردووی ڕووداوەکان لە ڕووی بیرەوەری کاراکتێر و گێڕەوە زانیاری پەیدادەکا، ئەم شێوە لە (گەڕانەوە بۆ ڕابردوو) (Flash back) شێوازی ئاسایی کایە بە زەمەنە، لە هیچ شوێنک لەم چیرۆکەدا (گەڕانەوە بۆ داهاتوو)مان (Flash Forward) نییە و گەڕانەوەکان لەگەڵ زەمەنی چیرۆکی یەکتر دەگرنەوە، هەر بۆیە (زەمەنی چیرۆکی) لەگەڵ (زەمەنی دەق) یەکگرتوویان هەیە و تەنیا واقیعێک کە پێکهاتەی هێڵی چیرۆک دەوێستێنێت، بیرەوەرییەکانی گێڕەوە وکاراکتێرەکانە کە بەم شێوەی باسم کرد شێوازی ئاسایی بەکارهێنانی (گەڕانەوە بۆ ڕابردوو)(Flash back) لە چیرۆکی کلاسیکدایە، هەڵبژاردنی گێڕەوە بۆ ئەم چەشنە زەمەنەش گونجاوی لەگەڵ پێکهاتەی گشتی ڕۆمانەکە هەیە. گێڕەوە بۆی هەیە (زەمەنی چیرۆکی) و (زەمەنی دەقی) ڕووداوەکان تێکبدا و بە پێی پێوسیت ئاڵوگۆڕیان بەسەربێنێت، بەڵام بۆ ئەم کارە یەکم، دەبێ لەگەڵ لۆژیک و پێکهاتەی چیرۆکەکەی هاوتەریب بێت و دووهەم: ئەم شێوە کایە بە زەمەن لە ڕۆمانی مۆدێڕنیستی و پۆست مۆدێڕندا دەبینرێتەوە نە ڕۆمانێک بە پێکهاتەی کلاسیکەوە. ڕۆمانی نووسەرە کلاسیکەکان (مەبەست ئەو نووسەرانەیە کە بە شێوازی کلاسیک ڕۆمان ئەنووسن)، بۆ نموونە تۆلۆستۆی، باڵزاک، داستایۆفسکی، مارک تواین و... کەمتر کایەی فۆرمی و هەر بەم پێیەش کایەی زەمەنی لەناو کارەکانیاندا هەیە، ئەم شێوە لە ڕۆمان زیاتر گرینی بە ناوەڕۆکی ڕۆمان و کاراکتێرسازی ئەدات تا ئەزموونی فۆرمی. هەڵبەت ئەمە بە هیچ ڕوو بەو مانایە نییە ڕۆمانی مۆدێڕنیستی گرینگی بە ناوەڕۆک نادا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەم دەستە لە نووسەران بە کایەی فۆرمی ئەیانهەوێت ناوەڕۆک بە جەختێکی زیاتر و چەشنێکی‌تر بۆ زەینی خوێنەر هەنارده بکەن. (بۆ ئەم باسە بڕوانە جیاوازییەکانی شێوازناسیی ڕۆمان).

ئۆبژەی لە دەستچوو و پاشماوەکانی مەرگ:

هەر بەم پێیەی لەسەرەوە باسم کرد ڕۆمانی خەوزڕان بە شێوازی کلاسیکەوە داریژراوە و ناوەڕۆکی ڕۆمان شەڕێکی دەستەویەخە لەگەڵ دوو بیرۆکە و پرسیاری هەرە گرینگ و کلاسیکی ژیانی مرۆیین، واتە (لە دەستدان و مەرگی خۆشەویست و، ژیانی مرۆڤ دوا ئەم کارەساتە). فەرەیدوون، (کاراکتێری سەرەکی ڕۆمان) لە پاش مەرگی خۆشەویستەکەی (سەیران) لە ناو دەریادا، تەرکی ئاشنا و ڕۆشنا دەکا و چی‌تر ئەم کوڕە شۆخ و شەنگەی جاران نامێنێت. لە ناو ڕۆماندا ئێمە بەردەوام لەگەڵ فکر و خەیاڵاتی فەریدوون لە پاش ئەم کارەساتە بەرەڕووین و هەڵسوکەتی فەریدوون لەمەڕ نەسیحەت و پەندەکانی دەورووبەریەکانی ئەبینین.

هایدیگەر مەرگ بە ڕاستەقینەترین ڕووداوی مرۆیی

ئەژمار دەکا و بە چەشنێک لە (ئێگزیستانس)( Existence)ی مرۆڤی دەزانێت و دەڵێت: «مەرگ تەنیا بۆ مرۆڤ بوونی هەیە». ئەم ڕستەیەی هایدیگەر بەو مانایەیە کە تەنیا مرۆڤە کە ئاگاداری بەسەر مردنی خۆیدا هەیە و ئەزانێت ڕۆژێ ئەمرێت-حەیوانەکانی‌تر چوون ئەم ئاگادارییان نییە نازانن کە دەمرن-.مەرگ بۆ مرۆڤ هەمیشە چەمکێکی پڕ لە پرسیار و مەترسییە، پڕ لە پرسیارە چوون -چ لە گریمانەی: زیندوو بوونەوەدا و چ لە گریمانەی: مەرگ کۆتاییە-، مرۆڤ نازانێ دوای مەرگ، ڕێک چی بەسەر دێت. لە لایەکی‌ترەوە مەرگ (هەڵکەوتە)کانی ژیان بە کۆتایی دێنێت و ئیتر مرۆڤ دەرفەتێکی بۆ هەڵبژاردن لە ناو ژیانیدا نامێنێت، مەرگ ئیمکاناتی وجوودی ژیان بەکۆتایی دێنێت و پێش بە گۆڕانکاری لە مرۆڤدا دەگرێت، نەبوونی زانیاری بەسەر: پاش مەرگدا و سڕینەوە و داماڵینی هەڵکەوتەکان و دەرفەتەکانی ژیان، خۆی لە خۆیدا ترسناک و مەترسی دارە. ئەم ترسە لە مەرگ دەبێتە هۆی ئەوەی هەر وەخت باس لە مەرگ دەکەین، مردن پاڵ دەیەنە باوەشی «ئەویتر»ەوە. (من نووسەری ئەم ڕستانە لەبارەی ڕۆمانی خەوزڕان و ئێوەی خوێنەرانیش، ڕۆژێ دەمرین!)، تەنانەت ئەم ڕستەی منیش ترسی پێوە دیارە. بە بۆچوونی هایدیگەر مەرگ شەخسیترین و تاکانەترین ڕووداوی مرۆوییە، بەڵام ترس لە مردن هەمیشە وەها دەکا ئێمە مەرگێ کە ئەزموونی تاکەکەسییە- هەڵبەت ئەگەر بتوانین وەکوو ئەزموون ناوی لێ بێنێن- بەشێوەی خێڵی و جەماوەری باسی لێوەدەکەین و خۆمان بە تەنیا لەمەڕ مەرگ ناهێڵینەوە. بۆ نموونە لەم ڕستەیەمدا: (من نووسەری ئەم ڕستانە لەبارەی ڕۆمانی خەوزڕان و ئێوەی خوێنەرانیش، ڕۆژێ دەمرین!)، لێرەدا ترسی من لە مەرگ وەهای کرد کە لەسەرەتادا خۆم لە ئەزموونی تەنیایی مەرگ بپارێزم و ئێوەی خوێنەریش لەگەڵ خۆم دەم. دووهەم مەرگ (فەرافکەنی) بکەم بۆ سەر ئێوەش! واتە مەرگی ئەوانی‌تر لەمەڕ مەرگی خۆمدا بەرجەستە کەمەوە. (هەمووومان ڕۆژێ ئەمرین) بۆ هایدیگەر ڕستەیەکە کە مرۆڤ لە ترسی ئەزموونی تاکەکەسی مەرگەوە، بەکاری دێنین. کە واتە بیرکردنەوە لە مەرگ ترسناکە. بەلای هایدیگەرەوە تەنانەت ئەوانەی ئێژن مەرگ بۆ من ترسناک نییە لە ترسی مەرگەوە وەدەڵێن، چوون ئەم ڕستە هێمای هەوڵ بۆ دوور خستنەوەی (بیرکردنەوە لە مەرگ)ە، بێژەری ئەم چەشنە ڕستەیە، وەها دەنوێنێ کە «من پرسیارم لە مەرگ نییە»، ئەوە لە حاڵێکدایە کە چەمکی مەرگ، چەمکێکی پڕ پرسیارە و هیچ کات مرۆڤ بە هۆی خسڵەتی ئێگزیستانسییەوە ناتوانێ لەم پرسیارە خۆ بپارێزێت. لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ دایە کە ئەدەبیات و فەلسەفە کارێکی دژوارە، چوون ئەم دوو ساحەتە توانستی ئەوەیان هەیە لەگەڵ یەکێ لە مەترسیدارترین و بێ‌جوابترین پرسیارەکانی مرۆیی بەرەوڕووومان کەنەوە.

لە ڕۆمانی خەوزڕاندا نووسەر بەردەوام لەدەمی کاراکتێرەکانەوە - بەتایبەت بەختیار و دوکتور کەلام- ئاماژە بەوە دەکا کە گشتمان ڕۆژێ ئەمرین و مەرگ شتێ نییە تەنیا بۆ (سەیران) هاتبێتە پێش. لێرەدا ترس لە مەرگ، نووسەری خەوزڕان بەرەو ئاقارێک دەبا کە دەسداتە نووسینی بەرهەمێ کە لەسەرەتاوە بەهیچ ڕوو ناتوانێ وەکوو ئەندێشە خۆی لێ بپارێزێت، کەواتە ناچارە دەری ببڕێ، دووهەم ترسی ئەم ئەندێشە و نزیک بوونەوەی ساتەوەختانەی مەرگ، ناچاری دەکا لە دەمی کاراکتێرەکان ئەم پاساوە بۆ مەرگی ئەوانی‌تر بێنێتەوە: «هەموومان ڕۆژێ ئەمرین». بازە(سەگی فەریدوون) نازانێ مەرگ چییە و نەبوونی سەیران بە مەرگ تەعبیر ناکا، بەڵکوو تەنیا دەزانێ ماوەیەکە سەیران دیار نییە، بۆیە شرۆڤە و ڕاڤەیەکی تایبەتی لەسەر مەرگ نییە. هەر وەک باسمان کردن ئاگامەندی بەسەر مەرگدا، ئاگامەندی تایبەتی مرۆییە، نە حەیوانەکانی‌تر. ترسی مەرگ لەم ڕۆمانەدا ئەوەندە بە هێز دەبێتەوە کە نووسەر گشت ڕووداوەکانی ڕۆمان لە چاوچێوی مەرگی ئەویتردا بۆ خوێنەر باس دەکا، (مەرگی سەیران) لە ڕۆماندا بە پەراوێز دەکەوێت و هەر لەسەرەتادا، نووسەر هەوڵ دەدا باسی ئاکاری مرۆڤ لە پاش (ئۆبژەی لەدەسچوو) بکا. گشتی ئەم ئەندێشانەی نووسەر دەکەوێتە بەر لە نووسینی ڕۆمان. واتە ترس لە مەرگ وەها دەکا یەکەم مەرگ (فەرافکەنی) بکا بۆ سەر ئەویتر، دووهەم لە پێناو مەرگی ئەویتردا و بیرۆکەی مەرگی ئەویتر، لەگەڵ دۆخێکی -ڕەنگە تەنانەت ناخۆشتر لە مەرگی خۆمان- بەرەوڕوومان دەکاتەوە، ئەویش ژیان و کردەوەی کەسەکان، لە پاش مەرگ و لە دەستدانی خۆشەویستەکانیانە. بە گێڕانەوەیەکی‌تر کاتێ من، مەرگی خۆم بە پاساوی ڕستەی (هەمووومان دەمرین) لەخۆم دوور دەکەمەوە، لە مانای ڕاستەقینەدا ئەم مەرگە ئەنێرمە باوەشی ئاشنا و خۆشەویستەکانم. ڕێک لێرەدایە کە ڕۆمانی (خەوزڕان) دەسپێدەکا، واتە پاش کۆتایی بیرۆکەیەک سەبارەت بەمەرگ (دوور کردنەوەی مەرگ لە خۆم) و دەسپێکی بیرۆکەی‌تر سەبارەت بە مردن (مەرگی ئازیزانم)، لێرەوەیە کە نووسەر بە پێویست دەزانێ لەگەڵ کەسانی‌تر بۆ ئۆقرە گرتنی دەروونی قسە بکا! کەواتە ڕۆمان دەنووسێت.

فەریدوون لەگەڵ مەرگی خۆشەویستەکەی دەستەو یەخە دەبێتەوە، ئۆبژەیەک لە خۆشەویستی هەبوو کە ئێستا بوونی نەماوە. تازەودا دەلاقەیەکی هاوبەش بۆ دیتنی دونیا و بەسەرهاتەکانی بۆ فەریدوون بوونی نییە. پەنجەی مەرگ خۆشەویستەکەی لەگەڵ خۆی برد- تەنانەت ئەگەر بۆشی شی بێتەوە هۆی مەلەکردنی سەیران لە ناو دەریادا و دوور ڕۆشتنی و دواتر خنکانی چی بووە، دیسانەکە ئەم ڕەنجەی پاش مەرگی سەیران بۆ فەریدوون (کە دەتوانێ هەر یەک لە ئێمە بین) بەردەوامە-. لێردا بە باشی بۆمان دەردەکەوێت چەمکی مەرگ، بە دوو سەرەوە، چ مەرگی خۆمان، چ مەرگی ئەویتر دووبارە ترسناکە.

ڕۆمانی خەوزڕان بەرەو ئەم پرسیارەمان دەبا کە کردەوە دەروونییەکانی مرۆڤ پاش مەرگ و لە دەستدانی خۆشەویستەکانیان (یان ئۆبژەی لەدەستچوو) چۆنە؟ ئەمە پرسیاری فرۆید لە وتاری (شینگێڕی و مالیخولیا)یە. فرۆید لە وتاری (شینگێڕی و مالیخولیا)دا دوو چەمکی شینگێڕی و مالیخولیا- وەکوو کردەوەیەکی دەروونناسانەی مرۆڤ لەمەڕ ئۆبژەی لە دەستچوو- لە یەک جیادەکاتەوە. لای ئەو دوو کردەوەی بەرچاوی مرۆییمان بۆ «ئۆبژەی لە دەستچوو» هەیە. «ئۆبژەی لە دەستچوو»، ئەو چەمکەیە کە ئیتر بوونی نییە و بە هۆگەلی جیاواز لە دەستی ئێمە دەرچووە، وەکوو (زێد و نیشتمان، ئازادی، مەرگ و نەمانی خۆشەویستێک)،

یەکێ لەم دوو کردەوانە، «شینگێڕی»یە(سوگواری) کە بەمانای قەبووڵ کردنی لە دەسدانە و دان بە نەمانی ئۆبژەی تایبەتە، واتە بۆ فرۆید کردەوەی شینگێڕی (بۆ نموونە بۆ مردوو) وەکوو قەبووڵ کردنی سایکۆلۆژیکی مەرگ و نەمانی ئەوەو هەوڵێکی دەروونی مرۆڤە بۆ گەیشتن بە ئاسوودەی و ئارامشی دوا ئەم کارەساتە. بەڵام «مالیخولیا»(شیدایی)، نائۆمێدی و مەیلی زێدە بە دووبارە تێکەڵبوونەوە لەگەڵ ئۆبژەی لە دەستچوویە، بەو مانایە لە مالیخولیادا مرۆڤ ناتوانێت قەبووڵی ئەو ڕاستییە بکات کە فڵانە چەمک یان کەسایەتی، ئیتر لە ژیانیدا نەماوە و هیچ بوونێکی نییە. مالیخولیا خەمۆکییە، بێتابشتی لەمەڕ«فەرامۆشی»و «بیرەوەرییە». لە مالیخولیادا ئۆبژەی لەدەسچوو هیچ کات، نەبوون و نەمانی لەلایەن ئێمەوە قەبووڵ ناکرێت تا وەک بیرەوەری ناوی لێ بێنین و لە ئاکامدا بە فەرامۆشی بگا. من باسە دەروونشیکارییەکەی فرۆید بۆ پێشگیری لە مالیخولیا و بەئەنجامدانی شینگێڕی لێرە زیاتر درێژە نادەم (ئەتوانن ئەم باسە لە وتارەی فرۆید بە ناوی (شینگێڕی و مالیخولیا) (بەفارسی: سوگواری و مالیخولیا)، وە هەروەها وتاری (بیرهێنانەوە، دووپاتەکردنەوە ودەکارکردن)(بە فارسی: بەیادآوردن، تکرارکردن و بەکارآوردن) بخوێنەوە).

بەڵام ئەوەی کە لێردا پێوەندی بە ڕۆمانی خەوزڕانەوە هەیە، کردەوەکانی فەریدوون لەمەڕ لە دەستدانی خۆشەویستەکەیەتی. بە زمانێکی فرۆیدی کردەوەی فەریدوون ئایا مالیخولیایە؟ یان شینگێڕی؟. فەریدوون لە پاش مەرگی سەیران کردەوەیەکی خەمۆکییانە دەنوێنێ کە هانی ئەدا بەرەو تەنیایی. ئەو هەموو شەو دەچێتە لەسەر گۆڕەکی سەیران و لە پاڵ گۆڕەکە ئەکەوێت و قسەی لەگەڵ دەکا، خۆی لە هەموو کەس دەپارێز و مەیلی بۆ هیچ پەیوەندییەک ناچێ. ئەم کردەوە مالیخولیا نییە، بەڵکوو شینگێڕی لە ڕادەبەدەرە. فەریدوون قەبووڵی ئەوەی کردەوە ئیتر سەیران بوونی نییە و مردەوە، بەڵام لە نەبوونی بە ئازارە!. ئەم ئازارە شێوەیەکی تایبەت لە شینگێڕی (سوگواری) بۆ فەریدوون بەدی دێنێت، ئەم شێوە لە شینگێڕی ئەتوانێت مرۆڤ بەرەو خەمۆکی هان بدات بەڵام چەشنی خەمۆکییەکەی لەگەڵ خەمۆکی مالیخولیادا جیاوازە. لەم چەشنەدا، بەم هۆیەی کە مرۆڤ ئیتر ناتوانێ دەلاقەی هاوبەش بە خۆی بدۆزێتەوە، هەر کەس و هەر ڕوانگەیەکیتر بێ بایەخ دەبینێت، واتە جیهان لە پڕدا لە مانا دەکەوێت. (لە کن من با وجوودی ناس و ئەجناس/ کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ –نالی). شینگێڕی فەریدوون لەگەڵ شینگێڕی (بنەماڵەی سەیران) ئەو جیاوازییەی هەیە، کە فەریدوون بەردەوام بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە چاو لە مەرگ دەکا و بە چەشنێک بەم کردارەی بەرهەڵستی جیهانی دوا سەیران دەبێتەوە. ڕەنگە ئەم شێوە لە ڕەخنەی فەریدوون، لە دیالۆگ و مۆنۆلۆگی ڕۆمانەکەدا زۆر ڕوون نەبێت بەڵام لە ئاست ئاکار و کردەوە بە باشی خۆ ئەنوێنێت و هێما و دەلالەتەکانی بەرەو ئەم چەمکە ئەچێتەوە.

نووسەر لە دەمی گێڕەوەی ڕۆمان بەباشی ئاگاداری ئەوە هەیە، کرداری فەریدوون نابێ و ناکرێ تاسەر درێژەی هەبێ و دەبێ لە جێگەیەک کۆتایی پێ بێت. ئەم جێگەیە دووپات بوونەوەی عەشقە. لە لاپەڕەی (١٥٣)دا لە زمانی (دکتۆر کەلام)ەوە-کە خۆی ئەزموونی لەو چەشنە، بەڵکوو خەمبارتریشی هەیە- بە فەریدوون دەڵێت:«...تەنیا چتێک بتوانێ نەجاتۆ بات و لەم سەرگەردانی و ئاشێوە دەرۆبێرێت، ئشقە. تەلاش کە بەشکم دووبارە دڵبەستەی کەسێ بیت. تۆ بەسەر ئەم گشتە ناهەمواریا بازهەم ئەوەڵ دەمتە و ئەم کارە، ئاسانە بۆت. تۆ ئەشێ هەممەت بەخەرج بەیت و زەخم ئشق بە مەرهەم ئشق تیمار کەیت تا خوەشەو بێت...»، سەیران چوون هێمای خۆشەویستی و عەشقە بۆیە مەرگەکەی بۆ فەریدوون وەها گرانە، تەنانەت مەرگی سەیران وەک کەنیشک و منالی بنەماڵەکەی بەم شێوەی کە بۆ فەریدوون گران و دژوارە بۆ ئەوان وەها نییە. فەریدوون لە داخی لەدەسدانی مرۆڤێک، چەشنێک لە شینگێڕی تایبەتی هەڵنەبژاردەوە، بەڵکوو لە داخی نەمانی عەشقە کە وەها ئاکارێک دەنوێنێ. کەواتە دووبارە دۆزینەوەی عەشق ئەگەری ئەوەی هەیە کە چارەی بکا. واتە پاتەکردنەوەی ئەزموونی پێشووی لە ژیان و دۆزینەوەی دووبارەی دەلاقەی هاوبەش بۆ ڕوانین بە جیهان. (زنجیرە پۆڵایەکان تەنیا بە شمشێری پۆڵاین ئەپسێن).

لە کۆتاییدا بە پێی ئاماژەی گێڕانەوەناسی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕۆمانی (خەوزڕان) بەم ئەنجامە دەگەین، نووسەر بۆ باس کردنی چەمکێکی بنەڕەتی وەک مەرگ و ژیانی کەسەکان لە پاش لە دەستدانی ئازیزانیان، لە شێوازی نووسینی ڕۆمانی کلاسیک و بە مەودایەکی نزیکی گێڕەوە بە ڕووداوی چیرۆک کەڵکی وەرگرتوە. هەڵبژاردنی ئەم تەکنیکە-واتە مەودای کەمی گێڕەوە لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆمان- ئەمە شەمەند دەکا کە نووسەری ڕۆمان خۆی بە تەواوی لەگەڵ ئەم ئەندێشەیە دەستەویەخەیە و بیرکردنەوە لەم چەمکە وەک کردەوەیەکی حاشا هەڵنەگر دەزانێ. مەودای کەمی گێڕەوە لە گێڕانەوەی ڕۆماندا بە تەواوی خوێنەر لە عەینییەتی ڕووداوەکان نزیک دەکاتەوە و تا ئاستێکی بەرچاو پرسیار و دالغەی سەرەکی ڕۆمان دێنێتە بەرباسی خوێنەر. ئەم پرسیار و لێکۆڵینەوە تەنانەت لە دوو کاری کوردی پێشووی سراج بناگەر (کۆمەڵە چیرۆکی چاوشارەکێ و ڕۆمانی قولولولوو) بە چەشنێک پاتە دەبێتەوە و وێدەچێت هەزارن ڕۆمان و ملوێنان دەق قەرەبووی باسێکی وەها ناکەن.

پەراوێزەکان:

١. بڕوانە: (سرآغاز کار هنری.مارتین هایدگر، ترجمەی ضیا شهبازی) و (انکار حضور دیگری. سیاوش جمادی).

٢ . بە هۆی مەودای کورتی وتارەکە، تەنیا ئاماژە بە لاپەڕەکان کراوە و خۆم لە نووسینی ڕستەکانی ڕۆمان پاراستووە.

٣. (مەودا)، بەو مانایەیە، کە گێڕەوە لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکدا چەندە بە واقیعی ڕووداوەکە نزیکە؟ ئایا ڕێک گشت ڕووداوەکە دەتوانێ بە عەینییەتەوە بگێڕێتەوە و مەودایەکی کەمی لە گەڵ چیرۆک هەیە؟، یان نا تەنیا توانستی گێڕانەوەی بەشێک لەو ڕووداوی هەیە؟. هەتا مەودای نێوان گێڕەوە و ڕووداو کەمتر بێت، ئەوە بەردەنگ لە گەڵ عەینیەتێکی زیاتر لە چیرۆک دا بەرەوڕووە و لە بەسەرهاتەکانی چیرۆک بە باشی ئاگادارە، بەڵام کە مەودای نێوان چیرۆک و گێڕەوە زیاد بوو، لە عەینییەت کەم دەبێتەوە و زیاتر لە شێوەی زەینی نیزیک دەبێتەوە، لێرەدا بەردەنگ لە گەڵ دەروونasیی کاراکتێر و هەلومەرجەکانی زەینی-گێڕەوە/کاراکتێر —بەرەوڕووە.

٤ . لێردا مەبەست لە زەمەن، زەمەنی تەقویمی(time) نییە و مەبەست زەمەنی دەستووری چیرۆک و دەقە.

٥. گشت ئاماژەکان بە ڕۆمان لەم چاپە وەرگیراون: بناگەر، سراج.(١٣٨٩).خەوزڕان.سەقز. بڵاوگەی خانی.

سەرچاوە: ماڵی کتێبی کوردی (http://kurdishbookhouse.com)

د.خالەق جەلیلنەژاد - مەهاباد



# بنەماکانی فکری ـ فەلسەفی ڕەخنەی کلاسیک

پێناسەیەک لەسەر چەمکی ڕەخنە:

چەمکی ڕەخنە وەک زۆربەی کانسێپتە گرینگەکان ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ یوونانی کۆن و لە(krites) بە مانای «قەزاوەت کردن و «سوور کردنەوە»ی دروستی لە نادروستی دەکار کراوە. پێویستە بە وریایی سرنج بدەین پێوەری سەرەکی بۆ ئەنجامی قەزاوەت و سوور کردنەوەی دروست لە نادروست هەمان « ئەندیشەوەرزییە» بە واتایەکی تر، دەکرێ ڕەخنە وەک چەشنێک لە ئەندیشەگی پێناسە بکەین. لەسەر بناغەی ئەو گوزارەیە دەتوانین بڵێین پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە مابەینی ڕەخنە و نیزامە فکری و فەلسەفییەکان هەیە. بۆیە بەشی زۆری بیرمەندان حەوزەی ڕەخنە لە شرۆڤە و ئانالیز، لە خسڵەت و تایبەتمەندییەکانی سەبکی، لە مێژوو و تەنانەت مێژووی گۆڕانکارییەکان بە جودا دەزانن. بەڵام جێگای سرنج و تێڕامانە کە بزانین ڕەخنە وەک بەشێک لە ڕەوتی ئەندیشەوەرزی سووژەی خاوەنبیر، چۆن و بە چ شێوەیەک ڕەوت و پرەکسیسی مێژوویی خۆی دەست پێکردووە و چۆن مێتۆدەکانی بەرەو پێشچوونی خۆی قۆناغ بە قۆناغ ڕێک خستووە؟ وڵامی ئەو پرسیارانە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ناسینی تاریخی نیزامی فکری قوتابخانەی کلاسیکی ڕەخنە، بەڵام بۆ ناسین و کردنەوەی سەردەقی ئانالیزی ئەو دەورە لە مێژووی ئەندیشە پێویستە کورتەباسێک لەسەر دوو بابەتی گرینگ کە بریتین لە شێوەڕوانینی «مێتۆسی» و «لۆگۆسی» بێنینە گۆڕێ تا بتوانین لە ڕێی ئەو پێشەکییە، بنەماکانی ئێپیستمۆلۆجیکی ڕەخنەی کلاسیک بخەینە بەر باس.

تایبەتمەندییەکانی شێوەڕوانینی «مێتۆسی» و «لۆگۆسی»:

مێتۆس چەمکێکە لە کانتێکسی فکریی یونانی کۆنە کە بۆ هەوەڵ جار لە لایەن « هۆمێر» یەک لە شاعیرانی بەناو و شوێنی ئەوێ دەمان بە مانای خەبەر، خەبەرهێنان، قسە(سخن) بەکار هاتووە. پێویستە بزانین جیهانی مێتۆسی شێوەڕوانینێکە کە بۆ وڵامی هەر مەسئلە و پرسگرێک یان بۆ ناسین و بەناسیاو دەرهێنانی هەر بابەتێک بە جێگای بیرکردنەوە گەڕانەوە بۆ سووژەی خاوەن بیر، داگەڕانەوە بۆ هێزێکی فەرائینسانیی ناشوێن و نادیار. بە واتایەکی تر؛ لە جیهانبینی مێتۆسی هەر پرس و پرابلێمێک بە «خودایەکی» خاوەنشکۆ دەسپێردرێ. کە وابوو، لە شێوەڕوانینی مێتۆسی‌دا نیسبەت و پێوەندیی مرۆڤ و دنیای مرۆڤ تەواو پاسیوە. بە واتایەکی تر؛ لە جیهانی مێتۆسی‌دا مرۆڤ خاوەن هیچ هێزێکی داهێنەر نییە، بەڵکوو بەردەنگێکی ملکەچ و بێڕا و بیرە. وەک بیرمەندێک دەڵێ؛ لە جیهانی مێتۆسی‌دا؛ مرۆڤ تاقەکارێکی کە دەیکا یان باشتر بڵێین دەتوانێ بیکا ئەوەیە کە بۆ هەڵاتن و خۆ دەربازکردنی لە سێ کوچکەی» ترس؛ نەناسراوی و نەتوانین بۆ دەکارکردنی ئیرادەی خۆی» دۆزینەوەی خودایەکە کە ئەرکی«ڕووتینە کردن»ی ئەو بەستێنەی بۆ دەستەبەر بکات. بە واتایەکی تر مرۆڤ لە جیهانی مێتۆسی‌دا لە ململانێیەکی بێوچان دایە بۆ دروستکردنی ڕەوایەتێکی پیرۆز کە بەردەوام چوارچێوەیەکی باو (شایع) بە هەموو شت ببەخشێ. ئەو ڕەوایەت و گێڕانەوەیە لە ناوەڕۆک و هەناودا دەستەیەک ئایین کە بە شێوەیەکی سیستماتیک دەخزێنە نێو ڕەوتی «هەستیمەندی»ی مرۆڤ تا بتوانێ چوار فۆنکسیۆن و کارکردی پێویست دەستەبەر بکا کە بریتین لە: تەئیدکردن؛ قەناعەت پێ کردن، ڕووتینەکردن و چێهرەبەخشی بە ئەمری بێسیما و چێهرە. بەڵام سوونەتی مێتۆسی لە لایەن بزاڤێکی فکری کە لە مێژووی ئەندیشە بە بزاڤی پێشاسوقراتی بەناوبانگە، کەوتە بەر توانج و ڕەخنە. ئەو بزاڤە فکرییە پرسیارێکی بابەتی و بەیسیکی هێنا ئاراوە کە بریتی بوو لە: «سرووشت یا فووسیسی جیهان لە چی دروست بووە؟» بە واتایەکی تر ئەو بزاڤە بە وروووژاندنی پرسیار سەبارەت بە هەستیی(ئەنتۆلۆژی) جیهان زەمینەکانی گواستنەوەی لە شێوەڕوانینی «مێتۆسی» بە شێوەڕوانینی « لۆگۆسی « ساز کرد. ئەو بزاڤە کە لە مێژووی ئەندیشە بە «فیزیۆلۆگ»یش دەناسرێن بۆ تاوتوێ کردنی پرسیارە سەرەکییەکەیان لە وزەی بیر وەک سەرچاوەی ناسین کەڵکیان وەرگرت بە واتایەکی تر لە سۆنگەی ئەو بزاڤە «نۆئین» واتا بیرکردنەوە بەرامبەر بە پرسگرێکەکان دێتە ئاراوە. ئەو بزاڤە پێی وابوو کە دروست بوونی جیهان لەسەر بنج و بنەمای «ماکەیەک»ی تایبەت شکڵی گرتووە. چەمکی « ئارخە» بە مانای: دەسپێک(آغاز) و هەوەڵین، جەوهەر بۆ بەیان و باسکردنی فووسیس جیهان دەکار کرا.

پێویستە بگوترێ، لە ڕوانگەی بیرمەندانی ئەو بزاڤە وڵامی جۆراوجۆر بۆ پرسیاری ماکە و فووسیسی جیهان دراوەتەوە، بۆ وێنە تالیس ئاو و هێراکلیتووس ئاگر بە ئارخە و جەوهەر پێک هاتنی جیهان دەزانن.

گرینگی بزاڤی فیزیۆلۆگی لە مێژووی ئەندیشە لەوە دایە بەستێن و زەمینەی پەیدابوونی «بیری داهێنەرانە»(خرد نظر ورز) ڕێک دەخا لە هەناوی ئەو کانتێکسە شێوەڕوانینی « سوونەتی لۆگۆسی، تێفکرین(نۆئین) و بیری داهێنەرانە بۆ ناسین و بە ناسیاوی دەرهێنانی هەموو بابەتەکان و پرسێک دەکار دەکات. بە واتایەکی تر لە شێوەڕوانینی لۆگۆسی‌دا پرسیار ماکەی سەرەکی بوونە و بۆ گەیشتن بە وڵامیش پشت بە هیچ نیزامێکی مانایی مێتافیزیکاڵ

و لە پێشدا داڕێژراو و خاوەن سەرچاوە و سۆرسی پیرۆز نابەستێ. بە واتایەکی تر مرۆڤ پێوەندی و نیسبەتێکی سوبژێکتیو دەگەڵ جیهان و پرسەکانی پێک دێنێ. ئەو پێوەندییە چوارچێوەیەکی دیالێکتیکی ئەکتیوی هەیە و بەردەوام لە حاڵی گووران و خۆ گۆڕین دایە. لە شێوەڕوانینی لۆگۆسی‌دا پرۆکسیسی دیالێکتیکی ناسین و تێگەیشتن بەردەوام وێنە و سیمای پرسەکان و بابەتەکان دەخاتە بەر خوێندنەوەی سەر لەنوێتر. کە وابوو جیهانی لۆگۆسی بەردەوام لە جموجۆڵ و ڕانەوەستان دایە. ئەو ئەکتیویتە ڕێک پێچەوانەی جیهانی میتۆسی‌یە.

نیزامی فکری ـ فەلسەفی ڕەخنەی کلاسیک ـ ئەفلاتوون:

پێکهاتەکانی فکری ڕەخنەی کلاسیک لە هەناوی جیهانی لۆگۆسی پێی گرتووە و لە دایک بووە.

سەردەقی فکری ڕەخنەی کلاسیک لە مێژوومەندی خۆی‌دا بە ڕوانگەکانی ئەفلاتوون دەست پێ دەکات. بۆ دەسپێکی باس و ناسینی پێکهاتەی فکری ئەفلاتوون لە ڕەوتی مێژووی ڕەخنەی کلاسیک پێویستە دوو پرسیار بێنینە گۆڕێ؛

١– ڕوانگەی ئەفلاتوون سەبارەت بە هونەر بەگشتی و شێعر بە تایبەت چ بووە ؟

٢–پاشان ئەو پرسیارە بێنینە ئاراوە کە بۆچی ئەفلاتوون وەها ڕوانگەیەکی هەیە؟ ئەفلاتوون بە شێوەیەکی گشتی بەرامبەر بە شێعر ڕوانگەیەکی توند و ڕادیکاڵی هەبوو، ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە هەستی‌مەندیی مێژووی یوونانی کۆن شێعر پانتایەکی گەورەی لە زیستی کۆمەڵایەتی؛ زیستی ئەخلاقی؛ زیستی سیاسیی ئینسانی یوونانی کۆنی لەخۆ گرتووە. بەڵام پرسیاری جێگای سرنج و تێرامان کە دەتوانێ بنەماکانی ئێپستمۆلۆجیکی ڕەخنەی کلاسیک ڕوون بکاتەوە ئەوەیە کە بۆ ئەفلاتوون وا ڕاشکاو و ڕادیکاڵ شێعر دەخاتە بەر تیر و توانج؟

بۆ دەسپێکی باس پێویستە بزانین زەمینە و زەمانەی ئەفلاتوون چۆن بووە؟ بە واتایەکی تر پێویستە هەڵوێستێکی کورتمان لەسەر «تەجروبەی زیستەی» ئەفلاتون هەبێ. ئەفلاتوون لە دەورانێکدا ژیاوە کە نیزیک سێ دەیە لە مابەینی دوو دەوڵەت شاری ئاتێن و ئیسپارت شەڕێکی توند هەبوو کە لە نەهایەت‌دا بە شکستی دەوڵەت‌شاری ئاتێن تەواو بوو.

ئەو شکستە لە ڕوانین و هەناوی فکری و کۆمەڵایەتی پێکهاتەکانی«دەوڵەت‌شاری» ئاتێن بوو بە هۆی سەرهەڵدان و پەرەستاندنی ئەو فکرە کە هەموو شتێک بێ‌بنەمایە؛ هیچ شتێک مانا و ڕاوەستاو نییە، جیهان و هەرچی هەیە لە بێ‌بنەمایی و بێ‌سووباتی تەواو دایە. ئەو ڕوانگە و ڕوانینە کە دوای شکست چێ ببوو، بوو بە ماکە و هەوێنی فکریی ئەفلاتوون. بە واتایەکی تر ئەفلاتوون دەزگا و نیزامی فکری خۆی بۆ وەڵام دانەوە بەو دۆخە فکری ـ کۆمەڵایەتییە ڕێک خست. ئەفلاتوون تەمای گرت سامانێکی فکری ـ فەلسەفی چێ بکا کە بتوانێ کۆتایی بەو شێوەڕوانینە بێنێ کە پێی وایە هەموو شتێک بێ‌بنەما و دوورە لە ڕاوەستاوی و سەقامگیری. کە وابوو مەسئەلە و پرابلێمی ئەفلاتوون لەڕووی ئێپستمۆلۆجیکی ڕێکخستن و شکڵدانی فکری بە ساخت و پێکهاتەیەکی مسۆگەر، ڕاوەستاو، نەگۆڕ و خاوەن‌سووبات بوو.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە فکری ـ ماریفەتییە، ئەفلاتوون نەزەرییەی ناسراوی «مۆسۆل» / ئایدیای وێنا کرد. بەپێی ئەو نەزەرییە، جیهانی مادی واتە هەموو ئەو شتانەی کە بە هێزی تواناکانی «حسی» توانستی ناسین و فامیان بەدەستەوە دێ ڕاستەقینە(واقعی) نییە، کامڵ و تەواو نییە، بگرە سوورەت و سیمایەکە(مێمیسیس) لە ڕاستەقینە کە ناسین و فامکردنی بەپێی تواناکانی مرۆڤ دەست نادا و هەتەری لێ ناکری. ئەو ڕاستەقینەی کە ئەفلاتوون نێوی ناوە «مۆسۆل» بەهۆی چەند تایبەتمەندی شاز ساخت و پێکهاتەیەک وێنا دەکات کە لەڕووی کات و شوێن تەواو نادیار و ناشوێنی و لە ڕووی پانتا و توانستی حوزوور و بوون هەمیشە و دایم ساز و حازری بە خۆی گرتووە. دەکرێ تایبەتمەندییەکانی بەو چەشنە دەستەبژێر بکەین:

١– خاوەن‌ڕاوەستاوی و سووبات

٢– خاوەن خسڵەتی نەمری و هەرمان بوون (جاودانگی)

٣ –دوور لە هەر چەشنە لەرزۆکی لە جەوهەر و زاتدا

٤– لە دەرەوەی هێزەکانی ناسینی ڕەمزەکانی حیسیی مرۆڤ (فراحسی)

٥– بەپێی ساخت و سروشت ناکەوێتە خانەی مادە و مادییەکان( فرا مادی)

٦– فرەچەشنی: مۆسۆلی ئەفلاتوونی هەڵگری چەشنێک لە فرەیی تیپیک و نەوعییە.

پێکهاتەی سامانی فکری ـ فەلسەفی ئەفلاتوون لە چوارچێوەی نەزم و نیزامی «مۆسۆلی» لە چوارچێوەی ئەو تایبەتمەندییانەیە کە لە سەرەوە دەستەچنمان کرد، خۆی دەبینێتەوە. نەزمی مۆسۆلی، بە هەموو شکڵ و شێوەیەک دەبێ ڕاوەستاو و دوور لە هەر چەشنە ئانارشیزمێک بێت. هەر بەو پێ‌ودانە نەزم و نیزامی مۆسولێ لەڕووی پێکهاتەیی بە شێوەی تەواو پلەبەندی و داخراو داڕێژراوە و هەر جۆرە ئیمکان و ئیحتماڵی گۆڕان بەهەر شێوە و ئاستێک کە ئەو سووبات و ڕاوەستاوییە تووشی خەوش و لەنگ و لۆری بکا، پێشی لێ گیراوە. تەنانەت لە نیزامی فکری ئەفلاتوون‌دا هەر چەشنە گووران لە پێناو گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی ـ کلتووری نیشانەی فەساد و تێکچوونە. نەزم و نیزامی مۆسۆلی بە شێوەیەکی ئیدئالیستی لە پێناو پێش‌گرتن لە ناسەقامگیری بۆ دروست‌کردنی جیهانێکی تەواو «یووتۆپیک» سوورەت‌بەندی کراوە. لە هەناوی ئەو جیهانە یووتۆپیکە چەشنێک لە «تۆتالیتاریسم» باڵی بەسەر تەواوی جومگەکانی هەستی لە هەموو بەشەکان‌دا کێشاوە. هەر وەک بەشێکی گرینگ لە خاوەن‌ڕایانی سەدەی بیستەم دەڵێن لە هەناو و چوارچێوەی نەزم و نیزامی مۆسۆلی ئەفلاتوون‌دا «کۆمەڵگایەکی داخراو» بەرهەم دێت. ئەفلاتوون پێی وایە هونەر بە گشتی شتێک نییە جگە لە سێبەر و تەقلیدی هونەرمەند لە جیهانی «ئایدیا» واتە هەمان جیهانی ڕاستەقینە. لە ڕوانگەی ئەفلاتوون ئەو کارەی کە هونەرمەند یان شاعیر دەیکات کارێکی گرینگ نییە بگرە چەشنێک گرفت، گرێ و مەودایە بۆ دروست فام و ناسینی حەقیقەتی ڕاستەقینە یان هەمان ئایدیا. ئەفلاتوون بڕوای وایە کاری هونەر یان ئەدەبیات کە شتێک لە مێمیسیس (mimesis) زیاتر نییە و لە

باشترین حاڵەتدا دەتوانێ سێبەرێکی ناتەواو لە مۆسۆل بۆ بەردەنگ ڕەوایەت بکات کە وابوو چەشنێک بوار بۆ هەتڵەبوون و دەربازبوون لە نەزمی نیزامی «مۆسۆلی /ئایدیا «چێ دەکا. بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی نیزامی مانایی ـ فکری ئەفلاتوون هونەر/ شێعر زەمینە و کانتێکسی دروستبوون گۆڕان یان گووران ماکەی گۆڕان پێک دێنێ. بۆیە ئەفلاتوون بە گومانێکی گەورە لە دەرهاویشتەکانی کۆمەڵایەتی؛ ئەخلاق.

بە لەبەر چاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییانە لە دەزگای فکری ـ فەلسەفی ئەفلاتوون، دەکرێ بڵێین هونەر/ شێعر لە پارادایمی جیهانی مۆسۆلی / ئایدیا دەبێ چوار کۆڵەکە کە نەزم و نیزامی «مۆسۆلی /ئایدیا» لە سەری شکڵی گرتووە و بنەماکانی ڕاوەستاوی و سەقامگیرییەکەی شکڵ دەدەن نە تەنها بپارێزێت بگرە دەبێ قایم و قووڵتری بکات. ئەو چوار کۆڵەکە گرینگەی دەزگای مۆسۆلی بریتین لە :

١- بنەماکانی ئەمری ئەخلاقی نیزامی مۆسۆلی

٢- جەوهەر و بنەماکانی ئەمری ئیلاهیاتی نیزامی مۆسۆلی

٣- دیسیپلینەکانی جەوهەری فێرکردن و بارهێنانی نیزامی مۆسۆلی

٤- بنەماکانی «زیستی سیاسی»ی نیزامی مۆسۆلی.

نیزامی مۆسۆلی / ئایدیا لەسەر ئەو چوار بەشە ڕاوەستاو سەقامگیرە لە نیزامی مانایی ـ ئەفلاتووندا هونەر/شێعر پێوەندی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هەر کام لەو چواربەشە تەنانەت لە هێندێک بواردا ئاست و ڕادەی ترازان و گۆڕانەکان دەتوانن بە شێوەی زنجیرەیی ببنە پاڵپشتی یەک و ناسەقامگیری لە هەموو بەشەکاندا پێک بێنن.

تایبەمەندێکانی فکری ڕەخنە لە نیزامی مانایی ـ فکری ئەفلاتوون: لە کۆتاییدا بە پێی ئەو باسەی لەسەر دەزگای فکری ـ فەلسەفی ئەفلاتوون کرا دەتوانین بە کورتی چەند تایبەتمەندی لە بنەماکانی فکری ڕەخنەی ئەدەبی لەسەر پێورەکان و ماکەی سەرەکی نیزامی ئەندیشەیی ئەفلاتوون بە شێوەی خوارێ دەستەچن بکەین:

١- لە چوارچێوەی شێوەی ڕوانینی فکری ـ فەلسەفی لایەنی ئیستاتیکی (aesthetics) هونەر لەبەر چاو نییە، هونەر / شێعر لە مێتۆدی ڕەخنەگرانەی ئەفلاتوونیدا بە پێوەر و پێناسەی جوانیناسانەی هونەری ئانالیز ناکرێ. بە دیوێکی تردا دەتوانین بڵێین لە سۆنگەی نیزامی فکری ئەفلاتوونیدا لایەنی جوانیناسانەی هونەر/ شێعر هێشتا وەک فاکتەرێکی خاوەنشوێن و پێگە بۆ دەست پێڕاگەیشتن بە ناسین ( cognitive) جێگەی خۆی نەکردووەتەوە. بە شێوەیەکی ڕوونتر دەتوانین بڵێین لە بنەماکانی مەعریفی ڕەخنەی ئەفلاتووندا مەسئلەی» ئەمری زیبا «هێشتا وەک بابەتی جێگای تێفکرین لێی وردتر نابنەوە. کە وابوو هونەر/ شێعر وەک سووژەی جوانیناسانە ماناکاوی ناکرێ.

٢- بەپێی داڕشتی بنەماکانی دەزگای فکری ـ مەعریفی ئەفلاتوون بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو شت یەک لە ئەوان هونەر/ شێعر دەبێ سەقامگیری و ڕاوەستاویی نەزم و نیزامی جیهانی مۆسۆلی/ ئایدیا نەترازێنن. کە وابوو پارادایمی فکر ـ فەلسەفی بەهۆی ئەوەی هەموو شتێک لەو سۆنگەیەوە پۆلێن و بایەخدار دەکات، کە وابوو نەزمی مانایی ئەفلاتوونی تەنها یەک ڕێژیمی حەقیقەت( truth regim) کە هەمان ڕێژیمی «حەقیقەتی مۆسۆلی» بە پێوەر و مەبنا دەناسێ. بۆیە لە هەناوی وا نەزمێکی فکری ـ ڕەخنەییدا «داهێنان»(خلاقیت) لە هونەر/ شێعر هیچ ئیمتیاز نییە و بگرە خەساریشە. بە گوتنێکی تر دەتوانین بڵێین تەنها یەک شێوە داهێنان دەتوانێ بوونی هەبێ ئەویش داهێنان لە پێناو پتەوکردنی دەزگا و نەزمی مۆسۆلیدا. بەو پێودانە دەکرێ وا بیر کەینەوە داهێنان لە پێکهاتەی فکری ڕەخنەی کلاسیک بە ڕوانینی ئەفلاتوونی وەک بایەخێکی هونەری شاز جێگیر نەبووە.

٣- جیهانی مۆسۆلی/ ئایدیا لەسەر پرابلێمی ئەفلاتوونی پێک هاتووە. ماکەی سەرەکی ئەو پرابلێمە وێناکردنی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی؛ ئەخلاقی؛ سیاسی و کلتوورێک بوو کە بتوانێ لە ئاست هەر چەشنە گۆڕان و ناڕاوەستاوییەکدا بەرگە بگرێت تووشی ئانارشی و بۆشایی لە دوو ئاستی خواروو نەبێت :

١- پێکهاتە و پۆلێن: نەزم و نیزامی مۆسۆلی دەبێ یەکدەست و داخراو بێت لە پێناو سەقامگیرییەکی تۆتالیتێر و بێدرز و کەلێن.

٢- بایەخمەندی بەهاکانی: ئەو بایەخمەندییە دەبێ لە چوار بەشی ئەمری ئەخلاقی؛ ئیلاهیاتی؛ بارهێنان و ئەمری سیاسی بە شێوەیەکی بەردەوام نە تەنها جێگیر بێت بگرە بە شێوەیەکی ئەکتیو خۆی دووپات کاتەوە. لە نیزامی فکری و مەعریفەتی ئەفلاتووندا تێک چوون و بۆشایی بەها بایەخدارەکان سەرەکیترین هۆیە بۆ دروستبوونی بۆشایی و ئانارشی لە پێکهاتەی دەزگای مۆسۆلی/ ئایدیا.

بەو پێیە، لە چوارچێوە و کانتێکسی ئەو نیزامە فکری ـ فەلسەفییەدا هونەر / شێعر لە داهێنان‌دا تووشی چەشنێک لە بەربەست دەبێ و داهێنان هەڵگری ڕەهایی لە ئافراندن نییە. بە واتایەکی تر لە دەزگای ئەندیشەیی ئەفلاتوونی «داهێنان»دا، دەبێ لە پێناو جێگیرکردنی لە لایەک ڕاوەستاوی پێکهاتەی نیزامی مۆسۆلی / ئایدیا بێت لە لایەکی تریش پۆلێن و بایەخمەندی بەهاکانی هەناوی نەزم و نیزامی دەزگای ئەفلاتوونی لە بەردەوامی کارکردەکانی هەر دوو بەشی زێهنی و کرداری ئەکتیو و چالاک بکات. بەو پێودانە لە هەناوی ڕەخنەی کلاسیک بە شێوەی ڕوانینی ئەفلاتوونی تەنها یەک شێوە بوون لە پانتایی هونەر/ شێعر ڕێگە پێدراوە، ئەویش بوونێک کە لە درێژەی ویستەکانی نەزم و نیزامی مۆسۆلی / ئایدیا بێت. بەو پێیە دەتوانین بڵێین لە بیچم و بەیسی فکری ڕەخنەی کلاسیک لە چوارچێوەی نەزمی مانایی ئەفلاتووندا هونەر/شێعر وەک» ئەمرازێک» سەیری دەکرێ و بوونیشی بەپێی ئەو وەزعییەتە مانامەند دەبێ. لەم جۆرە ڕوانینە ئەمرازمەندەدا هونەر تووشی خوێندنەوەیەکی فایدەگەرایانە»(utilitarianism) دەبێ. ئەو شێوە خوێندنەوەیە هونەر تووشی چەشنێک لە نوقسانی جەوهەری و بابەتی دەکات.

٤- هەر چەند ئەفلاتوون بە شێوەیەکی نیزامەمەند

و داڕێژراو سەبارەت بە ڕەخنە دەزگایەکی فکری و تیۆریکی وەسەر یەک نەناوە بەڵکوو بە شێوەیەک بلاو و پەراکەندەیە و دەبێ لە هەناوی ڕەسالەکانی وەک ئاپۆلۆژی (Apoloy)، فادیرۆس (Fedoros)ئۆین( Ion) و جمهوور (Republic) وەسەر یەک کەوێت. بەڵام بە وردبوونەوە لە پانتای فکری ـ فەلسەفی ئەفلاتوون هێندێک بنەمای شناختی و تیۆریکی زەریفی ڕەخنەی کلاسیک خۆ بە دەستەوە دەدەن کە پێش‌تر باسیان لێ نەکراوە بۆ نموونە کانسێپتی«تەقلید»(mimesis) یەکەم جار لە لایەن ئەفلاتوون وەک چەمکێک بە قابلییەتی تیۆریکی هونەری/ ئەدەبی دەکار کراوە و کارکردی ئانالێکتیکی پەیدا کردووە. هەر چەند ئەو کانسێپتە لە پرەکسیسی تاریخی ـ فکری ڕەخنەدا وەک خۆی نامێنێتەوە و بگرە هەر لە لایەن ئەرەستوو مانابەخشی نوێی بۆ دەکرێت؛ بەڵام بۆ یەکەم جار لە نیزامی مانایی ئەفلاتووندا ئەو چەمکە لە حەوزەی تیۆریک پەیدا دەکا.

سەرچاوەکان :


١- شندلباخ، هربرت (١٣٩٥) تاریخ و تبیین مفهوم خرد ، ترجمه، رحمان افشاری، تهران، نشر مهر اندیش

٢- گادامر، هانس گئورگ (١٣٨٧) میتوس و لوگوس، ترجمه فریده فرنود فر، کتاب ماه فلسفه شماره ١٢،

٣- کاپلستون، فردریک ( ١٣٧٥) تاریخ فلسفه جلد یک، ترجمه سید جلال مجتبوی، تهران نشر علمی و فرهنگی

٤- قنادان، رضا (١٣٩١) معنای معنا، تهران، نشر مهر و یستا

٥- اروین، ترنس (١٣٩٦) اندیشه فلسفی در عصر باستان، ترجمه محمد سعید حنایی کاشانی، تهران انتشارات روزنه

٦- طاهری، محمد ( ١٣٩١) بررسی آرای افلاطون و ارسطو در نقد محاکات هنری، فصلنامه کاوش، شماره ٢٤، سال ١٣

٧- پوپر، کارل ( ١٣٨٥) جامعه باز و دشمنان آن ج ١ ترجمه امیر جلال الدین اعلم، تهران، انتشارات نیلوفر

٨- کلسکو، جورج ( ١٣٧٩) تاریخ فلسفه سیاسی ج ١ ترجمه خشایار دیهمی تهران نشر نی

٩- آدرنو، تئودور و ماکس، هورکهایمر (١٣٨٤) دیالکتیک روشنگری، ترجمه مراد فرهاد پور و امید مهرگان، تهران، گام نو

١٠- سیبلی، مالفرد (١٣٩٤)ایده ها و ایدئولوژی های سیاسی، ترجمه عبدالرحمان عالم، تهران نشر نی




## هەڵسەکاش دیاریە پەی سیروانی

سۆما سوبحانی ـ چەشمیەر سەلۆاوا

کەوتێبێ لێ ویری، کەس هەن ژیواش پێسەو من تاڵ؟!کەسیەتەر هەن پێسەو من دلێ خەم و خەفەتینە بۆ ؟!

ئەدای کورە، بابیە نەویە، بابیە کە حەر زوو مەردە بۆ، برایێ پێسەو خەڵکی ماچا شێت، واڵیە کە عەقڵش سەروو ویش نەو .

پەی یەرۆم جاری سەیروو دەلاقەکەیش کەرد، گلۆپەکا مەگراو ڕۆشنی و ڕۆشناییشا بەخشا بێ بە لێ بەرەکەی, پەی ماوەی فرەی تەنیا سەیروو دەلاقەکا کەری .

سۆیە جە ویرەکاشەنە چلەکناشەرە ئی سۆێ، سۆیە نەوێ کە لایەش بێشۆ, سۆ وەو بێکەسی و ڕەنجەڕۆیی و نەوەحەسیایێ بێ، زەمانە هورستەوە پای هەناسیەش هۆر کێشاو ڕوە یانە لوا بەرەکەش واز کەرد، دەنگوو گریسیاو تلەویزیۆنەکێ ناستەبێش بێدەنگی دلێ یانەکەینە سەرۆک بۆ. چەنیو دەنگوو بەرەکەی والەکێش ڕوەش کەردەنەو ئەداش چریش وەنە: زەمانە ڕۆڵە چکۆ بێنی ؟؟

ـ لوانی دلێ حەوشی...

خەم و پەژارە ئا یانەشە گێرتەبێرە, ماوەیە فرەش پۆوە نەشیە بێ کە ئەداش دەسوو خەم و خەفەتوو زاڕۆلاوە و نەدارییوە ئەنگە هەڵسیش متێ بێنێرە چەمێش جە دەس دابینێ، بابەیچش هەر زوو کاتیە زەمانەو ئەفسانە زارۆێ بینێ دنیاش بە هەزار حەسرەتیوە جیا ئاستەبێ. سیروان و ئەفسانە هیچکام عەقڵشا سەروو ویشاوە نەوێ.

ئێ خەما فرە پەی زەمانەی قورسێ بێنێ.

ئەداش خاتوو مریەمە ماچۆ زەمانە بۆ کارم هەن پەنەت،

زەمانە ڕوە ئەدایش لوا و لاشەنە نیشتەرە ماچۆ: چێشا ئەدا گیان؟

ـ ئیسە حەمە برام هەواڵش دا واتش باسیروانی بەرمێ پەی شێتخانەی،

زەمانە یاگێو وێشەنە هۆرچلەکیاوەو مووچرکیە ئامە لاشەشەرە، چەمێش پەڕێ بێنێ هەڵسێ و زوانش بەسیا، ئەداش جە درێژەو قسەکاشەنە ماچۆ: ئێمشەو جل و شناسنامەکەش ساز کەرە سوای حەمە مەی پەی ئێگەی شۆنیش مەوەرۆش، بەلام جارێ هیچ مەواچدێ بە ویش، سوای ویش چەنیش قسێ مەکەرۆ، مارۆش سەروو قەناعەت.

ئەداش هەناسیەش هۆرکێشاو ڕوەش کەردە پەولارە و ماچۆ: ئینەیچە جە بەختە شەرەکێو ویم، ئیسە کێ دڵش مارۆ بە سیروانی واچۆ بەرە بەرە هەڵسیش متێرە و سەرێش. زەمانە پێسەو لاڵیش پەنە ئاما بێ نەزانێ چێش واچۆ تەنیا براکەش مەوەراش پەی شێتخانەی.

ماوەیە فرەش پوە شیەبێ کە سیروانشا بەردەبێ پەی شێتخانەی ئەداش و زەمانە هیچ حاڵشا خاس نەوێ و ئەفسانە فرە لاشوە، موهێم نەوێ .

زەمانە خەریکوو ڕێک و پێک کەردەو یانەی بێ ئەفسانە جە یانەنە زیەبێرە، ئەداش ماچۆ:

زەمانە کناچێ!؟

زەمانە ڕوەش کەردە ئەدایشەو ماچۆ : چێشا ئەداگیان ؟!

ـ زەمانە ڕۆڵە! فرە بێتاقەتوو سیروانینا، زەمانە دماو ئانەیە کە هەناسیەش هۆرکێشا ماچۆ ئەداگیان بە خودا خەریکا دیێ کەروو پەی سیروانی.

دماو چن وەختیە کە ئەفسانە ئامەوە یانە تەماشێوەو ئەدەیش کەرد و ماچۆ: زەمانە ئەدام! پەیچێ مووسی خۆ وەختوو نیمەڕۆین؟!

زەمانە سەرەنجوو ئەدایش دا و ماچۆ : نەوتێنە ئانە لاش ئاستەنەرە چرەش وەنە،

زەمانە دیسان خەریکوو کاروو ویش بێ، ئەفسانە لوا نزیکوو ئەداش

ـ ئەدا، ئەداگیان هۆرزەوە نانەکەت وەرە جا مووسیوە.

ئەداش هەر زوو گیانش بەرشیەبێ و تەماموو لاشەیش سەرد و سڕە بێ، قیژەو هاواروو ئەفسانە و زەمانەی هۆرئێست، کۆلان و دەگاکێش گێرتەرە ئەداش بە داخیە فریوە جە دنیای لواو لاشەو ویش بە خاک وخوڵێ سپارا.



ئەمجەد غوڵامی - بۆکان

# بانگەشەیەک بۆ تەنینەوەی شەقامەکان

بەراوەردێکی پیاسەچییانە لە نێوان بۆدلێر و گۆران

١-«لەماڵ بوون، بەڵام لە هەموو شوێنێک خۆت لە ماڵیدا هەست پێکردن؛ جیهان دیتن و لە ناوەندی جیهاندا بوون، بەڵام بە خۆ حەشاردان لە جیهان؛ ئەمانەن بەشێک لە وردترین چێژی ئەو کەس گەلە سەربەخۆ و پرهەست و بێ لایەنە کە زمان لە هاندیاندا دوش داماوە«(بودلر،١٣٨١: ١٤٣)، ئاوا بۆدلێر لە «نیگارکێشی جیهانی مودێرن»، ڕێگا بۆ «کنستانتین گی» دەکاتەوە تا لە قەوارەی ڕێبوارێکی قارەمان بێتە ناو شەقام و ماڵی لە ناو دڵی قەرەباڵغی و جەماوەردا چێ بکات؛ لە ناو دەقی هەڵسوکەوتەکان، لە نێوان شتە بەپەلەکان و ئەو شتانەی کە دەبێ بێکۆتایی بن؛ ڕێبوارێک کە ئەدەبی مۆدێرنی لەکۆڵ ناوە و سەراسیمە پەراوێزەکان وەلاوە دەنێ و ئاراستەیەکی دەقئاسا بە خۆوە دەگرێ؛ ڕێبوارێک کە ئێمە وەک پیاسەچی (flaneur) دەیناسین.

قارەمانێک کە تەنیا لە ناو شاردا وێنا دەکرێت، لە ناو جەماوەرێکدا کە وردەوردە لە قەوارەی کۆمەڵگا دەرهاتووە؛ ئەو شەقامەکان دەپێوێ تا بینەرێکی پڕ لە شەوق و تاسە بێت و لە هەموو شوێنێکدا لە ناو دڵی هاتوچۆ نەوستاوەکاندا ئامادە بێت، وەستانی ئەو واتە چێژبردن لە نەوەستانی جەماوەر.

پیاسەچی ئێتر کەسێکی ئاسایی نییە، بەڵکوو وەک بنیامین دەڵێ: «ڕێبوارێکی قارەمانە کە حەزناکا ببێتە جەماوەر و تەنیا بە مانەوەی لە شەقام چێژێکی بێ هاوتا دەبات، ئەو بە بێ ئامانج شەقامەکان دەپێوێ و پەیتا پەیتا لە ماڵ دوور دەکەوێتەوە و شەقام دەبێتە ماڵی تازەی ئەو» (جیلوش،١٣٨٨: ٥٥)، واتە شار بۆ ئەم پیاسەچییە وەک فەزای ناوخۆیی (interior) لێدێت و بەو پێیە پیاسەچی دادەبرێ لە جەماوەری دیکەی کۆمەڵگای بورژوایی کە ڕوانینیان بۆ شار ڕوانینێکی دەرەوەییە (exterior)، یان باشترە بڵێین؛ دادەبرێ لەو جەماوەرەی کە دوای شەکەتبوون لە فەزای ناوخۆیی و ماڵ، پەنا دەبەنە بەر شار (و بەپێچەوانە) و هیچ هەوڵ نادەن لە فەزاکان چێژ ببەن (صدیقی،١٣٩٠: ٩).

ماڵێک کە لە ماڵت دوور دەخاتەوە، واتە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرینگترین دەستەواژەی مۆدێرن؛ جووڵانەوە، شوێنگۆرکێ و دابڕان، هەر هەموویان جەخت لە حەز و تاسەی دینامیکیای بوون لە جیهاندا دەکەن، کەچی لە بەرامبەردا گەڕانەوە بۆ ناو ماڵ بێدەنگییە، ئۆقرەگرتنە و گەندەڵ بوونە. یان وەک ڕیتا فلسکی دەڵێ: باشترین شوێن بۆ نەگەڕانەوە و یاخیبوون لە ماڵ، شەقامەکانی شارە، شوێنی ڕووبەڕووبوونەوەی لەناکاو، ڕووداوگەلی سەیر و سەمەرە و جیاوازی (فلسکی، ١٣٨٤).

خەمۆکییەکی بەلەز لە پەنای ڕۆحانییەتێکی ئانارشی؛ شوێنێکی لیپاولیپ لە سەراسیمەبوون، لە ڕەمزوراز و شیمانەکان لە بەرامبەر شوێنێکی ناسیاو، ئۆقرەگرتوو و وەستاو کە پێی دەڵێن: ماڵ.

بۆدلێر بەر لە هەموو شتێک خەرمانەی سەر هونەرمەندی دانیشتوو لە ناو ماڵ و لە ناو دەربار توور دەدا و ڕووبەڕووی ئەو شەپۆلەی دەکاتەوە و دەیکاتە تەماشاچییەک، دەیکاتە کەسێک کە خاوەن ویست و توانستی چێژبردن لە قەرەباڵغی شاری و گەڕان لە شار و سەرپشک بوون لە بەرجەوەند و چێژەکانییەتی. کەچی ڕێبوارییەتیی گرێی خواردووە بە ڕەسالەتێکی جیاواز و جۆرێک ئاگاداری کە بەڕای پیتر هەمیلتۆن؛ دۆزین و شرۆڤەی جوانییەکانی مۆدێرنە، واتە گەڕانی سیستماتیک بە بەژنی مۆدێرنیتەدا؛ ئەو دەبێت دەست دابگرێ بە سەر جەوهەرەی کۆچەر و کاتی ئاڵوگۆڕە خێراکان. و بۆدلێر باش دەزانێت کە تەنیا هونەرمەندی ژیانی مۆدێرنە کە دەتوانێت ئەم جوانییانە، لە چنگ جێگرەوە هیچۆکەکان دەرباز بکا (هملتون، ١٣٨٤).

هەر بۆیە هونەرمەندی ژیانی مۆدێرن دەبێ بە چەشنێک هەنگاو بنێتە ناو شەپۆلی جەماوەرەوە، وەک بڵێی جەماوەر سەرچاوە و کانگایەکی مەزنە لە وزەی ئەلەکترۆنی، شتێک لە شێوەی کالی دۆسکۆپ (Kaleidoscope)١ ... ئەو دەبێ هاوکاتی باسکردنی ڕوانگە و ئاماژەی گشت گیانلەبەران، چ ورد و چ بەرز، چ سەیر و چ گاڵتەجارانە، تەقینەوەیەکی پرشنگدار لە فەزا بە دەستەوە بدا.

ئاوا بۆدلێر بابەتێکی مێتۆدیک دەنێتە بەردەم هونەرمەندی مۆدێرن: لە ڕەوتی وردەکارانەی ژیاندا، لە ئاڵوگۆڕییەکانی شمەکی دەرەوەیی، شوێنگۆرکێی خێرا دەبیندرێ کە دەبێ بە خێراییەکی هاوسان لە لایەن هونەرمەندەوە بەرپەرچ بدرێتەوە و ئەمەش پێویستی بە لێهاتووییەکی تایبەتە، پێویستی بە جۆرێکی تازە لە ڕۆڵی هونەرمەندانەیە؛ بینەربوون، فەیلەسووف بوون و پیاسەچییەتی. ئێتر لە ڕەوتێکی ئاوادا چ جێی باسکردن لە شێوەکاریی هەرمان و نەخشاندنی شتە هەمیشەییەکان؛ ئەو دەبێ بڕوانێتە کاتە قەشمەرییەکان (هەمان).

لە مێتۆدێکی لەم چەشنەدایە کە بنیامین شوێنپێی جەماوەر وەک ڕاتەکێنەرێک لە ناو دەقەکانی بۆدلێردا هەڵدەگرێ، لە کاتێکدا کە ئەزموونەکان کاتی و ژیاندراو(Erlebenis)ن، تەنیا پیاسەچییەکی مێتۆدداری بۆدلێریە کە دەتوانی وەک تاقانە سووژەی هەقیقەتمەندی

١- (Kaleidoscope)کالی دۆسکۆپ ئامێرێکە کە لە چەندین ئاوێنە پێک هاتووە و کۆمەڵێک وێنەی ڕەنگاوڕەنگ نمایش دەدات کە لە گەڵ سوڕانی لوولەی ئامێرەکە، وێنەکان بە شێوەیەکی نوێ دەگۆڕدرێن و دووپاتیان دەبنەوە. ئەم ئامێرە زۆر بەر لە کەشفی سینەما، دروست کرا و یەکێکە لە داهێنانە بەر چاوەکانی پیشەسازی لە سەدەی نۆزدەهەم و هاوکات هێما و نموونایەکی بەرزی داهێنان و جوانیناسیی شارستانیەتی ئەورووپایە لەو سەدەیە.

مۆدێرن، ئەزموونێکی بەکۆمەڵ و رەسەن (Erfahrung) بورووژێنێت، ئەزموونێک کە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی بریتین لە: دابڕان و وێکهاتنی شوێن و کات، دژوازی، جموجووڵ، خەمۆکی، راتەکان، جیابوونەوەی دەروون و دەرەوە، پەرەسەندنی ڕۆڵەکان و رواڵەتەکان و دەمامکەکان (بڕواننە پەراوێزەکانی وەرگێڕ لە؛ بنیامین، ١٣٧٧: ٣٩ و ٤٠ و اشتاین،١٣٨٢: ٩٣).

بەمجۆرە حافزە لە ڕێگای ڕاتەکانەوە گرێ دەخوات بە یادەوەری، ئەزموونێک کە بۆدلێر لە جەرگەی پاریس و لە پشت دەلاقەی هژهژۆکی جەماوەرەوە مسۆگەری دەکات، دەلاقەیەک کە لە ناخی خۆیانەوە جوانییەک بە دیاری دێنن کە لە شیعری «ڕێبواریک»دا بەم جۆرە دەیخوێنینەوە:

شەقامە کەڕکەڕەکە لوورەی دەهات لە دەورم.
درێژ و باریک، پرسەدار و ئازارێکی شکۆمەند،
ئافرەتێک رابوورد، بە دەستێکی خانمانە
کەزەیی و چمکی کراسەکەی رادەژەنی:
سووک و ئازیز، رانی لە هی پەیکەرە دەچوو...
(بۆدلێر،٢٠٠١: ١١١)

٢- ئەوەی وترا سەرەرای ئەوەی پێشەکییەک بوو بۆ ناسین و روانینی بۆدلێر، هاوکات بابەتێکی تەواوکەرە بۆ فامستی شوێن و جۆری روانینی هونەرمەندی مۆدێرن لە خێراییەکانی جیهانی هاوێر.

بە چەشنێک کە تەواو مکانیزمەکانی وێژەی تایبەت بە رەوتی ڕیوایەتی مۆدێرنیتە لای ئەو [بۆدلێر]، دەبێ خاوەن پەخشانێکی شاعیرانە، بە بێ کێش و سەروا و خاوەن مۆسیقا بێ: بە زەندەی پێویست نەرم و بە هەمان زەندە رەق کە بتوانێت خۆی لەگەڵ راکەشەکانی لیریکای رۆح، لەگەڵ هەڵسوکەوتەکانی ئەندێشە و لەگەڵ بازدان و تەکانەکانی ئاگایی هاوتەریب بکات(برمن،١٣٨٤: ١٧٨).

فۆرمێک کە وەک بنیامین دەڵێت: لە شیعری ڕێبواریکدا، بە ئاراستەیەکدا دەروات کە هەوێنی چێژبردنی شاعیری شار تێیدا، هەمان عەشقە کە لە دوانیگادا وەسف دەکرێت، ماڵئاوایی هەمیشەیی کە لە دەقی شیعری بودلێر لەگەڵ کاتی ئەفسوون بووندا یەکدەکەون. ئاوا غەزەلەکەی بۆدلێر تەمهیدی بەلاغی راتەکان، یان لە راستیدا کارەسات نیشان دەدەن... ئەوەی وەک تەز و جووڵانەوە بە ناو شانی شاعیردا دەگەرێ، تاسە و چێژی پیاوێک نییە کە تانوپۆی لەشی سەرڕێژ لە ئیرۆسە، بەڵکوو زیاتر راتەکینێکی جینسییە کە لە پیاوێکی تەنیادا دەردەکەوێت (بنیامین: ٤٢).

فۆرمێک کە بە بڕوای ئەم دەقە لای سەرەتای گۆرانی شیعری کوردی، واتە لە شیعری«لە دەرزی پچەوە«ی «عەبدوڵڵا گۆران»یشدا ئاشکرایە؛ شیعرێک کە راست بە مۆتیفێکی هاوشێوی «ڕێبواریک»دەروانێتە جوانی سەر شەقام، دەروانێتە بەژنێک کە بێ نەوەستان ملی جادەی ناوە و دواجار بە هەمان خێرایی دەرکەوتنی، ون دەبێت. لێرەدا شاعیر بۆ ئەوەی لە جوانی دوا نەکەوێت، هەنگاو بە هەنگاو دوای بەژنی پەری ئاسا دەکەوێت و وەک بۆدلێر لە ئەنجامدا، دەست بە تاڵ و شۆخ بزراو، حەسرەتی گێژاوێک دەخوات کە لەو ڕۆژەوە چاوی شاعیری بەرەو بن نوقم کردووە (گۆران،١٣٨٦: ٥٨).

هەر چەند شێوەی گێڕانەوەکان و پێکهاتەی هەر دوو شیعر بە رادەیەکی زۆر لە یەک نزیکن و هەر دووڵا نوقمی دوانیگای عەشقی ونبوون، و شیعر تەنیا لە کاتی جووڵانەوەدا دەهۆننەوە و خۆیان بە دووردەگرن لە تەواو تەمهیدە دژوارەکانی کێشە و سەروا، کەچی پێویستە بیر لە جیاوازییەکی سەرەکی لەسەرەتای دەسپێکی شیعرەکان بکەینەوە، ئەویش کاتێک کە گۆران بە پێچەوانەی بۆدلێر، عەشقەکەی نە لە ناو قەرەباڵغی کەرکەری شەقامەکان، بەڵکوو لە بەرەبەیانی چۆڵ و هۆڵدا دەدۆزێتەوە.

گۆران هەر چەند ماڵی پشت سەر ناوە و هاتۆتە سەرشەقام، و بەرەبەیانی کردۆتە دەسپێکی ئەم ژوور گۆرینە، بەڵام هێشتا دەبینێ کە جادە لە لایەن جەماوەرەوە نەتنراوەتەوە، جەماوەرێک کە وەک لۆفۆر دەڵێ: لەماڵدا و ناو هێمای خۆنوێنی و زایەقەی وێرانی وردەبۆرژواییدا نوقمن و لەو ناوە خەوتوون و لەماڵ مانەوەیان لا پەسەندترە (بڕوانەوە؛ فلسکی: ١٣٨٤). ئاوا لەماڵ مانەوەی جەماوەر لە بەرەبەیانی شیعری گۆران بە راشکاوی سووکایەتییە بە بەلەنگازی جەوهەریی سەردەم، یان باشتر وایە بڵێین؛ سووکایەتییە بە دڵەراوکێی ئانارشیستی ڕۆحی رەخنەگرانەی شاعیر.

بەڵام لە هەمان کاتدا جادە لای گۆران ئەوەندەش لە ڕێبواری قارەمان تەریک نەبۆتەوە و ئەوەندی مەودا پێیە کە پرێسپێکتیوێکی جیاوازتر لە سروشت و دونیای جوان وێنا بکا و بیهێنێتە بەر نیگا، با شاخی بەرز و خانووی تازە و هەمان دونیای جوان وەک عابایەک قارەمانی جادەی بریندار کردبێ و سێبەری خستبێتە سەر جادە و چۆڵی بنوێنێ، کەچی لەگەڵ دەرکەوتنیی جموجۆڵ و بزوات بە شیعر دەبەخشێ و جوان جوان دێت و تیشک دەخاتە سەر دڵی کەیلی تاسە و ئاوات؛ دیمەنێکی تازە کە ڕێگا بە شاعیر نادا دوای گەیشتنە ئاستی ئەو، سەر بکاتە ناو دررزی پەچە و جموجۆڵەکان بوەستێنێت.

ناهێلی دەرگای لەشی لە رووی شاعیر ئەوەندە ئاوەڵا بێ کە بۆی بیبێتە خانووی تازە و ماڵێکی نوێی ئۆقرەگرتن و حەوانەوە، یان وەک فیمینیستەکان دەڵێن، دەرگا لە رووی هاوسانی خۆی و خانوو دادەخات و ئیزنی بووەنەوە بە رەحەم و بوونەوەی بە «شابلێنی ماڵ» بۆ شاعیر نادا و ئەمەش وادەکا کە خوێنەر دوای هاوئاوێتەکردنی نیگای لەگەڵ نیگای شاعیر و بەرگری لێکرانی بۆ ڕۆچنە ناو درزی لەشی، لەجیات رووبەرووبوونەوە لەگەڵ مەراقێکی وەستاو و وەسفێکی کلاسیکانە، بەرەو پیری گێرانەوەیەکی خێرایانە بچێت:

دەست و پەنجە و مەچەکێک و نیگایەک
چی بنووسم، خوایە هێزی ئینشایەک

کەواتە بە جۆرێک لە جۆرەکان، جوانی لای گۆران، نە تەنیا ورووژێنەری شەقامی چۆڵ و سێبەرە، بەڵکوو دژی ماتریاڵبوونەوەی لەش و خۆیەتی. تا شاعیر نەتوانێ ئەو وەک شت و فەزایەکی مانادار ببەستێتەوە بە بایەخەکان و یادەوەرییە توێژبەندییەکان و چی بۆ وتن پێ نەمێنێ و بەردەوام بیر لە ڕۆژێک بکاتەوە کە سەرەتای نوقمبوونی بووە.

لە لایەکی دیکەوە، ماتریاڵکردنەوەی لەش وەک ماڵ، ئاوەها کە «ئیریس ماریۆن یانگ» دەڵێ: لە جیات پێکهێنانی شوناس، پاوەجێی دەبەخشێت بەو فەزا فیزیکیایەی کە وەک پەیوەستارێک لە رابردوو و هەنووکە وێنا کراوە.

هەواڵنامەی کتێب

بەو پێیە لە ماڵ دابڕان و دژایەتی کردن و بەرەنگاربوونەوەی ڕەوتی ماتریاڵکەرەوەی لەش وەک ماڵ، ئاڕاستەیەکە بۆ دابەزاندنی کێیەتی ئێمە لە نێوان شمەک، دەستکرد، ڕێوڕەسم و ئەو کردەوانەی کە تێیدا یەخسیرین. یان بە وتەیەکی دیکە کاتی بوونی درزی نیگا و ستاندرانەوەی لە شاعیر، لە خۆیدا هێمایەکە بۆ سازبوونی ئەو دڕدونگییەی کە ناچارت دەکا، بە شک و گومانەوە بڕوانیتە ئایدۆلۆژیای شوناس، و گۆران کە بە پێچەوانەی بۆدلێر ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساوە کە جوانی جادە لە ڕووبەڕووەوە ببینێ، تۆمی وێنەگەلێک دەچێنێ کە بەرییە لە جوانکاری. بەڵام بەوەشەوە شاعیر نایهەوێ دەستبەرداری نیگای نازەوینی بۆ عەشقی دوای دوا نیگا بێت و لە شەپۆلی هەستی خۆی بیسڕێتەوە و وەک بۆدلێر بیداتە بەر تەوژمی پرسێکی فەرامۆشکارانە و ئیزنی پیاسەچی بوونی پێ ببەخشێت؛

ئەرێ دەبێ تەنها جارێکی دی لەوسەر دونیاش بێ ببیینمەوە؟
لە شوێنێکی دی، گەلێ دوور لێرەوە! درەنگتر، ڕەنگبێ هەرگیز!
چونکە نازانم بەرەو کوێ هەڵدێی، نازانی منیش بەرەو کوێ دەڕۆم،
ئەی ئەوەی کە خۆشم ویست، ئەی ئەوەی کە پێیزانی! (بۆدلێر: هەمان)

ئاوا بۆدلێر لەم چەند دێرەدا پرسێکی فرامۆشکارانە دەنێتەوە کە بە گوێرەی بنیامین: دەمانخاتە تەنگەتاوی بیرۆکە و هەستێک کە تێیدا پێکهاتەی بوونی حەشیمەت خاوەن ڕواڵەتێکی تەواو نامرۆڤانەیە و تەواو بۆدلێری لە خۆیدا هەڵمشتووە و کردوویەتە هاودەستی ئەوان، ئەویش ڕاست لەو کاتەدا کە تێدەکۆشێ ڕواڵەتێکی مرۆڤانەیان پێ ببەخشێ و لەو سونگەوە لێیان دوور کەوێتەوە (بنیامین: ٤٥).

ئاویزان بوونی گۆران بە عەشقی بەرەبەیانی سەر جادە یان وەک خۆی دەڵێت؛ نوقم بوونی بەرەو بن، بە بێ ئەوەی هەوڵ بدات لێی دوورکەوێتەوە، بە دڵنیاییەوە، سەرچاوە لە غەیانی جەماوەرێک دەگرێت، کە پێشتر، لە سەرەتای شێعر وەک ئارەزوویەکی خەیاڵاوی بۆ دابڕان لە کش و ماتی و سڕانەوەی سێبەری چۆڵیەتی، بانگهێشت کرابوو. واتە گۆران کارێکی دوو هێندەی لەبەرە؛ ئەو دەبێ بۆ ڕازاندنەوەی دونیای جوان ئارەزووی [تاسە و ئاواتی] هاتنە سەر شەقامی جەماوەرێک بکات، تا بەبوونی خۆیان شاعیر بخەنە تەنگەتاوی و بێزراوی. ئەو پێویستی بە قەرەباڵغێکە کە لە خانووی جوان دەرکەون و کەلێن بخەنە نێوان هزری خەیاڵاوی و هزری ڕوانین، تا دواجار شاعیر وەک ڕواڵەتێکی تەواو نامرۆڤانە تێبکۆشی بۆ پاراستنی عەشق و نازداری سەر جادە، خۆی لێیان دەرباز بکات.

سەرچاوەکان


١- اشتاین،روبرت (١٣٨٢)، «والتر بنیامین (به همراه کوتاه نوشته‌هایی از والتر بنیامین)»، ترجمەی: مجید مددی، تهران: نشر اختران.
٢- برمن،مارشال (١٣٨٤)، «تجربه مدرنیته؛ هر آنچه سخت و استوار است دود می شود و به هوا می رود»، ترجمەی: مراد فرهاد پور، تهران: طرح نو.
٣- بنیامین،والتر (١٣٧٧)،»درباره برخی از مضامین و دستمایه‌های شعر بودلر»، ترجمەی: مراد فرهاد پور، به نقل از فصلنامه ارغنون، شماره ١٤.
٤- بودلر،شارل (١٣٨١)، «نقاش زندگی مدرن»، ترجمەی: مهتاب بلوکی، به نقل از کتاب: از مدرنیسم تا پست مدرنیسم، گردآوری: لارنس کهون، تهران: نشر نی.
٥- بۆدلێر،شارل (٢٠٠١)، «گوڵی خراپە«، وەرگێرانی: ئەحمەدی مەلا، هەولێر: بڵاوکەرەوەی ئاراس- ژمارەی ٩٨
٦- جیلوش،جرمی (١٣٨٨)، «شهرنگاری های والتر بنیامین؛ اشراق های شهری»، ترجمەی: جواد طلوعی، به نقل از خردنامه همشهری: شماره ٣٥
٧- صدیقی،مسعود (١٣٩٠)، «کارآگاه در مقام فلانور»، به نقل از روزنامه شرق: شماره ١٤٧٧
٨- فلسکی،ریتا (١٣٨٤)، خانه، ترجمەی: مروارید آیاز، به نقل ازسایت: saat١٥.com
٩- گۆران، عەبدوڵڵا (١٣٨٦)، دیوانی شێعر، تاران: بڵاوکراوەی پانیز.
١٠- هملتون،پیتر (١٣٨٤)، «بودلر، بنیامین و پرسه‌زن»، ترجمەی: امیر کیان پور، به نقل ازسایت:com.saat١٥ و بڵاوکردنەوەی دووبارەی لە: ir.www.iran٢٠


## کناچڵێ خەیاڵی

زارا مورادی ـ چەشمیەر، سەڵواوا

گەرماو هامنێ پیایی مەسۆچنۆ، شەرا دانشەرە،گەڵاو حیچ داریە نمەلەریۆوە، شیرشیرەکەرە گژوو دارە تفەکاوە دەنگوو سەڵاتیشا بەرزەن. مەش و میشوولە سەروو هەسارەکێوە دەنگوو سڕنا و دەهۆڵیشا مەی و بەزموو زەماوەنێشا گەرمەن،

کناچڵێ خەیاڵوو ئێمەیچ لچوو هەسارەکێنە نیشتێنەرە وچەمش وستەن پەی قورواقەکاو لێ ئاوەو هەسارەکێ کە مەش و میشوولەکەی مەکەرا قوروانی لەمێشا.

شنە وایە ئاوەو هەسارەکێش لەرناوەو وێش یاونا بە گەڵا شێڵانەکەو سەروو هەسارێ، کناچڵێ واتش »خۆزگا منیچ قورواقی بیایانا»

دیا پێ لاو پەولاو وێشەرە و ڕووسەریەکەش لاوەرد،زلفێش پێسەو سیاوماری سەروو شانەیشەرە خزایرە واری و تای تایچشا کەوتێ دەورروو ملیش، ڕووسەریەکەش دلێ پەنجۆڵاشەنە پروونێ و لێ وتوو ویرەنە بێ کە چرپەو پایا ئامە، دیاوە پەی چرپەکەی ویناش دوێ پیای پاسوە میا،

گورج ڕووسەریەکەش داوە سەرەشەرە.

زەردە خۆیە لچوو پیایەکاش ختلێ دا، ویەردێ.

یۆشا چفناش پەویوەو واتش «ڕووسەری نەوێ سەرەشوە».

کناچڵێ یاگێو وێشەنە جووڵەش نەکەرد، دەسش وست لێ ئاوەکێ،دیسان وردوو ئی لاو ئەولایشوە بیە، پاڵایەکاش کەنێ و پاییش وستێ لێ ئاوەکێ،پێسەو ئاوی تکنی دەموو مەردەی،فێنکشوە بی.

هەناسیەش هۆرکێشا،دیسان چرپەو پایا دڵش تەکنارە،ویەردێ،واتشا»وێش فێنکوە مەکەرۆ»

هەردی وارینەنە دوێ کوڕێ لێ هەسارێنە لەمێ کەرێنێ،

کناچڵێ خەیاڵی ورەش ئامە،پسە بزانوو واتش»خۆزگا کوڕ بیایانا».کتووپڕ هۆرستەوە خاس سەرەنجوو ئی لاو ئەولاو وێش دا،کەس نەوێ، پەپوو وانێ،جلەکاش کەنێو ڕووتەوە بیە و وێش فڕدا پەی باوەشەو ئاوەکێ،ئاوەو هەسارەکێ گێرتەشوە و باوەشیش پۆرە کەردە.

پەڕ بەدڵ گەمەشا کەرد وخوای، چی ئەسنانە خوەکا فرەتەرێ بیێ،چەمێش کەردێوە چە دوە کوڕەکە هەنێ سەروو سەرەیشوە و مەخواش پەنە، وێش وست لێ قووڵی دڵوو هەسارەکێ و چاگە مەنەوە، ڕوەش نەوێ بەی بەروە، چکیە ویەرد،یەک ڕا کوڕەکا بەرێ شیێ،سەرەش سڕ مەنە،داخۆم ڕاویاریە تەر بۆ؟!

ئامە بەروە، کەسش نەوینا،پەلەپەل جلەکاش کەردێ وەرش، واتش ئۆخەی لاشەم سۆک بی،چی ویرەورەنە بێ،دیاوە پەی لێ هەسارەکێ،ئانە یام ویناش بڕواش پەنە نەوێ،لاشەی ڕووتش کەوتەبێ سەروو ئاوێ،

داخی داخانم،کناچڵێ خەیاڵی ئنە لێ ئاوەکێنە مەنێبێوە تا هەناسەو ژیوایش تەمامیا بێ،

کوڕەکا پا بۆنەوە بەرێ شیێ بێنێ.

پەیچێ غەیرەزوم ئانەیە بێ کە تەمەش کەردێ بێ وێش فێنکوە کەرۆ؟



عەبدولقادر نیازی - مەهاباد

# سووکە ئاوڕێک لە سەر یۆتۆپیزم کردنی زمانی شێعری کوردی

خۆپاراستن لە پەرە پێدانی زمان وەک پێکهاتە و پڕەنسیپ لە گشت بوارەکاندا، کە خاوەنی پێشینە و قورسایی تایبەت بەخۆیەتی و هەمیشە خۆی لە قەبارەی گەلێک نیشانەی کەلتووری و ئەدەبی و سیاسی کرژ و پڕ حەجمدا دیتۆتەوە، دەکرێ وەک هەڵوێست و تەنانەت دژکردەوە و لە خراپترین حاڵەتی خۆیدا، وەک جۆرێک ئینفعال و بەرهۆکاری لێی بڕواندرێ. ئەوەی لانیکەم لە نێو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بیندراوە و بەردەوامیش دەبیندرێ، سەلمێنەری ئەوەیە کە زۆرجار ڕەخنەی کوردی بەر و پتر لەوەی کە وەک کەلتوورێکی ئاوانگارد ڕێی خۆی بپێوێ، خۆی لە چوارچێوەی هەندێ پێناسەدا دۆزیوەتەوە کە بۆنی دەمارگرژی و دەبەرێکدا ڕاوەستانی لێ هاتووە.

پێشینە و کرژایی و هەروەها بارستایی و هەڵکێش داکێشی زمان(نووسان)، کە لە بنەڕەتەوە سەرچاوە لە زەین دەگرێ و بە دیالۆگی ڕۆژانە و ئەدەب و سیاسەت و تەنانەت شانۆ و سینەماش کۆتایی دێ، گرینگایەتی ئەو سەرێتیەی مرۆڤ دردەخا کە زمان گرینگایەتی خۆی هەیە و خانەی وجوودیشە. بەڵام ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە دەگمەن توانیوێتی پەلکێشی ئەو ڕەهەندە بێ و زمان بکاتە ژێدەر و سەرچاوەی خۆی وەک فاکتەرێکی زیندوو.

ئەوەیکە لەو مابەینەدا بە چ ڕوویکەرد و مێتۆد گەلێکەوە لە زمان بڕواندرێ و چ ئاکام و دەرئەنجامێکی لێ بکەوێتەوە و شرۆڤەی زمان و بەسووژە کردنی بە چ ئاقارێک دا بەرێ و.... هەم بابەت گەلێکی گرینگ و جیاوازە هەم دەکرێ وەک بنەما و پڕەنسیپی لێکۆڵینەوە لە مەڕ زمان بێنە ئاراوە. بەتایبەت کە یەکێ لە ئەستوندەکانی پێناسەی گەلەکان و شوناسی مرۆڤ لانیکەم لەم سەدەیەدا بێ گومان زمانە و وەک گرینگترین فاکتەری شوناسیش دێتە ئاراوە.

ئەدەبی کوردی بە گشتی و شێعر بەتایبەتی، لە دەسپێکی خۆیەوە تا ئێستاشی لە گەڵ بێ، حەولی ئەوەی داوە کە بە دانستە یا ناخودئاگا خۆی لە دووتۆی شێوەیەک لە دینامیزم و ئسنۆبیزمی زمانیدا، بدۆزێتەوە.ئەوەش سەرەڕای باسوخواس گەلێکی ئەرێنی و نەرێنی بووە کە ماوەیەکی زۆرە لە کۆمەڵگای کوردیدا لە حاند بەستاندارد کردن و نەکردنی کراوە. ئەوەی کە بەستاندارد کردن و نەکردنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چ ئاقارێک دا دەڕوا و بە چ ئاکام و دەرئەنجامێک دەگا، بێ شک خۆی لە بەستەرێکی گشتی کۆمەڵگای کورددا دەدۆزێتەوە و ئەوەیکە بێ ئەو باسوخواسەش زمان لە ئەدەبی کوردیدا ڕاندۆمان و کردە و هەڵوێستی خۆی هەبووە و بەردەوام زاوزێی کردووە، لە پانتای گشتی و خسڵەتی زماندا شیاوی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەیە، خۆی مژارێکی تایبەتە.

سەرەڕای ئەوەش، خوێندنەوە و قەرائەت گەلێکی کە لە کردە زمانییەکاندا(کنش زبانی)، کە وەک دیاردەیەک خۆی لە شێعری کوردیدا نیشان داوە، کراون، خۆی هەڵگری گەلێک پرسیارە، کە لە زۆر جێگادا بە هۆی نەبوونی ڕەخنەگری جدی و بێ لایەن، بێ وڵام ماوەتەوە.

ڕەنگە ئەگەر بە دیدێکی بەرفرەوانترەوە لە ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی یا بە گشتی ڕەخنەی ئەدەبی بڕوانین، بەو دەرئەنجامە بگەین کە لە باری کۆمەڵایەتی و کەلتووری و سیاسییەوە کە وەک سێ فاکتەری تەواوکەری یەکتر دێنە ئاراوە و بەرهەمی ئەو دیالکتیکەن کە لە گەڵ کۆمەڵگا هەیانە، بتوانرێ بە شێوەیەکی جدیتر لە ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی بڕوانین و بە ئاکامێک بگەین. بەڵام ئەوەی دیار و بەرچاوە ئەوەیە کە، غیابی ئەو دیالکتیکە لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا کە پتر لە هەموو ژانرەکان، بەرۆکی شێعری گرتۆتەوە، بە باشی عەرزی ئەندامی کردووە.

ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی وەک بەشێکی زۆر لە دیاردە مۆدێرنەکان کە پێویستی بە شێوازێکی تایبەت لە ئاوڕدانەوە هەیە، زۆر جار نەزۆک و بێ بنەما و بێ ئاکام بووە و ئەوەش بە هۆی ئەوە بووە کە بە دەگمەن قایل بەو دیالکتیکە بووە کە دەقی ئەدەبی بە هاوکاری زمان لە هەموو بوارەکاندا دەتوانێ بیخوڵقێنێ. دیاریکردنی ئەو پوتانسییەلە دە زمانی کوردیدا بە گوێرەی ئەو ڕوانینە هێزەکی(بالقوه) و کردەکییانە(بالفعل) دەکرێ کە زمانی کوردیان پێ هەڵدەسەنگێندرێ.

ئەوەیکە باس لە زمانی کوردی و ئەکتیویتە و ڕەهەندەکانی لە شێعری کوردیدا دەکرێ، ڕەنگە چەمک و تەوەرێکی زۆر کوللی و گشتی بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ناکرێ پێوەندی هەر کام لەو کردە زمانییانە نەخرێتە بەر شرۆڤە و لێکۆڵینەوە. ئەوەی دیارە ئەوەیە کە دیاردە ناسی زمانی کوردی لە شێعردا، بە هۆی هەندێ خوێندنەوەی خێڵەکی و دەمارگرژانە و دارماوەوە هێشتا بەو جۆرەی شیاوە نەچۆتە خانی بە پڕۆبلۆماتیک بوونێکی تیئۆریک و زانستی شیاوی خۆی. ئەو خەسارانەش نە تەنیا سەربەخۆیی زمان وەک فاکتەرێکی خوڵقێنەر کە زمانی کوردیشیان تا ڕادەیەکی زۆر خستۆتە پەروازێز و گۆشەگیرییەوە. باس لە گۆشە گیری کە دەکرێ بەو مانایە دێ کە لە سایەی ڕەخنەی خێڵەکی و هەڵوێستی کرۆنۆلۆژیکاڵی هەندێ لە ڕەخنە گران، کە قەزایەن وەک ئاڵاهەڵگری ڕەخنەی ئەدەبیش بە

ئەژماردێن، ئێستاش ڕەخنەی ئەدەبی لە نێو کورددا بەو جۆرەی کە شیاوە نەیتوانیوە لە حیزبی بوون و تاقمی بوون و زەوقی بوون سڵ بکا. ئۆستووورە پەرەستی و پاشاگەردانی و هەندێ هەڵوێستی ناشیاوی دیکە وای کردووە کە ڕەخنەی ئەدەبی پتر لەوەی وەک دۆخێکی کەلتووری خۆی نیشان بدا، وەک ماتریالێکی ئیشک و فەزایەکی ئانتاگۆنیستی و دژە بیر و ڕەهەندی جیاوازدا خۆی بنوێنێ کە حاسڵاتەکەی پتر لە خولقاندنی بیری جیاواز و فرە ڕەهەند، شەڕەگەڕەکی بەرەسازی و تاقم پارێزی لێ کەوتۆتەوە.

دیارە لەوەها بەستێنێکدا، کە باس لە سەربەخۆیی زمانی شێعری دەکرێ، پتر مانای پاکتاوکردن یا سڕینەوە یا نکۆڵی کردن لە دیکەی کردە زمانییەکان، دێتە ئاراوە کە ڕێک ڕیشەی ئەو ئیگزیستە سەربەخۆیە(زمان) دەئەنگێوێ کە لە شوێن کاتێکی دیاریکراو و خاوەن موختەساتی تایبەت بەخۆیدا مانیفێستی بۆ دەردەخا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە دەڵەمەیی دەمێنێتەوە. لەو دۆخەدا ڕەخنەی ئەدەبی هیچکات بواری ئەوەی نییە خۆی لە بەکارهێنەرانی جیا کاتەوە و ببێتە دیسکۆرسێک کە تەنانەت خۆی لە ژێر کۆگای بەرهەڵستی بە ڕواڵەت ئەخلاقیشدا بدزێتەوە.

جیا لەوەیکە ئەو کردارە بە ڕواڵەت ئەدەبییە کە زۆرجار بێ ئەخلاق و بە وتەی خۆی سێکۆلاریشە، هیچکات نەیتوانیوە ئاستی خۆی ئەوەندە بەرز کاتەوە کە بیسەر و بینەری بیری جیاواز بێ.

ئەوەیکە زمانی کوردی دەو قاڵمەقاڵمەدا، تاچەند دەرەتانی پێکهێنانی دیالکتیک لە گەڵ فەزای زاڵی ئەدەبی کوردی و بارگراوەندی ئەخلاقی و کلتووری و تەنانەت ئۆستوورەیی کۆمەڵگای کورد هەیە، زۆرجار مەکۆی موناقشە و تەنانەت دژبەرانەش بووە. لەبەر ئەوەیکە ئەو ڕەخنە بە ڕواڵەت سکۆلار و دیمۆکراتیکە، بە پێچەوانەی ئیدعاکانی بەردەوام تۆتالیتەر بووە و دیالۆگ و تەعامولی لە گەڵ هزر و ئەندێشەی جیاواز نەبووە. خوێنەریش لەکۆمەڵگای کوردیدا کە بە دەگمەن خۆی لە قەرەی زمانێکی بنەماشکێن و لە خۆشخیمترین حاڵەتی خۆیدا(سکۆلار)، نزیک کردۆتەوە، کەم واهەبووە بتوانێ پێوەندییەک لە گەڵ ئەو دۆخە سازبدا.پێگەی خوێنەر لەو دۆخەدا تا ئاستی ئەپۆخەبوون و سەرلێشێواوی دادەبەزێ.بەتایبەت خوێنەری کورد کە زۆر جار پێملی ڕەخنە و تیۆری ئەدەبی و جیهانی نەبووە و بەردەوام دە قەیرانی زەینییدا هاتوچۆیەتی.

شیاوی باسە کاتێک باس لە ڕەخنەی سکۆلار دەکرێ مەبەست لە پێکهاتە و پرەنسیپە زمانی و زمانەوانییە کە ڕەخنە و دەق لە کەسایەتی ئافرێنەر دەرهاوێ و بێ ئەوەی تووشی ڕوویکەرد و خوێندنەوەگەلێکی سانتی مانتاڵ و دروشم ئاسا بێ، ئەرکی خۆی بەجێ بێنێ، بێ گومان ئەو دووبەرەکییە و دەبەرێکدا ڕاوەستانەی ئێستا لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەدا، دێتە ئاراوە، سەرچاوەی لەو دوو تەوەرە و هەروەها تاک لایەنی و ئۆستووورە پەرەستییە گرتووە کە تاقمێک لە ژێر دەمامکی پەرەپێدان بە زمانی کوردی و بە ڕەسەن هێشتنەوەی ئەو دیکەن، کە نە تەنیا لە سترەکتۆر و فۆرمدا، کە ڕەگاژۆی دە تەئویل و بەستەرێکی هێرمنۆتیکی تەواو ئەخلاقی و خێڵەکیشدا کردووە کە بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان نە تەیاری وەرگرتنی زمانی سکۆلار و تیۆریکە نە حازرە تەعامولی لە گەڵ بکا و نە بە فەرمیشی بناسێ. چونکە بە هیچ شێوەیەک حازر بە پەسن کردنی زمانی کوردی وەک زمانێکی ئافرێنەر نییە. ئافراندنێکیش ئەگەر بێ، بە بڕوای ئەوانە تەنیا دە بواری زمانی فولکلۆر و ئاژەڵداری و کشتوکاڵی دایە و بەس و کورد دەبێ تا قامی قیامەت خۆی بە دەروەستی ئەو سنوورە بزانێ و هەر چەشنە لادانێک لەو نۆرم و ڕێئالە زمانییە، بیدعەیە.

ئەگەر چی بەهیچ شێوازێک ناکرێ ڕوویکەرد و فەرایەندە زمانییەکان، دە چوار چێوەی پێناسە و ناساندنێکی هەمەلایەنە و چڕدا شرۆڤە بکرێن. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەیە کە لە حاست زمانی سکۆلاری شێعری کوردیدا، ئێپستمۆلۆژی زمانی کوردی بە هەموو جێگە و پێگەی خۆیەوە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی سەردەمیانەتر و یۆنیڤێرساڵتر هەیە بۆ ئەوەی خۆ لە هەندێ ئۆستووورە پەرەستی و ئەو دۆگماتیزمە واتایی و ناوەرۆکییە دووره پەرێز کاتەوە، کە زۆر جار دژبەری ڕاسیۆناڵیزم و عەقڵانییەت باوەڕییە.

زەروورەتی وەها ڕووبەڕوو بوونەوەیەک لە گەڵ زمان و شێعری کوردی، ڕێک سەرچاوە لەو دیالکتیکە زیندوو و ئەو دینامیزم و کاتالیزۆرە عەقڵانییە دەگرێ کە لە پێوەندی و تەعامولی زمان و تاکدا خۆی دەردخا و لە پانتای گشتی و کۆمەڵایەتیدا خۆی دەدۆزێتەوە.

ئەگەر پێشتر باس لەوە دەکرا کەشێعر ڕووداوێکە دە زماندا ڕوو دەدا، ئێستا وێڕای ئەو پێناسە گرینگە لەشێعر و زمان، زەروورەتەکانی بە جیهانی بوون وا ئێجاب دەکەن کە شێعر دەبێ خۆی بەدیهێنەر و ئافرێنەری زمان بێ. ئەوەش بێ خۆ دوور خستنەوە لە خوێندنەوەی خێڵەکی و دووره پەرێزی لە ئۆستووورە پەرەستی و دەمارگرژی، بەدی ناکرێ.

ئەوەی کە دیارە ئەوەیە، زمان بە هۆی ڕۆچوونی دە بارودۆخ گەلی جیاوازدا هەمیشە خاوەن هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەیە و تاکیش بە هۆی چەمەوازبوونی لە مابەینی ئەندێشە و زماندا بەردەوام پێویستی بە شوناسێکی عەقڵانیتر هەیە. پێوەندی نێوان ئەو دوو تەوەرە پتر لە وەی کە پێوەندییەکی ڕووتین و ژورنالیستی و داڕووشاو بێ، ڕوویکەردێکی تەواو فەلسەفی و ڕەوان ناسانەیە کە بەر لەوەی زمان و ئەندێشە بەرەو ناشوێن ڕاگوێز کا، سووژە وەک «من» ێکی ئافرێنەر و خاوەن هەڵوێستێکی ئێجابی و پۆزەتیڤ دێنێتە کایەوە. بۆ ئەو مەبەستە پتر لە گشت مێتۆدەکانی خوێندنەوە، هەست بە لێک دابڕینی زمان و ئەو بەستەرە کۆمەڵایەتییە دەکرێ کە هێشتاش پەلەقاژەی ئۆستووورە پەرەستی و چەنگەپرچەی دۆگماتیزمییەتی.

دیارە بۆ ئەوەش پاساوی تایبەت هەیە و پێشتریش ئاماژەی پێ درا کە سازکردن و لانیکەم هەموار کردنی فەزایەکی کراوە بۆ مسۆگەرکردنی دیسکۆرسێکی تیۆریک پێویستی بە کردە و ئەمری زمانی مۆدێرن و

پێشکەوتوو هەیە کە بتوانێ هاوکات پێوەندی نێوان زمان و خوێنەر و دەق مسۆگەر کا. ئەوەش بێ شک دەگەڕێتەوە سەر توانایی و خسڵەتی زمان بە گوێرەی ئەو توخم و ماکانەی کە لە تەعامول لەگەڵ دنیای زەین و دەرەوەی زەیندا وەک ئۆبژە دەیانبینێ.

ڕوانینێکی ئاسایی لە سەر زمان و ڕەنگدانەوەکانی لە سەر شێعری مۆدێڕنی کوردی کە خۆی لە تیترێکی پڕناوەرۆکی وەک شێعری مێترۆپۆلدا دۆزیوەتەوە، سەلمێنەری ئەو ئیدعایەیە کە زمان لە شێعری شاردا بە پێچەوانەی هەندێ جەریانی شێعری، نە دە خزمەت پەیام و بۆنەیەکی تایبەت و تاکێکی تایبەت دابووە، کە پتر سەرهەڵداوی ئەو تەعامول و دیالکتیکە بووە کە زمانی کوردی لە گەڵ عەقڵانییەتی یۆنیڤێرساڵ و هەروەها مێژووی ئەدەبی جیهانی و ئەندێشەدا هەیبووە. باس لە شێعری مێترۆپۆل(کلان شهر) کە دەکرێ، مەبەست لە دۆخە زەمانی و مەکانییە کە مێترۆپۆل دە پێناسەی فیزیکی خۆیدا هەرگیز نەیویست و نەشیتوانی خۆی لێ دەرباز کا. ئەوە لە لایەک دەرخەری پوتانسییەلەکانی زمانی کوردییە لە لایەکی تر وەک سەرەکیترین فاکتەری پێشکەوتوویی و بەڕۆژکردنەوەی زمان دێتە ئاراوە کە ئێستا و لەو سەردەمەدا وەک زەرورەتێک بۆ نەتەوەی کورد دەبێ لێی بڕواندرێ. خاڵی هاوبەشی هەر دوو تەوەر کە ئاماژەی پێ کرا، ئەو چەمەوازییە(انعطاف) کەزمانی کوردی بەهەموو شاخە و ژێرشاخەکانییەوە هەڵگرێتی.

دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو پرەنسیپە کەلتووری و سیاسی و تەنانەت ئابوورییانە کە لە پتر لەوەی تەنیا بەرساخت یا واسازی و نۆژەن کردنەوەی تیۆری سیاسی و کەلتووری بێ، سەرچاوەی لە زەرفییەتی کاربوردی و کۆمەڵناسانەی زمانی کوردی گرتووە کە خۆی بەشێکە لە تواناییەکانی زمان و کوردیش بە خۆشییەوە خاوەنێتی.

بە گوێرەی ئەوەی تا ئێرە کوترا، دەکرێ بکوترێ کە کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ ئەوەیکە هێشتا بەو جۆرەی شیاوە نەیتوانیوە خۆی لە گەڵ چەمکی شار و مێترۆپۆلدا ڕێک بخا تا ڕادەیەکی زۆریش لە مابەینی چەمکی سوننەت و مۆدێڕنیزمدا تووشی هەڵپەسێراوی و دۆخێکی ئانۆمیک و لە گەش بینانەترین حاڵەتدا تووشی خوێندنەوەیەکی سەقەت و لانیکەم دەڵەمە بووە، لە کاتێکدا کە شێعری کوردی بە هۆی تەعامولی زمانی، خۆی لە قەرەی شێعری پۆست مۆدێڕنیش داوە(شێعری بەرەی چوار و نوێترخواز)، هێشتاش خوێندنەوەی دەقی نوێ و تیئۆریک ئەو جۆرەی کەشیاوە ڕەگاژۆی دە ڕەخنەی ئەدەبیدا نەکردووە.

بۆ دەرچوونی کۆمەڵگا لەو دۆخە پتر لە گشت کەرەستەکان، هەست بە زەرووری بوونی چەند فاکتەری گرینگ و سەرەکی دەکرێ کە گرینگترینی ئەوان ئەوەیە زمان نەک وەک ئامڕاز کە وەک ئامانج (هدف) سەیری بکرێ(فێردینان دۆسووسوور).

دوورەپەرێزی لە خوێندنەوەی دوگم و تاک لایەن و دەمارگرژانە لە ناسیۆنالیزم کە ڕۆڵێکی گرینگ و سەرەکی بۆ شوناسی مۆدێڕنی کورد هەیە و هەروەها خۆ پاراستن لە ئوستوورە پەرەستی و سووژە کوشتن فاکتەرێکی ترە کە دەبێ بەشێوەیەکی جدی لێیان بڕواندرێ، بۆ ئەوەی زمانی کوردی لە پانتای گشتیدا و لە ئەدەبیشدا خاوەنی واژۆی خۆی بێ.



عەبدوڕڕەحمان زەبیحی
(نووسەر، ڕووناکبیر، فەرهەنگنووس)




ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبی
عەبدوڕڕەحمان زەبیحی، ناوەندێکە لە
دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان لە
سلێمانی و تا ئێستا(٤٣) کتێبی بە پارەی
خۆی چاپ کردووە.

سپاس بۆ
**د. تەها ڕەسوڵ،**
پشتگیری نووسەر وخوێنەرانە.

هیوامانە دەوڵەمەندی لای ئێمەش چاو لەو
هەڵوێستە جوامێرانە بکەن و پەرۆشی زمان
و فەرهەنگ بن.



هەواڵنامەی کتێب



وەرگێڕ یوونس ڕەزایی - بۆکان

# «ئیداورد سەعید» و «ژانپۆل سارتر» لە ئاپارتومانی «میشێل فۆکۆ»دا

نووسینی ئیداورد سەعید

«ژانپۆل‌سارتر» کە سەردەمێک ناسراوترین رووناکبیر بوو، تا ماوەیەک لەوەپێش، لەبەرچاو کەوتبوو و ئاوڕی وێ نەدەدرا. ماوەیەک پاش مردنی لە ساڵی ١٩٨٠ بەو هۆیەی چاوی بە رووی «گوولاگ»ـەکانی شوورەوی دا نووقاندووە، کەوتبووە بەر هێرش و تەنانەت ئێگزیستانسیالیسمە مرۆڤ‌خوازەکەشی بە هۆی خۆش‌بینی و داوتەڵەب‌تەوەری و پانتا پڕ لە کەف‌وکوڵەکەی گاڵتەی پێ دەکرا. دوو تاقم تێکڕای چالاکیی سارتریان بە سووکایەتی دەزانی: یەکیان بەناو فیلسووفانی نوێ(١) بوون کە دەستکەوتە کەم و کورتەباڵاکەیان بە هۆی قسەی توند و تیژ و دژەکۆمۆنیستی‌یەوە، سەرنجی خەڵکی رادەکێشا، دووەم «پاش‌پێک‌هاتەخواز» و «پۆست‌مودێرنەکان» کە جگە لە چەند کەسی هەڵوارتەیان، تووشی خۆبەزل‌زانی‌یەکی سەیری پسپۆڕانە ببوون، کە لەگەڵ پۆپۆلیسمی سارتر و سیاسەت‌کاریی قارەمانانە و خەڵکینەی ئەو دژ دەوەستان.

بەربڵاوی کاری سارتر وەک رۆمان‌نووس، گۆشەنووس، شانۆنامەنووس، ژیان‌نامەنووس، فیلسووف، رووناکبیری سیاسی و چالاکی بە کردەوە، بە جێی ئەوەی زۆر کەس بەرەو خۆی راکێشێ دەیپرنگاندنەوە. لە ناو پێشەنگ و رابەرە(٢) فەڕانسەوی‌یەکان زیاترین گەڕانەوە بۆ سەر گوتە و نووسینەکانی ئەو بوو، بەڵام لە ماوەی بیست ساڵ‌دا، وای لێهات کەم‌تر لە هەموو کەس دەخوێندراوە و شی‌دەکراوە. هەڵوێستی بوێرانەی لەمەڕ ئەلجەزایر و وییەتنام لە بیر چوونەوە، هەروەها ئەو بەرهەمانەش کە لە لایەن ژێر دەستەکانەوە نووسیبووی، لە بیر کران. ئامادەیی بە کەف‌وکوڵی وەک رادیکاڵێکی مائۆئیست لە خۆپێشاندانەکانی خوێندکاری ساڵی ١٩٦٨ی پاریس و هەروەها زاڵ‌بوونی سەرسوڕهێنەری بە سەر ئەدەبیات‌دا، بردنەوەی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات کە وەریشی نەگرت(هەموو پشت گوێ خران). ئەو بوو بە سێلێبریتی و کەسایەتی‌یەکی ماوەبەسەرچووی ناو زڕاو. هەڵبەت جگە لە هەرێمی ئینگلیسی زمانان‌دا، کە قەت فەلسەفەکەیان بە هەند وەرنەگرت و بە خۆبەزل‌زانییەوە ئەویان بە رۆمان‌نووس و بیرەوەری‌نووس دەناسی و جار جاریش بە سەرنج راکێشیان دەزانی و پێیان وابوو ئەوەندی پێویستە دژە کۆمۆنیسم نەبووە و (لەسەر ئەو بڕوایەش بوون) لە سەرنجڕاکێشی وکارتێکەری‌دا بە کامۆ ناگاتەوە و لە توانایی و داهێنانیش‌دا هەر زۆر لەو لەپاشە.

پاشان وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی فەڕانسەوی، مۆد دیسان گۆڕا بۆوە. دەوران گەڕاوە و بەلای ویدا بای داوە. یان لانی‌کەم دەتوانین دووراودوور بڵێین زەمان وا گۆڕا. چەند کتێبێکیان لە سەر نووسی. ئەو سەرلەنوێ (بە شێوەیەکی کاتی) بۆوە بە سووژەی قسە و باسەکان، ئەگەرچی پێم‌وایە خوێندنەوەیەکی ورد و باش بۆ بەرهەمەکانی نەکرا. لای بەرەی ئێمە ئەو هەمیشە بە یەکێک لە قارەمانانی گەورەی رۆشنبیری سەدەی بیست هاتووەتە ئەژمار. پیاوێک بوو کە تێگەیشتن و توانایی بیری، لە بەرژەوەندی هەموو ئاواتە مەزن و پێشکەوتن‌خوازەکانی سەردەمی ئێمەدا بووە. بەڵام نە سەر بە رەچەڵەکی پاکان بوو و نە لە تیرەی پێغەمبەرەکان. بەڵکوو ئەوەی لە سارتردا پەسنمان دەدا، تەقەللاکانی بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخە جیاوازەکان و بە پێی پێویست هاودڵی و یەک‌گرتوویی لەگەڵ ئاڕمانجە سیاسی‌یەکان بوو. خۆبەزل‌زانی و بە لاڕێداچوون لە مەڕامی‌دا نەبوو، تەنانەت ئەگەر تووشی هەڵە و زێدەڕۆییش بایە. دەتوانم بڵێم ئەوەی نووسیوێتی بە هۆی بوێری لە رادەبەدەری، ئازاد بوونی، تەنانەت ئازاد بوون لە درێژنووسینیش‌دا و بە هۆی بەخشار بوونی رووحی‌یەوە جێگای سەرنجە.

جگە لە هەڵوارتەیەکی ئاشکرا، کە پێم‌خۆشە لێرەدا شی بکەمەوە. دوو باسی سەرنجڕاکێش و دڵ‌ساردکەرەوە لە مەڕ سەفەری بۆ میسر لە ساڵی ١٩٦٧ـدا، کە مانگی پێشوو لە حەوتەنامەی ئەلئەهرام‌دا بڵاو کرایەوە، بووە هۆی ئەوەی دەست بەو نووسینە بکەم. یەکیان چاو خشاندنە بە سەر کتێبی ماوەیەک لەمەوبەری «هێنری لێوی» لەمەڕ سارتر و ئەوی دیکەیان چاو گێڕانێکە بەسەر گێڕانەوەی کۆچ‌کردوو «لوتفی ئەلخەوالی» لەو چاوپێکەوتن و دانیشتنە. (ئەلخەوالی رووناکبیرێکی لێهاتوو بوو کە لەو دانیشتنەدا یەکێک لە خانەخوێیەکان بوو). ئەزموونی تاکەکەسی و تاڵی من لە سارتر رووداوێکی زۆر بچووک بووە لەو ژیانە مەزنەدا، بەڵام بە هۆی تانەهەڵگر و تاڵ‌بوونی، جێی خۆیەتی قسەکە بورووژێندرێ.

سەرەتای ژانوییەی ١٩٧٩ بوو. من لە ماڵەکەی خۆم لە نیۆیۆرک، خۆم بۆ یەکێک لە پۆلەکانم تەیار دەکرد. دەنگی زەنگ وەخۆی هێنامەوە. هەواڵی گەیشتنی تێلگڕافێکی پێدام. کاتێک کردمەوە بە دڵ‌خۆشی‌یەوە دیتم لە پاریسەوە هاتووە. «سەردەمە نوێیەکان»(٣) بۆ کۆبوونەوەیەک سەبارەت بە ئاشتیی رۆژهەڵاتی ناوین بانگێشتنت دەکا بۆ پاریس، رۆژانی سێزدە و چاردەی مارس لێرە بن. تکایە وڵامان بدەنەوە. سیموون دۆبوار و ژانپۆل سارتر». سەرەتا پێم‌وابوو گاڵتەیە.(چون ئەوە) جیاوازی‌یەکی نەبوو لەگەڵ ئەوەی «کازیما» و «ریشارد واگنێر» بانگێشتنی «بایرۆیت»یان کردبم یان «تی‌ئێس ئێلیووت» و «ویرجینیا ڤۆلف» بانگێشتنیان کردبێم کە پاش نیوەڕۆیەک لە ئۆفیسی گۆڤاری «دایال» بیانبینم. دوو رۆژ رابرد تا بە پرس‌وجۆ لە چەند هاوڕێیەک لە راستیی بانگێشتنەکە دڵنیا بم و ماوەیەک دواتر وڵامی چوونی بێ ئەملاوئەولام

دانەوە. واتە دوای ئەوەی زانیم چۆنەتی ئامادە بوون و باسی تێچووی سەفەرەکە، لەلایەن فەڕانسەوییەکانەوە لەئەستۆی سەردەمە نوێیەکانە، هەمان گۆڤاری مانگانەی کە سارتر پاش شەڕ دایمەزراندبوو. چەند حەتوو دواتر بەرەو پاریس وەڕێکەوتم.

سەردەمە نوێیەکان ڕۆڵێکی بێ وێنەی لە ژیانی ڕووناکبیری فەڕانسە و دواتر ئەورووپا و تەنانەت جیهانی سێهەمیشدا گێڕابوو. سارتر کۆمەڵێک لە بلیمەت و زەین درەوشاوەکانی لە دەوری خۆی کۆ کردبۆوە. هەمووشیان هاوڕای نەبوون: ئاساییە کە یەکیان «دۆبوار» بوو. دژبەری گەورەی «ڕیمۆن ئارۆن» فیلسووفی هەڵکەوتە و هاوپۆلی خۆی لە قوتابخانەی موریس مێرلۆپۆنتی(کە چەند ساڵ دواتر ئەو گۆڤارەی بەجێهێشت)، یەکیان «میشێل لیریس» کە گەلناس و ئافریقاناس و تیۆریداڕێژێکی لە زەبر بوو. هیچ بابەتێکی گرینگ نەبوو سارتر و بازنەی دەوری سەنگوسووژنی نەدەن. بۆ وێنە شەڕی عەرەب و ئیسرائیل؛ لە ساڵی ١٩٦٧دا کە ژمارەیەکی قەبەی سەردەمە نوێیەکانیان بۆ تەرخان کردبوو. ئەو ژمارەیەش بوو بە هەوێنی توێژینەوەیەکی بە پێز بە پێنووسی «ئای ئێف ئیستون». ئەو ماجەرایە بۆخۆی بوو بە هانەیەکی گرینگ بۆ سەفەری پاریس.

کاتێک گەیشتمێ نامەیەکی کورت و ڕازاوی لە لایەن سارتر و دۆبوار لە هوتێلێک کە لە گەڕەکی لاتینییەکان گرتبووم چاوەڕوانم بوو. پەیامی نامەکە ئاوا بوو: «بە هۆکاری ئەمنی، کۆبوونەوەکان لە ماڵی «میشێل فۆکۆ» بەڕێوەدەچێ». وەکی دەبوو ناونیشانێکیان بۆ نووسیبووم. بەیانی سبەی گەیشتمە ئاپارتومانەکەی فۆکۆ. دیتم لەوێ چەند کەسێک -هەڵبەت بە بێ سارتر- خەریکی پیاسەن. کەس بۆی ڕوون نەکردینەوە ئەو هۆکارە ئەمنییە شاراوەیە چ بوو کە شوێنی کۆبوونەوەکانی گۆڕی، بەڵام هەر لە ڕێوە کەشوهەوای بیری پیلان باڵی وەسەر بەرنامەکان کێشا. دۆبوار بە سەروێنە ناسراوەکەیەوە لەوێ بوو، قسەی بۆ تامەزرۆکانی دەوروبەری دەکرد و دەیگوت: بڕیارە لەگەڵ «کیت میلت» سەفەرێکی تاران بکا. مەبەستی ئەوەیە لەوێ بە دژی چارشێو ڕێپێوان وەڕێ بخا.(٤) تێکڕای ئەو بیر و بۆچوونەم بەلاوە خۆ بەزلزانانە و گەمژانە بوو.

نازانم سارتر چەندە لە باسەکان تێگەیشت، بەڵام من و بەشداربووانی دیکەش زۆرمان پێ سەیر بوو؛ ئەو ڕۆژی یەکەم متەقی لە خۆی بڕی و هیچی نەکوت. ئەگەرچی زۆر تامەزرۆبووم قسەکانی دۆبوار ببیستم، بەڵام کە بەرزەدەماخییەکەیم دیت، زانیم ئەوێ جێگای باس و ڕا گۆڕینەوە لەگەڵ ئەو نییە. جگە لەوەش سەعاتێک دواتر، ڕاست بەر لە هاتنی سارتر ڕۆیشت و ئیتر نەماندیتەوە.

فۆکۆ بێ سێ و دوو، بۆی ڕوون کردمەوە ئەو قورساییەک ناخاتە سەر باسەکانی ئەو سیمینارە و هەر لەوێوە یەکڕاست دەچێ بۆ کتێبخانەی نەتەوەیی، تا بە بەشە توێژینەوەی ڕۆژانەی خۆی ڕابگا. دڵخۆش بووم کتێبەکەم واتە «سەرەتاکان»م(٥) لە تاقەی کتێبخانەکەیدا دیت؛ کە دارماڵ بوو لە وتار و ژۆرنال و ... ڕێکوپێک و جوان لای یەک ریز کرابوون. ئەگەرچی قسە و باسێکی میهرەبانانە و خۆشمان بوو، بەڵام ماوەیەکی دوور و درێژی بەسەردا تێپەڕی، واتە دەیەیەک پاش مەرگی بوو کە تێگەیشتم کە بۆچی ئەوەندە لە باسی ڕۆژهەڵاتی ناوین خۆی دەدزییەوە. «دیدیە ئێریبۆن» و «جیمز میلێر» لەو ژیاننامانەدا کە لەمەڕ فۆکووە نووسیویانە، گوتوویانە: ساڵی ١٩٦٧ لە توونێس وانەی گوتووەتەوە و ماوەیەک دوای شەڕی ژووئەن، بە پەلە لەوێ بارگە و بنەی دەپێچێتەوە و دەڕوا. فۆکۆ ئەوکات گوتبووی بە هۆی ترسانی لە فیتنەی دژە جوولەکە و دژە ئیسرائیلی ئەو سەردەم، کە دوای تێکشکانی گەورەی عەرەبەکان لە هەموو شارە عەرەبییەکان ڕمێنی گرتبوو، لە توونێس ڕۆیشتووە. هاوکارێکی توونیسیشی لە زانکۆی فەلسەفەی زانستگای توونێس، لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠، بە زمانێکی دی بۆ منی گێڕاوە؛ بە گوتەی ئەو خاتوونە، فۆکۆ بە هۆی پێوەندیی هاوڕەگەزخوازانەی لەگەڵ خوێندکارە لاوەکانی، لەو وڵاتە دەرکراوە. ئێستاش کە ئێستایە نازانم کام یەک لەو دوو هاوڕێیە ڕاستیان دەکرد. لە کاتی سیمینارەکەی پاریسدا، فۆکۆ پێی گوتم تازە لە ئێران گەڕاوەتەوە و وەک نێردراوی ڕۆژنامەی «کرییەرە دێلا سێرا» لەوێ بووە. لە بیرمە لە باسی ئەو ڕۆژانەی شۆڕشی ئیسلامیدا گوتی:»زۆر پڕ لە هەڵپە و سەیر و شێتانەیە«. ئەوەندەی لەبیرم بێ(ڕەنگە بەهەڵەش چووبم) دەیکوت لە تاران بە مووچاچ واتە پرچی بەدەل ڕواڵەتی خۆی گۆڕیوە، ئەگەرچی ماوەیەکی کورت پاش بڵاوبوونەوەی وتارەکانی، هەر زوو خۆی لەوەی باسی ئێرانە دوورخستەوە. لە پاشان و لە کۆتایی دەیەی ١٩٨٠دا بوو، کە «ژیل دلۆز» پێی گوتم، باسی فەلەستین ئەو و فۆکۆ کە ڕۆژگارێک نزیکترین هاوڕێ بوون لێک هەڵدەبڕێ. فۆکۆ لایەنگری ئیسرائیل بوو و دلۆز لایەنگری فەلەستین.

ئاپارتومانەکەی فۆکۆ ئەگەرچی زۆر گەورە بوو و زۆریش خۆش بوو، ڕەنگێکی سپی زۆر سەیری بوو و وە ماڵە زاهیدان دەچوو. واتە بابەتی فیلسووفێکی گۆشەنشین و بیرمەندێکی مووقڵیش، کە دەتکوت بە تەنیا لەوێدا دەژی. چەند فەلەستینی و جوولەکەی ئیسرائیلی لەوێ بوون. لە نێویاندا «ئیبراهیم دەقاق»م ناسییەوە و لەو کاتەوە بوو بە هاوڕێی خۆشەویستم لە بەیتولموقەددەس؛ «نافیز نەزال» مامۆستایەک لە «بیرزیت»، کە لە ئامریکا هەر وا وردە ناسیاوێکمان هەبوو، «یەهووشووفات هاکاربی»، کارناسی هەڵکەوتەی ئیسرائیلی لەمەڕ زەینی عەرەبییەوە، سەرۆکی پێشووی دامودەزگای هەواڵگریی چەکداریی ئیسرائیل بووە و «گۆلدا مەئیر» دەریکردووە، چون بە هەڵە فەرمانی ئامادەباشی بە سوپا داوە. سێ ساڵ لەمەوبەر لە ناوەندی پێشکەوتووی زانستە ئاکارییەکانی زانستگای ئیستەنفۆرد، پێکەوە بووین و پێوەندییەکی وامان نەبوو. پێوەندییەکەمان بەئەدەبانە بوو، بەڵام هیچ گەرموگوڕ نەبوو. کە لە پاریس چاوم پێیکەوت ڕەوتی گۆڕانی بیروڕای دەستی پێکردبوو: ئەو دەیویست هەڵکەوتەترین کۆتری ئاشتی دامەزراوەی حکوومەتی ئیسرائیل بێ. باقی بەشداربوان زۆرتر جوولەکەی ئیسرائیلی یان فەڕانسەوی بوون. لە دیناری زۆر ویشکەوە بگرە تا سێکۆلاری زۆر توند و تیژ. دواتر زانیمان ئەو ڕێنیشاندەر و چاوساغی

دوا سەفەری سارتر لە ئیسرائیل بووە.

لە کاتی دیاریکراو زۆر رابردبوو کە پیاوە گەورەکە وەدیار کەوت. بە دیتنی روخساری پیر و پەککەوتە و لاوازی واقم ور ما. لە بیرمە فۆکۆم پێ ناساند، کە هیچ پێویست بەو کارە گاڵتەجارانەیە نەبوو. لە بیریشمە تاقمێکی بچووک لە دەستوپێوەندەکانی کە گۆچانی دەستی بوون، بەردەوام لە دەوری بوون. یارمەتی‌یان دەدا و کارەکانیان بۆ رادەپەڕاند. ئەو ببووە کاروباری سەرەکی ژیانیان. یەکیان زڕ کچەکەی بوو. دواتر زانیم بەرپرس و بەڕێوەبەری بەرهەمەکانێتی. پێیان گوتم ئەو بە رەچەڵەک ئەلجەزایرییە. یەکی دیکەیان «پیەر ویکتۆر»بوو. مائۆئیستی پێشوو و هاوڕێی سارتر و ناشری گۆڤاری حیزبی چەپی پرۆلتاریا(٦) کە ئێستا دەرناچێ. ئەوە پیاوێکی تا سەر ئێسقان دیندار بوو. پێم وابێ بووەتە جوولەکەیەکی توندئاژۆ. دواتر زۆرم پێ سەیر بوو لە یەکێک لە هاوکارانی ئەو بلاڤۆکەم بیست؛ ویکتۆر لە راستی‌دا جوولەکەیەکی میسرییە بەناوی «بێنی لێوی»، برای عادڵ رەفعەت(نێ لێوی)یە. ئەویش یەکێک لەو دووکەسی ناسراو بە «جووتەی مەحموود حوسێن» بوو. کەسی دووهەمی ئەو جووتە، موسوڵمانێکی میسری بوو. ئەو دووانە لە یونێسکۆ کاریان دەکرد و بە ناوی «مەحموود حوسێن» توێژینەوەیەکی ناسراویان بە ناونیشانی «کێشەی چینایەتی لە میسر»دا(٧) نووسی و لە لایەن ماسپێرۆوە بڵاو کرایەوە. هیچ کوێی ویکتۆر لە میسرییان نەدەچوو؛ زیاتر لە رۆشنبیرێکی بەستێنی چەپ(٨) دەچوو. نیوە بیرمەند و نیوە فێڵباز. سێهەمیان «هێلفمەن بۆلۆ» بوو. ژنێکی سێ زمانە. کارمەندی ژۆرناڵ بوو. هەموو شتێکی بۆ سارتر وەردەگێڕا. ئەگەرچی سارتر ماوەیەک لە ئاڵمان بوو، نە تەنیا لەمەڕ «هایدگێر» بەڵکوو لەمەڕ «فاکنێر» و «داس پاسووس»یشەوە شتی نووسیبوو، بەڵام نە ئاڵمانی بوو و نە ئینگلیسی. ئەو خان‌ومان و بەئەدەب بوو. ئەو دوو رۆژە هەر لە تەنیشت سارتر دانیشت و بە شێوەی هاوکات، بابەتەکانی بۆ وەردەگێڕا و بە گوێی‌دا دەچرپاند. جگە لە فەلەستینی‌یەکی خەڵکی وییەن کە تەنیا عەڕەبی و ئاڵمانی دەزانی، باقی باسەکانمان بە ئینگلیسی بوو. نازانم و پێشم وانییە بزانم سارتر چەندە لە باسەکان تێگەیشت، بەڵام من و دانیشتوانی تری کۆڕەکە، زۆرمان پێ سەیر بوو ، رۆژی یەکەم هەر زمانی نەگەڕا و بێدەنگ دانیشت. «میشێل کێنتات»، سەرچاوەناسی سارتریش لەوێ بوو، بەڵام بەشداری باسەکان نەبوو، نەهار کە بە شێوەی ئاسایی کاتژمێرێک دەخایەنێ، لە رووداوێکی بە بڕوای من فەڕانسەوی‌دا، بەرنامەیەکی زۆر وەستایانە و تێروتەسەل لە رێستوورانێکی دوور لە ئاپاڕتومانەکەی فۆکۆ بەڕێوە چوو. جا چون بێ پسانەوە باران دەباری، بردنی ئەو عالەمە بە تاکسی و خواردنی خواردەمەنی‌یەکی چوار بەشی و دواتر گەڕانەوەی هەمووان، نزیکەی سێ کاتژمێر و نیوی خایاند. لە ئاکام‌دا باسەکانی رۆژی یەکەم لەمەڕ ئاشتی‌یەوە زۆر کورت بوو. ویکتۆر بابەتی باسەکانی بێ پرس‌وڕا لەگەڵ هیچ کەس(ئەوەندی من ئاگام لێ بێ) دیاری کردبوو. هەر لە رێوە زانیم ئەوە سەرەڕۆیە و بێ پرس کار دەکا. هۆکارەکەشی بێگومان نزیکایەتی لەگەڵ سارتر بوو(جار جار شتێکیان بە گوێی یەک‌دا دەچرپاند) جگە لەوەش رەنگە متمانەبەخۆیی زۆر باشیشی هۆکارێک بووبێ بۆ ئەو سەرەڕۆییەی.

بڕیار بوو ئەو باسانە بێنێنە گۆڕێ: ١.بایەخی بەڵێن‌نامەی ئاشتیی نێوان میسر و ئیسڕائیل (بەرەبەری بەڕێوەچوونی کەمپ دەیوید بوو) ٢. بە گشتی ئاشتیی نێوان ئیسڕائیل و جیهان. هەر زوو دەرکەوت بابەتی کۆبوونەوەکە بردنە پێش و رانانی ئیسڕائیلە(ئەوەش هەر ئەو باسەیە ئەوڕۆ بە ناوی «ئاسایی کردنەوە»ی دۆخ ناوی دێنن و بە کورتی باسەکە پێوەندی بە عەڕەب و فەلەستینی‌یە عەڕەبەکانەوە نییە. ٣. بابەتی بنەڕەتی‌تر؛ داهاتووی پێکەوەژیانی نێوان ئیسڕائیل و دونیای عەڕەبی جیرانێتی. وێدەچوو هیچ کام لە عەڕەبەکانی ئەو کۆبوونەوەیە لەو باسە دڵخۆش نەبن و بە کەیفێیان نەبێ. من هەستم کرد بە تەواوی باسی فەلەستینیان وەلاناوە. بە گشتی ئەو بابەتە بە دڵی دەقاق نەبوو و دوای رۆژی یەکەمی سیمینارەکە رۆیشت و نەگەڕاوە. رۆژ بەرەبەرە درەنگ دەبوو، وردە وردە تێگەیشتم بەر لەو قسەوباسانە بە دزییەوە زۆر باس کراوە تا ئەو سیمینارە رێکخراوە. جا ئەو سازان و باسانە بووەتە هۆی بەشداری ئەو کەسایەتی‌یانەی جیهانی عەڕەب. لە دڵم گران هات کە من لەو باسانە ئاگادار نەکراوم. رەنگە زۆر گەوج بووبم. زۆر تامەزرۆی هاتن بۆ پاریس بووبم، تا لەگەڵ سارتر چاومان پێک بکەوێ. باسی ئامادە بوونی «ئیمانۆئێل لیویناس»یش بوو. بەڵام هەر وەک رۆناکبیرانی میسری قەولیان دابوو بێن و نەهاتن، ئەویش نەهات. هەموو باسەکانمان تۆمار دەکرا و هەر زووش لە ژمارەیەکی تایبەتی سەردەمە نوێیەکان‌دا، لە سێپتامبری ١٩٧٩دا چاپ بوو. بە رای من هیچ رەزامەندی‌یەکی بە دواوە نەبوو، چون هەموومان باسی شتی ناسیاو و باومان بۆ یەکتر دەکرد و هیچ بەریەککەوتنێکی فکری لە گۆڕێ دانەبوو.

بە تایبەت دۆبوار زۆری شێواندبووم. دوای کۆڵێک قسەی هیچەکە و پووچەکە و خۆبەزل‌زانانە لەمەڕ ئیسلام و حیجابی ژنان، لە هۆدەکە چووە دەرێ. لەو دەمەدا نەبوونی نەبووە هۆی ئەوەی داخی بۆ بخۆم. بەڵام دواتر بەو ئاکامە گەیشتم ئەگەر ئەو لێرە بایە گوڕوتینێکی بە باسەکان دەدا. ئامادەبوونی سارتر ئەگەر بکرێ بەو بوونەی بڵێین ئامادە بوون، زۆر سەیر پەسیڤ و ناکاریگەر و بێ‌هێز بوو. ئەو بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تاقە یەک قسەشی بەسەر زاردا نەدەهات. کاتی نەهار رووبەڕووی من دادەنیشت. بەو رواڵەتە ئاڵۆزەیەوە، هەر ئیشتیای لە سازکردنی پردێکی پێوەندی نەبوو. پەڵەی هێلکە و سۆسی مایۆنێز بەسەر دم و چاوییەوە مابۆوە. ویستم سەری قسەی لەگەڵ بکەمەوە، بەڵام بێ‌ئاکام بوو. رەنگە کەڕ بووبێ. دڵنیاش نیم. تاپۆیەک لە سارترەکەی ساڵان رووبەڕووم دانیشتبوو. ئەو قەدوگیپاڵە شل‌وشەوێقەی باسی سەر زاران بوو، پیپ و جلە ئاساییەکانی دەتکوت کەرەسەی تەختەی شانۆیەکی کۆن و لەبیرکراون. ئەو کات من سەرقاڵی کێشەی سیاسی فەلەستین بووم. لە ساڵی ١٩٧٩دا ببوومە ئەندامی شووڕای نەتەوەیی. لە سەفەرە بەردەوامەکانم بۆ بەیرووت( کە هاوکات بوو

لەگەڵ شەڕی ناوخۆی لوبنان) کە بەمەبەستی سەردانی دایکم بوو، بەردەوام عەرەفات و زۆربەی ڕێبەرانی ئەو سەردەمم دەدیت. پێموابوو لە هەڵێکی وا هەستیار لە کێشە و ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگاویمان لەگەڵ ئیسرائیل، ئەگەر بە زمانی شیرین و نەرم بتوانم قسەیەک، بەیانییەیەک لەسارتر بۆ پشتیوانی لەفەلەستین وەدەست خەم، دەستکەوتێکی گەورەم بووە.

بە درێژایی نەهار و کۆبوونەوەی پاش نیوەڕۆش پییەر ویکتۆرم وەک دەرزیوانی ئەو سیمینارە دەهاتە بەرچاو کە هەموو شەمەندەفەرەکان و یەک لەوان سارتریش لێدەخوڕێ. جگە لەو چپە چپە رازاوییەی سەر میزەکە، سارتر و ویکتۆر هەر جار ناجارێک هەڵدەستان؛ ویکتۆر ئەو پیرەپیاوە نەحەجماوەی دەبردە سووچێک، بە پەلە پەل قسەی لەگەڵ دەکرد. سارتر یەک دووجار سەری بۆ دەلەقاند و دواتر دەهاتنەوە. لەو بەینەدا یەکە یەکەی ئەندامانی سیمینارەکە دەیانویست قسەی خۆیان بکەن، ئەوەش وای دەکرد شیکاری مەحاڵ بێ. بەڵام بە زوویی دەرکەوت بابەتی سەرەکی کۆبوونەوەکە بردنە پێش و ڕانانی ئیسرائیلە(ئەوەش) هەر ئەو شتەیە ئێستا بە «ئاسایی کردنەوە»ی دۆخ ناوی دەبەن و فڕی بە عەرەب و فەلەستینییەکانەوە نەبوو. بەر لە من چەند عەرەب حەولیان دابوو تاقمیک لە ڕۆشنبیرانی پایەبەرز پێمل بکەن کە ویست و ئامانجیان عادڵانەیە، بەو هیوایەی ببنە کەسێکی وەک «ئارنۆلد توین بی» یان «شان مەک براید». کەم کەس لەو پایەبەرزانە ئەو قسانەی بە هەند وەرگرتبوو. پێم وابوو بایەخی ئەوەی بوو ئەو قسەیە لەگەڵ سارتر بێنمە گۆڕێ. چون هەڵوێستیم لەمەڕ ئەلجەزایر لەبیر نەدەچووە. ئەو هەڵوێستە ئەویش بۆ پیاوێکی فەرانسەوی، دژوارتر بوو لە گرتنی هەڵوێستێکی رەخنەگرانە دژ بە ئیسرائیل. ئای کە هەڵەیەکی کەڵەم کرد.

لە درێژەی ئەو باس و قسە زل و بێ کەڵکانەدا، دیتم ئەوە بەردەوام وەبیر خۆم دێنمەوە هاتوومەتە پاریس هەتا گوێ بۆ قسەکانی سارتر رادێرم، نەک ئەو کەسانەی لەوە پێش بیر و ڕایەکانیانم دەزانی و پێشم گرینگ نەبوون. هەر بۆیە پەڕیمە نێو باسی نزیکە و خۆرنشینەوە و پێداگریم کرد کە هەر ئێستا دەبێ سارتر قسە بکا. دەستوپێوەندەکەی شڵەژابوون. سیمینارەکە راگیرا تا بەپەلە بیرورا بگۆڕنەوە. ئەو ماجەرایە لە ڕوانگەی منەوە هەم گاڵتەجارانە بوو هەم بەزەیی هێن، بە تایبەت کە سارتر هیچ رۆڵێکی لەو بیرورا گۆڕینەوانەدا نەبوو. سەرەنجام پییەر ویکتۆر کە ناڕەزایەتی لە ڕوخساری دەباری، بانگی کردینەوە بۆ سەر میزی دانیشتن و بە شکۆی سەناتۆرێکی رۆمی‌یەوە گوتی: «سبەینێ سارتر قسە دەکا». ئێمەش هەموو بە خۆشی بەرنامەی سبەی بەیانی‌یەوە کۆڕەکەمان بە جێ هێشت.

دەی هەڵبەت سارتریش قسەیەکی هەبوو بۆمانی بکا: دوو لاپەڕەیەکی تایپکراوی ئامادەی پێبوو، ئەوەندی بیرەوەری بیست ساڵ لەمەوبەرم یارمەتیم بکا ئاوا بوو؛ بوێری ئەنوەر ساداتی بە قێزەونترین شێوە ستایش دەکرد. لە بیرم نییە باسێکی وای لەمەڕ فەلەستین، یا هەرێمەکەیان یا رابردووی پڕ لە کارەساتیان هێنابێتە گۆڕێ. دڵنیام لە کوولەکەی تەڕیشدا باسی شارۆچکە کۆلۆنیالیستەکانی نەکرد کە لە زۆر بوارەوە هاوشێوەی ڕەوتی فەڕانسەوی‌یەکان لە ئەلجەزایر بوون. زانیاری بەخشیی ئەو دەقە بە قەت گوزارشێکی تەلەفوونیی ڕۆیتێرز بوو، دیاریش بوو ویکتۆر نووسیویێتی تا سارتر کە لە ژێر دەستەڵاتی ئەو دابوو، لەو کێشەیە رزگار کا. تێکڕووخام کە دیتم ئەو قارەمانەی ڕووناکبیری، لە ساڵانی کۆتایی تەمەنی‌دا بۆتە دارەدەستی مورشیدێکی دواکەوتوو، ئەو دلاوەرەی پێشوو کە ئاڵاهەڵگری زوڵم‌لێکراوان بوو، باوترین پێداهەڵگوتنی ڕۆژنامەنووسانە بۆ ڕێبەرێکی میسری کە پێشتریش ناسرەوای هەموو خەڵک بوو دەکار دەکا و بۆخۆی قسەی پێ نەماوە. باقی ماوەی ڕۆژ سارتر دەستی کردەوە بە بێدەنگی‌یەکەی خۆی. من وەبیر چیرۆکێک کەوتمەوە، کارم بە راست و درۆکەی نییە. گۆیا سارتر بیست ساڵ لەمەوبەر دەچێتە دیدەنی «فانوون» کە بە هۆی شێرپەنجەوە لە ڕۆم لە تویی نوێنی مەرگ دایە. شازدە کاتژمێر بێوچان باسی ماجەرای دڵهەژێنی ئەلجەزایری بۆ دەکا. وای لێدێ سیموون پێملی دەکا تەواوی کا و کۆتایی بە قسەکانی بێنێ. ئەو سارترە تازە بۆ هەمیشەی ماڵاوایی لێکردووین.

چەند مانگ دواتر کە دەقی دابەزیوی قسەوباسەکانی سیمینارەکە بڵاو بووە، هەر ئەو کورتەباسەی سارتر کورتتر و بێتانەتر کرابوو. نەمزانی بۆچی و حەولیشم نەدا بزانم بۆ. ئێستاش ئەو ژمارەی سەردەمە نوێیەکانم هەیە کە قسەی هەموومانی تێدایە. ئێستاش نەمتوانی خۆم پێمل کەم جگە لە پوختەی چەند بابەت، نووسراوەی هیچیان بخوێنمەوە. ئەو لاپەڕانە بە رای من زۆر بێ رووح و بێ کەڵکن. من هەر بەو هەستەوە بۆ بیستنی قسەکانی سارتر چووم بۆ پاریس کە سارتر بۆ میسر بانگێشتن کرابوو، واتە بۆ دیدار و قسەوباس لەگەڵ ڕووناکبیرانی عەرەب، ئاکامی هەر دووکیشیان هەر شتێک بوون. جگە لەوەی کە لە دیداری من و سارتردا دەمڕاستێکی خوێنتاڵیشمان لە نێوان دابوو. پییەر ویکتۆر کە وەکی شیاوێتی کەوتە گێژاوی لە بیر چوونەوەوە. ئەو کات پێم وابوو وەک «فەبریس»م(٩) لێهاتووە، کە ناسەرکەتوو و بێ هیوا بۆ شەڕی «واترلۆ» چوو.

(ئەگەر سارتر بە پیریش هەر وەک ساڵانی پێشووی بایە: دەبووە هۆی بێ هیوایی یەکە یەکەی ئەو عەرەبانەی ستایشیان دەکرد)

خاڵێکی دیکەش کە دەبێ باسی بکەم ئەوەیە؛ چەند حەوتوو لەمەوبەر بەشێک لە بەرنامەی «چێشتی مجێوری کولتووری»م(١٠) دەدیت، بەرنامەی وتوێژی حەوتانەی «بێرنارد پیو» کە لە تەلوێزیۆنی فەڕانسەوە بڵاو دەبێتەوە و ماوەیەک دواتر لە ئامریکا دەچێتە سەر ئانتێن. بابەتی ئەو بەرنامەیە چ بوو؟ زیندوو کردنەوەی بەرە بەرەی سارتر پاش مردنی، لە جەنگەی دەوامەی ئەو رەخنانەی ئاراستەی تاوانە سیاسییەکانی دەکرێن. «بێرنارد هێنری لیبەوی» کە لە باری چەشنی بیر و بوێری سیاسی‌یەوە، رەنگە باشترین نموونە بۆ جەمسەری دژی سارتر بێ، دەیویست بەرهەمێکی توێژینەوەیی خۆی لەسەر ئەو فیلسووفە پیرە بناسێنێ.(لێتان ناشارمەوە نە خوێندوومەتەوە و نە بەو

زووانەش خەیاڵی خوێندنەوەیم هەیە).

لییەوی بە راوێژێکی ئاغایانە و نۆکەر لاوێنانەوە گوتی: سارتر ئەوەندەی دەشڵێن خراپ نەبووە. چونن شتی واشی بووە کە بۆ ستایش بێ و لە چوارچێوەی بنەماکانی نەزاکەتی سیاسیدا بگونجێ. بە بڕاوی لییەوی رەخنەیەکی پوخت و باش لە سارتر ئەوەیە کە هەمیشە لەمەڕ کۆمۆنیسمەوە تووشی هەڵە بووە(هەر ئەو رەخنەیەی پۆل جانسۆن کردییە وێردی سەر زاران و ئێستا پیاو بێزی لێ هەڵدەستێ). جا لییەویش دەیویست بەو قسەیەی ئەو رەخنەیە قەرەبوو کاتەوە. لییەوی گوتی: «بۆ وێنە پێشینەی سارتر لە بابەت ئیسرائیلەوە هیچ کەموکووڕییەکی نییە، ئەو قەت پێی خوار دانەنا و هەمیشەش پشتیوانی تەواوی دەوڵەتی جوولەکە بووە.»

بە زۆر هۆ کە قەتیش نازانین چن، سارتر بە راستی لە سەر لایەنگری لە سەهیونیسم پێداگر بوو. نازانم و ناشتوانم بزانم هۆکارەکەی چ بووە: دەترسا بە دژە جوولەکە بناسرێ، یان لەبەر هۆلۆکاست و هەست بە تاوان کردن بوو، یان دڵی رازی نەدەبوو فەلەستینییەکان بە قوربانی بێ عەداڵەتی ئیسرائیل و راپەریو بە دژی ئەوان بزانێ. تەنیا دەزانم لە سەردەمی پیریدا، دەتکوت ساڵانی پێشوویەتی: مایەی بێ هیوایی یەکە یەکەی ئەو عەرەبانەی ستایشیان دەکرد، هەڵبەت جگە لە ئەلجەزایرییەکان. «بێرترند راسێل» بێگومان لە سارتر باشتر بوو، لە ساڵەکانی کۆتایی تەمەنیدا هەڵوێستی رەخنەگرانەی بە دژی سیاسەتەکانی ئیسرائیل لە بەرانبەر عەرەبەکان نواند(ئەگەرچی «راڵف شوونمان»، هاورێی پێشوو و هاوپۆلی کۆنی لە پرینستۆن ئەو رێیەی خستە بەر پێی، یان وەکی هێندێک کەس دەڵێن هەڵیفریواند). بە بۆچوونی من دەبێ بزانین بۆچی پیاوانی گەورە کاتێک پیر و زۆرهان دەبن، ئامادەن لە بەرانبەر دنەدانی لاوەکان یان دەستەڵاتی بڕوایەکی سیاسی داخراو و نەگۆڕ خۆ بەدەستەوە دەن. ئەگەرچی نازانم هۆکارەکەی تەنیا لایەنگری لە ئیسرائیل بوو یان نەلوانی هاودڵی کولتووری و رەنگە ئایینی، لەو بارەوە ئەو راست دژ بە هاورێ و خۆشەویستی خۆی «ژان ژێنە» بوو، کە هۆگری زۆر و سەیر و سەمەرەی بۆ فەلەستینییەکان وای کرد، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە نێویان دا بمێنێتەوە و دوو بەرهەمی سەرسوڕهێنەری «چوار کاتژمێر لە سەبرا و شەتیلا»(١١) و «بەندیی ئەوین»(١٢) بنووسێ.

ساڵێک پاش ئەو دیدارە کورت و پڕ لە بێ هیوایییە لە شاری پاریس، سارتر مرد. چاکم لە بیرە زۆر تازیەباری مردنەکەی بووم.

پەراوێز: *ئیداورد سەعید ئەو بابەتەی ١ی ژووئەنی ٢٠٠٠ نووسیوە و بە ناوی «My Encounter with Sartre» لە ماڵپەڕی لەندەن ریوەیو بووکسدا بڵاو کراوەتەوە.

*ئیداورد سەعید رۆژهەڵاتناس و بیرمەندی ناسراوی فەلەستینیی-ئامریکایی بوو. لە دامەزرێنەرانی بیرۆکەی پۆست کلۆنیالیسمە. ساڵی ٢٠٠٣ کۆچی دوایی کردووە.

*گرینگ ترین کتێبەکانی بریتین لە :

١- Nouveaux Philosophes

٢- maîtres penseurs

٣- Les Temps modernes

٤- بۆ زانیاری زیاتر لەمەڕ سەفەری دۆبوار و میلت بۆ تاران، بەشی چوارەمی کتێبی فۆکو لە ئێراندا، نووسراوەی بێهرووز قەمەری تەبریزی بخوێننەوە.

٥- Beginnings

٦- Gauche proltarienne

٧- La Lutte des classes en Egypte

٨ Left Bank: قەراغی رۆژئاوای رووباری سین لە پاریس، خوازەیەکە بۆ پاریسی کۆن؛ واتە دونیای هونەرمەندان و نووسەران و فیلسووفان.

٩- Fabrice: کەسایەتی رۆمانی «دەیری پارم» نووسینی ستاندال کە بە هەڵکەوت دەکەوێتە ناو شەڕی واترلۆوە، بەڵام لە شانسی باشی بە بریندار بوونی لاقی رزگار دەبێ و پاشان خەڵک بە یەکێک لە بوێرترین فەرماندەکانی ناپلیۆنی دەزانن.

١٠- Bouillon de culture: بە واتای شۆرباو گۆشت دێ و لێرەدا کراوەتە چێشتی مجێور

١١- Quatre Heures Sabra et Chatila

١٢- Le Captif amoureux

سەرچاوە: ملاقات سعید و سارتر در اپارتمان فوکو، نوشته ادوارد سعید، ترجمه محمد معماریان، سایت ترجمان

ستار ئەحمەد ـ کەرکووک



# دیوار

لەدەرگای ئەوماڵە مەڕوانە
ژوورەکانی قەتیسن لەژانا
پەنجەرەیەک بکرێتەوە
رۆحێک دەخرێتە چاڵەوە
هاوارێک کپ دەکرێ
داستانێک بۆ خنکان لەدایک دەبێ
ئەم ماڵە سەرابی خۆزگەیە
شەقامێ رادەکێشێ
جمەی دێ لە بازوو
سەرچۆپی کووچەی مەرگ دەگرێ
دەبێتە کچی شار
تینوو بۆ چرای شەوانە
ماندوو بەمێژووی چەواشە
تامەزرۆ بەخەندەو پێکەنین
لەدەرگای ئەو ماڵە مەڕوانە
دیوارەکان لەهزرتا بسڕەوە
رێکەوە بۆشوێنێک
لەجیاتی دیوار
سایەت ئەرخەوانە
گوڵ چرای شەقام و شەوانە
دڵ زاری گوزەرو خەندەیە
خاکێ هەڵبژێرە
گوڵدانی ئاوو
رِوانگەی نەمام بێ
لەدەرگای ئەو ماڵە مەڕوانە
نەوەکوو گۆڕی لووتکەو
مێژووی تەرم و
خەرمانی زام بێ
ئێمە گیانێکین لەلم و
سەحرایەک بۆ ون بوون
مەگەر کۆچبارو سنگی چیا
بارخانەی سەفەرمان هەڵگرێ
دەروازەیەک دابخە
دەبێتە تەلبەندی کەناری و
نامەی ئەوینی تێدا دەسووتێ
تۆ کچی تریفەو
عاشقی گزنگی
لەدەلاقەی زامەکان مەڕوانە
لەرەنگا بزردەبی
لەتابلۆی بەفرا دەبێتە نیشتمان

# وتوویژ لەگەڵ ڕۆماننووس حەسەن محەممەدی (پیرمام)











**پ– تکایە بە کورتەباسێکی ژیانتەوە خۆت بناسێنە!**

و– ناوم حەسەن محەممەدی(پیرمام)، ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە گوندی چەقەڵمستەفا، سەر بە شاری نەغەدە، لە دایک بووم. هەر لەو گوندەش نرامە بەر خوێندن هەتا ساڵی چواری سەرەتایی. ساڵی پێنجم لە گوندی مەحمەشەی خوارێ خوێند. درێژە پێدانی خوێندنم، ساڵی ١٣٥٥ گەیاندمیە شاری نەغەدە. بە چوار کەسان دیویکی شروشۆڵمان گرت بۆ ژیانێکی پڕ لە برسێتی و بێ هەموو شتێکی، بەڵام خولیای ئەو تەمەنی! ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی بۆ یەکەم جار نامیلکەیەکم بە ناوی مێعراجنامە، بە کوردی، بینی؛ زۆری پێ تاسام! لەبەر ڕەحمانی میرزایی هاوکلاسیم، کە ئەو هێنابووی، پارامەوە ویمبدا، چەند ڕۆژێک پێم بێت و بیخوێنمەوە. وییدام، بەڵام سەرەدەرم لێ دەرنەکرد! ساڵی دوایی بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، کۆتاییەکانی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاوی چەند کەسێک لە قوتابخانەی نۆشیروانی نەغەدە پێشانگایەکی کتێبیان دانا. بە هۆی وەستا خالیدی مەمێندی، دۆست و هاوگوندیم، کە یەکێک لە دەمڕاستانی ئەوێ بوو، ڕێم کەوتێ. ئای لەو شتە سەیر و خۆشەی! سەرم سوڕمابوو؛ دەتکوت خەون دەبینم؛ یانیش نەمدەویست باوەڕ بکەم! یەک بە ساڵۆنە گەورەکەی قوتابخانەکە کتێبی کوردی هەڵچنرابوون. هەرچەند نەمدەزانی بە گوێرەی پێویست کتێبی کوردی بخوێنمەوە، بەڵام دەتکوت قدیلکەم دەدەن؛ هەموو ڕۆژێ دەچووم! بەهاری ١٣٥٨ی هەتاوی، کە لای من بەهاری ڕەشە و گێڕانەوەی گونجاوی ئێرە نییە! ڕۆژی دوایی ئێمەش وێڕای خەڵکی تر لە ڕێگای گوندی باڵخچییەوە بەرەو گوندی پەسوێ هەڵکشاین و لەوێشەوە بۆ مەهاباد. یەکەم جار بوو بەنداوی مەهاباد و دووهەم جاریش بوو شاری مەهابادم دەبینی؛ کەچی ئاوارەیی، هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کردمیە دانیشتووی مەهاباد. هاتنم بۆ مەهاباد بە ناچاری بوو، بەڵام بۆ من خێری دایەوە. لەو شارە ئازادەی ئەو کاتیدا هەلەکە لەبار بوو بۆ پەرەپێدانی ئەو هۆگریەی کە بە خوێندنەوەی زمانی کوردیم پەیدا کردبوو؛ هەرچی ویستبات دەست وێبرادەگەیی. لە مەهاباد کوردیزان و کوردینووس و کتێبی کوردی زۆر و زەوەند بوون. ساڵی دوایی چەند جارێکیش بە خزمەت مامۆستا هێمن گەیشتم! وای لێهات لە خوێندنەوە و نووسینەوەی زمانی کوردیدا سەرڕاست ببووم. لە مەهاباد درێژەم بە خوێندن دا تا چوارەمی دەبیرستان، یانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی کە دیپلۆمم وەرگرت. ساڵی داهاتوو لە کونکۆریش دەرچووم، بەڵام بەلای ناخێری، متمانەم پێ نەدرا؛ یانی ڕەددی سەڵاحییەت کرام. بە ناچاری و ملی لارمەوە ڕێگەی سەربازیم گرتە بەر. دیارە لەوێندەرێش، یانی پادگانی «بەدرئاباد»ی خوڕڕەماوا کە جێگا و ڕێگای ئارام و خۆشم هەبوو، پەیوەندیم لەگەڵ خوێندنەوە نەپچڕا؛ تەنانەت نامە و شێعریشم(بە ناوی شێواو) بۆ گۆڤاری سروە دەنارد. لە وەڵامی شێعرێکدا بۆیان نووسیبوومەوە «مام شێواو شێعرەکانت کز و لاوازن، تکایە قەڵەویان بکە». ساڵی ١٣٦٥ گەڕامەوە. ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە ئازموونێکدا بەشداریم کرد و بۆ مامۆستایەتی وەرگیرام. وردەوردە لەگەڵ دەرس و مەدرەسەدا ئاشبووومەوە. ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی بۆ دەرس خوێندن لە زانکۆی مەهاباد لە بەشی زمان و ئەدەبی فارسیدا دەرچووم؛ بە پیری سەری بوومەوە قوتابی و لیسانسم وەرگرت. ماوەی ٢٧ ساڵ لە هەرسێک قۆناغی پەروەردەی مەهاباددا دەرسم وتەوە و ئێستاش خانەنشینم.

وەک پێشەکی دەبێ بڵێم: هۆگریم بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی، وەکوو چارەنووسی ئەو حەمکە شاعیرەی کە

دەکەونە بەر تانە و تەشەری هەندێ خەڵک و لایەنان، لەبەر بە هاناوە چوونی هەستیانەوە، تووشی هۆنینەوەی شێعری کردم. کەیفم بە دوو قالبی غەزەل و چوارینە دەهات؛ ئێستاش هەر وام! جا هەر بۆیەش بەشی کلاسیکی کتێبی شێعریی «شاباڵ»م، بە زۆربەی، ئەو دوو قالبەی لەخۆ گرتووە. هەڵبەتە بۆخۆشم لەمێژ ساڵە ئەو دڵۆیەم کەوتۆتە دڵەوە کە پارسەنگی شێعر لە ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر قورسترە لە ژانرەکانی تر(جۆرەکانی ئەدەبی). دیارە ئەوە دەبێ پرسیارێکی جەوهەری بێت بۆ لێکۆڵینەوە؛ تەنانەت چەمکێکیشە کە دەبێت توێژەران بە وەبەرچاوگرتنی هۆکارە سروشتی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و مێژوویی و سیاسی و هەروەها جوغرافیاییشەوە ئاکامێک بدەنە دەست. ڕەنگە هۆکارە سیاسییەکەی لە هەموان بەرچاوتر بێت؛ چونکە نەتەوە وەک فۆرمی سیاسی مۆدێرنیتە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لەگەڵمان ناتەبایە. جا ئەوجار هەر شێعر نا؛ خۆ ڕۆمانیش وەک نوێنەری ئەدەبی مۆدێرنیتە لە بواری گێڕانەوەدا هێشتا هەر پێکۆڵ دەکات و شێعری نوێیش وەک دەربڕینی شاعیرانەی سەردەمی مۆدێرن هێشتا زۆری ماوە بچێتە خانەی کلاسیکە نوێیەکانەوە( هەڵبەتە ئەگەر نەتەوەیەک سەرجەم ئەدبیاتی خۆی پێ کلاسیک بێت)! ئەوەیان تا ڕادەیەک ڕاستکردنەوەی سانایە، بەڵام ئەم بۆچوونەی کە لای هێندێکان، لە کوردەواریدا، زاڵە لەمەڕ قورسایی لاباری ئەدەبیات بەگشتی لە بەرانبەر زانستەکانی تردا، دیدی دژایەتی، هەتا سڕینەوەشی بەدوای خۆیدا هێناوە. تانەیان ئەوەیە کە بۆچی ئەو هەموو خەڵکەی ئێمە سەرقاڵی ئەدەبیاتە؟ بۆ هەر ئەدەبیات؟ پێیانوایە ئەدەبیات بووەتە مۆتە بەسەر شانی کۆی زانستەکانەوە! خۆ ڕەنگە پرسیارەکە تەنیا وەک پرسیار جێی سەرنج و شیاوی مشوور لێ خواردنیش بێت، بەڵام بەشێکیش لە گلەیی و تانەکان دەگەڕێنەوە سەر ئەو کەسانەی کە شارەزایی و لێهاتوویی و بڕوانامەی زانستەکانی غەیرە ئەدەبییان هەیە. هەرچەندە لە بەشەکانی خۆیاندا گەلێکیان زەحمەت کێشابێت، کە دڵنیام هەر واشە، بەڵام لە کێبڕکێ لەگەڵ مشوورخۆرانی ئەدەبیاتدا دوا کەوتوون؛ لەوەدا تاوانی ئەدەبیات و ئەدیب و شاعیران چییە؟ با تۆمەتباریش بکرێن بەوەی کە گۆیا هەژاری و بێکاری تووشی بە تووشی ئەدەبیات، بەتایبەت شێعر، هێناون و لە بابەت توێژینەوەی زانستیشدا چیان لە باراندا نییە. دیارە ئەوە شێوازی تێڕوانینی ئەفلاتوونیانەیە لە ئەدەبیات بە گشتی و شێعر بەتایبەتی؛ چونکە، لای وابوو هەست و خەیاڵی شێعرییانە سەرکێشییەکە بەسەر مێشکدا و لە ڕاستییەکان دایەبڕێ(هەرچەند لە پێناسەدا شێعریشی وەپاڵ نراوە). بەڵام ئەوە نە ڕاستییەکەیە و نە بەم شێوەیەش پارسەنگی نوێ دەگیرێتەوە! چونکە ناکرێ کۆی چەمکی مرۆڤ بە ماددە ببینی. ئەدی بەشی هەستی جوانیناسانە و ڕوحیی چی بەسەر دێ؟ ئەوەنێ دیدی مرۆڤخوازانە کە پردێکی ڕوحیی حەقیقەتیانەیە لە نێوان مرۆڤ و شتگەلدا بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا زامنی جۆرێک یەکگرتنیشیانە. لە لایەکی تریشەوە تۆ بڵێی بڕوا بە ئازاد بوونی مرۆڤ بۆ خۆدەربڕین پاشەکشەی نەکردبێت؟ دەی! جا ئەگەر ئازادیش پێناسە و جەوهەری مرۆڤ نەبێت؛ خۆ دەتوانێ ئەو شتە ببێت بەردەستی بکات، یانی ئەو شتەی کە هەلی گەشەی پێناسە و ناساندنی بۆ دەرەخسێنێت تا لە سۆنگەیدا خۆی و دنیاش تووشی ئاڵوگۆڕی بکات، با قەتیش کامڵ نەبێت! لەپێناو گۆڕین و گۆڕاندندا کار و ئەرکی ئەدەبیات لەوەش، یانی لە ئەرکی ئازادیش، قورسترە. بۆ؟ چونکە ئەدەبیات بە خزمایەتی و تێکەڵاوی لەگەڵ ئەخلاقدا، لە پێش سازکردنی شتێکی نوێ ئەرکی پاراستنی شتە کۆنەکانیشی، وەک سەرچاوەی چێژی نوێباو لە ژێر چەمکی نێواندەقیدا، لە ئەستۆ گرتووە(مێژینەخوازی). جا ئەگەر بێین جیاکارییەک بکەین لە نێوان دوو جۆری سەرەکی ئەدەبیدا، وەک شێعر و پەخشان، هەرکامەیان بە شێوەی تایبەت ئامانجی خۆی دەپێکێ. چونکە شێعر ئۆستوورەی مرۆڤ ساز دەکا و پەخشان ڕوخساری دەنوێنێتەوە. یانی حوکمی ئەوانە حوکمی قوماربازێکن کە دۆڕانیشی پێ براوەیە. ئەو دۆڕانەی کە لە کۆمەڵگای مرۆییدا، یان دەوڵەت دایدەپۆشێ، یان دین لە خۆیدا دەیتوێنێتەوە! ئەدەبیات چەمکێکی فرەڕەهەندە. ئەگەر وەک زانستێکی بنەڕەتیشی لێنارِوانن(کە هەر ئاواشە) لانیکەم وەک تەواوکەری زانستە بنەڕەتییەکانی بخەملێنن. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکرێت، ئەویش ڕەخنەیە. ئەگەر ئەو جۆرە تێڕوانینە بە مەبەستی ڕەخنەگرتن بێت بۆ سەرخستنی ئاستی جۆرە ئەدەبییەکان ئەوە دەبێ بڵێین پیرۆزە، کە خۆی لە خۆیدا خۆزگەیەکیشە!

**پ – سەبارەت بە نووسین و بەرهەمەکانت بدوێ...!**

و- ئەگەر تۆزێک بابەتەکە وردتر کەینەوە، دەربڕینی ئەو ڕایە ڕیی تێدەچێ کە، کۆمەڵگای کوردەواری، وەکی پێشتر ئاماژەم دایە، لەبەر سەرنەکەوتنی لە ڕەوتی نەتەوەسازیدا(وەک فۆرمی سیاسی دەسەڵاتدار) جۆرێک هەستی سروشتیانە و مەیلی قارەمانپەروەری و سازدانەوەی ئۆستوورەی ڕزگاریدەرانە بە سەریدا زاڵە. ئەوە وا لە تاکی هەستیار دەکات بۆ پڕکردنەوەی خەونەکانی پەنا بەرێتە بەر زۆر ڕێگای تر کە یەکیان لەوانە خەیاڵی ئەدەبییە. دەی! گۆڕەپانی خەیاڵیش ئەگەر ئەسپی خۆشڕەوی ئەدەبیات تراتێنی تێدا نەکا و هیوای شێعریشی لێ سەوز نەبێت، یانی قاقڕستان...! دیارە خۆ نەتەوەی تر، کە بوونەتە قەوارە و خاوەن دەوڵەت–نەتەوە، دەرک و کولانەی ئەدەبیات بە گشتی و شێعریشیان بەتایبەتی بە قوڕ نەگرتووە. ئەوەنیە ئێستاش ئێمە، بەشی زۆری، هەروا لە دۆخی لاسایی‌کردنەوەی ئەوان داین، بەڵام دەکرێ بڵێین ئێمە هەروا لە گومانی زۆری و بۆری و لاسەنگی داین و ئەوانیش، هاوتەریب لەگەڵ زانستەکانی تر و بە شێوەی دانسقە؛ کە ئەوەش گونجاوی کۆمەڵگای خاوەن دامەزراوە و پلانی ئەدەبیاتی نەتەوەییە. هەندێک دەربڕین(وەڵەو بڕیاریش نەبێت) قورسایی‌یەکەی بۆ هەموو کەس یەکجۆر نییە. ئێستا کە دەڵێم زۆرینەی خەڵکی ئێمە بە بەراورد لەگەڵ زۆرێک لە خەڵکانی کۆمەڵگای تر ئەوەندەی پێملی هەستن، ئەوەندە لۆژیکیانە دەرناکەون؛ کە ئەوەش لە ڕێژەی شاعیرانمانڕا خۆی دیار دەدا، ڕەنگە بۆ من قورستر بێت. چونکە منیش ساڵانێکە بە هۆنینەوەی شێعر سەرقاڵی پەروەردە و دەستەمۆ کردنی ئەم هەستەم و هەندێکیش بە شاعیرم ناو دەبەن، بەڵام

ئەوەی حاشا هەڵنەگرە ئەوەیە کە مرۆڤ لە ناو بوونەراندا سووژەیەکی لەڕادەبەدەر خۆبگۆڕە. جا بەو تێبینییە و بە سەرنجدان بە بارودۆخی ئەدەبیاتی کوردی هەولمدا، بە تەرخان کردنی کات و توانایيم لەمەڕ پەخشان، لە ئاستێکی دیاریکراودا، شێعر تێپەڕێنم. وەنەبێ پشتی تێبکەم؛ نا! بەڵکوو ئاوڕ لە جۆرێکی تری ئەدەبی بدەمەوە؛ بەتایبەت دوای برینی قۆناغی زانکۆ. هەرچەند پێشتر، یانی سەرەتای شەستەکان دوو جارم بەدوای یەکدا ڕۆمانی ژانی گەل خوێندبۆوە و هەروەها لە سەرەتای حەفتاکانیشدا کە مامۆستای قوتابخانەی گوندی گاگەشی سەرێ بووم «هاوارەبەرە»ی کاک فەتاحی ئەمیری و ڕۆمانە زەبەلاحەکەی دەولەتئابادی «کلیدر» هەروەها «جای خالی سلوچ»م خوێندبوونەوە؛ بەڵام لە زانکۆدا نەتەنیا لەگەڵ شێواز و جۆر و تیۆرییە ئەدەبییەکان زۆرتر ئاشنا بووم بەڵکوو بە دەرسیش هەر خوێندمن. لەو تێگەیشتنەشدا ڕۆمانم هێندەی دی بە دڵەوە نووسا. چونکە ڕۆمان سەربەخۆترین و بەرچاوترین جۆری ئەدەبییە؛ هەروەها گونجاوترینیشە بۆ نیشاندانی جیهانی مۆدێرن. چونکە ئەو مەجالەیە کە ڕێگا بە دەربڕینی ئازادانەی بیر و باوەڕ دەدا تا لەگەڵ دنیا و دەوروبەریدا لە پێوەندیدا بێت. ڕاستە گێڕانەوە لە ئەدەبی کۆندا بە شێوەی شێعر و ڕۆمانس جۆرێک نواندنەوەی ژیان بووە، بەڵام گێڕانەوەی ژیانی شکۆمەندانەی شاهان و چیرۆکی ئەفسووناوی پاڵەوانە حەماسییەکان بووە بەبێ ساز کردنی پرسیار، ئەویش بە شێوازی ئایدیالیزمی پۆزێتیو. بە هاتنە ئارای کەشی مۆدێرنیتە جسنێکی نوێی وەک ڕۆمان کە خۆی بەرهەمی ئەو کەشەیە، بە تێکەڵ کردنی دوو توخمی واقیع و خەیاڵ ڕووی کردە گێڕانەوەی ژیانی هەمەلایانەی هەموو کەس، تەنانەت ژیانی خەڵکانی هەژار و بەشمەینەتیش. ئەم جۆرە ڕیوایەتە، بە ئێستاشەوە، سەدان پرسیار لە خۆیدا دێنێتە ئارا؛ هەندێکیان دەگەنە وڵام و هەندێکیش لەگەڵ ئەزموونی ژینگەیی مرۆڤدا ڕێکدەخرێن و بەس! ڕەنگە «هێگێل»یش لەبەر هەندێ وتبێتی «ڕۆمانیش هەر حەماسەیە، بەڵام حەماسەی جیهانی مۆدێرن». من بە هەست پێکردنی ئەم جۆرە فۆرماسیۆنە و بارودۆخی ئەدەبیات و واقیعە کۆمەڵایەتییەکانی کوردەواری هەستێکی نوێم بۆ نووسینی ڕۆمان چرۆی کرد. دەستم پێکرد. سەرەتا ئاسۆی نووسین و ئاکامی چیرۆکەکەم لێ‌ڕوون نەبوو، بەڵام چوارچێوە و تێمی ناوەرۆکەکەیم لە زەیندا هەست پێدەکرد. هەر بۆیەش هەوساری قەڵەمم دایە دەست خەیاڵی گێڕانەوە و لە ئاکامدا، بە نۆ مانگ نووسینی بەردەوام، ڕۆمانی پایزەهەوار لە دایک بوو! هەرچەندە من نووسەری ئەم ڕۆمانەم و لێدوان لەسەری، بە هەر ناو و پاساوێک، کاری من نییە؛ بەڵکوو کاری خوێنەری جیددی و لە ڕاستیشدا کاری سەرەکی ڕەخنەگرە، بەڵام ئەگەر لێم بە تانە نەگرن هەر بەشی ناساندنێکی کورت لێی‌دەدوێم! پایزەهەوار وەک هەموو ڕۆمانێکی تر چەند تەوەری وەک: زمان، فۆرم و تکنیک، نیوەرۆک و تێم و...هتد شایانی باس کردنن. زمانی پایزەهەوار، زمانێکی ڕەسەنی کوردییە، ئەگەرچی هەندێک وتوویانە جگە لە ڕەسەنایەتی پەتیگەریشی تێدا توخە(وا دیارە، ئەگەر وا بێت، ئەوەیان بە خاڵی لاواز داناوە). لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕ: پەتیگەری بە چ واتایەک؟ ئەگەر مەبەست دەکار کردنی وشە و دەستەواژەی کۆن و وەکی دەڵێن بڕێک کەمباون، ئەوە بە سانایی تێناپەڕێ. بەڵێ! زمانیش وەک دیاردەیەکی سروشتی کە بە مرۆڤەوە بەستراوەتەوە، یان وا باشترە بڵێم مرۆڤی پێوە بەندە، لە ڕەوتی کارلێکی نێوانزمانیدا لەسەر یەکتر کارتێکەرییان هەبووە و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، بەڵام نەگونجاوە قەت شوێنپێی خۆیان ون کردبێت! چون ئەگەر وا بێت ئیتر زمانە ڕەسەنەکە خۆی نییە. ئەوکاتە دەبێت بڵێین زمانکوژی یان بە واتایەکی تر خۆکوژی زمانی ڕوویداوە. دیارە بە مردنی هەر زمانێکیش ئاخێوەرانی واتە نەتەوەیەک لەگەڵیدا دەمرێ! لە لایەکی ترەوە پایزەهەوار بە وشەگەلێک دەدوێ کە بەو ڕۆژگارە هەر دەکار دەکرێن و خوێندنەوەشیان چ کێشەیەکی نییە، ئەگەر حوکمی سەیروسەمەرەیان بەسەردا نەسەپێ...! با ئەوەش وەک پرسیارێک وەرگیرێ؛ وڵام ئەوەیە کە لانیکەم دوو هۆکار جێی ئاماژەن. یەکیان ئەوەی کە نواندنەوەیان بە وەبەرچاو گرتنی تکنیک و توخمەکانی گێڕانەوە، ڕەچاوکردنیشوێن-کاتیڕۆمانە(کرۆنۆتۆپ). ئەویتریشیان وەکی باسم کرد ونەبوونی شوێنپێیە. دیارە بۆ پێکانی مەبەستەکەشم نزیک بە چل لاپەڕەم وەک فەرهەنگۆک وەپاشکۆی کتێبەکە هەڵواسیوە. لە بابەت فۆرم و قالبیشەوە، ئەگەرچی پایزەهەوار وەک فۆرمی ڕیالیستییە، بەڵام ئەوە ڕەوەندی دەروونی و سروشتیانەی گێڕانەوەکەیە بووەتە قالبی ئەو ڕۆمانە، کە وەک زارۆیەکی لە حاڵی گەورەبووندا، دەر و ژووری هاوتەریبن. ئاوا نییە کە زانای ڕەهای هەمەشتزان لە هەموو جێگایەک ئامادە بێت، پاش و پێش ببینێت، هەست بە هەر جووڵەیەک بکات، هەروەها جگە لە ئێستای، دەسەڵاتی بەسەر ڕابردوو و داهاتووشدا هەبێت. نا! لەو ڕۆمانەدا زۆربەی هەرەزۆری شتەکان بە واقیعی هەن؛ دەبینرێن و هەستیان پێدەکرێت. دیارە لە ئاست ئەم پرسیارە، کە، ئایا شەڕی هەست و ژیان لە لایەک و عەقڵ(زەین) و ژیانیش لە لایەکی تر هەمان شەڕی ناسین و ناسیاوی ئەمری ئاوەزمەندی دەورەی مۆدێرنە لە ڕۆماندا، وەک جسنێکی نوێ، یان تەنیا سەرکۆنە کردنی ڕابردووی شێعرە لە مەیدانی بێڕکابەری کۆنیدا، دەبێ بڵێم شەڕی نێوان ژیان و زەین و ژیان و هەستیشی تێدایە؛ بەڵام زۆرتری شەڕی نێوان ژیان و بوونە؛ لە ڕاستیدا فەرزی واقیعە بەسەر واقیعدا. دیارە هەر نووسراوەیەک ڕادەی لێتێگەیشتنی پێوەندی بە ئاستی فامی خوێنەرەوەش هەیە، بەڵام هەر نووسراوەیەکیش، بەتایبەت ڕۆمان، خوێنەرەوە و بەردەنگی خۆی هەیە کە ئەوانیش هەرکەسەو ئەزموونی واقیعی ژیانی خۆیەتی نەوەک پلان و هیوا. چونکە واتای جیهانی دەوروبەری ئێمە تەنیا ڕێژەیی و کاتی و تەنانەت دژ بە یەکیشن. دەی! بەرهەمی ڕیالیستی چۆن دەتوانێ ئیدعای ئەوەی هەبێت کە مانا و واتای شتەکان لە پێشدا دیاری بکات، ئەگەر هەرچییەکیش بێت! خوێنەرەوە دەبێت بەو قەناعەتە بگات کە ئەو نووسراوەیە(ڕۆمان) چەندەی کار تێکردووە. یان چەندەی پێوەندی بە ئەوەوە هەیە؛ بەگشتی، شتێکی داوەتێ یان نا؟ لە لایەکی ترەوە

ڕەخنەگریش دەبێت ئەو هۆکارگەلە ڕوون بکاتەوە و لێبڕاوانە هەڵسەنگاندنی بۆ بکا و بایەخی ئەو دادوەری و حوکمەش ڕابگەیێنێت. دیارە هیچ بایەخێکیش بەبێ گەڕانەوە بۆ پێشینە و ڕابردوو ناسەلمێندرێت. با بێینە سەر باسی تێم و ناوەرۆک؛ پایزەهەوار بە دیالۆگی دڵدارانەوە سەر هەڵدەدا و گیرۆدەیی ئەوینێکی ڕاستەقینەی نیشتمانپەروەرانەش دەیباتە خانی حەوتەم. هەڵبەتە خاڵی گرنگ تێیدا سڕینەوەی عادەتە بۆسازکراوەکانن کە پێشاوبڕکێ لە ڕۆمان دەدەنەوە. یانی تا ئەو جێگایەی گونجاوە وا نەکراوە کە نماد و نیشانەکان ببنە جێگرەوەی شتە واقیعییەکانی ژیانی ڕۆژگار لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکەدا؛ چونکە ئەوە شێوەیەکی نواندنەوەی بەشێکی هەرەزۆری ڕاستییەکانی ژیانی مرۆڤی دەورەیەکی تایبەتە لە کۆمەڵگادا. جا لەبەر ئەوەی جگە لە واقیع، خەیاڵیش توخمێکی سەرەکی ڕۆمانە، نەمویستووە ئەو بڕە تێمە مێژووییەی کە بە ڕۆمانەکەوە دیارە لە تەمی خەیاڵدا ون بێت. خۆ ئەوە ڕاستە کە، قارەمانی سەرەکی و دەیان کارێکتێر و کەسایەتی ناو ڕۆمانەکە ناوی خوازە و خەیاڵین، بەڵام لانیکەم نزیک بە دە کەسیان ڕاستەقینە و بگرە چوار کەسایەتی سەرەکیش لە کاتی نووسینیدا زیندوو بوون و تەنانەت بۆ دڵنیا بوونەوە لە زانیاری هێندێک ڕووداوەکان ڕاوێژیشیان لەگەڵدا کراوە! ئەو کەسانەی ئێستاشی لەگەڵدا بێت جێگا پەنجە و ئاوازەی ناویان بە یادەوەری بزووتنەوەی جوتیارانی چۆمی مەجیدخانەوە دیارە. ئەو کەسانەی خەڵکانێک لە هەست و هەلۆێستی ئەوانڕا غیرەتیان کەوتە هەناوان و وێرایان بە خاوەن ستەم بڵێن نا...! پایزەهەوار بە ئاوڕدانەوە لە دواوە(فلاشبک) و تێهەڵکیشی وردە چیرۆکی تر(پارودی) نرخی خۆی خەملاندووە بۆ بەستێنی ڕۆحی هەرمانخوازی مرۆڤ(ئاواتێک بە درێژایی تەمەن). ئەوەتا ئەو کەسایەتییانە ئێستا لە ژیاندا نەماون، بەڵام لەم چیرۆکەدا کە هەر وا دەژین، پلەی هەرمانیان وەرگرتووە. یانی ئەوان ئیتر چیرۆکانە دەژین و لە من و تۆ و نەوەی داهاتووش پتر تەمەن تێپەڕ دەکەن. ئەگەر ئەوان ژیانیان تەرخانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی کردبوو ئەوەتا تینی ئەو پشوویە لە چیرۆکەکەدا هەروا هەڵمی لێ‌هەڵدەستێ. بێ‌گومان میراتی سیستمی کۆلۆنیالی کۆن بەرچاوترین لێکەوتەکانی، دامەزراوەی خێڵ و عەشیرەت بووە کە بە داخەوە لەچاو زۆربەی نەتەوەی دەوروبەرمان لە ناو ئێمەدا، ئەگەر نەڵێم لەو سەردەمەشدا وەک هزر و فام تەنانەت بە واقیعیش، برێک تۆخە، باوەڕتان بێت هێشتاش بەتەواوی کاڵ نەبۆتەوە کە لە باری کۆمەڵایەتییەوە پێیەوە پشت ئەستوور بین. جا پایزەهەوار بە نەختێ تێمی پەروەردەیی، وەک سازکردنی قارەمانی تایبەت و زەق کردنەوەی کەسایەتی مینە شەشە و سوڵتان ئاغا و یای مێر و...هتد، هەوڵی وێکخستنەوە و ڕێکخستنەوەی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی داوە کە هەر خۆی‌لەخۆیدا یەکێ لە ئەرکەکانی ڕۆمان، بە گوێرەی پلان، هەڵوەشاندنەوە و دامەزراندنەوەی سەرلەنوێیە. گێڕانەوە لە پایزەهەواردا فرەدەنگیی دیالۆگانە(پۆلیفۆنی) و چەند دەنگییە. ئەگەر ناوەناوە تاکدەنگی(مۆنۆلۆگ) ڕوودەدا، لە ڕاژە و ناساندن

(تەوسیف)ەکاندایە؛ ئەو دەقە وەسفیانەی جارجار دەکەونە بەر ڕەحمەتی لالووتی هێندێ خوێنەرەوە و بەسەریاندا بازدەدرێ. ئەگەر وای دابنێین ئەو وەسفانە وەک قاب، یان چوارچێوەیەکن کە نەخشیان تێگیراوە و بوونەتە تابلۆ و بە دیوارەوە هەڵواسراون، جێگای سەرنج پێدانن، بەڵام خوێنەرەوەیەک کە بە تاڵووکە لاپەڕەکان لێکدەدا و بەبێ ئەوەی ئەو دەقە ئەدەبییە وەسفانە بخوێنێتەوە تێیاندەپەڕێنێ، لە کۆتاییدا کە وەخۆ هاتەوە تێدەگا چلۆنی، بەشێک لە کتێبەکە، لە دەست دەرچووە. ئەو جۆرە خوێنەرەوە کە تا ئەو کات پێی‌وابوو تەنیا لەگەڵ قابێک سەروکاری هەیە، ئێستاش هەروا دەبێ بە شوێن تابلۆکەدا بگەڕێ. لە ڕاستیدا هێندێک ڕۆمان کە بە شێوەی وەسفی نووسراون؛ کە چاو لێدەکەی ئەو وەسفە لە هیچەوە دەست پێ‌دەکا. وا وێدەچێ لە شتێکی بچووکی بێ‌بایەخەوە دەستی پێ‌کردووە؛ بە جۆرێک، لە پەناڕا وشەکان دەکەونە دژایەتی یەکتر یان بوون و نەبوون، ناحەز و جوان(پاڕادۆکس) هەروەها پاتەبوونەوەی بەدووی یەکدا. وردەوردە لە ناو وەسفەکاندا شتێک دەبینین کە وادەزانین لە لێڵی و ئاڵۆزییەوە سەری هەڵداوە، بەڵام لە کۆتاییدا تێدەگەین کە هیچ شتێکی لە دوای خۆی جێ نەهێشتووە؛ بە شێوەیەک کە وەسف لە جووڵەیەکی دووپاڵووی خولقاندن و سڕینەوەدا گەییشتۆتە کۆتایی. ڕەنگە مایەی هەندێ دڵساردی و بەخۆداشکانەوەش، کە سرشتی بەرهەمی ئەمڕۆیین، لێرەوە سەرچاوە بگرێت.

**پ – دۆخی ئەدەبیات بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەت؛ ئاسۆی لێ‌ڕوانین...؟**

و- قسە و باس لەسەر ئەدەبیات بە شێوەی گشتی زۆر قورسە. چونکە لە ناو زانستە مرۆییەکاندا ئەدەبیات بەرفرەوانترین بازنەیە. یانی باسی دەریایەکە سنوور و ئاسۆکانی نادیارن. دەریایەک بە هەزاران بوونەر و هەر کامەشیان سەر بە بنەماڵەیەک، بەڵام هەمووشیان هەر لە ژینگەی دەریاییدا. جا ئەدەبیاتیش بەبێ سیلەی ڕوانینی لە جوغرافیای دەسەڵاتی کە لە چەشنی ئاسمان باڵی خشیبێتە سەر و سەکوتی کورەی خاکی، ژینگەی جسناتی(ژانر) خۆیەتی. ئەو جسنانەی کە بەگشتی بە یەک چاو لە ژێر چەمکی ئەدەبیات یان ئەگەر بەرهەستتری بکەینەوە بە ناوی هونەر لافیان دەجۆشێ. دیارە وا تێکتەنراون کە، بابەتە هونەرییەکان ئەدەبیاتانە دەدوێن و ئەدەبیاتیش لە گۆشەنیگای هونەرەوە شرۆڤە و لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. ئەو جسنانەی هەر یەکەو گەوهەرێکە بۆ خانەی جەوهەری تاقانەی ئەدەبیات. کەواتە جەوهەرێک و سیفاتی بێ‌ئەژمار(ئیسپینوزایی)! کورد کوتەنی ئەم هەویرە ئاوێ زۆر دەبا! هەر بۆیەش دەبێت لا لە باسی گشتی لادەین و تەنیا لەسەر ڕۆمان، کە لێرەدا تەوەری سەرەکی بەرباسە، بدوێین. دیارە باس لەسەر ڕۆمانیش هەر بەربڵاوە، بەڵام بازنەی باسەکە بەرتەسکتر دەکەینەوە و بە خستنە ڕووی پێشینەیەکی ڕۆمان لە ئاستی ئەو نووسراوەیەدا، باسی گریمانەی نوێبوونەوەی دەورووژێنین کە ئێستا وەک پرسێک کەوتۆتە ڕۆژەڤەوە. ڕۆمان چیرۆکی کۆمەڵگایە و مرۆڤیش سەمبول و ڕەمزێتی؛ هەر بۆیە ڕۆمان بەردەوامە بۆ لە ناخەوەڕۆچوونی کۆمەڵگا و کێشەکانی؛ کە بە

گوێرەی پێویست کۆمەڵگای دابەزیو لە ئاستی ئەخلاق و مرۆڤایەتییەوە هەڵوەشێنێ و سەرلەنوێ دایمەزرێنێتەوە. ڕۆماننووس دەیهەوێ بە ڕەچاوکردنی هۆکارگەلە بنەڕەتییەکان هەموو شتەکان وەک گشتییەتی ئۆبژە بنوێنێتەوە؛ بەوجۆرەی کە بریتی بێت لە مرۆڤ و دنیای مرۆڤ، بە شێوەیەک کە تەواوی لایەنەکان و ئەرکەکانی بگرێتەوە. دیارە لەو بارودۆخەدا کە کۆمەڵگا بەرەو داکشان دادەگەڕێ، جۆرێک دووبەرەکێ و دژەوازی لە نێوان مرۆڤی هەستیار و بەئەخلاق لەگەڵ کۆمەڵگا و هۆگەلی تووش بوونی بەو حاڵەتەوە دێتە ئارا؛ وای لێدێت کەلێن دەکەوێتە نێوان ئەو و یاسا و نەریتە باوەکان، تەنانەت ئایینیش. چونکە لەو دۆخەدا بەباشی هەستی پێدەکات کە زەین و واقیع، تاک و گشت، هەروەها ئەخلاق و ڕزیلی چەندە لێک دوورن و بەینیان تێکەوتووە. نووسەری ڕۆمان پێیوایە دەبێت ڕوحی ڕاستی و پاکی بۆ کۆمەڵگا بگەڕێنێتەوە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەشی چی بە دەستەوە نییە؛ جگە لە شێوازی نواندنەوەی کۆمەڵگایەکی تێکەڵەی خەیاڵیی و زەینی کە لەوێدا کەسایەتییە خەیاڵییەکان و لە هەموانیش گرنگتر قارەمانە پلە یەک و چەندەکانی ناو ڕۆمان ئەو ئەرکانەیان پێ دەسپێردرێ. هەڵبەتە دیارە بۆ سەرکەوتنی ڕۆمان تەبایی زەین و واقیع پێویستن! چونکە گەوهەری ژیان تەنیا لە ناوەندی ژیاندا نییە؛ بەڵکوو وەک فەرمانێکی ئەخلاقی لەگەڵ گیان و ڕوحی قارەماندا جێگیرە، بە شێوەیەک کە لە بەرانبەر کۆمەڵگادا سەنگەری گرتووە. واتە ڕاستەقینەی خۆی لە دەست داوە. تەنانەت ئاواتەکانی خودی قارەمانەکەش هەر، شتێکی هەوایی و درۆیینن؛ بەڵام لانیکەم لە هەوڵ و پەیجووری گشتییەتی ونی ناو ژیان دایە. ئەو گشتییەتەی کە تێیدا مرۆڤ و جیهان لێک نەبان و غەوارە نین؛ بەڵکوو گەورەیی و پێگەی قارەمان بەستراوەتەوە بە دژەوازی و ململانێ لەگەڵ جیهانی ژیان. هەرچەندە گشتییەت کە بە شێوەی هێز خۆدەنوێنێ دەولەت بەڕیوەبەرێتی! لە لایەکی ترەوە مرۆڤی مۆدێڕن ئاواتەکانی لەگەڵ ئامانجە گشتییەکان جیاوازە. لێرەدایە گرنگی ڕۆمان، بە شیوەیەک لە شێوەکان، بۆ ئاشکردنەوەی تاک و کۆمەڵگا وەک هەوڵێکی بەرچاو دەردەکەوێت؛ بەتایبەت لە ڕوانگەی ڕۆمانە پەروەردەیییەکانەوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا نووسەران توانیویانە هەموو لایەنەکانی مرۆڤ شی کەنەوە و بینوێننەوە؟ دیارە نووسەر و شێوازی براوە ئەوانەن کە نێوانی مرۆڤ و کۆمەڵگایان لابردبێت یان، لانیکەم، کەمیان کردبێتەوە. ئەوەی مرۆڤ چ بەپێی پرۆگرامی پەروەردەیی، چ لە دەرەوەی ئەم بازنەیەدا، بە ناوی جۆرە ئەدەبییەکانەوە، یەک لەوانیش ڕۆمان، فیری دەبێت جا بە شێواز و نێوەرۆکیشەوە، جیاواز لەو کۆمەڵگایە نییە کە ژیان و بایەخەکانی بۆ دیاری دەکات. جا لێرەدایە پردی پێوەندی تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، کە بریتی بێت لە زمان، گرنگیی خۆی دەردەخات. چونکە بە باوەڕ و تیۆری زۆرینەی فیلسووفان هەموو شتێک هەر لە زماندا ڕوودەدا. بەو پێیەش بە قسەی باختین: ڕۆمان یانی چەرشناوچەشنی شێوەکۆمەڵایەتییەکانی زمان و دەنگە تاکییەکان وەک ئاست و نێوانی تاک خۆی و دیتران، بۆ

فام و لێکتێگەییشتن، کە بەوپەڕی تێبینی و هونەرمەندانە ڕێکخراوە. بۆیە دەکرێ بڵێین دنیای ئەمڕۆ جگە لە گوتار، یانی پێواژۆ(دیسکۆرس) چی تر نییە. پێواژۆیەکی بێپایان، لە نێوان زمانگەلە ئاواڵدوانەکان و ڕەقیبی یەکتریش، بۆ گەیشتن بە حەقیقەت کە ئەویش بەدەر نییە لە گوتار و دەشکرێ بنوێنرێ! بەرهەمی ئەدەبیش بە جۆرێک ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە؛ چونکە دوو لایەنە؛ لایەنێکی هونەری دەقە، کە نووسەر دەیخوڵقێنێ، لایەنێکیشی جوانیناسییە و پەیوەستە بە فامی خوێنەرەوە؛ کە هەر خوێنەرەوشە دەق دێنێتە دی. با شتێکیشمان بیر نەچێت! خاڵی گرنگ ئەوەیە کە جاری وایە ڕەخنەگران توانایی ئەوەیان نەبووە و نیشیانە، یان وا باشترە بڵێم بۆیان ناقەبڵێت نووسەر خاوەنی ئەندێشە بێت و دەریببڕێت. هەرچەندە نووسەر ڕەنگە هەروا ئەو شتانەی لە پەنا یەکتر چنیبێت؛ یان خاوەنی هێزێکی باڵادەستی دەروونی بێت! بۆیە پێش ئەوەی خوڵقێنەرێکی تایبەت بێت، تەنیا ڕێکخەرێکی سادەی نێوان بەرەی لە جۆری بەشەری نەمێن و هێزێکی نادیاری سەرووی بەشەرییە، وەک ڕوح و ئەبەدییەت و...هتد! ئیتر سەرنجدان بەم خاڵە پێویستیی ئاڵوگۆڕیی هێنا و هەروایش دێنێتە ئاراوە؛ جا چی و چۆن و کەی بووە و دەبێت، ئەمە بابەتی مشتومڕە. لە لایەکی ترەوە هۆی سەلماندنی ئەوەی کە ڕەنگە ژیانی مرۆڤ چ لە قەبارەی کۆمەڵگایەکدا و چ لەسەر ئاستی تاهەتاییەکی بێ سەر و بن، یەکسەرە پووچ و بێواتا بێت، جیلێکی، وا تووشی سەرسوڕمان کرد کە گورزی خەیاڵاوی ئەم بۆچوونە لە پێش هەموو شتێکدا بێسەرەوبەرەیی خستە دۆخی بایەخە مرۆییەکانەوە. ئەمە پێویستیی ڕۆمانی نوێی، کە ڕۆمان خۆیلەخۆیدا بەرهەمێکی نوێی مۆدێڕنیتەیە، دەرخستووە. وەکی کوترا ڕۆمان خۆی وەک دیاردەیەک جسنێکی سەر بە مۆدێڕنیتەیە؛ یانی خۆی نوێیە، بەڵام ناکرێ لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتندا کە هەموو شتێک دەگۆڕدرێ، ڕۆمان نەگۆڕدرێ. یانی چی؟! یانی کەرەسە نەریتییەکانی ژیان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێت، بەڵام کەرەسەی دەروونی و هزریی هەر وەک خۆی بمێنێتەوە. ئەویش بەو تێبینییە کە ئەوەی تاهەتایی و بێبڕانەوە بێت هەر دڵە و بەس! لێرەدا پرسیارێک دێتە ئارا کە ئایا ئەدەبیات دەیهەوێ خۆی نوێ کاتەوە یان شۆڕش بە سەر خۆیدا بکات؟ یانی شۆڕشێکی بەربڵاوتر لەوەی کە ڕۆمانتیسم و ناتۆرالیسمی پێ لە دایک بوو؟! ئەگەر وا بێت؛ دەی چ شتێک دەگۆڕدرێ و بە چ لایەکدا دەکەوێت؟ جا بەو پێیە، ئایا ڕۆمانیش لە سەرەمەرگدایە بۆ لە دایک بوونەوەیەکی نوێ؟ لەوانەیە کەسایەتییەکانی ناو ڕۆمانیش سەبارەت بە ئەرکە پێسپێردراوەکانیان بگۆڕدرێن! هەروەها دنیای دەوروبەریش، کە واوێدەچێ بەو واتایانەی کە پێیدراوە ئیتر هەموو شتێک تەواوە؛ بەتایبەت ڕۆمان ئەوەی لە ئەستۆ بووە، بەڵام ئەوە ڕەنگە شک و گومانێک بێت و هیچێ تر! چونکە ئیدی دنیا لە ڕۆماندا ڕوون نابێتەوە. بەڵکوو وردەوردە ژیانی تێدا چووە! بە وەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە، ڕاستەقینەی دنیا لە بوونیدایە و دەبێت ئەدەبیاتێک بخوڵقێندرێت گوزاریش لەم بوونە بکات؛ هەموو نووسەران پێیانوایە ڕاستیواز و ڕیالیسمن(هەرچەند

له زۆرینەی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا ئەوە دەقی کلاسیکە زۆرترین ئیرجاعی پێدەکرێت)! دیارە لە لایەکی ترەوە ڕاستیوازی و واقیعخوازی بیرۆکەیەک و ڕوانگەیەکی سەلمێندراو نییە تا بەم پێوانەیە نووسەرانی پێهەڵسەنگێندرێن و لە بەرانبەر یەکدا ڕابگیرێن؛ بەڵکوو بە پێچەوانەوە بەیداغێکە، کە وێدەچێ هەموویان نا، بەڵام زۆربەیان لە ژێر سێبەریدا ڕیزیان گرتبێ و لافی پێ لێدەدەن. خۆ ڕەنگە متمانەشیان پێبکرێت؛ چونکە بەتەواویی توانای خۆیان خستۆتە گەڕ بۆوەی ڕاستەقینە بخوڵقێنن. بەو جۆرەی کە لە دوای کلاسیکەوە زۆربەی شۆڕشە ئەدەبییەکان لە ژێر ناوی واقیعخوازیدا ڕوویان داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وانییە کە خەباتێکی هاوبەشیان هەبێت؛ نەخێر! هەرکەسەو ئەسپی خۆی لێنگ دەدات؛ هەرکەسەو وادەزانێت تەنیا خۆی خاوەنی ئەو بەهرە و هەستەیە. خاڵێکی بەرچاوی کە وەک هۆکار یان پاساو دەیخەنە ڕوو ئەوەیە کە دەڵێن بە پێچەوانەی ڕۆمانی کۆن(بە وتەی ئەوان) کە لە کاتی ڕابردووی بەردەوامدا گێڕانەوە دەکات؛ ڕۆمانی نوێ زۆرتر لە کاتی ئێستادا شتێک دەگێڕێتەوە کە لە حاڵی ڕوودان دایە. ئەوەی ڕوونە لەو جۆرەیاندا، قارەمان لەگەڵ گێڕانەوەدا دەیهەوێ وردەوردە خۆشی بناسێنێت. هەروەها ڕۆماننووسیش ئێتر سەرنج ناداتە بوون و چییەتی جیهان، بەڵکوو لە هەوڵی ئەوە دایە لەگەڵ دیتراندا ئەویش هەبێت. شتێکی دیکەش کە زۆری لێدەدڵێنەوە؛ زمانە. دەڵێن زمان دەکار ناکەین بەڵکوو دەیدوێنین! بۆیە ئەوانەی پێیانوایە ڕۆمانی نوێ هەیە، ئاراستەکەی بەرەو کایەی زمانییە. یانی نووسینی بەبێ هۆکار، بەبێ قووڵایی و پتەوی، بەڵام ڕووکەشیانە و تێدابردنی شتگەل و پەیام و هەروەها، کەشی دابونەریتی کۆن. بەڵکوو نووسین و ڕیز کردنی کۆڵێک شتگەلی سادە و بەردەست بەدووی یەکدا؛ وەک: شار، تابلۆ ڕێنماییەکان، وارش و دار و درەختی دەوری ماڵان یان کەرەستە کەمپێویست و لاوەکییەکانی ژیان وەک چاویلکە و گۆچان و شتی لەو جۆرە. بۆیە دەڵێن مرۆڤ لە شێوەیەک لە نووسینەکانیدا ڕەنگە هەم نووسینەوە و گرداری بۆ ژیانی بکا و هەم وەک بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری لێی بڕوانێت. ڕۆمانی نوێ، وەک جووڵانەوە، یەکدەست و قورس نەبووە و نیشە؛ چونکە پەرەپێدەرانی ئەم شێوەیە هەرگیز نەیانتوانیوە و ڕەنگە قەتیش نەتوانن سەبارەت بە ئامانجەکانی ڕێبکەون. ڕۆمان لە ئەدەبیاتدا ڕەنگە تەنیا بە دوای بەختەوەریدا بێت، ئەویش ئەو کاتەی کە مرۆڤ لە چیرۆکی خەیاڵیدا بە شوێن جۆرێک لە دڵنیایی و هێمنایەتی فکریدا دەگەڕێت کە جیهانی واقیع ناتوانێت بیداتێ، بەڵام لە ئاسۆی ئەو ڕۆمانەی کە پێیدەڵێن نوێ وەکی دیارە نە بەختەوەرییەک خۆی دیار دەدا و نە ڕزگارییەکیش وەدی دێت. دەمێنێتەوە ئەو داهێنانە زمانی یان کایە زمانییانەی، کە بە بیانووی هونەری ئاوانگاردی خەست و پێکهاتەشکێنی کردوویانەتە بوت، کە هەروا پێیهەڵدەڵێن و دەیپەرستن. با لێرەدا ئەوە ڕوون بێتەوە کە ئەگەر بێتوو ئەدەبێک توانستی بەرهەم هێنانی دەقی ئاوانگاردی نەبێت ئەدەبێکی تەپە، بەڵام ئێتر بەرهەمە سەرکەوتووەکان هەر بەتەنیا بارتەقای بەرهەمە ئاوانگاردەکان بەرتەسک نابنەوە. چونکە بەرهەمێکی ئەدەبی ڕەنگە ئاوانگارد نەبێت، بەڵام داهێنەرانە بێت و ئەوەشی لە باراندا بێت بتوانێت شتێک بە سامانی ئەدەبییەوە زیاد بکات. ئەگەرچی ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە جگە لە بەیانییە و وتار و ڕادەربڕین بەرهەمێکی ئەوتۆ و بەرچاویان لێ نابیندرێت. وێدەچێت خەونی سەرقاڵی بە ئاوانگاردیشیان هەر بە کەم گرتبێت. خۆ دیاریشە کە بە سووک ڕوانین لە دەقی داهێنەرانەی ئاوانگارد جۆرێک داکۆژانی چاوەی وەبەر هێنانی ئەو جۆرە دەقانەیە. هەر بۆیەش ئەوانەی کە سیاسەت و عیشق و ئەخلاق و مرۆڤ و جیهانیان لە ڕۆمان هەڵێنجا و بەتاڵیان کرد؛ دەبێت بیسەلمێنن کە ئێتر ناتوانن بە سەر ئەو ڕوەتەدا زاڵ بن کە لە چاوەڕوانی بەرهەمی خەیاڵی و واقیعی دان، نەوەک بانگەشی بێهیوایی لە هەموو شتێک؛ بەڵکوو چاوەڕوانی بەرچاوڕوونی و ورە بەخشینن بۆ چێژ وەرگرتن لە ژیان. لە لایەکی ترەوە ئەو مەترسییەی کە بەو هۆیەوە ساز بووە خۆ هەر بەو واتایە نییە کە جێگای عیشق و عاشقی لە نێو چووە بەڵکە خەریکە ئەدەبیات تێدا دەچێت...! یانی بەتاڵ لەوەی کە مرۆڤ چی لە دەست دێت، بەڵکوو هەر چییەتی مرۆڤ مانا دەکاتەوە. ئەگەرچی ئەو دەقانەی وەک ڕۆمانن گوماناوین و پێویست بە سەلماندنیان ناکات، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا لە گومانیش تۆختترن. چونکە هونەر وەپاڵ هیچ حەقیقەتێک نادرێت کە لە پێش خۆیدا نەبووبێت؛ یانی هیچ شتێک نییە خۆی نەبێت، کە هەر خۆشی هاوسەنگیی نێوان خۆی و واتای خۆی پێکدێنێت و لەسەر پێی خۆی ڕادەوەستێت...! ئەم جۆرەی کە ئاوا باسی نووسین و نووسەر دەکرێ، ئەو پرسیارە دێتە گۆڕ کە، تۆ بڵێی نووسەر بۆ کێ بنووسێت؟ یان وا باشە بڵێین نووسین بۆ کێیە؟ ڕەنگە بکوترێ نووسەر بۆ هەموو کەس دەنووسێت، بەڵام ئەوەیان ئەوپەڕ دڵخوازییە و هیچی تر، بەڵکوو لە ڕاستیدا زۆرتر بۆو کەسانە دەنووسێت کە ئازادییان وا زەوت کراوە و وا پشتگوێ خراوە نە وەبیر دێتەوە و نە دەست پێیڕادەگات. گومانیش لەوەدا نییە کە زۆرینەی نووسەرانی ڕۆمانی نوێ، جا یان بەدایم یان لە هەندێک بەرهەمیاندا، خۆیان بەرخۆرن نەک بەرهەمهێن! جا ئەوەیان دابەزینی هونەرییانەیە، یان هەڵچۆڕانی هەستە، یان کردەیەکی تێکنیکاڵی بە مەبەستە؛ ئەوە ئێدی وڵامەکەی لای خۆیانە! هەرچەند تەمایان گرتبێت قەڵەمی خۆیان خستبێتە خزمەتی بەرژەوەندی کۆمەڵگا، بەڵام بەرهەمەکان ئەوەندە ناپێویستن کە گێڕانەوەی هیچە لە پێناو هیچدا یان هونەرە بۆ هونەر(جۆرێک گەڕانەوە بۆ پارناس، بە ئیفادەی نوێخوازی)؛ تەنانەت مەیلی سڕینەوەی بنەماکانی چیرۆکە بە بەرهەمە کلاسیکییەکانیشەوە(ڕەنگە دادائیسم هەڵیدابێتەوە)! کەچی نووسەری بەرخۆر نرخ و بایەخی بازرگانیشی هەر بە دڵخواز دادەنێت. لە لایەکی تریشەوە لە کۆنسەی ڕاپەڕاندنی نان بە قەرز داندا ناو و ناوبانگ دەزرێتەوە و پێش ئەوەی بەرهەمەکان بکەونە بەر دیدی گشتییەوە وتار و شرۆڤە تەوسیفییەکان «دەنگی قورینگان دێن لە حەوارا»یە. بەڵام خۆ ئەدەبیات تەنیا بەرهەم نییە؛ خوێنەرەوە و ڕەخنەش هەیە. گریمان قەیرانی خوێنەرەوە وەباڵ بە ئەستۆی خۆیەتی، ئەدی ڕەخنەگر؟ ئەویش ڕەنگە

لەبەر ئەوەی هێشتاش ڕەخنەی ئەدەبی لە ناو ئێمەدا زۆربەی هەرەزۆری وەک نیشانەیەکی دژایەتی و دۆستایەتی لەگەڵ نووسەرەکەیدا سەیر دەکرێ، بەبێ دڵمەندی، ڕازی بێت. با لە ئەنجامدا شتێکی تر بخەمە ڕوو کە ڕەنگە بێلوتف و بێجێش نەبێت، بەڵام هیوادارم نەیخەنە حیسابی پاشەکشێ و پاساو بۆو یادداشتە! من وەک خۆم نەتەنیا دژی نوێگەری لە ئەدەبیاتدا نیم، هەم لە شێعر و هەم بەتایبەت لە ڕۆمانیشدا، وەک پەخشان؛ بەڵکوو ئەوەندەم حەز لێیبووە هەنگاویشم بۆ ناوە. ئەوەتا یەک لەسەر سێی هەوەڵ کتێبی شێعریم «شاباڵ» شێعری نوێیە. هەندێک لە بەرهەمە نوێیەکانم لا پەسند و گرنگن، بەڵام نەک ئەوانی تر کە ئەم نووسراوەیە ڕووی لەوانە. هەروەها هەتا ئێستاکەش خوێنەرەوەیەکی بەردەوامی شێعر و ڕۆمانی نوێم. لە کۆتاییدا پێم باشە ئەم باسە بە کراوەیی جێ بێڵم؛ ئەویش بەو تێبینێی کە، ئەدەبیات سێکوچکەیەکی هەیە بە ناوی مێژووی ئەدەبی، ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی. کەواتە بناغەی ئەدەبیات مێژووەکەیەتی! یانی ئەدەبیات بەبێ بەرهەم هیچ نییە؛ هەر بەرهەمەو، لە دەورەی کلاسیکەوە بە ئێستاشەوە، دەکەوێتە بەر تیخی ڕەخنە و پاشان تیۆری بە باڵای دەگیرێت. جا ئەگەر نوێخوازی دابڕان بێت لە پێشینەی ئەدەبی و واتا کلاسیکییەکەی، ئەوە، کەی بەردەوامی و پەرەپێدانە بۆ گەیشتن بە دۆخی گەشەی ئەدەبی؟ ئایا دابەزاندنی سووژە تا ئاستی ئۆبژە(هبوت)، یان پێدانی پلەی سووژە بە ئۆبژە بە سڕینەوەی پەیام، هەروەها قرتاندنی سەروگوێی وشە و جووتن و کەف پێکردنی پیت لە وشەدا بە ناوی شۆڕش و سەرکێشیی زمانیی لە تەنراوەی دەقدا قەیرانەکانی ئەدەبیاتی ئێمەی یەکلایی کردۆتەوە؟ ئەگەر ئەوە ڕووی داوە؛ چۆنێتی و چەندێتی چین؟! جا ئەوە چاوەڕێین؛ با هەر نەبێ تۆزێ بیندرێژ بین...!

## قەناتی کوردۆ، نووسەر و زمانناسی کورد
## (١٩٠٩–١٩٨٥)



**لە ڕاستەوە: قەناتێ کوردۆ، حەجی جندی، کەنیاز ئیبراهیم**
**١٩٨٠ ئیرەوان**

قەناتی کوردۆ (کوردۆیڤ) ساڵی ١٩٠٩ لە گوندێکی باکووری کوردستان لەدایکبووە، ئەو سەردەمە گوندەکەی زێدی قەناتی کوردۆ لەژێر دەسەڵاتی رووسدا بووەو لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بە یەکجاری وێرانکرا. ئێستا گوندی کوردۆ لەسەر نەخشەدا نەماوە. باپیری قەناتی کوردۆ یەکێک بووە لە پیاوە هەرە ناودارەکانی ئێزدی و لەتاو زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە بەرەو خۆرهەڵات کۆچیکردووە و دواتر لە تەفلیسی پایتەختی گورجستان گیرساوەتەوە.

ساڵی ١٩٢٨ قەناتی کوردۆ لە تاقە خوێندنگەی کوردی ئەو شارەدا بووە بە خوێندکار و پاشان لە زانکۆی لینینگراد بەشی زمانە ئێرانییەکانی تەواوکردووە. لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە و لە هەمان زانکۆدا تا کۆتایی ساڵی ١٩٥٩ مامۆستا بووە. لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوودا قەناتی کوردۆ بوو بە سەرۆکی بەشی زمانی کوردی لە پەیمانگەی گەلانی ئاسیا، کە سەر بە ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤیەت بوو، قەناتی کوردۆ وەک خۆرهەڵاتناسێک گەلێک کتێب و فەرهەنگی زمان و بەرهەمی ئەدەبی نووسیوە و خزمەتێکی زۆری زمان و ئەدەب و کەلتوور و فۆلکلۆر و مێژووی کوردی کردووە. قەناتی کوردۆ رۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٥ کۆچیدوایی کرد

بەرهەمەکانی:

– ڕێزمانی زمانی کوردی: بە کەرەستەی دیالێکتی کورمانجی و سۆرانی، مۆسکۆ، ١٩٧٣ (وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە بۆ کوردی: کوردستان موکریانی، چاپخانەی الأديب البغدادي، ١٩٨٤).

– کتێبی ڕێزمانی کوردی – شێوەی کرمانجی لەیەریڤان چاپکراوە. ڕێزمانی کوردی – مۆرفۆلۆجی و فۆنەتیک.

– قەڵای گەل – چیرۆک. مێژووی ئەدەبی کوردی – بەشی یەکەم چاپی سوید.

– مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی دووەم چاپی سوید.

– مەمو زین – چاپی سوید ١٩٩٦.

– فەرهەنگی کوردی (سۆرانی) – ڕووسی،(نزیکەی ٢٥٠٠٠ وشەیە)، چاپی دەزگای چاپەمەنی زمانی ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٨٣ ئەمە سەرەڕای ژمارەیەکی زۆر لە وتارو لێکۆڵینەوەی زانستیو دوو فەرهەنگنامەی کوردی–روسیو فەرهەنگێکی فراوانی کوردی کە ٢٥ هەزار وشەو زاراوەی لەخۆگرتووە.

وەرگێڕ لە فارسییەوە: قادرعەلیخا ـ بۆکان



# جوانوو مایین

نووسینی شۆلۆخۆف

ئەوکاتەی ڕۆژ گەیشتبوە نیوە، لە پەنای کۆگایەک پەین و لەنێو هازەهازی پۆلێک مێشە زەردەی زۆروزەوەندا لەدایک بوو. لە پێشدا لمبۆز و هەردوو سمەکانی دەستی لە زێی دایکەییەوە هاتنە دەرێ و وردەوردە بەشەکانی دیکەی لەشیشی ڕەهابوون و بە دەم شەپۆلێک لیمان و خوێن و خوڕەوە پێی نایە ژیانەوە. یەکەم شتێک لە ژیاندا بە ئاسمانی سەر خۆیەوە چاوی پێی کەوت، دووکەڵی شراپنێل بوو. گرمە و هاشەی گوللەتۆپەکە لەشە لیچقن و تەڕەکەی فڕێدایە بەینی لاق و دەستی دایکییەوە. ترس، یەکەم هەست بوو لە ژیاندا بەرەوپیرییەوە هات و چاوی پێی کەوت. دەسرێژی چوارپارە و بۆنی ناخۆشی ئەو باڕووتانەی دادەبارینە سەربانی یەختەرمەخانەکە و دانەدانەشیان بنمیچەکەیان دەبڕی، دایکی جوانووە بۆرەکەی ترۆفیمیان ناچار کرد لە جێی خۆی هەستێ و قیت ڕاوەستێ، بەڵام لەبەر ئەوەی هێز و توانایی بە سەر پێوە ڕاوەستانی نەبوو، حیلاندی و بە لاتەنیشتە ئارەقاوییەکەیدا کەوتە سەر کۆگا پەینەکە.

دوای ئەو قرمژن و تەقەتەقە، بێدەنگییەک باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا. وڵات ئەوەندە مەند ببوو دەنگی ویزەویزی مێشەکان بە جوانی دەبیسترا. ئەو کەڵەبابەی لە ترسی دەنگی ڕێژنەی گوللە نەیدەوێرا بچێتە سەرپەرژینەکە خۆی کێشا نێو گیا و گژەکە و یەک دوو کەڕەت باڵەکانی لێک ڕاکێشا و یەکێک بە خۆی دەنگی لێ هەڵبڕی و خوێندی.

لەنێو چارداخەکەوە ئاه و ناڵەی تیربارچییەکی بریندا وڵاتی وەئامان هێنابوو. جارێک بە دەنگی نووساو هاواری دەکرد و جارێکیش دەستی دەکرد بە جنێودان. هەنگەکان لەنێو باخچەکەدا بەسەر گەڵاشینەکانی گوڵاڵە خاشخاشەکاندا هەڵدەفڕین و بەردەوام دەنگی گیزەگیزەکەیان دەهاتەگوێ. لەنێو گیاجاڕەکەی پشت ستانیتسا دەسرێژی تیربارێک خەریک بوو کۆتایی بە فیشەکەکانی دێنا. لەنێو هاڕەی بەردەوامی ئەو دەسرێژانە و لە نێوان تەقینەوەی یەکەمین و دووهەمین گوللەتۆپدا، مایینەبۆر دەستی کرد بە لستنەوەی یەکەمین جوانووی ژیانی خۆی. جوانووەکە بە تاسەوە بینی نابوو بە گوانەکانی دایکەییەوە و بۆ یەکەمین کەڕەت، هەستی بە چێژی ژیان و شیرینیی لاواندنەوەی دایکی دەکرد.

ئەو کاتەی دووهەمین گوللەتۆپ لە پشت جێخەرمانەکان لە عەرز کەوت و تەقییەوە، درگای چارداخەکە کرایەوە و ترۆفیم هاتە دەرێ و بەرەو تەویلەکە وەڕێ کەوت. دەورێک بە دەوری کۆگا پەینەکەدا سووڕاوە و بە دەستی سێبەری بۆ چاوەکانی کرد، هەرکە دیتی جوانووەکە بە لەرزەلەرز خەریکی مژینی گوانی دایکەکەیەتی، بە شڵەژاوییەوە دەستی کرد بە گیرفانیدا و بە لەرزەلەرز کیسەی تووتنەکەی دەرهێنا و سیغارێکی لێ پێچاوە و بە تف تەڕی کرد و دوای ئەوەی پشووی هاتەوە سەر خۆی و وردەوردە بەسەر خۆیدا زاڵ بوو، زمانی کراوە و کوتی:

ـ دەی ئاوایە. ئاخرییەکەی زای؟ وا دیارە تۆش ئەم کات و ساتە ئەستەمەت بە دەرفەت زانی و هەڵتڕشت!

شێوەی کوتنەکەی ترۆفیم پڕ بوو لە نیگەرانی و گلەییکردن.

گیاوگژ و پشقەڵێکی زۆری ویشک بە قەبرغە ئارەقاوییەکەی مایینە بۆرەوە نووسابوو. زۆر لاواز و بێگیان بوو. ئەگەرچی تەمی ئازار و ماندوویەتی چاوەکانی داپۆشیبوو، بەڵام پڕبوون لە بریسکەی شادی و هیوا و برواپەخۆبوون. لێوەکانیشی تژی بوون لە بزە و پێکەنین، یان ئەوی ترۆفیم لە دڵی خۆیدا وای لێک دایەوە. دوای ئەوی، تووڕەکەی تفاقەکەی کردە ملی مایینەکە و ئەویش دەستی کرد بە خواردن، ترۆفیم پاڵی دا بە درگاکەوە و بە حەسرەتەوە چاوێکی لە جوانووەکە کرد و لە مایینەکەی پرسی:

ـ ئەوە ئاکام و بەرهەمی ڕابواردنەکانتە؟

لەبەر ئەوەی هیچ وڵامێکی دەس نەکەوت، درێژی بە قسەکانیدا:

لانیکەم بریا لەجوانووەکەی ئیگنات چووبایەت. بۆ خۆشت دەزانی لە کێ دەچێ! ئێستا من چ بکەم لەم جوانووە؟

یەختەرمەکانەکە ئەوەندە بێدەنگ بوو، دەنگی قوڵتەقوڵتی کوڵینی جۆیەکە دەبیسترا. تیشکی هەتاو لە قەڵەشتەکانی درگاکەوە دەهاتنە ژوورێ و دەکەوتنە سەر کۆگاگەنمەکە و لەوێشەوە لەسەر ڕوومەتی چەپی ترۆفیم دەنیشتەوە و ڕیشە زبر و سمێڵە خورمابییەکەی سوورتر دەکرد وچرچولۆچەکانی دەوری دەمی زەقتر ئاشکرا دەکرد.

جوانووەکە لەسەر لاقە باریک و تووکنەکانی ڕاوەستا بوو، هەر لە لەیستۆکی یاری منداڵان دەچوو.

ترۆفیم بە قامکی دۆشاومژەی کە بە دووکەڵی جگەرە زەرد هەڵگەڕابوو ئاماژەی بە جووانووەکە کرد و لە مایینەکەی پرسی:

ـ بیکووژم؟

مایینەکە لە کاتێکدا چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی لە پشت پێلووەکانییەوە دەگێڕا، پێلووەکانی ترووکاند و بە بێزارییەوە چاوێکی لە خاوەنەکەی کرد.

***

ئەو شەوە لە هۆدەی فەرماندەی سوارەکاندا ئەو باسوخواسانە هاتنە گۆڕێ.

ترۆفیم چیرۆک دەگێڕێتەوە:

ماوەیەک بوو هەستم دەکرد مایینەکەم زۆر بە پارێزەوە دەجووڵێتەوە، وێرغەی نەدەکرد، بە هیچ شێوەیەک چوارناڵە نەدەڕۆیشت، جاری وا هەبوو پشووی ئەوەندە سوار دەبوو لەوانە بوو بخنکێت. کاتێک بە وردی لێم ڕوانی زانیم ئاوسە. زۆری ئاگا لە خۆی بوو پارێزی دەکرد، ڕەنگی جوانووەکەشی بۆرە.

فەرماندەی سوارەکانی دەسکی پەرداخە مسییە پڕ لە چاییەکەی بە شێوەیەک گرتبوو دەتکوت لە کاتی هێرشدایە و دەسکی شووشکەکەی ڕێک دەگووشێت. پەپوولەکان بە دەوری گڕی زەردی چراکەوە ئەویندارانە سەمایان دەکرد و خۆیان لە شووشەی چراکە دەدا و دەسووتان، هەر دوا بە دوای ئەوانەی دەسووتان، پۆلێکی دیکە لە پەنجەرەکەوە خۆیان دەکرد بە نێو هۆدەکەدا.

فەرماندە کوتی:

ڕەنگەکەی زۆر گرینگ نییە، شێ بێ، ڕەش بێ، دەبێ بیکووژیت. ئەگەر جوانووەکە لە گەڵ خۆمان بەرین، وەک قەرەچیمان لێدێت.

- بەڵێ منیش هەر لە سەر ئەو باوەڕەی جەنابتانم، وەک قەرەچیمان لێ دێت. ئەگەر فەرماندەی گشتی چاوی بە جوانووەکە بکەوێت، چارمان چییە؟ ئەگەر ڕۆژێک ئەو بێت بۆ بەسەرکردنەوەمان و ئەویش دەرفەت بێنێ و دەست بکات بە جیفرکلێدان و خۆبادان و هەڵتیزهەڵتێز، من چ وڵامێکی فەرماندەی گشتی بدەمەوە؟ دەبێ سەری شەرمەزاری داخەم و لە شەرمان سوور هەڵگەڕێم.

فەرماندەی گشتی بە دیتنی ئەو جوانووە دەڵێ:

« ترۆفیم ئاخر ئەوە چ کاریکە؟ بۆ هێشتت وای لێبێت؟ لەم گەرمەی شەڕو هەڵڵاو بگرەو بەردە ناو خۆییەدا ئەمە چ بەزمێک بوو؟ بە ڕاستی جێی شەرمەزارییە بە مەیتەرەکان بڵێن با ئەسپەکان و ماینەکان لێک هەڵاوێرن».

بەیانی ئەو شەوە ترۆفیم دەستی دایە تفەنگەکەی و لە چارداخەکەی دەرکەوت. هێشتا تیشکی هەتاو بە تەواوی باڵی بە سەر وڵاتدا نەکێشابوو. شەونم بە سەر پەلک و گەڵای گیاوگژەکاندا دەبریسکانەوە. ئەو چیمەنەی لەژێر پۆستاڵی ئەسکەرەکاندا بە تەواوی شەمزابوو، هەر لە ڕوخساری ئەو کچانە دەچو کە بە هۆی خەم و گریانی زۆرەوە تێک دەسمرێن و جوانییەکەیان وەک گوڵی دووەرباران سیس دەبێ و دەشەمزێت. چێشتلێنەرەکان لەنێو چێشخانەکەدا دەهاتن و دەچوون و خەریکی کاروباری ڕۆژانەیان بوون. فەرماندەی سوارەکان بە ژێرکراسێکی کاڵەوەبووی پواوەوە لە سەر پلیکانەکان دانیشتبوو. ئەو قامکانەی هەتا ئێستا زیاتر خووی بە کوشینی لوولەی تفەنگەوە گرتبوو لەو کاتەدا خەریکی کارێک بوون کە ماوەییکی زۆر بوو لە بیری چووبووەوە. خەریکی سازکردنی کەوگیرێک بوو. ئەو کەوگیرە لە چڵی گیایەکی تایبەت سازدەکرا. کاتێک ترۆفیم بە تەنیشتیدا تێپەڕی سەرنجی دەستەکانی دا و کوتی:

- خەریکی سازکردنی کەوگیری؟

فەرماندەیی سوارەکان ڕاست لەوکاتەدا خەریکی ڕێکوپێککردنی کەوگیرەکە بوو. بە پەچپچ وڵامی دایەوە:

- ئەرێ، ژنی خاوەن ماڵەکەمان داوای لێ کردم بۆی سازکەم. زۆری داوا لێ کردم بۆی سازکەم. سەردەمێک زۆر چاکم سازدەکردن. بەڵام ئێستا هەرچی دەکەم وەک جاران بۆ دەرنایێت.

- نانا زۆر چاکت سازکردووە، خراپ نییە.

فەرماندەی سوارەکان چیلکەوچاڵەکەی سەر کۆشی داتەکاند و لێی پرسی:

- دەچی جوانووەکە لەنێو بەری؟

ترۆفیم بێ ئەوەی وڵامی بداتەوە، بەرەو پەختەرمەخانەکە وەڕێ کەوت.

فەرماندەی سوارەکان لە کاتێکدا سەری داخستبوو، چاوەڕێی دەنگی تەقەی فیشەک مایەوە. ماوەیەک تێپەڕی، بەڵام گوێی لە هیچ دەنگێک نەبوو.

ترۆفیم بە ڕوخسارێکی پڕ لە شەرمەزارییەوە لە پەختەرمەخانەکە هاتە دەرێ.

- چیت کرد؟

- چەخماخەی تفەنگەکەم گیری کردووە. نایتەقێنێت.

- دا... دەی! ئەوتفەنگە بێنە با بزانم!

ترۆفیم بە بێوازییەوە تفەنگەکەی دایە دەستی فەرماندە. فەرماندە چەخمامەی لە تفەنگەکەدا و بە وردی چاوی لەنێو لوولەکەی کرد و کوتی:

- ئاخر خۆ ئەم تفەنگە فیشەکی تێدا نییە! بە چی بیتەقێنێت؟

ترۆفیم ئازا وڵامی دایەوە:

- شتیوا چون دەبێ؟

- ئەوەنییە من پێت دەڵێم، ئەم چەکە فیشەکی تێدا نییە.

- لەپشت پەختەرمەخانەکە فڕێم دان.

فەرماندە تفەنگەکەی لەپەنای دەستییەوە دانا و ماوەیەک کەوگیرەکەی سوراندەوە، شووڵەکان تورت و تازە و بۆنخۆش بوون. بۆنی سوورەبێ و بۆنی خاک و بەرووبومی وەرزێرەکان، کە بە هۆی شەڕەوە بە تەواوی لە بیر چووبوونەوە لە شووڵکە تەڕەکانەوە هەست پێ دەکرا.

- ترۆفیم، لێی گەڕێ با جارێ لەلای دایکەکە بمێنێتەوە. دوایە شتێکی لێدەم. لەوانەیە ئەو کاتەی ئاگری شەڕ دادەمرکێتەوە بە کارمان بێت. جووتی پێ دەکەم. ئەگەر فەرماندەی گشتیش هات خۆی دەزانی ئەوە شیرە خۆرەیە و دەبێ گوانی دایکی بمژێت. فەرماندەش سەردەمێک مەمکی دایکی خۆی مژیوە و شیری خواردووە و من و تۆش شیرمان دەخوارد. هەموومان هەر وا بووین. بە تۆش وا نییە؟ بەڵام تفەنگەکەم هیچ ئیرادێکی نییە.

***

مانگێک دواتر هێزی سوارە نیزامی ترۆفیم لە نزیک ئیسانیسای «ئووست- خاپێرسکی» لەگەڵ یەکەیەکی سەت کەسی لە قازاخەکان تووشی یەک بوون و هاشاوڵیان بۆ یەک برد و تێک بەربوون. شەڕەکە دەمەوئێوارە قەوما. لە دەمەودەمی تاریکبووندا هێرش دەستی پێکرد. لە گەرمەی شەڕەکەدا ترۆفیم لە هاوڕێکانی هەڵبڕا و پاشکەوت. هەرچی کرد نە بە زەبری ڕکێفلێدان و نە بە شێلاقکاریکردن و نە بە لەغاوکێشان و نە بە دەنگدان نەیدەتوانی ماینەکە بخاتە چوارناڵە و خۆی بگەیێنێتە لای هاوڕێکانی. ئەوەندەی لەغاوەکەی کێشابوو دەمی ماینەکەی خەڵتانی خوێن کردبوو. ماینەکە مانی دەگرت و وەک سنگ لە جێی خۆی دەچەقی. ملی بادەدا و لمبۆزی دەکردە ئاسمان. بە دەنگێکی نەرم دەیحیلاند و هەتا ئەوکاتەی جوانووەکەی بە قوڕتە و کلکبادان خۆی نەدەگەیاندە لای، لە جێی خۆی دەچەقی و جووڵەی نەدەکرد.

ترۆفیم لە سەر زینەکەی دابەزی، شووشکەکەی خستە کێلانەوە و بە تووڕەییەوە تفەنگەکەی لە شانی داگرت. لەلای ڕاستەوە سوارەکان لەگەڵ قازاخە سپییەکان تێک وەربوون و شەڕی دەستەویەخە دەستی پێ کردبوو. پۆلپۆل شەرکەرەکان وەک شەپۆل لە لێواری هەڵدێرەکەدا هەرتاوەی پەلاماری لایەکیان دەدا و لە بێدەنگیدا شمشێریان لە یەکتری دەکێشا. زەوی لەژێر سمی ئەسپەکاندا وەلەزەلەز کەوتبوو.

ترۆفیم بۆ ساتێک چاوی بڕییە جوانووەکە و بە تفەنگەکەی سێلەی لە سەرە باریک و ڕێکوپێکەکەی گرت و تەقەی لە تفەنگەوە هێنا. نەزانرا لە بەر تووڕەیی بوو یان هۆکارێکی دیکەی هەبوو، بەڵام فیشەکەکەی سەری کرد و نەیپێکا. دوای تەقەکەی، جوانووەکە حیلاندی و یەک دوو کەڕەت هەڵیتیزاند و تەپووتۆزێکی نەرم لە ژێر سمەکانییەوە هەستا. دوای ئەوە دوو سێ خول بە دەوری خۆیدا سووڕاوە و چەند هەنگاوێک لەولاوەتر ڕاوەستا. هەر چەندە ترۆفیم لەو تووڕەییەیدا دەراخێک فیشەکی خەسار کردبوو، لەکاتێکدا بیری لەوە دەکردەوە ئەو فیشەکانەی هاویشتوونی هیچ زیانێکیان بە جوانووەکە نەگەیاندووە، بە پەلە خوی هاویشتەوە سەر پشتی ماینەکە و بە دەم جنێودانەوە بەرەو گۆڕەپانی شەڕەکە وەڕێ کەوت. ڕاست بەرەو ئەو شوێنەی قازاخە سپی و ڕدێنسوورەکان، خەریک بوون فەرماندەی سوارەکان و سێ سەربازی سووریان بەرەو لای هەڵدێرەکە ڕاو دەنا.

ئەو شەوە سوارەکان لە پێدەشتێکدا لەپەنای تەپکەیەکیدا ڕۆژیان کردەوە. سەربازەکان کە لە چاو جاران کەمتر جگەرەیان دەکێشا. زینی ئەسپەکانیان دانەگرت، ئەو دیدەوانانەی لەلای لێواری ڕۆباری دۆنەوە هاتبوونەوە و کوتبوویان، دوژمن بە هێزێکی زۆر لێواری چۆمەکەی تەنیوە. ترۆفیم لەسەر جێگاکەی ڕاکشابوو. خۆی لەنێو بارانییە لایلۆنییەکەیدا گرمۆڵەکردبوو بەدەم وەنەوزدانەوە بیری لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە دەکردەوە.

فەرماندەی سوارەکانی دەدیت بە دەم پاشەکشێوە بەرەو لای هەڵدێرەکە ڕادەکات. قازاخێکی خورێکاوی دەدیت خەریک بوو شمشێرەکەی بۆ بەرپرسی سیاسی سوارەنیزامەکان دادێناوە. قازاخێکی کزی بێگیانی دەدیت کە بە زەبری شمشێر لەتوپەت کرابوو. زەویی خوێناوی و جوانووەکەی لە بەرچاویدا کەوتبوونە مەلێکردن. لە دەمەوبەیاندا فەرماندە هات و لە پەنایەوە دانیشت.

ـ ترۆفیم نووستووی؟

ـ نا، هەر ڕاکشاوم و وەنەوزە دەدەم.

فەرماندە لە کاتێکدا چاوی لە ئەستێرەکان بڕیبوو کە خەریک بوون یەک یەک ڕادەخوشین و لە بەرچاوان بزردەبوون، کوتی:

ـ ئەو جوانووە بکووژە، لە کاتی شەڕدا تۆوی ترس و سام بڵاودەکاتەوە. هەرکە چاوم پێی دەکەوێ دەستم دەلەرزێت. ناتوانم بە جوانی شمشێرەکە بوەشێنم. هۆکارەکەی ئەوەیە ڕەنگڕووی زۆر لە شتی ماڵی دەچێ. بەڵام لە شەڕدا نابێ بیر لە شتی وا بکرێتەوە. ئەو فکرو خەیاڵانە دڵی مرۆڤی دڵڕەقیش، وەک لۆکە نەرم دەکەن. پێم سەیرە لە کاتی هێرشەکەدا نەکەوتە بن دەست و پێ. ئەوەندەی دیتم ئەو هەر لە بەرپێی ئەو ئەسپانەدا دەهات و دەچوو. فەرماندە مات و بێدەنگ بوو. چووە ماڵی فکر و خەیاڵانەوە و بزەیەکی کاڵ نیشتە سەر لێوی. بەڵام ترۆفیم نەیدەبیست. فەرماندە درێژەی بە قسەکانی دا:

ـ ترۆفیم دەزانی چییە؟ کلکێکی زۆر سەرنج ڕاکێشی هەیە. ئەو کاتەی کلکی قیت ڕادەگرێ و جلیتان لێدەدا، هەر لە کلکی ڕێوی دەچێ. نازانم بڵێم چی، بەڵام کلکی زۆر سەرنجراکێشە.

ترۆفیم وستەی لێوە نەدەهات. جاکەتەکەی بەسەر خۆیدا کێشابوو. سەرەڕای ئەوەی زۆری سەرمابوو، زۆر زوو خەوی لێ کەوت.

**

ڕۆباری دۆن، لە بەرانبەر پەرەستگە مێژووییەکەدا. شانی دابوو بە شانی کێوەکەوە و زۆر بە خوڕ دەڕۆیشت. لەسەر کلکەکەدا ئاوی دۆن وەک زولفێکی پڕ، تێک دەهاڵێ و شەپۆلە سەوزە یاڵئاساکانی ئەو گابەردانەی ئاوی سێڵاو لەگەڵ خۆی هێناونییە خوارێ ڕادەدات و دەیانبات. ئەگەر قازاخە سپییەکان، لە شوێنی بوارەکە دانەمەزرایەن و داوێنی کێوەکەیان وەبەر دەسرێژ نەدایێت، ئەستەم بوو فەرماندە زاتی ئەوەی هەبووایەت فەرمان بە سوارەکان بدات بە مەلەکردن لە خوڕێنکی ئەو ئاوەی لە بەر پەرەستگەکەوە تێ دەپەڕی، بدەن و بپەڕنەوە.

لەکاتی فراوێندا پەڕینەوە دەستی پێ کرد. ئەڕرابەی تیربارهەڵگرەکەیان بە هەر سێ ئەسپەکەوە خستە نێو گەمییەکی چکۆڵەوە. تیربارچییەکانیش لەگەڵ ئەوان سوار بوون. کاتێک گەیشتنە نێرینەی ئاوەکە، گەمییەکە سووڕێکی دا و بە دژی ڕەوتی ئاوەکە وەرسووڕا و هەندێک بەرەو لای ئاوەکە خواربوەوە. ئەو ئەسپەی لەلای ڕاستەوە ڕاوەستابوو وادیار بوو هەتا ئەو کاتە ئاوی نەدیتبوو. ترسا و سڵەمییەوە. ئەو سوارانەی لە داوێنی کێوەکە لەسەر ئەسپەکانیان دابەزیبوون، خەریکی داگرتنی زینی ئەسپەکانیان بوون. بە جوانی گوێیان لە حیلاندن و سمکۆڵکردنی ئەسپەکە دەبوو کە خەریک بوو تەرکی گەمییەکەی لە بەر یەک هەڵدەتەکاند.

ترۆفیم نێوچاوی تێک ناو گوراندی:

ـ ئەو ئەسپە گەمییەکەی لێک و زەبەردا.

بەدەم ئەم هاوارەوە بۆ ئارامکردنەوەی ئەسپەکە دەستی بەرەو ملە لە ئارەقە خووساوەکەی درێژکرد، بەڵام ئەسپەکە شێتانە حیلاندی و پاشەوپاش بەرەوخامووتەکەی کشاوە و هەستایە سەر پاشوو.

فەرماندە لە کاتێکدا شێلاقەکەی لەنێو دەستیدا ڕێک دەکوشی هاواریکرد:

ـ بیتەقێنە

ترۆفیم چاوی لە تیربارچییەکە بوو. دەستی لە ملی ئەسپەکە هاڵاند و لوولەی نۆقانەکەی لە گوێی ئەسپەکە ڕاکرد و دەنگێکی بە سپایی، وەک دەنگی تۆقتۆقەی منداڵانی لێ هەستا و ئەسپەکەی لای ڕاست لەگەڵ ئەسپەکەی چەپ پاڵیان دا بەیەکەوە. تیربارچییەکان کە نیگەرانی نوقومبوونی گەمییەکەیان بوون، پاڵێکیان لە ئەسپە کوژراوەکەوە نا و بەرەو ئەولاوە ڕایاندا. دەستەکانی ئەسپەکە نووشتانەوە و سەری بوو بە گولێنگ.

دوای تێپەڕبوونی دە خولەکێک لەو ڕووداوە، فەرماندە پێشکەوتوو بەر لە هەموویان بە ئەسپە چوست و چالاکەکەیەوە لە ئاوەکەیدا. بە دوای ئەودا، سەت و هەشت سواری نێوەڕووت و ژومارەیەکیش، ئەسپی ڕەنگاوڕەنگ بە شلپ و هۆڕ نیشتنە مل ئاوەکە. ئەوەندە بە توندی خۆیان خستە نێوئاوەکەوە، ڕووباری دۆنیان خستە شەپۆلانەوە. زینی ئەسپەکانیان لە سێ لۆتکە بارکرد. ترۆقیم یەکێکیانی لێ دەخوڕی. ئەو ماینەکەی دابووە دەست سەردەستە نێچیپوورێنکۆ. لەنێوەڕاستی ئاوەکدا دیتی ئەو ئەسپانەی لە پشت ئەوە بوون، هەتا ئەژنۆکانیان چبوونە نێو ئاوەکەوە و بە تامەزرۆییەوە بینیان بە ئاوەکەوە نابو و خەریکی

خواردنەوە بوون. سوارەکان بە ئارامی دەنگیان دەدان هەتا لە ئاوەکە دەن و بپەڕنەوە. دوای ماوەیەک کە ئاوڕی لێدانەوە، دیتی ئەسپەکان هەر پەنجا شەست گەزیان مابوو بگەنە لێواری چۆمەکە. هەر سەریان بە دەرەوە مابوو دەنگی مووشەمووشەکەیان دەگەیشتە لای ئەو. سوارەکان دەستیان بە یالی ئەسپەکانەوە گرتبوو جلوبەرگ و کۆڵەپشتییەکان کردبوو بە سەری نووکی چەکەکانیانەوە و شانبەشانی ئەسپەکانیان بە مەلێکردن بەرەو لێوارەکە دەڕۆیشتن.

هەتاو سەر ڕۆبارەکەی تیشکپڕژێن دەکرد. ترۆفیم سەوڵەکانی لەنێو گەمییەکە دانا و هەستا و قیت ڕاوێستا. چاوەکانی چکۆلەکردەوە و لەنێو سەری ئەو ئەسپانەی لەنێو ئاوەکەدا بەدیارەوە بوون، بە شوێن جوانووە بۆرەکەیدا گەڕا. سوارەکان هەر دەتکوت پۆلێک قازی کێوین و چەند ڕاوچییەک تەقەیان لێ کردوون و هەر یەکەی بە لایەکدا پەرەوازە بوون. لەپێش هەموویانەوە، ئەسپی فەرماندە دەبیندرا و پشتی بەسەر ئاوەکەوە دەبریسکاوە. لە دوای ئەسپەکەی ئەو، ئەسپی بەرپرسی سیاسی بوو کە ڕۆژێک پێشتر بۆخۆی کوژرابوو. دوابەدوای ئەوان، ئەسپەکانی دیکە و لەدوای هەمووشیانەوە، سەردەستە نێچیووڕێبکۆ و گوێچکە قیتەکانی ماینەکەی ئەو دیار بوون. ئەوان جار لەگەڵ جار زیاتر بە جێ دەمان. ترۆفیم هەندێک زیاتر لێیان ورد بووەوە، هەتا چاوی بە جوانووەکەی خوی کەوت. جوانووەکەی بە شڵپەشڵپ و ناشیانە مەلەی دەکرد. ئەوەندەی نەمابوو لە ئاوەکەدا نوقوم بێت. هەر بە حاڵێک و دووبەڵا کونەلووتی بەدیارەوە بوون. لەو سەرو بەندەدا سروەیەک بە سەر ڕووباری دۆندا تێ پەڕی و دەنگی حیلاندنێکی ناسک و بە ئەسپایی وەک پاڕانەوەی لەگەڵ خۆی هێنا:« هۆی، هۆی، هۆی، هۆی».

دەنگی حیلەکە لەسەر ئاوەکەوە دەنگی دایەوە و وەک زمانەی تیژی شمشێرێک نیشتە سەر دڵیی ترۆفیم و چزەی لێ هەستاند و تاساندی. پێچ ساڵ شەڕ نەیتوانیبوو ئەو بە چۆکدا بێنێت. لەو ماوەدا زۆر جاران کوندی مردن بە پەنای گوێیدا فرکەی کردبوو. دەیان کەرەت دێوی مردنی بە چاوی خۆی دیتبوو، بەڵام هیچ کاتێک هەتا ئەو ڕادەیە نەتاسابوو. کەچی ئەو جارە ڕەنگی ڕوخساری ژێر ڕدێنە زبر و خورماییەکەی وەک خۆڵەمێش شینشین هەڵگەڕا. دەستی دایە سەوڵەکانی و سەری گەمییەکەی وەرسووڕان و بەرەولای ئەو گێژاوەی جوانووەکەی لێ ئاسی ببوو وەڕێ کەوت. دە دوازدە هەنگاو لەو لاترەوە، نێچیووڕێبکۆ ملی لە بەر ملی ماینەکەی ترۆفیم نابوو هەرچی دەکرد پێی نەدەوەستا. ماینەکە بە دەم هاسکەهاسکەوە دەیحیلان و بە مەلێکردن بەرەو ئەو گێژاوەی جوانووەکەی تێیدا گیری کردبوو دەچوو. ستێشکا ییفریمۆڤ هاوڕێی ترۆفیم کە لەنێو لۆتکەکەدا لەسەر زینەکان دانیشتبوو، بە توورەییەوە گوڕراندی:

- خۆت گەوج مەکە. بەرەو لێوارەکەی لێخوڕە. بۆ یانی تۆ ئەو قازاخانە نابینی؟

ترۆفیم دەستی بۆ تفەنگەکەی برد و بە دەنگێکی نووساوەوە کوتی:

- دەتکووژم.

ئاوەکە جوانووەکەی بەرەو شوێنێکی دوور لە سوارەکان ڕادابوو. گێژاوێکی چکۆلە جوانووەکەی لە هەناوی خۆیدا دەسووڕاندەوە بە هۆی شەپۆلە سەوزەکانییەوە لەشی دەلستەوە. ترۆفیم بە توورەییەوە وەک شێتان سەوڵی لێدەدا و لۆتکەکەی بە دژواری دەڕۆیی. لەلای ڕاستی ڕووبارەکەوە قازاخەکان لە شیواوێکەوە سەریان وەدەرنا. دەنگی دەسرێژی تیربارێک لە جۆری «ماکسیم»، دری بە بێدەنگییەکەدا. فیشەکەکان لە ئاوەکە ڕۆدەچوون و چزەیان لێ هەڵدەستا. ئەو ئەفسەرەی کراسێکی کەتانی دڕاوی لە بەردا بوو بە دەنگێکی بەرز فەرمانیی دەدا. جوانووەکە ئێتر نەیدەحیلاند. دەنگی ئەوەندە لاواز ببوو دەتکوت دەقیژێنێت. قیژەکەی هەر لە هاوارو قیژەقیژی منداڵ دەچوو. نێچیووڕێبکۆ ماینەکەی بەرەڵلا کرد و بۆخۆی بە مەلێکردن بەرەو لای لێوارەکە وەڕێ کەوت. ترۆفیم لە کاتێکدا هەموو گیانی وەک مێژۆکە دەلەرزی، دەستیدایە تفەنگەکەی و سیلەی لەسەری جوانووەکە گرت. ئەو کاتەی گێژاوەکە خەریک بوو جوانووەکەی ڕۆدەهێلا، فیشەکێکی پێوەنا. پاشان بە پەلە چەکمەکانی داکەند و بە دەم هاوارهاوار و بۆڵەبۆڵەوە خۆی خستە نێو ڕووبارەکەوە.

لە لێواری لای ڕاستەوە، ئەو ئەفسەرەی کراسێکی کەتانی دڕاوی لە بەردا بوو هاواری کرد:

- دەست ڕاگرن! تەقەمەکەن!

دوای پێنج خولەک، ترۆفیم خۆی گەیاندە لای جوانووەکە و بۆ یارمەتیدان دەستی خستە ژێر زگی. ئاوی ساردی چۆمەکە تەواو جوانووەکەی کەسیرە کردبوو. هەڵیهێنا و بە دەم هەسکەهاسک و نزگەرەدانەوە بەرەو لای چەپی ڕووبارەکە بە کێشی کرد. لە لێواری لای ڕاستەوە تەقە لە تفەنگی هیچ کەسێکەوە نەدەهات. ئاسمان، دارستان، خیزەڵانییەکەی لێواری ڕووبارەکە هەموویان جوان و خاوێن و بریقەدار و سەرسەوز و خەیاڵاوی بوون. ترۆفیم هەموو هێز و توانای خۆی کۆکردەوە و بە هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر و تاقەتپڕووکێن، خۆی گەیاندە نزیک لێواری ڕووبارەکە. ئەوەندە ماندوو ببوو پەرۆشی دەکرد و زەرداوی هەڵدێناوە. چنگی لە خیزەڵانییەکە گیر کرد و بە ڕاکیشڕاکیش لەشی لیچق و تەڕی جوانووەکەی گەیاندە لێوارەکە. دەنگی ئەو ئەسپ سوارانەی لە ڕووبارەکە پەڕیبوونەوە، لەنێو دارستانەکەوە دەبیستران. ماینە بۆرەکە خۆی گەیاندبووە لای ترۆفیم و بۆ ئەوەی ویشکەوەبێت، خۆی ڕاوەشاند و دەستی کرد بە لستنەوەی جوانووەکەی. لووسکاوێکی باریک بە شێوەی کۆلکەزێرینە بە کلکیدا دەهاتە خوارێ و وەک هەودایەکی ناسک کلکی بە عەرزەکەوە گرێ دەدا.

ترۆفیم بە لارەلار تەکانێکی لە خۆی دا، بەڵام هێشتا دوو سێ هەنگاو نە ڕۆیشتبوو بە لادا هات. هەستی کرد شتێکی گەرم وەک دەرزی بە سینگیدا ڕۆچوو. بە دەم کەوتنەوە، گوێی لە دەنگی گوللەیەک بوو. لەلای ڕاستەوە هەر ئەو فیشەکە تەقێندرا. ئەو ئەفسەرەی کراسێکی کەتانی دڕاوی لەبەردا بوو بە وەڕەزییەوە چەخماخەی لە کاراببین دا و قاپۆرەکەی بە دەم دووکەڵەوە فڕێ درایە دەرێ. ترۆفیم دوو هەنگاو لەولای جوانووەکەوە لەسەر خیزەڵانییەکە جێنگڵی دەدا و دەتلایەوە. بزەیەکی کاڵی تاڵ نیشتە سەر ئەو لێوانەی کە ماوەی پێنج ساڵ بوو لە ماچکردنی منداڵەکانی بێبەش کرابوو.

سەرچاوە: پەخشانگەی خوارەزمی، چاپی سێهەم، تاران ١٣٦١

هێمن ئیسماعیل‌پوور - بۆکان



# ڕۆمان‌نووسی بەتوانا کاک عومەر مەولوودی








نووسەر:
عومەر مەولوودی

مژار: ڕۆمان

وەشانخانە:
مادیار

یەکێک لە ژانرە زۆر گرینگەکانی ئەدەب لە ئێستادا ڕۆمانە. دەکرێ بڵێین ڕۆمان پێویستیی حەتمی سەردەمە و ویژەی گەلان بە بێ ڕۆمان کۆڵە. بە خۆشییەوە زمانی کوردی ئێستا خاوەنی ویژەیەکی بەهێزە و دەتوانین بڵێین سەرێکە لە نێو سەراندا و هەروەها لە ناوچەکەدا ناو و ناوبانگێکی دەرکردووە. ڕۆمانی کوردی لەگەڵ ئەوەدا کە ساوایە و لە مێژنییە سەریهەڵداوە، بەڵام زوو پێگەیشتووە و ئێستا خاوەنی چەندین ڕۆمانی باش و بەناوبانگە. هەر بۆیە پێویستە لەگەڵ ڕۆمانی کوردی زیاتر ئاشنا بین و زیاتری لە سەری بدوێین و زیاتری بناسێنین.
بۆ ناسینی زیاتر لەگەڵ ڕۆمان‌نووسی خۆشەویست عومەر مەولوودی، وتووێژێکمان پێکهێناوە و چەند پرسیارمان لە خزمەتیدا کردووە، هیواداریـن جێی سەرنجی خوێنەرانی تایبەتی ئەو بابەتە بێت.

**پ: کاک عومەر تکایە لەسەر ژیان و بەسەرهات و نووسینەکانی خۆت بۆمان بدوێ.**

مردن لە ژیان، لە نەخۆشی لەشساغی، لە زیندان ئازادی، لە دیلی و کۆیلایەتی ڕێگەی ڕاکردن و لە ناپاکان شەرافەت و ویژدان داوا دەکەم. «شێرڤانتێس»

لوێچێک ئاوی کانیاوی زوڵاڵ و مشتێک خاکی پاکی کوردەواری تێکەوەردراو و بە باشی خۆشەکرا. پاش خۆشەبوون بە تەتەڵەی وەستالی هەوڕگەر ڕاستە و پاستە کرا و گیان بە ئۆف و ئازارەوە کرایە بەر جەستەی هەرگیز نەسرەوتووم و خرایە چاوگەی کڵی ڕۆژگارەوە، جا ڕاست و ڕێک یان لارووێر لە کڵ دەرهاتبێتم، نازانم! ئەوە بە ئەستۆی ئێوەی خوێنەرە.

لە تاریکە شەوی ئەنگوستە چاوی ئەو سەردەمە کە سێبەری نگریسی دەرەبەگایەتی باڵی بە سەر وڵاتا کێشابوو و خۆیان بە سێبەری خوا دەزانی، لەو تاریکە شەوە ئەنگوستە چاوەدا، لە گوندی «یاسی‌کەند»ی سەر بە شاری بۆکان چاوم بە ڕووی ماڵە وەرزێریکی ڕەشی قورم گرتوو کرایەوە.

وەک دەڵێن ساڵی لە دایکبوونم هەزارو سێسەدوسی بووە، بەڵام خۆم ئەوەم پێ ڕاست نییە، چونکە خۆم ساڵی هەزارو سێسەدو سی ویەکم لەبیرە! بەوەیدا دەڵێم ڕاست نییە، وەک خۆم لە بیرمە کاتی بشێوی بوو. پاشان کە باسیان دەکرد ئەو بشێونییە خولی دەسەڵاتداری دوکتۆر موسەدق بووە. بەو پێیە، دیارە دەبێ لە دایکبووی هەزارو سێسەدو بیست وحەوتبم چون منداڵ لە تەمەنی چوار و پێنجساڵیدا شتی دێتەوە بیر.

بە هەرحاڵ، بەر لە وەروێرکەبوونم، لە یاسی کەندەوە ماڵمان چووە(( تیکانتەپە))ی فەیزوڵابەگی و لەوێ کەوتمە سەرپێ و وەروێرکە بووم. ئەودەم بوو بە بشێونی و ئاغا کەوتە تاڵان و بڕۆی ڕەعیەت. ئەوانەی سەربزێو و دژی ئاغا جوڵابوونەوە تاڵان و لە دێ دەرکران. بنەماڵەی ئێمە لەو تاڵانکراو و دەرکراوانە بوون.

بەڵێ، لە دێ دەرکراین و بە ماڵەوە چووینە بۆکان. ئەودەم تەمەنم شەش ساڵ دەبوو. لەو سەردەمەدا خوێندن زۆر باوی نەبوو، سەنعەت( پیشەسازی) بە

برەوتربوو. باوکم ناردمیە بەر خەیاتی و بووم بە شاگردی بەرگدروو.

هەر لە منالییەوە بزۆز و نەحەواوە و هاروهاج بووم و لە هیچ شوێنێک حەجمینم نەبوو و خەتی کەسم نەدەخوێندەوە. دەڵێن کاسە کە پڕ بێ، دەڕژێ. کاسەی سەبری باوکم پڕبوو و ڕژا. ماڵی مامێکم لە گوندی«هەوارەبەرزە»ی سەر بە شاری بۆکان و کاری وەرزێری دەکرد. باوکم بە نهێنی پێی گوتبوو بە هەر لەونێک کە بکرێ، ڕامم کات و بمشکێنێتە ژێر کاری وەرزێری و تۆڵەی بەردوام لێبکاتەوە. مامە بە زمان گرتمی و کێشامیە ژێر باری قورسترین کار، مامە فێلاوی و من ساویلکە و هاروهاج. کاری قورس و تاقەت پرووکێنی ڕۆژانەی مامە و دڵسۆزی و چیرۆکی شەوانەی نەنکم بەرئاوەژوویان کردمەوە و بووم بە ماستی مەیو و مێشکم زاخاو درایەوە و وەک شۆرە دایڕشتم، بەرە بەرە لەگەڵ ژیانی گوندی ڕاهاتم، وردە وردە لە کاری وەرزێری ماهیر و سەردەرچووبووم.

هەموو کارەکانی وەرزێری لە بەر شانم سووک بوو و هیچیان بە چۆکیاندا نەهێنام، کیشەوە دەستی پێکرد و کولۆش کێشرایە خەرمان و گێرە دابەسرا، ئیتر خۆم لە بەر تۆزی گێرە و باوەخولی بە گا گێرە و قرچەی گەرما پێرانەگیرا، برایێکم کە لە سەرەتای ساڵەوە لەگەڵم بوو، بە بیانووی دەسبە ئاو گەیاندن، لە جەنگەی گەرمای نیوەڕۆ گێرەم بە سەردا بەجێهێشت و فیزماڵ بە شیو و شیودا دەربازبووم و لە بۆکانیش بەند نەبووم و یەکڕاست خۆم گەیاندە سەقز و چوومەوە بەر خەیاتی و دوو ساڵ لەوێ مامەوە. پاشان کە تەواو مەلاح بووم و بووم بە وەستایەکی کارامەی دەست کورتی ڕەبەن، ئاسمان دوور و زەوی سەخت! نە دەمتوانی دووکان بگرم نە کەرەستەی خەیاتیم پێ دەکڕدرا. ناچار هانام بردەوە بەر دێ و لە تیکانتەپە گیرسامەوە و دەستم بە بەرگ دروون کرد و ناسناوی وەستام هەڵگرت.

لەو تافەدا تەمەنم هەژدە ساڵ بوو. چیرۆکەکانی نەنکم هەر لە بیر بوو و لە ناخەوە دەیان هەژاندم. بە چەشنێک لە ناخم هالابوون لێدابڕینیان زۆر ئەستەم بوو. ئەو سەردەمە باو باوی حەکایەت و حەکایەت خوانی بوو. دەستە دەستە پیاو ماقوولان لە مالان کۆ دەبوونەوە و حەکایەت خوانیان بانگهێشت دەکرد و لە دەوری کورسی دادەنیشتن و تا شەو شەق دەبوو کۆڕی چیرۆک و دیرۆکە گێڕانەوە گەرم بوو. لە هەر ماڵێک حەکایەت خوانی لێ بوایە، بێ ئەوەی خولکم بکەن، خۆم دەگەیاند و وشە بە وشە و دێڕ بە دێڕ لە مێشکم دەگرت و دواتر بۆ جەماوەرم دەگێڕاوە. پتر لە دووسەد چیرۆکی کورت و درێژم لە بەر بوو. زۆر جار کە تەنیا دەکەوتم لەگەڵ پاڵەوانەکان دەدوام ڕاز و نیازم دەکرد و دەمدواندن، ببوونە ئامرازی ژیانم و هاندەری ورە و وزەم و فێریان دەکردم چۆن لەگەڵ تەنگ و چەڵەمەی ژیان بەربەرەکانی بکەم و بەرەی خۆم لە قوڕاو دەربێنم.

بە بیرەوەری خۆم حەزم لە فێربوون بووە بەڵام هەرگیز ئەو هەلەم بۆ نەڕەخسا کە بخوێنم، حەزم دەکرد لەگەڵ گەورە پیاوان و خوێندەواران هاودەم بم. ساڵی چل وشەش و چل وحەوت بە سۆنگەی تاقمێک لە ڕووناکبیرانی شار، مامۆستاکانی قوتابخانەی گوندەکەمان و کوڕانی خوێندکاری خۆجێیی ڕێم بە کاری سیاسی و بیری نەتەوایەتی برد. لەو تافەدا کە ڕاپەڕینی چەکدارانەی چریکەی فیداییەکانی گەلی ئێران لە «سیاکەل» و بزووتنەوەی چەکدارانەی کاک سمایل شەریف زادە لە کوردستان سەری هەڵدا، ئاوری خەباتی لە هەناوی ئێمەی گوندیدا خستە کڵپە و گورجوگۆڵ خۆمان بۆ هاوکاری لەگەڵ بزووتنەوە کە ئامادە کرد. بەڵام هەرگیز شەوی تیۆەرنەچەرخا. ساواک هەڵیکوتایە سەرمان. دوان لە مامۆستاکان و چەند خوێندکاری گوندەکەمان لە زانکۆی شارەکان قۆڵبەست کران و تا توانییان ئێمەیان ئازاردا بەڵام چونکە هیچ بەڵگەیەکیان بەرپل نەکەوت، بەو برە ئازار و پشکنین و هەڕەشانە وازیان لێ هێنان بەڵام ئەو وازلێهێنانە کاتی بوو، هەر تاو نە تاوێک، بە سۆنگەی سیخورە خۆجێییەکانەوە شەوانە بە نهێنی سەرکێشی ئاواییان دەکرد و بەردەوام لە ژێر چاوەدێری ساواکدا بووین. ناچار تا ماوەییک کۆ بوونەوەمان قەپات کرد.

ساڵی هەزار و سێسەد و پەنجا و سێ لەگەڵ کیژێکی نیو دێ کە یەکترمان زۆر خۆش دەویست و من ناسناوی «کەویارم» پێ بەخشی بوو، زەماوەندمان کرد. لە نیوەی ساڵی پەنجا و پێنج، لە کاتێکدا کە تازە کوڕە کۆرپەیەکمان لە دایک ببوو، سەر لە نوێ ساواک سەری هەڵداوە و هەڵەسوونی هێناوە و پەیتا پەیتا کەوتنە پشکنینی ماڵ و ئازاری ڕۆح. کە هیچیان گیرنەکەوت، دەڕۆیشتن. ناچار لە گوندی تیکانتەپە هەڵکەنراین و بە ماڵەوە چووینە سەقز.

پاییزی ساڵی پەنجا و شەشی هەتاوی کە گەلانی ئێران دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری شا ڕاپەڕین، لە هەموو ڕاپەڕین و خۆنیشاندانەکانی سەقز، بۆکان و مهاباد چالاکانە بەشداربووم. لە یەکەم شەوی ڕێ پێوانی سەقزدا کە بێ دروشم بەڕێوە دەبرا. بە هۆی بەرد بارانی پۆلیسەوە، بە توندی سەرم شکا و یەکەم خوێن بوو کە من دام. پاش ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی، بە ماڵەوە گەڕاینەوە تیکانتەپە و بووم بە ئەندامی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران و لە بەشی کۆمیتەی جووتیاران و چالاکانە تێوەچووم. ساڵی هەزار و سێسەد و شەست و یەکی هەتاوی کەوتمە بەندیخانە و شەش ساڵ لە سنە و ساڵێک لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوبەندییەکانم وەکوو دوورخستنەوە ڕاگوازراینە بەندیخانەی کامیاران.

هەر لە سەرەتای دەسبەسەربوونەکەم فیکەی خۆم ناسی و گوتم: ئەگەر بە ساخیش دەرچم و نەکوژرێم لانیکەم ماوەیەکی زۆر میوان دەبم. بۆیە هەلەکەم قۆستەوە و بەو بۆنەوەش قۆڵم لە خوێندن هەڵگرت. دوای سێ مانگ، حاکم بڕیاری کوشتنی منی دەرکرد. هاوبەندییەکانم بە لۆمەوە دەیانگوت: تۆ کە حوکمی

سێدارەت لە سەرە بۆ خۆت ماندوو دەکەی؟! خوێندن چی تێدایە بۆ تۆ؟ من لە دیرۆکەکاندا زۆرم بیستووە کە کەسێک حوکمی کوشتنی درا بوو، لێیان پرسی: چ داوایەکت هەیە؟ گوتبووی: لەم دارەوە بمبەنە ئەو دارەی دیکە و لەوێ لە دارم بدەن. تا لەو دارەوە بردیانە دارەکەی دیکە، حاکم بڕیارەکەی گۆڕی و لە تاوانەکەی خۆش بوو.

گوێم بەو قسانە نەدا و لە خوێندن بەردەوام بووم. بە ڕۆژ سەرقاڵی وانە و شەوانە بە چیرۆک گێڕانەوە دڵی تەنگی هاوبەندییەکانم شاد دەکرد و لە زیندانەوە پەلکێشی دونیای ئەفسانەی دیرۆکەکانم دەکردن و ورە و وزەم پێدەبەخشین.

پاش بیست ونۆ مانگ چارەنووسی نادیار تێپەڕی و بڕیاری لە سێدارەدانەکەم گۆڕا و بوو بە دە ساڵ بەند. لەو ماوەدا پۆلی سەرەتاییم تەواو کرد و هەروەها درێژەم بە وانەدا. دواناوەندیشم تەواوکرد بەڵام بێ بڕوانامە. ئاخر مامۆستاکانم هاوبەندییەکانم بوون و زۆریش دڵسۆزانە پێمەوە ماندووبوون و منیش زۆر بە باشی گوێڕایەڵی ئەوان بووم. بەڵێ خوێنەری بەڕێز! بەندیخانە بوو بە زانکۆ بۆ من و ئاواتی لە مێژینەم بە هۆی ئەو کورە باشانەوە لەوێ بەدی هات. دوای فێربوونی فارسی، کەوتمە چالاکی بۆ فێربوونی زمانی دایکم. بێ سەرچاوە، هەرەمەکی، بێ ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی دەستم بە نووسینی دیرۆکە کورتەکان کرد و هەروا تێکەڵ پێکەڵ دەمدا بە یەکدا.

یەکێک لە هاوبەندییەکان چووبووە مەرەخەسی، هاتەوەوگۆڤارێکی کوردی کە گۆڤاری ژمارە یەکی «سروە» بوو، تازە دەرچوو بوو، وەک دیاری بۆ منی هێنابوو. بەو دیارییە ئەوندە دڵخۆش بووم لام وابوو لایەک لە سنەی بۆ هێناوم. ژمارەیەکی گۆڤاری سروە کە بە پێنووسە جوانەکەی مامۆستا هێمنی مەزن و لە ژێر چاودێری دڵسۆزانەی ئەو بەڕێزە دەرچوو بوو، پڕ بوو لە شتی جوان و بە پێزی کوردی. ئێتر هەر ئەوە بوو بە چاوساخ و مامۆستام و زۆر بە پەلە و خێرایی فێری ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی بووم و هێورهێور بە سەریدا زاڵ بووم.

زۆر لە مێژ بوو ئاواتەخواز بووم ئەوەی کە لە مێشکمدا وەک خۆرە ناخمیان دەخوارد، بیان نووسمەوە. نووسینەوەی ئەوانەم وەکوو ئەرکێکی نەتەوایەتی بەلامەوە گرینگ بوو. لە نووسینەوەکەشیان زۆر بە پەلە بووم. چونکە هاتنە دەرەوەم لە بەندیخانە بە لامەوە ببووە گریمانە و زۆر بە تەمای ئەوە نەبووم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەربەخۆ دەبم.

ڕاست بوو کە حوکم درابوو بەڵام کێ دەیزانی چ ئاڵوگۆڕێکی دیکە بە سەردا دێ؟

لەبەر ئەو ئەگەر و گریمانە، کەوتمە بیری نووسینەوەی ڕاپەڕینی ساڵی چل و شەش و چل و حەوت کە لەو سەردەمەدا زۆر هۆگری بووم و کاک سمایلم لە ناخەوە خۆش دەویست و ڕێبازەکەیم بە دڵ بوو. ئەگەرچی ماوەیەک لە ڕێبازی نەتەوایەتی لامدا بوو و بە تاوانی لایەنگری لە ڕێکخراوەیەکی چەپی سەرانسەری ئەو ماوە تەمەنم لە بەندیخانە بردە سەر، دوای بە خۆدا چوونەوەیەکی زۆر تێگەیشتم لە هەڵەدا بووم. وەک چۆن کۆمۆنیستە شیعەکان کە دەگەنە مانگی موحەڕەم با دەدەنەوە و جلی ماتەمین دەپۆشن، منیش بامداوە و هاتمەوە سەر بیری نەتەوایەتی و دەستم بە نووسینی کرد بەڵام وەک بیرەوەری. پاش ڕامان و بیر کردنەوەیەکی زۆر ڕام گۆڕی. لە خۆم ڕا دەدیت ئەو بیرەوەریانەم لە چوارچێوەی ڕۆماندا بگونجێنم. چونکە ئەوەی پێویستی ڕۆمانە بریتین لە: بیر و فکری وردی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، زانست و بەشێکی هەرە گرینگی ئەدەبیات کە باس لە داب و نەریت و کەلتووری کۆمەڵگا دەکات و دەکرێ لە هەر چوارچێوەیێک و قەوارەییکدا بە شێوەیەکی بەربڵاو و سەربەخۆ پەل بهاوێژن و نووسەر خەشی دڵی خۆی بڕێژێ و دەردی کۆمەڵگاکەی دەربڕێ. لەو پێوەندییەدا نووسەر پێویستی بە بنەما، موژاد(سووژە)، داهێنان، تەکنیک، شێواز، فۆرم و چۆنییەتی داڕشتن هەیە. کە ئەوانەی لە خۆیدا بەدی کرد، مانای وایە کە نووسەر دونیای خۆی و ڕوانگە و بیرۆکەی تایبەتی خۆی هەیە. پاش خوێندنەوەی ڕۆمانێکی فرە، لە خۆمدا دیت کە دەست بدەمە قەڵەم و ئەو بیرەوەرییە بە پێزە نەتەوایەتییە بخەمە چوارچێوەی ڕۆمانەوە.

بەڵێ هاوڕێیان! دەردی من تەنیا گرتووخانە نەبوو. هاوبەندی گەلێک کە دارا و دەست ڕۆیشتوو بوون هەموو حەوتەیێک کەس و کاریان لە دوور و نزیکەوە دەهاتنە سەردانیان. من هەر خێزانەکەم دەهاتە سەردانم، ئەویش دەست کورت و دوورە دەست. شەش مانگ جارێک دەهات. دەمزانی کەی دێ. بەر لە هاتنی، نووسراوەکانم بەش بەش لە دەفتەری بچووک بچووکدا دەنووسی. کە هاوسەرە لە خۆ بووردەکەم بە چوار مناڵەوە کە گەورەکەیان پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوو، دەهات و لە بەر ئەو درەنگ هاتنەی چاوپێکەوتنەکەیان دەکردە کاتژمێرێک حزووری لە ژێر چاودێری پاسەواندا. لە دەرفەتێکدا وەختێک پاسەوانە کە پشتی هەڵدەکرد، بە خێرایی دەفتەرەکانم لە باخەڵی خێزانەکەم دەئاخنی و دەیبردەوە بۆ ماڵێ.

بە هۆی کەشوهەوا و کەند و کۆسپ گەلێکی بەربڵاو و درێژخایان کە بەرببنگی بە نەتەوەکەمان گرتووە و وەکوو دەردە باریکە(شێرپەنجە) بە وڵاتەکەمانەوە نووساوە، لە باری هونەرەوە نەیتوانیوە قۆناخی سەرەتایی ببڕێ و خۆی بگەیێنێتە قۆناخی نوێی ئەدەبیاتی جیهان. کەواتە ناشتوانێ شان بە شانی ئەدەبیاتی جیهانی پیشەسازی بڕواتە پێش. ئەوەش خۆی لە خۆیدا چەند هۆکاری سەرەکی هەیە.

ئەگەر ئاورێک لە مێژووی کاولی نیشتمان بدەینەوە و بە وردی توێژینەوەی لە سەر بکەین و کۆمەڵگای کوردەواری هەڵبسەنگێنین، ئاشکرا دەبینین ئەو گەلە، ئەو نیشتمانە لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمەوە لەشی ساخی بە خۆیەوە نەدیتووە و هەردەم هەڵگری برینێکی قووڵ لە پەیکەرێکی خۆیدا

بووە و ڕۆژێک سەرینی ئارخایەنی نەناوەتە ژێر سەری تا هزری وەگرخا و بە بیرێکی وردبینانەوە ڕامێنێتە ئەدەبیاتەکەی، کە دەڵێم بڕوانێتە ئەدەبیاتەکەی مەبەست ڕۆشنبیرە ڕەسەنەکانی کوردە، چونکە لە هەر نەتەوە و کۆمەڵگایەکدا باری قورسی کۆمەڵگا هەر بە سەرشانی ئەوانەوەیە و ئەوانیش بە پێی هەلومەرجی ئەو سەردەمە، ئەوەی هێژا و خاوەن خامەی بە هێزبووە لە مەیدانی بەربەرەکانێ لەگەڵ داگیرکەرانی نیشتمان تێوە گلاوە و بۆ هاندانی نەتەوەکەی دژی داگیرکەران بووە بە شاعیر و بە شیعری کلاسیکەوە سەرقاڵ بووە و کردوویە بە شیر و قەڵغان و ئیتر بۆی نەلواوە ئاوڕ لە ئەدەبیاتی نوێی جیهان بداتەوە و ئەوەی لە وزەیدا بووە هەر ئەوە بووە و کۆتایی نەکردووە.

ئەم بارودۆخە هەتا پێکهاتنی کۆمار بەردەوام درێژەی بە چالاکی خۆی داوە و دوای ڕووخان، ڕووناکبیرانی چەپی کوردی سیاسی و چاو لە دووبوانی ڕەوت و بزاڤی خەبات و شۆڕشی بێگانە و ڕەچاوکردن و لاساکردنەوەی ڕەوتی بێگانەیان هاورد و تێکەڵ بە ئەدەبیاتی سیاسی ڕەسەنی کوردی کردووە و هۆکارێکی گەلێ مەزنە بۆ ئەوەی کە پشت ئەستوور بە دۆزی نەتەوایەتی نەبێ و پشت لە مافی نەتەوە هەڵکەن. ئەو پشت تێهەڵکردنە بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەوەی لە باری سیاسی و گەشەی کۆمەڵایەتی بە دەست هاتووە، چونکە هەڵقوڵاوی بیر و هزری کۆمەڵگە و نەتەوەی خۆی نەبوو و لە بێگانە وەرگیرا بوو و بە زۆر ڕاگوازرا بووە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و کەلتووری نەتەوایەتی، پووچەڵ و بێ سوود لە کڵ دەرهات و خەڵک لە ڕوانگە و بە چاوی بێگانەوە سەیریان دەکرد، چونکە ئەو میتۆدە، ئەو پەرەنسیپە، ئەو بیر و ئەندیشەگەلە، ئەو دۆزە بۆنی بێگانەی لێ دەهات و بۆ گەلی کورد نامۆ بوو. ئەگەر تاکی نەتەوەیەک فرچکی بە ژەکی مەمکی دایکی خووی گرتبێ و پاشان لە دایکی دابڕن و مەمکی ژنە ڕووسییەک، ژنە چینییەک یان ژنە کووباییەک بخەنە زاری، مەگەر زۆری برسی بێ، بیگرێ، هەر کە تێربوو، نامۆیی دەکا و گازی لێ دەگرێ و گوێ مەمکی زاماردەکا و شیرەکە هێق دەکاتەوە، چونکە بە بۆنی بێگانە دەکا.

ئەوەی لە بواری هونەر، بە تایبەت ئەدەبیاتدا چالاکی دەکا بێ گومان بۆنی سیاسی لێدێت و سیاسیشە و لە ژێر کاریگەری سیاسیدا هەڵسووکەوت دەکا. ئەو هەڵسووکەوتە کاردانەوەی لە سەر هەناوی ڕەوتی ئەدەبیات بووە. نووسەرانی چەپی ڕووناکبیریشی لە خۆیدا پێچاوە و پشتیان بە فەرهەنگ و کەلتووری بێگانە بەستووە و داب و نەریت و کەلتوور و کەلەپووری بە بایەخ و دەوڵەمەندی کوردەواری و نەتەوەکەی خۆیان وەلاناوە. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە کاری نووسەرانی پێشکەوتووی وڵاتە پێشەسازییەکان، ئێستاشی لەگەڵ بێ، سەرقاڵی توێژینەوە وئاڵەبێژکردنی بەیت و باو و حەیرانەکانی ئێمەن و ڕایدەگوازنە نێو ئەدەبیاتی خۆیانەوە و بە فولکلۆری ئێمە خۆیان دەوڵەمەند دەکەن. بەیت و باو و حەیران بە گشتی، بەشێکی هەرە گرینگی فولکلۆری ڕەسەنی کوردی نییە؟ ئەوان زۆر زیرەکانە سیری خۆمان لە سمێڵمان هەڵدەسوون و چۆلەکەمان بە نرخی قەناری پێ دەفرۆشن و ئێمەش لێرەوە بۆیان دەبین بە خوێژ و بە شان و باهۆیاندا و بە دەست و قەڵەمیاندا هەڵدەڵێین و وشە بە وشە و دێڕ بە دێڕ لە بەری دەکەین. مەگەر سەد ساڵ تەنیایی بەرهەمی گابریێل گارسیا مارکێز لە جێگای چادری دۆمەکان و جێگای کڵە ئاوری فولکلۆرەوە ڕاینە گواستە نێو ئەدەبیاتی کولۆمبیا؟

لەگەڵ ڕێزم بۆ ڕۆشنبیرانی چەپی سیاسی، من دەڵێم بە شوێن کەوتن، پێڕەوی کردن لە سیاسەت و قەڵەمی بێگانە هەڵەیە و دۆزەکەمان بە لاڕێدا دەبا و بەدوای کڵاوی لار کەوتنە. وەرن با خۆمان بین و لە فەرهەنگ و خەڵکی خۆمان دوورنەکەوینەوە و نەتەوەکەی خۆمان جێنەهێڵین.

ڕۆمانی هەزار ئەشکەوت بەرگی یەک و دوو و سێی کە نزیک بە هەزار لاپەڕەیە، چاپ و بڵاو بووەتەوە. بەرگی چوارەمی کە لە ژێر سەر دێڕی ناوێکی دیکەدا دەبێ، لە مێشکمدا گەڵاڵەم گرتووە و ئەگەر تەمەن مۆڵەت و بوار بدات بەم زوانە دەست بە کاری نووسینی دەبم. ڕۆمانی هەزار ئەشکەوت لە سەر بنەمای بزووتنەوەی نەتەوایەتی ساڵەکانی چل و شەش، چل و حەوت ڕایەڵی نراوەتەوە و پۆی داب و نەریت و فەرهەنگی ڕەسەنی کوردەواری تێوەردراوە و بە دوور لە میتۆد و پرەنسیپی بێگانەیە و بزووتنەوەکەش خەباتی چەکدارانەی ڕەسەنی کوردە و بە بیچم و قەوارەیەکەوە داڕێژراوە کە هەڵقوڵاوەی ناخی نەتەوەکەی خۆیەتی و لە بێگانە وەرنەگیراوە.

گرینگی ڕۆمان لە چیدایە؟ ئاخۆ لە نەبوونی ڕۆماندا، چیرۆک و شیعر دەتوانن ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە؟ بە بۆچوونی من ئەوانە سێ بران و کوڕی ئەدەبیاتن. ڕۆمان بەشی هەرە گرینگی ئەدەبیاتە. ئەو بەشە گرینگە بریتییە لە: ڕەساڵەتی فەرهەنگی، کولتوور و کەلەپوور، زمان، داب و نەریت و زاراوە جۆراوجۆرەکانی نێو نەتەوە دەست بەسەردەکات. هەڵبەت ئەم تایبەتمەندییانە هەر سێ بواری شێعر و چیرۆک و ڕۆمان دەگرێتەوە و بە نەبوونی هەرکام لەوانە بۆشاییەکی گورچووبڕ، خەسارێکی گەورە، برینێکی قووڵ دەکەوێتە جەستەی ئەدەبیاتەوە. چونکە هەرکام لەوانە کارکردێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. وەک ئەوە وایە کە سێ منداڵت هەیە و هەر یەکەیان ئەرکێکی تایبەتیان لە ئەستۆ بێ، جا با ئەرکی یەکیان لە دووانەکەی دیکە گرینگتر بێ. لە نەبوونی هەرکامیاندا بۆشایی دەکەوێتە ماڵەکەت و جێی ئەو دیارە. بە نەبوونی شێعر، چیرۆک یان ڕۆمان بۆشایی دەکەوێتە ئەدەبیاتەوە. شێعر هەستە، خەیاڵ ناسکییە، زوو تێپەڕە، هاندەرە، چەخماخەی هەورە برووسکەیە و لایەلایە بۆ دڵ دەکا و ئاگر لە هەناو بەر دەدات،

مێشک دەهەژێنێ، لە ناخەوە دەهووژێنێت نووستووان بە خەبەر دەهێنێت.

چیرۆک بە هۆی بەر تەسکی چوارچێوەکەیەوە دەست و باڵ کورتە بەڵام بزۆز و سەر بزێوە، دەست قورس و گورچووبڕە، مشتۆی نێو هومانەیە. چیرۆک زمان شیرین و لە بنەوە بڕە، بە سەر مەڕی بە دڵ گورگە، دەشگری و لایەلایەش دەکا، ئێش دەدا و دەشگری، کۆرپەی کۆشکی زۆرداران ڕادەژەنێ و نقورچکیشی لێدەگرێ. بە کوردی و بە کورتی ئاوری بن کایە.

ڕۆمان برا گەورەیە، بەربڵاو و سنگ کراوەیە. دەستی بە هەموو شوێنێک دەگا و سەر لە هەموو کەلێن و قوژبنێک دەردێنێت و خۆی لە هەموو شتێک هەڵدەقورتێنێت و هەموو پەنا و پەسێوێک دەپشکنێ، تووڕە و تۆسنە، دڕ و بێ بەزەییە، دەم شڕ و جنێوفرۆشە و شەرم لە کەس ناکا، ڕاست و بێ پەردەیە، ئەوەی بە زمان دەیڵێ بە کردەش دەیکا و چی بزانێ نایشارێتەوە، پەل هاوێژ و بەربڵاوە، بە دەسەڵات و زۆردارە، بە دڵ لایەنگری چەوسێنەرانە. هەر لە بەر ئەو تایبەتمەندییانە. هەر کام لەو سیانە نەبن بۆشاییەکی گەورە لە ئەدەبیاتدا دێتە بوونەوە.

ڕۆمانی هەزار ئەشکەوت ڕاشکاوانە دەردی کۆمەڵگا بەیان دەکا و بێ پێچ و پەنا دەیخاتە بەردەم بەرەی دوارۆژ، واتە ئەو کیژ و کوڕە گەنجانەی کە تاڵاوی سەردەمی دەرەبەگایەتییان نەچووە بە قوڕگدا، دەسنیشانیان دەکا و ئەو تافەیان بۆ زیندوو دەکاتەوە و وەک شانۆ دەیهێنێتەوە بەرچاو کە باو و باپیرانیان چ مەرگە ساتێکیان بینیوە.

چەند ساڵ لەمەوبەر، پێشەکییەکی جوان و بە پێز لە سەر بەرگی یەک و دووی هەزار ئەشکەوت نووسرا لەو پێشەکییەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ڕۆمانی هەزار ئەشکەوت لە ژێر کاریگەری ڕۆمانی «حەمەدۆک» دایە. ئەوە لە حاڵێکدا من هەزار ئەشکەوتم لە ساڵی شەست و شەش- شەست و حەوت لە بەندیخانەی سنە گەڵاڵە گرتووە و هیچ چەشنە زانیارییەکم لە سەر ڕۆمانی «حەمەدۆک» یەشارکەماڵ نەبووە.

بەڵێ کوتم کە هەزار ئەشکەوت لە ساڵی شەست و شەش-شەست و حەوت لە زیندانی سنە گەڵاڵە گیرا. ساڵی حەفتا و حەوتی هەتاوی، بە یارمەتی دۆستی بەڕێزم کاک سەعید حیسامی لە سەر ئەرکی خۆی، بەرگی یەکەمی لە تاران بە چاپ گەیاند و لە سێ هەزار نوسخەدا بڵاوکرایەوە. بوێرانە دەتوانم بڵێم ڕۆمانی هەزار ئەشکەوت، دوای «چێشتی مجێور»ی مامۆستا هەژار بە برەوترین کتێبی کوردی ئەو ساڵە بوو و بە نیوە نیوە چڵی، بێ برگی دوو و سێ، واتە تەنیا بەرگی یەکەم، لە پێشبڕکێیەکدا کە لە لایەن گۆڤاری سروەوە لە سنە بەڕێوە برا، بە پاشقول و غەدری پاروو با دەرانی پاشخوانی سەرۆکان، بە سێهەم ڕۆمانی کوردی ڕۆژهەڵات ناسێندرا.

مامۆستا هێمن دەفەرمێت:

هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە
هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە و ژینی تاڵە

ساڵی شەست و حەوتی هەتاوی ئەودەم کە لە زیندان هاتمە دەرێ، ڕوخساری ئازادیم نەدیت و ژیان و دونیا بۆ من هەر زیندان بوو بەڵام لە بازنەیەکی کراوەتردا. ئەو کاتە کە لە گرتووخانە بووم پتر هەستم بە ئازادی دەکرد. لە تاوی لۆمە و تانە و توانجی خزمەکانم نەمدەوێرا ڕاشکاوانە، ئەوەی لە دڵمدا هەستم پێ دەکرد، بیدرکێنم. ناچارهانام بردە بەر چۆڵی و چیا و بووم بە هەنگەوان. ماوەی بیست و هەشت ساڵ بە ڕۆژ ئازاری ژاری چزووی پێوەدانی هەنگ، شەوانە لە بەر شەوقی کەم تەوژمی لامپا سەرقاڵی نووسین و خوێندنەوە بووم و زۆریش لە سەر کارەکەم سەر و دڵ خۆش بووم. بێجگە لەوەی لە دەست ئێش و ئازاری چزووی زاری خزم دووری خستمەوە، بژێوی ژیانی ماڵ و منالیشی لێ هەڵدەکرێنم و دەستکەوتی گەورەشی بۆ من ئەوەیە کە توانیومە سێ بەرگی ڕۆمانی هەزار ئەشکەوت بخولقێنم. سەرەڕای ئەوەش، کتێبی(( ئایدۆلۆژیا مۆدێڕنە سیاسییەکان)) کە پەرتووکێکی سیاسی، زانستییە و دەورووبەری پێنسەد لاپەڕەیە، لە سەر داوای دەزگای موکریانی هەولێر وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و هەر ئەو دەزگایە چاپ و بڵاوی کردووەتەوەو وەک سەرچاوەیەکی زانستی لە زانکۆی سەلاحەدینی ئەیووبی هەولێر کەڵکی لێ وەرگرتووە.

مێژووی شارستانییەت نووسراوەی هێنری لۆکاس بە قەڵەمی عەبدولحوسەینی ئازەرەنگ کراوە بە فارسی، دوو بەرگ کە پتر لە هەزار و پێنسەد لاپەڕەیە و ئەویش هەر لە سەر داوای دەزگای موکریانی هەولێر وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. چەند کورتە چیرۆکی مۆدێڕن و هەروەها کۆمەڵێکی زۆر لە حەکایەت و چیرۆکە کۆن و ئەفسانەییەکان کە لە بیرم مابوون و بۆ ئەوەکە لە یاد نەچنەوە نووسیومەتەوە و ئامادەی چاپن. هەروەها لەم دواییانەشدا ڕۆمانێکم لە ژێر سەر دێڕی سەرهەڵدان کە لێوەرگرتنێکە لە ڕاپەڕینی ئەفسەرانی خۆراسان بە پێی بیرەوەرییەکانی عەلی ئەسغەر ئێحسانی کە نزیکەی پێنسەد لاپەڕەی لە خۆ گرتووە. لە لایەن چاپخانەی مادیار لە سنە چاپ کراوە و ئامادەی بڵاو بوونەوەیە. هەروەها ڕۆمانی هەزار ئەشکەوت، بەرگی یەک و دوو و سێ هەر لەلایەن چاپخانەی مادیارەوە چاپ کراونەتەوە. ئێستا لە کتێب فرۆشییەکان بوونیان هەیە.

کورد دەڵێ:

کەسێک بە پیری فێری پڵاوخواردن بێ، پاروو دەبا بۆ چاوی من کە بەو تەمەنە کورتەی خوێندەوارییەکەم و لەو تەمەنە پیرییەمدا توانیومە ئەرکی خۆم ڕاپەڕێنم، هیوادارم کەلێنێک لە ئەدەبیات و قوژبنێک لە کتێبخانە هەژارەکەی نەتەوەکەم پڕ بکەنەوە.

عەلی حوسەینی - سەقز

# خوێندنەوەی کۆمەڵە شێعری زەویی پلاستیکی دیار لەتیف لە باشووری کوردستان



لە چۆنیەتی و چییەتیی شێعر تاریفگەلی زۆر هاتووەتە ئاراوە. لە یۆنانی کەوناردا سەرەتا شێعر بەو ئەفسانەگەلە دەوترا کە بە نەزم دەردەهێنران و وەسفی پاڵەوانان و خودایانی یۆنانیان دەکرد. ئۆدیسە و ئیلیادی هۆمێر لەو چەشنە دەقە بوون کە لەواندا هەوڵدەدرا خاوەن توخمێتی، پاکێتی و ئازایەتیی پاڵەوانگەل و خواکان بهێنرێنە بەر باس و پێیاندا هەڵبڵێن تا لەو ڕێگەوە سەربوونی خۆیان بە نەتەوەکانی تر نیشان بدەن و هەر وەها بیری بەرخۆدان زیندوو بهێڵنەوە. هەر لە هەمان یۆنانی کەوناردا بەرەبەرە تاریفگەلی نوێتر لە شێعر هاتە بەرباس و لە ڕێگەی فەیلەسووفانی وەک ئەرەستووەوە چەشنێ لە بووتیقا و تەغەززول بۆ پێناسە کردنی شێعر هاتە ئاراوە. لە ئێرانی کەوناراشدا،بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە پاش هاتنی ئایینی ئیسلام پێدەچێ کتێب و نووسراوەکان لە ناوچووبن، ئەوەی کە لە بەردەسدا بێت گاتاگەلی زەرتوشتە کە بە کۆنترین نوسخە شێعرییەکان بە ئەژمار دەهاتن و چەشنێ لە شێعری برگەیی بوون.

لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا، لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەڵسوکەوتی شاعیرانە لەگەڵ ژانری شێعر کەم و زۆر بە یەک چەشن بوو؛ لە ئەحمەدی خانی و مەلا جزیرییەوە بگرە تا نالی، حاجی قادر، ئەحمەدی کۆر، شێخ ڕەزا، مەحوی، وەفایی،ئەدەب و ... هەمان بەرخوردیان بووە لەگەڵ شێعر. هەڵبەت مەم و زینی خانی لە سەر کێشی مەسنەوییە بەڵام شێوازی دەربڕین و چۆنێتیی بە کارهێنانی زمان کەم و زۆر هەمان شتە کە لە شێعری شاعیرانی تردا بینراوە. خودی خانییش کاریگەریی کلاسیک نووسانی گەورەی فارسی وەکوو نیزامیی گەنجەوی و کەسانی تری لە سەر بووە. بەڵام لە شێعری زۆربەی ئەو شاعیرانەی کە لە سەرەوە ناو بران قەسیدە و غەزەل بە زۆری دەبینرێن و بەم پێیە کەڵک وەرگرتن لە کێشگەلی جۆراوجۆری عەرووزی لەو پەڕی پێویستیدا بوو. لە ئەدەبیاتی نوێی شێعریدا زانیارییەکی بەرچاومان لە دوو بەشی باکوور و ڕۆژاوای کوردستان نییە. لە دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا لە سەرەتا بزاڤە نوێیەکان کەم و زۆر هاوچەشن بوون بەڵام بەشی ڕۆژهەڵات بە هۆی سەرهەڵدانی هەندێ بزاڤی خەساوی پاش شاملوویی لە شێعری فارسیدا و ڕەچاوکردنی ئەو بزاڤانە لە لایان شاعیرانی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە، لە باشوور جیابووەوە و ئاڵای سەربەخۆیی خۆی بەو بزاڤە خەساوانەوە هەڵدا. لە باشووری کوردستانیش گۆڕانکاریی زۆر دروس بوو؛ ئەوان هەر زۆر زوو خۆیان لە ڕێچکە سەرەتاییەکانی گۆران جیاکردەوە و پێدەچێ لەم بیست ساڵە دواییەشدا هەوڵێکی شاراوە درابێ تا لە شێرکۆ و پەشێو و ئاڤانگاردگەلی تر گوزەر بکرێ.

کۆمەڵە شێعری زەویی پلاستیکی دیار لەتیف ڕەنگە لەم خانەیەدا جێی بێتەوە. چەشن گەلێ لە وتوویژ لەم کۆمەڵە شێعرەدا خۆ دەردەخەن کە بەردەنگ لە هەندێ شوێندا وا هەست دەکا لاسایی زیافەت یان کۆماری ئەفلاتوون کراوەتەوە؛ ئەوەی کە خودی ئەفلاتوون چەندە لەگەڵ شێعرا بوو یان چەندە دژی بوو کارمان نییە بەڵام ڕەنگە لەم کۆمەڵە شێعرەدا هەوڵ درابێ لە فەننی دەق گەلی تر بۆ پەرەپێدانی دەقەکە و دروسکردنی ئەتمۆسفێرێکی نوێتر کەڵک وەرگیرێ. ئەمەش پێوەندیی بەوەوە هەیە چەندە بەردەنگ قبووڵی بکات و سەرکەوتن بە سەر دۆخەکەدا لە چ ئاستێکدا بووبێت. لەم کۆمەڵە شێعرەدا ڕەنگە بە هۆی هەندێ نامۆیی سەرەتاییەوە کە لە دەقەکەدا بەدی دەکرێ خوێنەر سەرەتا هەست بە نزیکایەتی لەگەڵ دەقەکە نەکات بەڵام بەرەبەرە نامۆییەکە بەرەو سڕینەوە دەچێت و پێوەندییەکی باشتر دەستەبەر دەبێ. کەم کەم خوێنەر لەگەڵ ڕۆحی شاعیر و ئەو ڕۆحییەی وا لە کۆمەڵگەکەی دەینوێنێ ڕێک دەکەوێ. سەرمامە چون سەگێک لە بۆشایی شەودا/من کوڕی سەر ڕێگاکانم/ تووتنی ناو سەبیلەکەم،/ پڕ لە نیکۆتینی هەژارییە./ یان: فریشتە بچکۆلانەکەم..‌/منالیم بە کەڵکی گێڕانەوە نایەت/ ساڵەکانی گەورە بوونیشم/ وردە شووشەی گەرووی ژیانن./ لە هەمووی ئەمانەدا و شتی زۆری لەم چەشنە، بەردەنگ بە گەرمی لەگەڵ ئەو ڕۆحییە برینداڕەی کە شاعیر مەبەستییەتی پێوەندییەکی خەمناکانە وەردەگرێ.

لەوە ئاگادار نیم کە شاعیر تا چ ڕادە لەگەڵ ئەدەبیاتی بیانی پێوەندیی هەبێت بەڵام لە بواری فۆرم و قەوارەوە هاوچەشنییەکی زۆر لە نێوان ئەم دەقە شێعرییە و هەندێ لە دەقە شێعرە بیانییەکان دەبینرێ. سەرنج بدەنە ئەم شێعرەی چارلز ئار. فیلدشتاین شاعیری ئەمریکایی کە ساڵی ٢٠١٠ لە کتێبی دەروازەکەدا بە وەرگێڕانی عەلی حسەینی لە سلێمانی چاپ کراوە:

(چاوەڕوانی)
ڕۆژ وەکوو ئەسپێکی شەکەت
خۆی کێش دەکات.
قوتابیان کوتوپڕ دەڕژێن
بە سەر کورسییەکانیاندا،
بە شێوەیەکی هاوچەشنە بەرەو دەرکە دەرینەکە
بەرەو گەوری تاریکی خەو،
پۆلەکە دێتەکۆتایی.
کورسیەکەم لار دەبێتەوە،
منیش بەرەو ماڵ دەڕژێم
ئەو شوێنەی کە چیمەنەکەم چاوەڕێمە،
بە دەورو پشتی ماڵمەوە

ڕێک لە بەردایەنێک دەچێ شەوقی هەتاوی گرتبێ،
شەوژەنی دەروازەکەم چاوەڕوانی کردنەوەیە،
قوڵفی دەرکە بەروەکەشم چاوەڕێگەی کلیلەکەیە،
چێشتخانەکە، ئاوسە بە نانی تازە،چاوەڕێگەی
شەوقێکی هێورە کە لە دالانەوە تێیدا بڵاو بێتەوە،
بەرە بەرە شەوقەکە بەرەو بەشی خۆڵەمێشیی خۆی دەبزوێت
و ون دەبێ،
لە نێو هۆدەی خەوەکەمدا،بە سەر سەرینەکەمەوە،
نیشانەی نێوانی کتێب بۆ خەونەکانمە،کە ئەتوانم لەو شوێنەوە
برژێمە ناو ئایندەوە،
بەو گومانە کە لە چەقی دەرکەکەمدا بە وێنەی ئەسپێکی ئازا
سمکۆڵان کا وشەماڵ ئاسا لە دەروازەکەوە دەرچێ.

ئەمەش کۆپلەیەک لە کتێبی زەویی پلاستیک لاپەڕەی ٤٧، بە گشتی دەربڕینی لەم چەشنە لە کتێبەکەدا زۆرە:

شارەکان دەکشێن
پەراسووەکان تەسکتر دەبنەوە.
هەوا پچڕپچڕە و گیرفانەکانی پڕە لە چەوری
ماشێنەکان لە ژێر زرمەی کات دەپلێنەوە.
ئاوەڕۆی چەرمەسەری تینووترمان دەکات.

مەبەستم لە شێوازی دەربڕین و بەڕێز وتنی شتەکان و هەر وەها بێ توێکڵیی پەیڤەکانە؛ بە گشتی زۆرێک لە دەربڕینی شێعری لە کتێبی زەویی پلاستیکدا بەم شێوەیەیە. شێعری ڕۆژاوایی شێعرێکی بێ توێکڵە و لە شێعریاندا خوازە دەوری کەمتر دەگێڕێ بەڵام شێعری ڕۆژهەڵاتی، بە تایبەت شێعری کورد، ئێران و عەرەب، شێعرێکی خوازەییە.

لە شێعری گەشتنامەدا، بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و ئاماژە بە شارستانییەتە کۆنەکان، شاعیر دەیەوێ سەفەرێک بەرەو دوا بکات و سەفەرەکە ئاوێتەی ژیانی ئەمڕۆ بکات. قافڵەکەم لێدەخوڕم،/بەرەو ڕۆژهەڵاتی کۆن/ هەگبەکان پڕن لە پرسیار/ پەپوولە ڕەنگاوڕەنگەکان لە سەرمان هەڵنیشتوون./ هەر لەم شێعرەدا: لەدایکبوون خۆکوژییەکی تەنکە،/ لە سەر سەمای شەیتان،/ کە واتە من زیندانیی سەرەتای خۆمم./ دێتە سەر وتەکانی دیدی پەپای و ئەڵێ: کۆمەڵگە شوێنی کوشتنی ئارەزووەکانی تاکە/ سەرچاوەی گەندەڵ بوونی مرۆڤە/ درێژەی شێعرەکە و پاشان ئەم چەند ڕستە: هەزار ساڵە بەڕێوەم/ ڕابردووم بازداوە/ ئەسپەکەم سەرسم دەدا./ دێموکراسیی شکاو،/ لە ژێر ناڵەکەیدا دەزرنگێتەوە./ ئەگەرچی ڕیوایی بوون بە سەر ئەم دەقە شێعرییەدا زاڵە بەڵام هەوڵدراوە ڕواڵەتێکی نوێ بدرێ بە ڕیوایەتەکە؛ زۆر جار خوێنەر وا هەست دەکات ئەگەر ئەم دەقە شێعرییە لە قەوارەی ڕۆمانێکدا بوایە شتێکی سەمەرەی لێ دەردەهات. بە خوێندنەوەی شێعری ڕۆژە زێرابییەکان خوێنەر وا هەست دەکا کە شاعیر بە وردی ڕۆمانی نەتەوەی زێرابەکانی جەبار جەماڵ غەریبی خوێندبێتەوە و بە قووڵی چووبێتە ناو دەقەکەیەوە. ئەو ڕۆمانەش لە بەرەیەکی شوناس لێسەندراو، بە شتومەک کراو و لە ناو چاڵی خەمۆکیدا نغرۆکراو دەدوێ کە لە زێرابدا جێگایان بۆ کراوەتەوە تا لەوێدا، لە ژێر زەخت و فشاری ژیاندا بیر لە سەرهەڵدان و ڕزگاری بکەنەوە. هەڵبەت پێشتر لە شرۆڤەی ئەو ڕۆمانەدا وتبووم کە لەودا پەیرەوی لە ئەدەبیاتی چەپەڵی کۆتایی هەشتاکانی ئەمەریکا کراوە. لە زەویی پلاستیکیشدا شاعیر وەکوو تاکێک لە بەرەی نغرۆ بوو، جارجار لە هەمان ئەدەبیاتی پۆخڵ و کەم و زۆر تووڕە کەڵک وەردەگرێ. من نووسەر نیم/ کەچی دەخوازم قوونم لە باوەشی دێڕەکان بشارمەوە./ بە گشتی بەردەنگ وا هەست دەکات ڕۆمانێک لە گەرووی شاعیردا گیری کردووە کە ویستوویەتی لەو ڕێگەوە نسکۆکانی بەرەیەکی داپڵۆسراو و شکست خواردوو بنوێنێ. کە دەڵێم ڕۆمان مەبەستم ئەوەیە شێوازی داڕشتنی دەقەکە و ناوەڕۆکی دەقەکە هاندرمانن کە بڵێین جۆرێک لە هاوچەشنێتیی لەگەڵ ڕۆمان هەیە کە ناوشیاری شاعیر پاڵی پێوە ناوە زووتر بێتە دنیای بوونەوە و ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی دەقەکە بەشێوەی نەوەکام یان لەبارچوو بێتە بوونەوە. شکستەکانیش ئەوەندە زۆرن کە ڕەنگە هەر بە هەمان ڕۆمانی خنکێندراو لە گەرووی شاعیردا بنوێندرێن. بە گشتی کاردانەوەی ئەم چەند ساڵە لە حوکمڕانیی حکوومەتی کوردی لە ڕادەبەدەر بە دەقی زەویی پلاستیکەوە دیارە. بەرەیەک کە بە هۆی حاکمیەتی گەندەڵی حاکمانی کوردەوە تەنانەت ویستە نەتەوەییەکانیشی لەبیرچووەتەوە. ئازاری ناوسەرم،/ لە سەر ئاڵای وڵاتەکەم دەکوتم./بارابۆس من کاول بووم/ ڕمامە خوارەوەی گەردوون./ یان: ئاڵاکەم/ بیرم چوو من ئاڵام نییە/ نیشتمانەکەم دایکوتاندم بە خاچەوە./ ئەم دەقە ئەوەمان پێ دەڵێ کە حکوومەتی کوردی هەرگیز حکوومەتێکی سەرکەوتوو نەبووە و بەرەیەکیشی نغرۆی ناو لمی خەمۆکی کردووە.

دەربارەی جوانکاریی زمانی و تەغەززول ئەوە بڵێم کە شاعیر ئاگایانە یان ڕەنگە نائاگایانە ڕواڵەتێکی ئاخاوتن ئاسای داوە بە دەقی شێعرەکان و بەم پێیە جوانکاریی شێعری لە چەشنی ئیهام و خوازە و ... تا ڕادەیەک دابەزیوە هەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە جوانکاریی نەبێت؛ هەندێ جار وێنەگەلی شێعریی زۆر جوان دەبینرێن: سێبەری لاق شۆڕی ناو تاریکی،/ هەناسەیان بۆنی چۆڵەکەی برژاو دەدات و شەڕ/ بە شەقامەکانی ژێر پێیان دەفرۆشن./ یان: نەفرەت چرایە لە ماڵی پاکیزەییدا/ کە هەم وێنەیەکی جوانە و هەم بە چەشنێک دەچێتە ناو خانەی پاڕادۆکسێکی پێچەڵپێچەوە. هەڵبەت تەلمیح لەم دەقە شێعرییەدا جارجار دەور دەگێڕێ. دەڕوانمە هەبوونم/ کەم کەم دەبمە سیسرکێکی خشۆک./ لێرەدا ڕەنگە کاریگەریی دەقی مەسخی کافکا بووبێتە هۆی ئەوە شاعیر بڵێ: دەبمە سیسرکێکی خشۆک. یان هەندێ جار بە هێما دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتە کەوناراکان وەکوو میسر و ... . لەم دەقەدا ناوبەناو دەسکاریی وشە کراوە هەڵبەت لە ئاستێکی کەمدا، کە بە ڕای من پێویست نییە ئەو کارە بکرێت یان ئەگەر بکرێت دەبێ زۆر هۆشیارانە بێت. دەهامشۆن، گۆشت گۆشت و ... .

سەرچاوەکان

١.فن شعر، ارسطو، ترجمەی دکتر عبدالحسین زرین کوب
٢. نظریەی شعر سپید، حرفهای احمد شاملو در مورد شعر و شاعری، هیوا مسیح
٣.کۆمەڵە شێعری دەروازەکە،وەرگێردراو لە ئینگلیزییەوە بە وەرگێرانی عەلی حسەینی
٤.کۆمەڵە شێعری زەویی پلاستیک، دیار لەتیف

چیمەن سانیار - بۆکان



# گرینگی ڕۆمان لە ئەدەبیاتدا

ئەدەبیات بە گشتی و لە ناو جەرگەی ئەدەبیشدا، ڕەنگە ڕۆمان بە تایبەت لەمڕۆکەدا، لە چاو کایەکانی تری وەکوو فەلسەفە و هونەر و سیاسەت و هیتر... چ سەرنج ڕاکێشییەکی هەیە کە هێزی مانەوەی پێدەبەخشێ؟ بە ئاوڕدانەوەیەک لە هێندێک لە ڕوانینی نووسەرە مەزنەکان ڕەنگە تا ڕادەیەک وڵامی ئەم پرسیارە بدۆزینەوە؛ جیمز جۆیس بە ڕەمزی نەمری ناودەبا و کۆندێرا دۆنکیشۆت بە خاڵی وەرچەرخان و ڕۆمانیش بە یەکێک لە ئامرازەکانی پێشکەوتنی ئەورووپای ناودەبات، کافکا دنیایەکی ترسێنەری تێدا دەخوڵقێنێ کە خۆشی بە ڕادەیەک لێی تۆقاوە کە ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی نووسراوەکانی دەگرێ ... ئەوەی ڕەنگە لێرەدا کەمتر ئاوڕی لێ درابێتەوە ڕوانگەی خوێنەرە کەچی لە دنیای ئەمڕۆکەدا هەر وەکوو دەیبینین لە بەخشینەوەی خەڵاتە ئەدەبییەکان تا ڕادەیەک پرس بە خوێنەرەکان دەکرێ یان وەکوو دیاردەیەک کە بەرەو باوبوون دەچێ لە هەندێک لە ڕاپرسییەکان بۆ دەست نیشانکردنی باشترین ڕۆمانەکانی سەدە، جێگایەکیش بۆ پرس بە خوێنەر دەهێڵنەوە. لە لایەکی تریش چەمکێک بە ناوی ئەدەبیاتی کلاسیک و ئەدەبیاتی کلاسیکی مودێرن باوە کە شاکارە ئەدەبیاکانمان بۆ خانەبەندی دەکات، دانان و خەڵات کردنی کارە ئەدەبییەکان هەر ساڵە لە ڕێگای جۆراوجۆری خەڵاتە ئەدەبییە نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکانیش بە هەمان شێوە ئەگەر لە پێناو زەوق بەخشین بە خوێنەری هەڵنەسەنگێنین، ڕێگایەک بۆ کەشف کردنی نووسەرە باشەکان و ناساندنی ئاسەوارە سەرکەوتووەکانی ئەم ساڵەیە. دابەش کردنی ڕۆمان یەکێک لەو کارە بێسوودانە دەنوێنێ کە زیاتر سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ، بە ڕای من دکتۆر ژیواگۆی پاسترناک وەک یەکێک لە گەورەترین شاکارە عاشقانەکانی سەدەی بیست بە ناو دەکرێ کەچی بە خوێندنەوەیەکی خێرا و بەو هەڵوێستەی یەکێتی سۆڤییەت لە بەرامبەر ڕێگەنەدان بە پاسترناک بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبیل دەبێ تێبگەین کە تەنیا وەکوو ڕۆمانێکی عاشقانە ناساندنی وەها کارێک بە خوێنەر دەتوانێ چەند هەڵە بێت، یان بە پێچەوانەوە وەکوو ڕۆمانێکی سیاسی بیناسێنین. سەد ساڵ تەنیایی مارکێز سەردەمێک کە باس لە مردنی ڕۆمان دەکرا گیانێکی نوێی کردەوە بە بەر خوێندنەوەدا، لە دۆنکیشۆتەوە بگرە هەرکام لە کارە مەزنە ئەدەبییەکان جێپەنجەیان دیار و وەکوو ڕووداوێکی مێژوویی شوێنێکیان بۆ خۆیان لە مێژوودا دیاری کردووە؛ دادگایی کردنی مادام بۆڤاری دادگایی کردنی فلۆبێر بوو، کەم نین ئەو نووسەر و کتێبگەلەی درانە دەست دادگا و بێدادگاکان. سانسۆر بە پێچەوانەی بیری زاڵەوە هەمیشە ڕێگایەکی دیارکردن لە ڕێگای ناسین و ناساندنی نووسەر و کارەکەی بووە بە خوێنەر، هەر کارێک ڕێگا لە چاپ و بڵاوبوونەوەی گیراوە خوێنەر زیاتر ڕوویان تێکردووە. دیاردەیەکی تریش بە ناوی سووتاندنی کتێب، ئێمە دەتوانین وەکوو بەریەک کەوتنی دوو دنیای جیاوازی ئەدەب و سیاسەت لێکدانەوەی بۆ بکەین. گەڕان بە دوای کاتی لە دەسچووی مارسێل پرووست خوێنەر بە گشتی دەکات بە دوو بەشەوە؛ ئەوانەی ئەم کتێبەیان خوێندۆتەوە یان نەیانخوێندۆتەوە؟ لە زۆربەی شوێنەکانیش هاوکات دەسپێک لووتکەی ئەدەبیاتی ئەو وڵاتەش بووە.

پرسیارێکی تر ئەوەیە خوێنەر لە کوێی ئەم پرۆسەیە دایە؟ بە چاوخشاندنێک بە تەواوی پێشانگا دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەکانی کتێب لە سەرانسەری جیهاندا، بە قەدەغەکردنی هەندێک ئاسەوار و لە بەرامبەردا ڕەواجدان بە چاپ و بڵاوکردنەوەی هەندێک سووکەکار لە لایەن هەندێک دەوڵەت و دامودەزگاوە، بە زۆر نموونەی تریش شتێک کە لێرەدا لە بیر دەکردرێ ئەویە کە خوێنەر لە چرکەساتی لەدایکبوونی هەر کارێکی ئەدەبیدا لە مێشکی نووسەر حزووری هەیە، زۆرمان ڕێگا پێوا هەتا بە شێوەیەک لە شێوەکان لە سانسۆر و سووتاندنی کتێبەوە بگرە هەتا پێشانگاکان و خەڵاتەکان کە ڕێگایەک بۆ دۆزینەوەی خوێنەر پەیدابکەین، بێخەبەر لەوەیکە خوێنەر لەو یەکەم چرکەساتەوە خۆی بوونی هەبووە.

پێوانەکان چین بۆ دیاری کردنی کتێبێک وەکوو شاکار؟ بە پێی ژمارەی خوێنەرەکان بە ڕای من دەتوانێ وڵام بۆ ئەم پرسیارە بدۆزرێتەوە. هەر وەک چۆن دژی خانەبەندی کردنی کتێبەکان بووم بە هەمان شێوەش دژی دابەش کردنی خوێنەرەکانم بە سەر بەرە جیاوازەکاندا، ئەگەر بە هەڵە نەچین دەزانین کە هەموو نووسەرەکان تا ڕادەیەک بە زمانێک دەنووسن و هەموو خوێنەرەکانیش بە زمانێکەوە دەخوێنەوە کە زمانی ئەدەبە و هەوڵدان پۆلێن کردنی کارێکی سەیر دەنوێنێ. یەکەم فاکتۆر بە دڵنیاییەوە کاتە، کاتێک کە مرۆڤ تەرخانی دەکات بۆ خوێندنەوە، بۆ خوێندنەوەی کتێبێکی سەد لاپەڕەیی بە لانی کەمەوە شەش کاتژمێر کاتی دەوێت، هەیە بە ڕۆژێک دەیخوێنێتەوە و هەیە بە چەند ڕۆژ، لە کام ساعەتی ڕۆژدا خوێندنەوەش گرینگی خۆی هەیە، هەر پرسیار ئەوەیە کەی کاتی دەبێ، ئەویش لە دنیای ئەمڕۆدا کە هەرکەس بیانووی خۆی هەیە بۆ نەبوونی کات. هەڵبژاردنی کام نووسەر؟ هەمیشە وریا بین لە ناساندنی نووسەرەکان و ئاسەوارەکانیان بە خەڵکانێک کە دەیانەوێ بخوێنەوە و دەگەڕێن لە کەسێک

هەواڵنامەی کتێب

کتێبێکیان پێ بناسێنێ! من کە هیچکات ئامادە نیم ئەم کارە بکەم! وەرگێڕانیش بە هەمان شێوە بە تایبەت بۆ ئێمە کە زۆربەمان ناتوانین هەموو کتێبەکان بە زمانە سەرەکییەکەی بخوێنینەوە دەورێکی بەرچاوی هەیە، وەرگێڕانێکی خراپ دەتوانێ نووسەرێکی باش لە بەرچاومان وەها بخات کە جارێکی تر و بەم نەبوونی کاتە، کارێکی تری لێ نەخوێنینەوە!

لە کۆتاییدا، کاتێک دەتوانین تەمەنی ڕۆمانی کوردی بگەڕێنینەوە بۆ ئەم پەنجا ساڵەی ڕابردوو، وێڕای ئەوەی کە هەنگاوی باش نراون لە پێناو خزمەت کردن کە ئەوە بە دڵنیاییەوە بەس نییە، هەوڵەکانیش لە پێناو ناساندنی بە جیهان و وەرگێڕان بە زمانەکانی تر، دەتوانین داهاتووی خۆمان لەو جیهانە بەربڵاوەدا تا ڕادەیەک دیاری بکەین، بە چاوخشاندنێک بە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەو و بەراوەردکردنی لەگەڵ کارەکانی هاوچەرخی خۆیدا وەکوو دیکامیرۆن و چیرۆکەکانی کانتێربێری، دەزانین کە بە دواکەوتنی ئێمە هاوکات دواکەوتن لە ڕەوتی گێڕانەوە و خوڵقاندنیش سەرهەڵدەدات، پاش ئەوەیکە ئێمە شێعر وەکوو مژاری سەرەکی دەگرینە دەست و وەکوو ئامرازی گێڕانەوەش بەکاری دەهێنین و مژارەکانی تری پێ پڕدەکەینەوە، کاتێک لەگەڵ هونەری گێڕانەوەیەکی تر و تەواو پێشکەوتووتر لە ناسینی دوا دەکەوین، ئێستا هەلی ئەوە هاتووە کە بوونی ئەم هەموو تراژێدیا و کۆمێدیا و کارەساتە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە بەراوەرد لەگەڵ ژیانی بێ ئاڵوگۆڕی ڕۆژئاوایی کە هەموو حەماسەکان و ئەفسانەکان باریان کردووە لێی، هەوڵی خوڵقاندنی شاکارەکان بدرێن.



پەردیس ڕەحیمی - سەقز

# ئایا من ڕەخنەگرانە بیر دەکەمەوە؟

بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارە دەبێ سەرەتا بزانین کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە چییە تا دواتر لەوە تێبگەین کە ئایا من دەتوانم بە شێوازی ڕەخنەگرانە بیر بکەمەوە یان نا؟ مەبەست لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، پرۆسەیەکە کە تیایدا مرۆڤ بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکان کەڵک لە عەقڵی خۆی وەردەگرێ، گومانی لە لا ساز دەبێ و لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدا لە دەرەوەی کاریگەری هەستەکان سەبارەت بە ڕووداوەکان بیر بکاتەوە و وەک خۆی بیانبینێ. لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا هەوڵ دەدرێ هیچ شتێک پیرۆز نەکرێ و باوەڕەکانی تاک ڕێگر نەبن لەوەیکە بتوانێ هەقیقەت ببینێ.

مەرج نییە خوێندنەوە و زۆربوونی زانیاری کەسێک وا لێ بکا کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی هەبێ. لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەدا تاک دەبێ وشکەبڕوا نەبێ و بتوانێ بە شێوازێکی لۆژیکی لە نێوان بیرۆکەکاندا پەیوەندی ساز بکا و هەڵیانبسەنگێنێت. لە ڕێگەی بەراوردکردنەوە هەڵەکان بدۆزێتەوە و لە هەمان کاتدا مرۆڤ نابێ هەوڵ بدا کە بۆ بیر و باوەڕەکانی خۆی پاساو بهێنێتەوە. کەسێک کە بە شێوازی ڕەخنەگرانە بیر دەکاتەوە دەبێ بتوانێ لەو شتانەی کە لە لای پیرۆزن یا خۆشی دەوێن ڕەخنە بگرێ، ئەگەرنا لەبەر زاڵبوونی باوەڕ و هەستەکانی ناتوانێ کێشەکان و هەڵەکانی خۆی و دەوروبەرییەکانی ببینێت.

یەکێک لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە دنیای مۆدێرندا ئەوەیە کە تاک تایبەتمەندی پێداچووونەوەی بە سەر ئەخلاق و بیر و باوەڕەکانی خۆیدا هەبێ. ئەگەر تاک قبووڵی بکا کە ئەویش وەک هەر مرۆڤێک هەڵە دەکا، کەواتە دەبێ بەردەوام بتوانێ بیر لە بیرۆکە و کردەوەکانی خۆی بکاتەوە و هەڵیانبسەنگێنێت، لێیان ورد ببێتەوە و سەر لە نوێ سازیان بکاتەوە. مرۆڤی ڕەخنەگر لە هەموو تەمەنێکدا دەتوانێ پێداچوونەوە بە سەر بیرۆکەکانی خۆیدا بکا و نابێ پێیوابێ کە ئەو شتانەی کە لەمێژە باوەڕی پێیانە نەگۆڕن. چونکە بە گۆڕانی کۆمەڵگا و پێداویستییەکان، بیر و باوەڕی مرۆڤیش دەگۆڕدرێ. کەواتە کەسێک کە بە شێوازی ڕەخنەگرانە بیر دەکاتەوە باشتر دەتوانێ خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دەوروبەری بگونجێنێ و لە هەمان کاتدا خۆی لە دۆخێکی چەقبەستوودا ناهێڵێتەوە و هەر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەیکە بتوانێ لە ژیان و کارەکانیدا پێشکەوتنی زیاتر بە دەست بهێنێت.

من وەک خۆم هەوڵ دەدەم کە سەبارەت بەو کێشانەی کە ڕۆژانە بەرەوڕوویان دەبمەوە بیر بکەمەوە. هەرچەند لە کۆمەڵگای ئێمەدا لەبەر ئەوەی هەندێک بابەت لە لامان پیرۆزن زۆر کات ناتوانین کێشەکانیان ببینین. هەروەها لە هەمان کاتدا مرۆڤ ڕۆژانە بەرەوڕووی بابەتی هەستیار دەبێتەوە یاکوو کێشەکان پەیوەندییان بە هەستی مرۆڤەوە هەیە، هەر بۆیە دژوارە مرۆڤ بتوانێ خۆی لە کاریگەری هەستەکانی ڕزگار بکا و تەنیا بە شێوازێکی لۆژیکی و لە دەرەوەی هەستەکان تاوتوێیان بکا. بۆ نموونە، ئەگەر من هەست بکەم لەسەر بابەتێک لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەکەمدا کێشەیەک ساز بووە دەبێ بتوانم لە دەرەوەی هەستەکانم بۆ هەر کامیان لەبارەی کێشەکەوە داوەری بکەم و وردەکارییەکان هەڵبسەنگێنم لە کۆتاییشدا ئەوەش گرنگە کاتێک کەسانی دیکە ڕەخنەمان لێ دەگرن هەوڵ بدەین تووڕە نەبین و بە دڵێکی کراوەوە بیری لێ بکەینەوە کە کێشەکە لە کوێدا بووە. چونکە کاتێک دەڵێین ئایا بە شێوازێکی ڕەخنەگرانە بیر دەکەمەوە یان نا، دەبێ ئەو توانایییەمان هەبێ کە گوێ لە بۆچووون و ڕەخنەی کەسانی دیکەش سەبارەت بە خۆمان بگرین. هەوڵ بدەین خاڵە لاوازەکانی خۆمان لە ڕێگەی ئەم ڕەخنانەوە ببینین و تێبکۆشین کە بەرەبەرە کێشەکانمان چارەسەر بکەین.

ناسر کەریمی ـ بۆکان

# چەن تroووسکە لە کۆچی هەورە تریشقە

ڕۆمان یەکێک لەو ژانرە ئەدەبیانەیە کە دەتوانێ لە ناخەوە بیر و هزری تاک و کۆمەڵگا بگۆڕێ.

هەر ڕۆمانە لە دەستی دێ مرۆڤ بە ناخی خۆیدا شۆڕکاتەوە و وای لێ بکا جوانییەکانی دەروونی خۆی و کۆمەڵگاکەی ببینێ.

من وەک خۆم هەمیشە ڕۆمانم پێ خۆشترە لە مێژوو، لەبەر ئەوەی ڕۆمان وێنەی ڕاستەقینەی ژیان پیشان دەدا. لە ڕۆماندا سەفەر دەکەی بۆ ناو ژیانی هەژاران و نەداران و بریندارن و داماوان و بێ ناوان، بەڵام لە مێژوودا دەچیتە ناو ژیانی ناودران و زۆرداران و دەسەڵاتداران.

لە مێژوودا بۆ بەرژەوەندی زۆرداران درۆ و دەلەسە کلاشە دەکا، مێژوونووس هەرچی پەڵەی خوێن و دزێوییە لە ڕوخساری زۆردار پاک دەکاتەوە و چی خراپ و پیسە بە چاک و پاکت بۆ باس دەکا.

کەچی لە ڕۆماندا برین لەگەڵت دەدوێ و باسی کاوەکاو و چزە و ژان و کێم و زنچکاوی خوێنت بۆ دەیگێڕێتەوە.

کەواتە ئەگەر ڕۆمان ئاوا گرینگ و ڕاست وێژ بێ، ئەدی ڕۆماننووس دەبێ کێ بێ؟ لەڕاستیدا نووسەر پێویستە شێت و شەیدای گەلەکەی بێ و لە ناو نەتەوەکەیدا بتوێتەوە، وەک چۆن هەڵم دەچێتە ناو هەورەوە و دەبێتەوە ئاوی باران، نووسەریش دەبێ ئاوا تێکەڵاوی گەلەکەی بێ و لە گەڵ ئازار و ژانی نەتەوەکەی ژان بیگرێ و ئەو ژانە هەوێنی نووسراوەکانی بێت.

ڕۆمانی کۆچی هەورە تریشقە لە نووسینی کاک (مستەفا شێخە) ڕۆمانێکە پراو و پڕ لە جوانی، شایانی ئەوەیە هەر کوردێک نەک جارێک بەڵکوو چەند جاری بخوێنێتەوە.

بە داخەوە ئێمەی کورد خوێنەر نین، هەر بۆیەش کەسایەتییەکانمان و بەرهەمەکانمان لە کاتی خۆیاندا وەک پێویست ناناسرێن و پەیامی بیرمەندەکانمان درەنگ بەخەڵک دەگەن. لەبەر ئەم هۆیەشە کۆمەڵگاکەمان زۆر بە هێواشی هەنگاوی ئەرێنی هەڵدەگرێ.

نووسەر لەم ڕۆمانەدا دونیایەکی ڕەنگاوڕەنگ و لێوڕێژ لە زانیاری و بە چێژی خولقاندووە. مێژووی ئازار و ژان و کۆمەڵکوژی و نەگبەتی گەلەکەی بەزمانێکی شیرینی ئەدەبی دەخاتە بەر چاوی خوێنەر و باس دەکا کە چۆن زاڵمان و داگیرکەران بەو پەڕی دڵڕەشی و بێ بەزەییانە قەڵت و بڕی شۆڕشەکەی سەید ڕەزای دەرسیمییان کردووە و لە نێو ئەشکەوتەکاندا خەڵکیان وەک ڕێوی قانگ داوە و سەید ڕەزایان بە سێدارە سپاردووە. بەبێ ئەوەی بزانن ویست و داخوازیەکانی ڕەوان یان ناڕەوا. هەڵبەتە بێ دەسەڵات لە حاندی زۆردار هەمیشە ڕەوای ناڕەوایە، زۆردار دایمە خۆی بە ئاقڵ و خاوەن هەق دەزانێ و بەرانبەرەکەی بە بێ ئەقڵ و تاوانبار.

هەر وەها نووسەر زۆر بە شارەزایی و ورياييەوە زمانی بەکارهێناوە و زمانەکەی لە نووسیندا تا دڵ حەز دەکا پاقژ و بێ گرێ و گۆڵە. ڕستەکانیشی پڕاوپڕ کوردین. جگە لەوەش زۆر بە جوانی و لێزانی لە زاراوە جیاوازەکان و بن زاراوەکان کەڵکی وەرگرتووە.

«دەست لە ژیانی من وەردەدەن لەوە زیاتر تاب ناهێنم. باشە ژیانی من بەوان چی؟ بەوان چی من چیدەکەم و چۆن دەژیم؟ هەموویان چاو حیزن. دەیانەوێ لێم نزیک بنەوە و لەگەڵم تێکەڵ بن. تۆ دەتهەوێ خۆمیان بۆ شل کەم؟ تەماحیان تێکردووم و هەوڵ دەدەن بمرووخێنن. دەیانهەوێت دەستیان لە گەڵدا تێکەڵ بکەم و بەکەیفی خۆیان سوارم بن. ئەوە کاری من نییە. دەزانی من کچی کێم؟ تاکە بیرەوەرێکی ئامانج بە هەموو ئەمجۆرە ژیانە ناگۆڕمەوە. تۆ وا دەزانی ئەوان خۆشبەختی منیان دەوێت؟ کچم گیان بۆ ئەوا دەخۆت نووساوی؟ ئەمن کەنگێ کوتوومە لێیان نزیک بەوە؟

دەڵێم نابێ ئەوا لێیان هەڵچەرخییەوە.

چ دەبوو هەتا ئەوان دەهاتن و دەرۆیشتن لە ماڵێ مابایەوە. ئەتوو لە من باشتر تێیاندەگەی و دەتوانی جوابیان بدەیەوە».

تەنانەت بە ڕادەیەک کە ئەفسانە و دایە مەرجانی دایک و کچیش زاراوەی قسە کردنیان جیاوازی هەیە.

لە بواری شێوازی گێڕانەوەشدا گەلێ وەستایانە فۆرمی باوی جەهانی بەکارهێناوە بەڵام زۆر خۆماڵیانە و کوردانە.

کتێبی «سمفونی مردگان» لە نووسینی نووسەری گەورەی ئێرانی عەباسی مەعرووفیم خوێندەوە، بەوە ناسراوە شەپۆلانی زەین جوان و باش بەکاردێنی، ماڵم قەبرە کاک مستەفا زۆر وەستایانەتر لە شەپۆلانی زەین کەڵکی وەرگرتووە.

کاک مستەفا کاتێک لە ئێستاوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو ئەو وشانەی لە بەرانبەر یەکیان دادەنێ واتە وشەی ئێستا و ڕابردوو یەک مانا بەدەستەوە دەدەن و لە تای تەرازووشدا هاوکێشن.لە بواری موسیقاشەوە پێکەوە کۆکن. لەڕاستیدا ئەم خاڵانەی باسم کرد لە کاری عەباس مەعرووفیدا وەبەرچاونایەن.

«ئەم قاچاخچییە سەیرە. بڵێی هەست نەکات ئێمە هەر چوارمان دەزانین ئەو دەروانێتە تەهمینە؟ چاوەکانی وەک مار بە نێوان من و بورهانەدین و تەیموورا تێدەپەڕن و لە پەنا توورەجدا لەسەر تەهمینە خۆ دەگرنەوە. تەهمینە بە گەوجێتی قاچاخچییەکە پێدەکەنێت.

ئەفسانە بە گەوجیەتی مەلا پێکەنی.

مامۆستا ئەم هەنار خانم و کاک ڕەزایە دڵیان چۆتە یەکتر و دەیانهەوێت ببن بە هاوسەر. ئەوە هاتووینەتە خزمەت جەنابتان کار و باری قانوونیان بۆ جێبەجێ بکەی».

بێگومان جوانی ئاماژەی بەوە کردووە، مرۆڤ بچێتە هەرکوێ دڵی بۆ زێد و نیشتمانی خۆی لێدەدا، سەری بگاتە پەرپەرۆچکەی ئاسمانیش ئەگەر خاوەن هەست بێ

هەواڵنامەی کتێب

ڕیشە و ڕەگەزی خۆی لە بیر ناکا.

«ڕەزا» قارەمانی ڕۆمانی کۆچی هەورە تریشقە لە یەکێک لە ئاواییەکانی شاری گێلاساوا کەشارێکی کوردنشینە لە دایک دەبێ، ئەو ڕۆژە هەور و هەڵا و با دەبێ، لە ژێر ڕێژنەی باران و گرمە و شریخەی هەوردا لە بن بەردێک و لە بەر قەدپاڵی چیایەک چاوی بە ڕووی ژیان هەڵدێنێ،

هەر لە گەڵ یەکەم هەناسەی ئەودا دایکی هەناسەی لێدەبڕێ، باوکی کە ناوی میرۆیە لەبزگۆڕێکی دەپێچێ و دەیباتەوە نێو دێ، بە هەموو ژنانی ئاوایی مەمکی پێدەدەن و گەورەی دەکەن٠

ڕەزا تەمەنی چوار پێنج ساڵان دەبێ، مامۆستایەکی ئازەری وەک سپای دانش دێتە ئاواییەکە یان لە ماڵی کاک میرۆ دیوێک دەگرێ و ژیواری تێدا دەکا٠

سەیر لەوەدایە کاک میرۆ بە دەست پەروەردەکردنی ڕەزاوە دەناڵێ و سەفەرعەلی مامۆستاش بە هۆی نەبوونی منداڵەوە دەردەدارە، هەربۆیە کاک میرۆ ڕەزا دەدا بە سەفەر عەلی، ئەویش تا دوو ساڵە سەربازییەکەی تەواو دەبێ لەو گوندە لە گەڵ منداڵەکانیتر دەرسی پێ دەڵێ. پاشان لە گەڵ خۆی دەیباتەوە تەورێز و وەبەر خوێندنی دەنێ هەتا زانکۆ تەواو دەکات.

بەڵام ڕۆژێک بە سەر دەمەقاڵەی سەفەر عەلی واتە باوکی و ژنەکەی سەفەرعەلی واتە دایکیدا دەچێ و بۆی ڕوون دەبێتەوە کوڕی ئەوان نییە، کەچی پێش ئەوەی سەفەر عەلی بە ڕەزا بڵێ کوڕی کێیە مەرگ پرێسکەی ڕازەکە بە نەکراوەیی دێڵێتەوە٠

«ئەو کاتەی مام تاهیر بەرەو دیوەخان ڕێنوێنی دەکردین، دڵم بە چەخماخەی ئەو هەورانە خۆش بوو٠ ئەوانەی دەیانناسیم و ئەوانەی ئێستا دەمناسن هەر بە ڕەزا بێژوو یان ڕەزا عەجەم ناوم دێنن. تۆ دەزانی نە بێژووم و نە عەجەمیشم٠

دەشزانم بۆ دڵخۆشی خۆم پێم دەڵێی تۆ کوڕی هەوری٠ بەڵام لەو کاتەوە تۆ گوتووتە تۆ کوڕی هەوری٠ پێم خۆشە گەواڵە هەورەکان بەردەوام بەسەرمەوە بن٠ هەست دەکەم لەو ساتانەدا سەرلەنوێ لە دایک دەبمەوە».

ڕەزا دەبێتە مامۆستای قوتابخانە و دێتە شاری گێلاساوا بۆ وانەکوتنەوە، لە گەڵ کچێک ئاشنا دەبێ بە ناوی ئەفسانە و دەبێتە کرێچییان٠

ڕەزا کوردی لەبیر نەماوە و لە بیریشی نایە کە کورد بووبێ بەڵام تاک و تەرا وشەی کوردی دەزانی و وەک ئازرییەکانیش بە کارییان دێنێ٠ لای ئەفسانە دەس دەکا بە فێربوونی کوردی و ڕێزمانی کوردی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا وا فێر دەبێ وەک ئەوەی لە کوردستان ژیابێ بە هیچ شێوەیەک لەهجەی ئازەری نامێنێ٠

ئەم باسەم لەبەر ئەوە گێڕاوە کە بڵێم، نووسەر دەیەوێ پێمان بڵێ مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ بۆ هەمیشە لە ڕەچەڵەکی خۆی دابڕێ و بێ ئەوەی بۆخۆی هەست پێ بکا دەگەڕێتەوە بۆ سەر ماکی خۆی.

نووسەر لە کۆتاییدا پێمان دەڵێت کە ڕەزا کوڕی کاک میرۆیە و کاک میرۆش لە هاوخەباتانی سەید ڕەزای دەرسیمە و بەناوی ئەم سەرکردەیەوە کراوە٠

دیسان نووسەر دەیەوێ پێمان بڵێ ناهومێد مەبن، ئەگەر ئەو ڕەزا لە داربدرێ ئەم ڕەزا لە دایک دەبێ. هەروەها زاڵمانیش ئاگادار دەکا دڵ خۆش نەبن چۆنکە بە مەرگی سەرکردەیەک ویست و داخوازەکانی نەوەیەک دیزە بە دەرخۆنە ناکرێ.

**ک.د. ئازاد ـ بانە**



## لە جێژوان هەر بەرامەی خۆشی سێوە

ئەگەر دەت زانی حاڵم چەند پەشێوە
بە سەد شێوە دەهاتی تا لە جێوە
وەها لیت هاڵی دەستی پڕ نیازم
کە لاو لاو واقی ورمێنی بە پێوە
خەمی دووریت وەها پشتی چەماندووم
لە سەر شانم دەڵێی قورسایی کێوە
ئەویستاش پاشی ساڵێک مەستی مەستم
لە جێژوان هەر بەرامەی خۆشی سێوە
کە تۆم ناسیوە گش وەرزم بەهارە
بە زستانیش نیە سەرما و کرێوە
بە شێتم دادەنێن خەڵکی وڵاتم
ئەوەند کەوتووم لە کووچەی ماڵی ئێوە
بەڵام کوا شەرتی دڵداری وەهایە
یەکێ شاد و ئەویتر بار لە لێوە؟
ئەتۆ سوڵتانی لەم شارە، مەفەرموو:
غەریبی خۆشترە لەم شکڵ و شێوە
دەترسم جارێ داواکەم، لە تۆ ماچ
بە سەد شێوە، بڵێی: داوات جنێوە!
چ خاکێ کەم بە سەرما، کاتێ بێژێ
ئەمان لەم شاعیرە، زۆر سەر بزێوە!
بە ئازادی شەوێک لای تۆ وەمێنم
چ باکێکم لە مەرگ و نەنگ و نێوە

مەحیا میکائیلی ـ سەقز



# چیرۆکی حوسەین کوردی شەبستەری

ئەم چیرۆکە، چیرۆکێکی فۆلکلۆری لەمێژینەیە، کە وەکوو چیرۆک گەلی ئەمیرئەرسەلانی روومی وئەسکەندەرنامە و...لەسەر زمانان بووە. حوسەینی کورد پاڵەوانێکی زەمانی سەفەویەکانە کە بەرای تاقمێ لە خاوەن راکان شان لەشانی داستانی رۆستەم دەدا لەشانامەی فیردەوسیدا.

حوسەینی کورد ئێجگار نەترسانە بەرەنگاری دوژمنانی شاعەبباسی سەفەوی، بەتایبەت تورکانی عوسمانی و ئۆزبەکەکان بۆتەوە، حوسەینی کورد شاگردی پاڵەوان مەسیحی تکمەبەندی تەورێزی بووە. لە داستانی حوسەینی کوردی شەبستەریدا باس لە دوو کەس بەناوەکانی بوداغ خانی بەڵخی وقەرەچەخانی مەشهەدی کراوە، کەدژ بە شاعەبباسی سەفەوی لەفیکری پیلاندابوون، ئەم دوو کەسە دوو پاڵەوانیان هەیە بەناوەکانی بەبرازخان وئەختەرخان، بەبرازخان وئەختەرخان بە فەرمانی بوداغ خان و قەرەچەخان بۆ بە دیلکردنی شاعەبباس وپاڵەوان مەسیح لەشکردەرازێننەوە، ئەختەرخان بۆ بەدیلکردنی شاعەبباس بەرەو ئیسفەهان دەکەوێتە رێ وبەبرازخانیش بۆ دیلکردنی پاڵەوان مەسیح بەرەو تەورێز دەڕوات، بەبرازخان دەگاتە تەورێز ولەهەرلایەک ئەروانێ شار ڕازاوە و چراخانە، شارێکە کە ١٢٠ گەرەکیشی هەیە، دوای ماوەیەک دەزانێ کەپاڵەوان مەسیح لەتەورێز نییە ولە ئیسفەهانە، بەبرازخان وسوپاکەی بەشێوەیەکی نەناسیاو وجلوبەرگ ئەگۆڕن ودەچنە بازاڕی شار. لەوێ دەبینن لەچوارسووچی بازاڕ هەر زرمەی چەکوش دێت و سکە بەناوی شاعەبباسەوە لێدەدەن، شەو دادێت و بەبرازخان بە یارمەتی حەوت کەس لەیارانی جلوبەرگێ لە پێستی گورگ لەبەری دەکاو وخەنجەر وشمشێر وکەوانیشی بۆ ئامادە دەکەن، دەچێتە زەڕابخانە و تێکرای پاسەوانان و کێشکچیان سەردەبڕێت و زەرابخانەکە تاڵان دەکات وبۆی دەرباز دەبێت، هەر لەوشەوە چل کەس لەیارانی بەبرازخان، هێرش دەکەنە سەر ماڵی عەیاران و ڕیش وسمێڵی هەموویان دەتاشن، بەیانی کاتێ مەئموورەکان دەچنە زەڕابخانە و ئەو هەمووە سەر براوە دەبینن، خێرا ئەچنە لای میرپاشا حاکمی تەورێز و ماجەراکەی بۆ بەیان دەکەن، میرپاشایش خێرا دەس بە داوێنی شاعەبباس دەبێت تاکوو پەڵەوان مەسیحی بۆ بنێرێتەوە، قاسید دەچێتە لای شاعەبباس وعەرزوحاڵی بۆ بەیان ئەکا، شایش خێرا پاڵەوان مەسیح بەرەو تەورێز دەنێرێت تاکوو بەبرازخان ویارانی لەناو ببات، لەولاوە ئەختەرخانیش خۆی گەیاندبووە ئیسفەهان و بەشێوەیێکی نەناسیاو ببوو بەیەکێ لە پاڵەوانەکانی شاعەبباس، کاتێ ئەختەرخان هەواڵی ڕۆیشتنی پاڵەوان مەسیحی زانی، ئیدی دەس دەکا بە تاڵان کردن وسەری تەواوی ئەشراف زادەکانیش ئەتاشێ، سەرەنجام پاڵەوان مەسیح دەگاتە تەورێزو فەرمان دەکا هەرئەو شەوە جاڕ لێدەن تاکوو بەبرازخان خۆی ئاشکرا بکات، بەبرازخان بەهاتنەوەی پاڵەوان مەسیح زۆر خۆشحاڵ دەبێت بەیارانی دەڵێ ئەگەر ئەمشەو توانیم پاڵەوان مەسیحی تەورێزی بکوژم هەر دە نینۆکەکەی پای دەردێنم ویەکێ لە ئێوەیش هەواڵی سەرکەوتنم بۆ قەرەچەخان وبوداغ خان ببات تاکوو ئەوانیش بە لەشکرەوە بێن وسەرچاوەی خۆر لە ڕۆشنایی بخەن، بەبرازخان خۆی ئامادە دەکات و خەنجەر وشمشێر هەڵدەگرێت ودەڕوات تاکوو مەسیح بکوژێ وشەلاڵی خوێنی بکات، دەگاتە بازاڕ و خشتێ لەدیوارێ دەردێنێ و دەیگرێ لە مەشغەڵدانەکە و مەشغەڵدانەکەیش بەردەبێتەوە، لەناکاوا پاڵەوان مەسیحیش نەعرەتە ئەکێشێ وئەڵێ تۆ کێیت؟ ئەگەر بۆ حەمام دەچی کاتی حەمام چوون نییە، ئەگەر غەریبی ورێگەت هەڵە کردووە وەرە با بتخەمە سەر رێگا و رێگەت پێ نیشان بدەم، بەبرازخان لەجواودا دەڵێ بەدایکت بڵێ جلوبەرگی ڕەش لەبەربکات ورەش بپۆشێ، چونک بەبرازخانی ئۆزبەک هاتووە تاکوو سەرت لەلاشەت جیاکاتەوە، دەس دەکەنە زۆران بازی و بەڵام هەردووکیان بەهێزبوون هیچیان بەسەرئەوی ترا سەرناکەوێ، سەرەنجام لە بەرەبەیاندا بەبرازخان سەری پاڵەوان مەسیح زامار دەکات، هاواری لێ بەرز دەبێتەوە بەدەم هاواری پاڵەوان مەسیحەوە چەن کەسێ دەچن و بەبرازخان هەموویان دەکوژێ و خێرا گورەپانی شەڕەکە بەجێ دێڵێ، مەسیح زامار وماندوو هەڵدەستێ وبەرەو دەربار دەگەڕێتەوە، لەڕێگادا دەنگی شیوەن وهاوار دەبیستێ کە دەڵێن، بەڵامان بۆ باریوە، غوولێک چەن کەسی شەق کردووەو بەدووی تۆیشدا دەگەڕێ و ناوی حوسەینە لەهۆزی کوردانەو خەڵکی شەبستەرە، مەسیح ئەمر دەکا تاکوو حوسەین بۆ تەلار بێنن، کاتێ حوسەین دەبینێ خێرا دەیناسێ ودەزانێ کە شوانەکەی خۆیەتی، حوسەین بەسەرهاتی خۆی بۆ باس دەکا کە تاقمێ جەردە هێرشیان کردۆتە سەری تاکوو مەڕو ماڵاتەکەی لێ بدزن و خۆیشی بکوژن، بەڵام حوسەین بەرەنگاریان بۆتەوە وهەموویانی کوشتووە، مەسیح کە پەی بەئازایەتی وچاونەترسی حوسەین دەبات زۆر خۆشحاڵ دەبێت و لەدڵەوە بەخۆی دەڵێ تامن هووژێکم تێدیتەوە ئەمشەو دەینێرم بۆگیانی بەبرازخان ڕەنگە دەرەقەتی هات،

نیوەشەو جاڕ لێدەدەن، بەبیستنی دەنگی تەپڵ وکەرەنا بەبرازخان سەری سوردەمێنێت چونکە ئەو پاڵەوان مەسیحی زامار کردبوو و نەیدەزانی بۆچی تەپڵی شەڕلێدەدەن، بەبرازخان خۆی بۆشەر ئامادە دەکاو خەنجەر وشمشێر هەڵدەگرێ وبەرەو گورەپانی شەڕەکە دەکەوێتە ڕێ، کاتێ گوێی لە نەرعەتەی ڕەقیب دەبێت پەی دەبا کە ئەو نەعرەتە، نەعرەتەی پاڵەوان مەسیح نییە بەڵکوو کەسێکی ترە کە چوار قات لە پاڵەوان مەسیح گەورەترە، حوسەینی کوردی شەبستەری دەڵێ ؛ شەوباش پاڵەوان فەرموو قلیانێکم لەگەڵ بکێشە، بەبرازخان لەجواودا دەڵێ ؛

من نەهاتووم قلیانت لەگەڵا بکێشم، بەڵکوو هاتووم تاکوو دایکت ڕەشپۆش کەم، حوسەینی کورد تائەو وتەیەی بیست خێرا شمشێری کێشا وکردی بەسەر سینگی بەبرازخانا و کردی بە دوو لەتەوە، چل کەس لەیارانی بەبراز خان کەخۆیان حەشاردابوو لەناکاوا هێرشیان کردە سەر پاڵەوان حوسەین بەڵام پاڵەوان حوسەین ئازایانە سی و نۆ کەسی کوشت ویەکێکیانی هێشتەوە و سەری لە بندا تاشی وهەردوو گوێی بڕێ وپێی گوت، بڕۆ هەواڵی کوشتنی بەبراز خان ویارانی بۆئاغاکەت بەرە، خەڵکی تەورێز هەرکە بینیان حوسەینی کورد هێندەبەهێزوئازایە، نازناوی دێوی سپی ئازەربایجانیان پێدا، حاکمی تەورێز و پاڵەوان مەسیح خەڵاتێکی زۆریان لە زەڕوزێو پێدا، ئەسپێکیشیان بەناوی قەرەقەیتاس پێ بەخشی کە خەڵاتی ئیلخی حاکم بوو، لە ئیسفەهانیش ئوزبەکەکان هەموو شەوێ خەریکی تاڵان کردنی ماڵان بوون، ئەختەرخانیش هەمووشەوێ پشتی پاڵەوانێکی دەدا لە زەوی ودەیکوشت، شاعەبباس بیری لە تەگبیرێکی نوێ ئەکردەوە کە لە ناکاوا قاسیدێک هات و باسی لەئازایەتی و چاونەترسی حوسەینی کوردی شەبستەری بۆکرد، شاعەبباس زۆر خۆشحاڵ بوو بە قاسیدی گوت؛ بڕۆ بە پاڵەوان مەسیح بڵێ ئەگەر لایێک لە ڕیشت تاشیوە لاکەی تری مەتاشە زوو خۆت بگەیێنە ئیسفەهان، چونکە ئەختەر خەونی لەچاوی هەمووان تاراندووە، پاڵەوان مەسیح پاڵەوان حوسەینی کوردی شەبستەری لەگەڵ خۆی دەبات بەرەو ئیسفەهان دەوکەونە ڕێ و ئەو دەزانێ کەئەختەرخان لە بەبرازخان بەهێز ترە و بەتەنیا دەرەقەتی نایێت، شەو هاتە کۆتایی و دونیا ڕوون بۆوە وگەیشتنە ئیسفەهان، پاڵەوان حوسەین لە کاروانسەرای شاعەبباس نیشتەجێ دەبێت، پاڵەوان مەسیح پێی گوت گەر ئەم شەوانە دەنگی تەپڵ وکەڕەنات بیست سەدوچواردە جۆرکەرەسەی شەڕ بکە قەوخۆتا و خێرا خۆت بگەیەنە گۆڕەپانی شەڕ وخۆیشت بۆ شەڕێکی ئێجگار دژوار ئامادەبکە، بۆسبەی پاڵەوان حوسەین لە حوجرەکەی هاتە دەرۆ تاکوو بچێ بۆ گەشتوگوزار وخۆش ڕابواردن، لەناکاو دەنگی تاروکەمانچە سەرنجی بۆلای خۆی ڕاکێشا، پاش گەڕان بەدوای دەنگەکەدا زانی لە مەیخانەی مێوانخانەکەوە ئەو دەنگە دێت، چووە ژوورەوە وبینی کۆڕی خواردنەوەیە و خەریکی سەما وڕەقسیشن، خاوەنەکەیشی کیژێکی جوان ولەبارە بەناوی کافرقیز، کافرقیز بەسەماکەی دڵ ودینی هەموانی بە یەکجاری بەتاراج دەبرد، کافرقیز هەرکە چاوی کەوتە پاڵەوان حوسەین کە چ شان وباهۆیەکی هەیە وچ پاڵەوانێکی بێ وێنەیە و شێریش لەحەنایا هەر هیچە. شەیدای دەبێت وسێ شەوان وسێ ڕۆژان بەخۆشی ڕادەبوێرن، ماندوویی ڕێگا لەلەشی دەردەچێت و شەوی چوارەم دەنگی تەپڵ وکەڕەنا دێتە گوێی، بەخێرایی دەگەڕێتەوە حوجرەکەیی وخۆی بۆشەر ئامادە دەکات، پاشان خۆی دەگەیێنێتە گۆڕەپانی شەڕ و لە سووچێکی خۆی حەشاردەدا، لە سووچێکی تریشا چاوی دەکەوێتە پاڵەوان مەسیح کە ئەویش خۆی بۆشەڕ ئامادە کردووە، بەنهێنی شاعەبباس وشێخ بەهاش لەسووچێکدا خۆیان حەشاردابوو و لە گۆڕەپانی شەڕەکەیان دەڕوانی، عاقیبەت ئەختەرخان دێت و بە شمشێرەکەی مەشخەڵانەکە ئەشکێنێت پاڵەوان مەسیح پێی دەڵێ؛ بەخێر بێیت پاڵەوان، ئەختەرخانیش دەڵێ؛ خۆیشت بەخێربێیت پاڵەوان، بەڵام خۆزگە نەدەهاتی من لە ئاسمان بە دواتا ئەگەڕام لە عەرزا پەیاتم کرد. ئەختەرخان و پاڵەوان مەسیح دەسیان کرد بە شەڕ و پاڵەوان بازی لەناکاوا پاڵەوان مەسیح دەدرێ بەعەرزا، هەرکە پەڵەوان مەسیح درا بەعەرزا لەپڕێکا شاعەبباس وشێخ بەهایش بینییان یەکێ بەدەم نەعرەتەوە دەڵێ بەخوا قەسەم بەعەلی قەسەم هەر ئێستا سەرت لە لاشەت جیائەکەمەوە، خۆی گەیاندە لایان، هەر سپەربوو کە دەدرابەیێکا وهەر وشمشێر بوو کە لەعاسمانا بریقەی ئەداوە، لە پڕێکا بە زەبری شمشێری پاڵەوان حوسەینی کورد سپەرەکەی ئەختەرخان دووقاش بوو وبە هۆی ئەو زەبرەوە سەری ئەختەرخان قڵیشا ودرا بەعەرزا، یارانی ئەختەر خان هەرکە بینییان ئەختەرخان خەڵتانی خوێنە و هاواردەکا، دەوروبەری پاڵەوان حوسەینیان گرت، بەڵام پاڵەوان حوسەین وێنەی شێرێکی ئازا هەموویانی شەل وپەل کرد.

داڕۆغەکان پاڵەوان مەسیحیان لە گۆڕەپانی شەڕەکە هێنایە دەرەوە، پاشان پاڵەوان مەسیح گوتی ئەختەرخان و یارانی ئەسپێرمە دەس خاوەنی دۆزەخ و خۆیشم ئەچم بۆزیارەتی ئیمام ڕەزا لە مەشهەد، لەوکاتەدا شاعەبباس و شێخ بەهایی لە حەشارگەکەدا هاتنە دەرەوە تاکوو بزانن ئەو پاڵەوانە بێ وێنەیە کێیە، دوای نەختێ ڕوانین زانیان کە پاڵەوانێکی نەناسیاوە و غەریبە، بەڵام بەشان وباهۆیدا وەک هەژدیهایەکە کە کەس لەوێنەی نییە، وتیان تۆکێیت ؟ بۆناچی بۆتەلاری شاعەبباس تاقەرەبووی ئەم هەمووە گیان فیداییەت بکاتەوە و بتکاتە جیهان پاڵەوانی قەسرەکەی، گوتی ناوم حوسەینە خەڵکی شەبستەرم ولەهۆزی کوردانم، بەڵام کاتێ نازناوی جیهان پاڵەوان پربە باڵامە کە بچم ڕیش وسمێڵی قەرەچە خانی مەشهەدی و بوداغ خانی بەڵخی بتاشم و پێشکەشی ساحەی پاکی قیبلەی عالەمی بکەم، تاکوو ئیتر کەس فیکری خەیانەت بەمێشکیدا نەیێت و لەوێشەوە ئەچم بۆ هیندوستان تاکوو باج وخەراجی حەوت ساڵەیان لێ وەربگرم، چونکە پاڵەوان مەسیح پێی گوتووم کە جەهان شا قوڵدوڕی کردووە و باج وخەراج نانێرێ، شاعەبباس وشێخ بەهایی گوتیان ئەگەر لەجیهاندا پیاوێکی ئازا بوونی هەبێت بەس حوسەینی کوردی شەبستەرییە، حوسەینی کورد سواری قەرەقەیتاس بوو خۆی گەیاندە مەشهەد و ڕووی لە مەرقەدی ئیمام ڕەزا کرد وگوتی هاتووم تاکوو تۆڵەی ئەو هەمووە لێو وگوێ بڕینەی قەلەندەران و دەروێشان بکەمەوە، چونکە هەواداران وخوازیارانی ئیمام عەلی لە ڕەنج و ئازاردان، چەن ڕۆژێ وەک بازرگانێ دەچێتە زیارەتی مەرقەدی ئیمام ڕەزا، پاشان شاریش لە پاوەدەدات ودەگەڕێ تاکوو شوێن ومەکانی قەرەچەخان کەهاوپەیمان وهەواڵی بوداغ خانە ئەدۆزێتەوە، شەو کەمەند وشمشێری دوو دەمی میسری هەڵدەگرێ تاکوو تۆڵەی ئەو هەمووە زوڵمەیان لێبکاتەوە، دەچێتە نزیک قەسری قەرەچان خان وکەمەندێ دەهاوێت وکەمەند لە لێواری دیواری قەسەرەکە گیر دەکا و پاش دڵنیا بوون لەگیربوونی کەمەندکە بەدیواردا

هەڵدەگەڕێ و دەچێتە سەرەوە، لەڕێگادا تووشی ئەبێتە تووشی هەر کەسێکەوە مشتێ دەدا لە ڕەگی حەیاتی و بێ هۆشی دەکا، چون پێی خۆش نەبوو زەمی بکەن و بڵێن پاڵەوان حوسەین زەعیف کوژی کرد و کوشت وکوشتاری ڕێخست، بۆیە فەقەت بێ هۆشیانی ئەکرد، عاقیبەت دەگاتە بان سەری قەرەچەخان کە لە شیرینی خەودابوو، بەمستێک ئەویش بێ هۆش دەکا و دەیباتە باغی قەسر وله بەر چاوی بنەماڵەکەی و کەنیزەکانیدا ڕیش وسمێڵی ئەتاشێ و هەر دە نینۆکی پای هەڵدەکێشێ و نامەیەک لەژێر سەری دادەنێت وتێیدا دەنووسێ؛ من حوسەینی کوردی شەبستەریم شاگردی پاڵەوان مەسیحم، پاڵەوانی ناوداری قەسری شاعەبباس، قاسیدێکم لە دۆزەخەوە کە ئۆزبەکەکان و بەبرازخان و ئەختەرخانم تۆپاندووە، لە سبەینەوە ڕێزوحورمەتی دەروێشان وقەلەندەران ڕابگرە وبەبوداغ خانیش بڵێ تا بەلاشە کێوم دروس نەکردووە وەکوو ڕابردوو هەرنۆکەرایەتی شاعەبباس بکات و بەفیکری خەیانەت و ئازاری شێعەکان نەبێت، ئەگەر جگەلەمەی وا داوام کردووە کارێکی تربکات بە گەورە و بچووک ڕەحم ناکەم. قەرەچەخان دێتەوە هۆش و دەبینێت کەسەری تاشراوەو بنەماڵەکەی دەورەیان داوە، شەرح وحاڵیان بۆگێڕایەوە، هەرکە نامەکەی خوێندەوە زانی کە شاعەباس بەخەیانەتەکەی زانیوە، زۆریش خۆشحاڵ بوو کە خودی شاعەبباس نەهاتووە تاکوو دەسەڵاتەکەیشی لێ بسێنێتەوە، لەفکری ئەوەدا بوو چون ئەم ئابڕووچوونە قەرەبوو کاتەوە کاتێ بوداغ خانیش بەو بەسەرهاتە ئەزانێ دەچێتە لای قەرەچەخان و پێکەوە لە کردەوەی خۆیان پەژیوان دەبنەوە و فەرمان دەردەکەن هەر دەروێش وقەلەندەری کە زوڵمی لێکراوە بۆی قەرەبوو دەکرێتەوە، لەمەو بەدواوە ئەگەر کەسێ لەگوڵ ناسکتریان پێ بڵێ سەروکاریان لەگەڵ حوکوومەتدایە و ئەرکی هەموانە حورمەتیان ڕابگرن، پاڵەوان حوسەین ماوەیەک لەمەشهەد دەمێنێتەوە، پاش ئەو ماوەیە کاتێ زانی بارودۆخی مەشهەد جێگیرە سواری قەرەقەیتاس دەبێت وەک باوبۆران مەشهەد جێدێڵێت وبەرەو هیندوستان ڕێگە دەگرێتە بەر، خۆی و ئەسپەکەی لە بەندەرا سواری پاپۆڕ دەبن، لە ڕێگادا نەهەنگێکی گەورە هاتە سەر ئاو و هێندەی نەمابوو پاپۆڕەکەیان نوقم بکات، پاڵەوان حوسەین خێرا ودەساوبرد تیری خەدەنگی خستە چلە کەمانەکەی و بەرەو نەهەنگەکە هاویشتی وچاوی نەهەنگەکەی پێکا ونەهەنگەکە لەوێ دوور کەوتەوە و لەو مەخمەسەیەیش ڕزگاریان بوو، بەهۆی ئەو زیرەکییەی پاڵەوان حوسەینەوە بازرگانان زێڕوزێوێکی زۆریان پێدا بەڵام هیچی گل نەداوە، لەباتی ئەوکارەی داوای لییان کرد سێ کەڕەت سوژدەی شوکر بەجێبێنن، چون چارەنووسی هەموان بەدەس زاتی ئەڵڵایە وبەس، عاقیبەت گەیشتە ویشکایی وپرسیارێ لەم وپرسیارێ لەو گەیشتە جەهانئاباد، تا باج وخەراجی حەوت ساڵە لە جەهان شا وەربگرێ، گەیشتە دەروازەی شار، بارامی گڵیم گۆش کێشکچی دەروازەکە بوو ویستی ڕێگەی لێ بگرێ و دەسگیری بکات، بەڵام پاڵەوان حوسەین لێی هاتە دەنگ و کوڕانە گورزێکی دابە تەوقی سەریا و هەناسەی لێ بڕی، چەن پاسەوانێ تریش هێرشیان کردە سەرپاڵەوان حوسەین و بەڵام لە چاوتروکانێکا هەموویانی دابەعەرزا، پاشان دلێرانە وتی بچن بە جەهان شا بڵێن کە حوسەینی کوردی شەبستەری هاتووە تاکوو باجی حەوت ساڵەی ئێرانت لێ بستێنێ، جەهان شا پێشتر ناوبانگی پاڵەوان حوسەینی بیستبوو چونکوو پاڵەوان بارامی گڵیم گۆشیشی کوشتبوو ترسی لێ نیشت، ناردی بە شوێن تالیبی فیل زۆرا، تالیب هاتە حوزووری جەهان شا و پاشان پێی گوت ؛ بەشکەم بەهەر فڕوفێڵێ بووە پاڵەوان حوسەین بخەیتە داو، بینیت بەفڕوفێڵ بەسەریدا زاڵ نابیت، بەزەبری شمشێر لەناوی بەرە، چون دڵنیام ئەو دەرەقەتی تۆ نایەت و بەهاسانی سەردەکەویت، حوسەینی کورد لیباسی گۆڕی ووەکوو نەناسیاوێ لە میواخانەیەکی شاردا نیشتەجێ بوو و خەریکی کەیف وخۆشی وخۆش ڕابواردن بوو، عاقیبەت بە پیلانی کیژێکی لەبار وجوان بەناوی شیوا کە سیخوڕی جەهان شا بوو شناسایی دەکرێ، ڕۆژێ لەڕۆژان حوسەینی کورد دەچێ بۆ حەمام، دەرودەستەی تالبی فیل زۆر لەسەربانی حەمامەکەدا خۆیان مەڵاس دەدەن، هەرکە حوسەینی کورد چوە حەمامەکەوە، حەمام بەسەریدا دەڕووخێنن، بەڵام دەسی خواودەسی ئیمام عەلی لە هەموو دەسێ سەرترە، کاتی ڕووخانی کۆڵەکەکان، لە ناکاوا ژێرخانێ دەردەکەوێ وڕێ دەباتە پەرسگەیەک، تالبی فیل زۆر بەخۆشحاڵی یەوە موژدەی کوشتنی پاڵەوان حوسەین بۆ جەهان شا دەبات، پاڵەوان حوسەین هەرکە لەو بەڵایە ڕزگاری دەبێت خێرا ئەچێ بەخاتر ئەو سیخوڕییەی کە شیواکردبووی دوو شەقی ئەکا، پاشان ئەچێتە مەیانی شەڕو وداوای حەریف ئەکا، جەهان شایش بە پێی نەریتی خۆیان مەیانی شەڕەکە ئەڕازێنێتەوە، بەڵام لەوەی چۆن لە ڕووخانی حەمامەکە ڕزگاری بووە سەری سوڕمابوو، تالبی فیل زۆر لەگیان سەختی حوسەینی کورد سەری سوڕدەمێنێ وگەلێکیش تووڕە دەبێت، تالب سواری فیلێکی شێت دەبێت ودێتە مەیانی حوسەینی کورد، لە سەلای بەیانەوە تاکوو نوێژی شێوان لەگەڵ تالبی فیل زۆر وفیلە شێتەکەی بەربەرەکانێ دەکات، دەمەو تاریکان پاڵەوان حوسەین لەناکاوا بەسەر تالبدا ئەگوڕێنێ ودەس ئەکابە قوڕگی فیلەکەداو فیلەکە ئەسڵەمێتەوە و تالیبی فیل زۆر لە پشتی فیلەکە ئەکەوێتە خوارەوە وگیانی لەدەس دەدا و فیلەکەیش وا بەعەرزا دەکەوێ کە مەغزی پرش وپڵاو دەبێتەوە، جەهان شا بەناچاری تەپڵی ئاشتی لێدەدا و باج وخەراجی حەوت ساڵەی ئێران پێشکەشی پاڵەوان حوسەین دەکات و بەڵێن دەدات لەمەوبەدوا هەموو ساڵێ ماڵیاتی خۆی بنێرێ و ئیتر کاری ئاوا نابەجێ تێکرار نەکاتەوە، حوسەینی کورد بەناردنی قاسیدێک خەبەری سەرکەوتن و وەرگرتنی ماڵیاتی حەوت ساڵە لە جەهان شا دەگەیێنێتە ئیسفەهان، خەڵکی ئیسفەهانیش بە بیستنی ئەو هەواڵە هەموو شار چراخان ئەکەن و دەیڕازێننەوە، بەنزیک بوونەوەی پاڵەوان حوسەین لە ئیسفەهان هەموو شار دەچنە پێشوازی، کاروان کاروانیش باج وخەراج دەگاتە دەروازەی شار و شاعەبباسیش ڕێزێکی تایبەتی لێ دەگرێ و تا دواهەناسەکانی ژیانی، لەخۆشی و نێعمەتدا ژیانی بەسەر دەبات.

تاهیر حامیدی - سەقز



# خوێندن بە کاتی جەهەندەم

بەم دەمەتیغەوە تۆ کردووتە بە سەر پێنووسەکەتەوە و گوڕڕای‌گوڕ دەیهێنی بە شادەماری مەچەکی چەپتدا دەزانم کۆتایی بە ژیانی خۆت دێنی. ئەزانم ڕقەکەت بێبنە و کۆتایی نایەت! دەزانم زۆر ڕقئەستووری! ڕقی خۆت بە سەر کێدا خاڵی دەکەیتەوە؟ پێم سەیرە پیاوی ڕقەبەر، قینەکەی خۆی بە سەر خۆیدا خاڵی بکاتەوە. ئێستە تۆ حەوا دراویتەتە ئەم ژووره و لەوانەیە نەشیانهەوێ قەت ڕوخساری دایمە دەم بە پێکەنینەکەت ببیننەوە! بێزیان لە پێکەنینە ناوادەکانت هەڵدەستێ. ئەوان دایمە لەسەر ئەوە لێت تووڕەن کە کاتێ دەبێ مەند بی، شەقەی پێکەنینێکی ناوادە بێزیان هەڵدەستێنێ و بە پێچەوانەش ساتێ هەموو پێدەکەنن ماتییەکی دڕندە دڵی هەموویان لە کەیف‌خۆشی دەتاسێنێت.

ڕاستەقینەترین بابەتەکانی ئێرەت کردووەتە گاڵتەجاڕ. پێم وانییە مامۆستای فیزیکەکەتان لە ژیانیدا بە قەد ئەو ڕۆژە بە هەڵەشەیی قسەی لەگەڵ کەس کردبێت. زەقایی ترسێکی زەردم بە سەر، سەرە بێ‌قژ و ڕووتەکەیەوە بە جوانی دەبینی. ملە باریکەکەی لە بەر چاوی مندا، هەڵگری سەرە زلە ناسروشتییەکەی نەبوو! بە پەلە مژی لە جگەرەکەی دەدا و دەی‌کوت: «تۆ خۆت چاک دەزانی من بۆ ئەوەی لە ڕەهەندی دێوەزمەی پاڵاوتن و هەڵبژاردن بۆ کاری مامۆستایەتی دەربازببم چەند جار کفنم زەرد کردووە؟ ملم بۆ کەس و ناکەس دانەواندووە. ئەگەر بۆ بەدەست هێنانی داهاتوویەکی ڕوون بۆ خۆم و منداڵەکانم نەبوایە، کوا قەت بێزم دەهات کاری وا بکەم؟ کوا دەمتوانی سەری بێدەنگی و دەستەمۆییيان بۆ کزکەم؟» جگەرەکانی خۆی تەواودەکرد و لەوانە بوو قاتوقڕی بخاتە ئەوانەی منیشەوە. ئێشتیای لێ نەبوو گوێ ڕایەڵییەکەی من قەت کۆتایی پێبێت و هەر بۆیە دوای وچانێکی کورت دیسان تێی هەڵدەکردەوە: «بەڕێوەبەری پاڵاوتن تۆمەتی ناتەواوی لە من دەدا! تۆ لە ماوەی ئەمساڵدا شتی وات بە منەوە بینیوە؟ کام ئاکارم بە دڵت نەبووە و بێ دەربەست بە چاومیدا بکوڵەوە! هاتنم، چوونم، کامیان مۆرکی لەرە و پێ‌هەڵ‌خلیسکانێکی بەرچاوی پێوە دیاربووە؟ کام فەرمانتان بووە بە وردی جێبەجێم نەکردبێ؟ چونکا تۆم لە بەر دڵە، بێ دەربەست ئێزنت هەیە بە چاومیدا بدەیتەوە! بێ ڕوودەربایسی پێمی بڵێ!»

لەشی وەک شەقشەقە دەلەرزی و بەرزایی دەنگی نخوون دەکردەوە: «خۆم چاک دەزانم ئێستاش هەر لە ژێر چاوەدێریدام و ئەم هەتیوەیان نەک بۆ تاقیکردنەوە بەڵکوو بۆ لێک هەڵوەشاندنەوەی ژیانم لێرە کردووەتە چاوەدێر بۆم! ئەگەر وا نییە بۆ دەبێت ڕاست لە سەر پۆلی مندا و لە کاتی چوونە ژوورەوەی مندا بە سەر تەختە ڕەشەکەوە چاوم بە بینینی ئەو دروشمانەی ئەو داچڵەکێ؟ وایش هاوپۆلییەکانی لەگەڵ خۆی تەبا کردووە شایەتی لە هەر کامیان دەخوازم نکوولی لە بینینی وشە کوشەندەکانی ئەو، لە سەر تەختە ڕەشەکە دەکەن و خۆیانی لێ کەڕ و کوێر دەکەن. بەڵام من بۆ خۆم لە چوار هەنگاو ئەولاترەوە هەر لە بەر درگاکەوە وەژوور دەکەوم، دروشمەکان وەکوو چقڵ لە چاوم دەچەقێن. چاوم کەم حوکم نییە و لە پشت ئەو چاویلکە ژێر پیاڵەییانەشەوە موو لە شێوەرددا دەبینێ. دەی ئەمە چۆن مێرمنداڵێکی پازدە شازدە ساڵان دەیهەوێ بە منی بسەلمێنێ کە چاوم تووشی هەڵە بووە و ئەو شتانە لە سەر تەختە ڕەشەکە نەنووسراوە؟! یان بیانهەوێ بە هەڵەی بینین تۆمەتبارم بکەن!»

مژێکی دیکە لە سیغارەکەی دەدات و لە پشت چاویلکە ژێر پیاڵەییەکانییەوە لێم دەڕوانێ و دەڵێ: «لە گەرمەی وانە کوتنەوەدا پۆل قڕوقەپ، دەنگی باڵی مێشووله دەبیسرێت، تەواوی مێشکم بۆ نووسینی فۆرمووڵێک لە سەر تەختە ڕەشەکە تەرخان کردووە؛ وەردەسووڕێم پشتیان تێهەڵدەکەم و گەچەکە دەگاتە سەر تەختە و ناگات نەڕەی ئەو هەتیوە دڕ بە بێدەنگی دەدات. هاواری بژی فلان حیزب و بژی فیسار حیزب پۆلم لێ دەکاتە مەیدانی شەڕ و شۆڕش. کەسیش نازانێت دروشمەکانی سەر بە کوێن. ڕاست و چەپی بە یەکەوە دووریوە. جارێک هاوار بۆ ئەملا و کەشێکیان ڕاست دژ بە ئەولایان دروشم دەدات. چەپ و ڕاستی بۆ نییە. من سەرم لە هەڵوێستی ئەو هەتیوە سوڕماوە. ئێستا و ئەوساش تێنەگەیشتم سەر بە کام باڵ و لایەنە. هاشەوپاشەیی دروشمەکانی لە سەر ئەوە ساغی کردوومەتەوە هەر دەبێ گوماشتەی ئەوان بێت. من خۆم چاک دەزانم بۆ گیانی منیان ناردووە و دەیانهەوێ زەینم و باوەڕەکانم بدۆزن. بەڵام گوویان خواردووە و ئەمە ترشە بۆیان! پیلی دەگرم و لە پۆل حەوای دەدەمە دەرەوە. هەزاری وەک ئەوم لە سەرکۆشم داناوە. شتی وا چۆن دەتوانێ من فریودات؟!»

زەنگی پشوودان لێدراوە و پێش هەموویان، دێمە بەر دەرکەی پۆلی ئێوە. لێم ئایەنە هەرا و بگرەوبەردەی لای ئێوە لە هەموو لایەک زۆرتر و بەرچاوترە. لە پشت دەرکە ڕاوەستاوم و بە کردنەوەی دەرکەی پۆل، بەرەو ڕووی باڵی بێ گۆشتی تۆ دەبمەوە وا بە دەستی مامۆستای شیمییەکەتانەوەیە! سەر هەڵدێنێ و دەڵێ: «ئاغا ئەم پۆلە بیرازێکیان دەوێ. خۆت چاک دەزانی من پیاوێک نیم زۆر گرینگی بە زاوتە و شتی

وا بدەم. هەست بە ڕاحەتی و ڕزگاری کردن لە لایەن قوتابییەکانیشەوە لە لام شتێکی گرینگە. قەت ئەوەم نەویستووە کە قڕوقەپیان پێبکەم. بەڵام هەمووی لە ژێر سەری ئەم هەتیوەدایە. خۆی تاوانەکە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ من نیم. بەڵام بە تەواوی لێم ئایەنە خۆیەتی و ئەوانی تریشی لێ خراپ کردووم. خەریکی تماشا کردنی ئەو ئەرکانەم وا پێیانم داوە هەتا لە ماڵێ جێبەجێی بکەن.» چاوم دەچێتە سەر دەم و چاوی تۆ. پێکەنینە بزۆزە دایمە و دەرهەمەییەکەت نیشتەجێی ڕوخسارتە.

هێڵی نیگام زۆر لە تۆ سەرتر ناکەوێ و لە سەر دەمی مامۆستا لەنگەر دەگرێتەوە. کەف دەچەرێنێ و دەڵێتەوە: «هەموو سەرقاڵی کار و ئەرکی خۆمانین و منیش هەڵەوپەڵەی ئەرکی خوێندکارەکان ساغ دەکەمەوە، بالەبالی کاژیلەیەک هەراوهوریای پۆل سەد هێندە دەکات. قاقای پێکەنین و بە سەر دەست و ڕاندا سرەواندنی منداڵەکان پۆل دەکاتە مەیدانی شەڕ و قەتڵوبڕ. سمڕێک ساز دەبێت هەر وەرنە سەیری. خۆی هەر ڕەتی دەکاتەوە کە ئەو بووبێت بەڵام سەداسەد خۆیەتی. هەموو بە دەنگی بەرز پێدەکەنن و لە خۆدەبنەوە بەڵام ئەم هیچ ناڵێت و ئەو بزە سارد و سڕەی دەموچاوی وەک بەرد لێم دەڕوانێ و بە ئەستەم مەگەر لە وەڵامی پرسیار و قسەی مندا ئەرێ یان نەرێیەک بە دەمیدا بێت. خۆ من نابێ هەموو کاتی پۆل تەرخان بکەم بۆ بەشوێندا چوونی چەتوونییەکانی ئەم! هەتا کات تەواو دەبێت دە جار ئەم ڕۆمەڵخەزایە دووپات دەبێتەوە و خۆم گێل دەکەم هەتا ئاوەها بیهێنم و قۆڵبەست بیدەم بە دەستی جەنابتەوە! دە فەرموو، چی لێ دەکەی بیکە!»

دیسانەوە مەچەکی تۆیە لە ناو کەلەپچەی دەستەکانی مندا. دوای پشوودانێکی چارەکەسەعاتی کە قوتابخانە نەزمی بێدنگی لێدەنیشێتەوە، من و تۆ دەمێنینەوە و دوو ڕوخساری سارد و سڕ وا لە ژوورێکی بێدەنگدا لە یەک دەڕوانن.

ئەمە هەوەڵ جار و ئاخر جاریش نییە. سوور لێم ڕوونە ئەم لە یەک ڕوانینانەمان درێژەی دەبێ و لێرەدا کۆتایی پێ نایەت. تۆ وەکوو بەرد سارد و سڕ تماشای لێوە بە جم و جووڵەکانی من دەکەیت و تەنیا لە بەرانبەر مندایە ئەتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر گوێڕایەڵ و بێسرتەوخورتە ڕاوەستی.

بەرەبەرە مامۆستاکان لە چوونەوەت بۆ پۆل بە شوێن ئەم هەموو پشێوەن و دەرکرانە پەیتاپەیتایانەتدا لە منیش دەکەونە بۆڵەبۆڵ. بە دەست و هەستی ئەوان بوایەت دوای چەند جار لە قوتابخانە حەوایان دەدایتە دەرەوە و لە لای خۆیانەوە ئاویان بە سەر ئاگردا دەکرد.

لە هەموو ئەو ڕووداوانەدا وا هەراوبگرەی لێدەکەوێتەوە و تۆی تێدای، «ناسر»ی خزمەتکاری قوتابخانە، لە سووچێکی دوورەوە ڕاوەستاوە و بە نیگایەک پڕ لە شارەزاییەکی گێلفزوولانەوە لێمان دەڕوانێ. قەت خۆی تێکەڵی ئەو بگرە و بەردە و هەرا و هەڵڵامانە نەدەکرد وا هۆی سەرەکی درووس بوونەکەیان تۆ بووی.

ڕۆژێکیان لە کاتی پشوودانی قوتابخانەدا، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر بە شوێن ناسردا کە دەبوو بۆ بەجێهێنانی کارێک چووبایە، لە پشت پەنجێرەی داڵانی قوتابخانەوە چاوم بە تۆ کەوت. دیمەنێکی سەیر بوو. وەک پەلەوەریکی ڕاوچی بە عاسمانەوە، دەستەکانت بەرەو پشتەوە و هەر دوو لاقت بەرەو پێش، ڕق ئەستوور بۆ گرتنی نچیر، خۆت کێشاوەتەوە. ئەو زەبرەی وا کەوشە نووک دڕاوەکانت لە لووتی ناسریان دا ڕقی ئەوی هەڵساند. هەڵمەتێکی بە گڕوتین و لە عەرزکەوتنی تۆ. لێدان لە پشت لێدان و هەڵاتنی بە پڕتاوی من هەتا لە ژێر زەبری ئەو کوتانە ڕزگارت بێت. بینینی من ناسری لە سەرەخۆتر کردەوە و دەستی لە وەشاندن هەڵگرت بەڵام نەیدەتوانی بە سەر کەف و کوڵە بە جم و جووڵەکەی دەروونیدا زاڵ ببێت؛ لەم بەر بۆ ئەوبەر لە هاتوچۆ و دڕدان بەو هەموو منداڵەدا بوو وا لێمان خڕببوونەوە. دیسان مەچەکی تۆیە و لە کەلەپچەی توندوتۆڵی دەست و پەنجەکانی مندا و بەرەو ئاودەستخانە. فرمێسکەکانی سەر ڕوومەتت ئەبێ بشۆی. تۆ نایشۆیت. ئەمە هەوەڵ جار نییە مان لە من و دونیا دەکەی. ئەو دەستەی بە سەرتدا دەیهێنم هێورت دەکاتەوە و نمی ئاوی فێنک سوکنایییەکی بە پەلە بە دەروونتدا دەهێنێت. لێم دەڕوانی و پێکەنینەکەت، بزە بزۆز و شەیتانییەکەی جارانتی تێدا نییە وا لە بەرانبەر ئەوانی تردا هەڵت دەدایە. تۆ دەڵێی: «لە سەر خۆم قەت کاری وا ناکەم و بە گژ گەورەتر لە خۆمدا هەڵناپڕژێمەوە بەڵام قسە و نافاتی ڕوو لە دایکم بۆ قەبووڵ ناکرێ. جنێوی دایکم پێبدەن، هەر کەس بێت و ئاوەهای لەگەڵ دەکەم. لە وەختی وادا کەس ناتوانێ بەرانبەرم بوەستێت و پێشم پێبگرێ.»

تۆ لە ڕەهەندێکی دزێنییەوە ڕەوانەی ماڵێ دەکەم و نۆبەی ناسرە. ئەویش لە بەر شێری ئاوەکە لووتی دادەلووشێ و بە دەم قسەکردنەوە لەپەستا لووتی بە دوو قامک دەگووشێ و دڵبەدوای ئەوەیە کە لووتی نەشکابێ! ناسر دەڵێ: «ئەو چاکی و پیاوەتییانەی من لەگەڵ ئەو هەتیوە مادەرقاحبە کردوومە بە کەس نەکراوە!»

لە پشوودانە گەورەکانی ساڵدا قوتابخانەکان دەبنە شوێنی ڕاگرتن و حەوانەوەی میوانە بەهاری و هاوینییەکان. ئێمەی کارگێڕی قوتابخانەکان لە ئەوێ نین و کاروبار و هەموو سەرقاڵییەک بە سەر خزمەتکار و بنەماڵەکەیدا بەجێدەهێڵین. جاروبار و بۆ ڕووداوێکی ئانوساتی نەبێ کارمان بە قوتابخانە نییە. ناسر ئەو شەوە بە چاومدا دەکوتێتەوە کە سەرمایەکی توند لە شەوانی هەوەڵی بەهاردا هەڵیکردبووە سەر ناوشار. لەو شەوانەدا کەم کەس خۆی لە دەرەوە دەگرێ. لەو شەوەدا میوانی بەهاری، بۆ قوتابخانەکەی ئێمە نەهاتبوو و درگا پانوپۆڕەکەی حەوشە گاڵە درابوو. لە خەوتنانی شەودا زەبرێکی کەمهێز لە درگا دەکەوێت. ناسر بە چرا دەسییەوە بە هیوای وەرگرتنی میوانی شارانی تر دەچێت بۆ بەردەرگا. کە دەرگا دەخاتە سەر پشت بەرەوڕووی مێرمنداڵێکی کەسیرە کەوتوو دەبێتەوە. چرای لە ناوچاوان دەخات و تۆی. هەوەڵ

هەواڵنامەی کتێب

جار نازانێ چی بکات. دوای بەینێ لە یەک ڕامان، ڕوحمی دەتلیسێتەوە و بە ناو بانگت لێ دەکات. وەرت دەگرێت و دەتباتە ژوورەوە. دەتباتە ئەو پۆلە چۆڵەوە وا کورسییەکانی لە لایەکدا هەڵچنراون و لە ناوەڕاستەکەیدا فەرشێک ڕاخراوە. قسەت بۆ نایە و ناچاریی بەرەوڕووی ناسری خزمەتکاری هێناوی. ناسر پرسیار لە زگە برسی و لێوە تینووەکانت ناکات. بەڵام چاوە کزەکانت دەبینێ کە هیلاکیی خەویان تێزاوە. باڵنج و پەتووت بۆ دەهێنێ و بە ئارامشی تاریکی و تەنیاییت دەسپێرێ.

هەرچی ناسر دەیکوت تۆ چەندە ئازاری برا چکوولەکەت دەدەی من بڕوام پێ نەدەکرد. بە تەما بووم تۆ لە جێگای خاڵی دایکتدا، پشتیوانێکی قایمتر بوایەتی بۆ برا چکوولەکەت. ئەو ڕۆژەم لە بیرە وا تازە شیفتی بەیانییانی قوتابخانە تەواودەبوو و ئێمە لە حەولی ڕۆیشتنەوەدا بووین، کە گەیشتمە بەر دەرگا، منداڵانی ساواتری شیفتی نیمەڕۆیان بە هەڵبەزودابەز خۆیان بە حەساری قوتابخانەدا کرد و ڕاکەڕاکە و غارغارێنیان سازکردبوو. یەکێک لەو منداڵانە بە دەمەوە درابوو بە عەرزدا و دەم و لووتی پڕ ببوو لە خوێن. گریان و شیوەنێکی سەیری سازکردبوو و حەشیمەتێکی زۆر لە منداڵەکانی تێئاڵابوون. نزیکیان بوومەوە، تەموورەیان لە کۆڵەوارەکە دابوو و منیش دڕم پێدان. لە ئاڵقەی وەسەتیاندا منداڵێکی دە ساڵان لە حەیبەتی سەرچۆکی شیتاڵ شیتاڵ بووی پاتۆڵە تازەکەی ئاگای لە دەم و لووت و سەروچاوە خەڵتانی خوێنەکەی خۆی نەمابوو. لە ناو و شۆرەتیم پرسی، برای تۆ بوو. زۆرم پێ خۆش بوو جارێکی ببینم، بەڵام نەک ئاوەها. دەستم گرت و دامە دەستی بە هەڵەداوان هاتووی تۆ. ڕاسپێریم کرد هۆشت پێوەی بێت. ئارامت نەکردەوە. دەم و چاوت بە ئاوی ساردەبزەیەکیش فێنکەوە نەکرد. لە مەودای نیگامدا هەتا لە چوارچێوەی بینینم دوورکەوتنەوە و ون بوون؛ نەمبینی دانەویت و بە بەزەییەوە تەماشایەکی ڕوخسارە شپرزەکەی برا چکوولەکەت بکەی. دوور و بچووکترەوە دەبوون و من کێشکچی ڕۆیشتنە بەپەلەکەتان بووم.

وەسا ڕەسووڵی گەچکار خاڵۆتی لە تۆ بە چەتوونتر دەزانی. وادیارە تۆ زیاتر چوویتەتەوە سەر ئەو. وەسا ڕەسووڵ دەیکوت: «ئەحەی خاڵۆی»، لە لای ئێمە ئاوەها دەستەمۆ بووە. لە ئێستای مەڕوانە وا هەرچی دیت بۆ لامان و بەرانبەر بە تۆ لە خۆی دەبێتەوە و ڕێزت لێ دەگرێت. نەک هەر ئەحە، هەموو شاگردە کرێکارەکانمان کاریان لە سەرکراوە دەنا خۆ لە هەوەڵەوە ئاوەها نەبوون وا ئێستا دەیانبینی. هەموویان لەو کوڕە بەرەڵڵایانەی ناو کووچە و کۆڵانەکان بوون وا قسەی بەرز و نزم و بەرەڵڵایی دایمە لەگەڵیان بووە و ئێستا لای ئێمە ئاوەها گوێڕایەڵ و بەئەدەب بوون. ئەحە سەرەتێک یەکێک لەوانە بووە وا کەس لە سەر شەقامی شوێنی کۆبوونەوەی خۆی و ڕفێقەکانی بە بەردەمیاندا نەڕۆیشتووە کە بەرپلاری تەوس و توانجی ئەم نەکەوتبێت!»

من گەرەکم بوو لە لایەن ناسیاویی ئەحەی خاڵۆتەوە سەری نزیکی و گەرم و گوڕیت لەگەڵ داخەم. بە تەماش بووم هەر لەوێوە دەستەمۆت بکەم. کەچی بە بیستنی ناوی ئەحە بێزت هەڵدەستێ و لەوانەشە لێم بتاکیتەوە. خۆ منیش نامهەوێ ڕێسەکەم ببێتەوە بە خوری.

بە هەموو مامۆستایان و کارگێڕانی وەزاڵەهاتووی قوتابخانەوە سەردەخەنە سەر من کە بۆچی بانگی باوکت ناکەم بۆ قوتابخانە و بۆ سەرکوت و ئاڵوساڵ کردنی تۆ کەڵک لە باوکت وەرناگرم؟ من زۆرم پێ خۆشە بۆ جارێکیش بووبێت لە پێشەوە چاوم بە باوکت بکەوێ و لە بەرەوە دەمودوانی تاقی بکەمەوە. زۆر بە پارێزەوە گەرەکمە لە لایەن خۆتەوە ڕێگای پێ دەرببەم و باوکت بناسم. هەڵدەچی و پێت خۆش نییە لە لات باسیشی بکەم. بەڵام ئەو باشییەی هەیە بۆ من کە لە ژێر زمانتی دەردێنم، دەیناسم و لە کەسپ و کاری تێدەگەم. خۆت ئادرەسی ناسینی باوکتم دەدەیتێ.

ئەم شەقام و ئەو شەقام چاودەگێڕم هەتا ئاخریوئاقیبەت چاوم بەو پیاوە دەکەوێ کە دەڵێن باوکتە. خۆیەتی کەشەفەیەک بە سەرشانییەوە و شانە هەنگوینی زەرد و ڕەشی خڕخڕی لە سەر هەڵچنیوە؛ هاوار بۆ هەنگوینەکەی کوێستان دەکات. بە هەنگوین دەڵێ ئەسەل. دەڵێ: «ئەسەلی سروشتییە و هیچ شتێکی زیادی پێ نەدراوە. بابەتی نەخۆشیی شەکرەیە و چاکیان دەکاتەوە. سەد دەرد لە گیان دەپەڕێنێ.» یەکی سوورهوولی ڕیچە. وا دەزانی دایمە دەمی بە بزەیە و پێدەکەنێ. لە سەرەخۆ و بەعینوان بەڕێدا دەڕوا. بە هێواشی قسە دەکات و وڵام دەداتەوە. بێ ئەوەی بمناسێ لە پەستا پێمی دەکوت: «سایەتان کەم نەبێ قوربان!»

قەت پێم خۆش نەبوو بۆ جارێکی تر باوکت ببینمەوە؛ هەتا ئەو ڕۆژەی وا سێ شەو پێش لەوە، مۆبایلەکەم زەنگی لێدا و بەرپرسی قوتابخانە بانگی کردم هەتا پێکەوە بە خێرایی بچین بۆ قوتابخانە. شک و گومانی نەدەویست کە تۆ بووبێتی. بە خەتێکی پان و ناخۆش لە سەر دیواری بەرانبەر بە تەختەی پۆلەکەی خۆتان نووسرابوو بژی نیشتمان. ناسر فڵچە و ڕەنگی سپی هێنابوو و هەتا ئێمە گەیشتین بە دوو دەست ڕەنگی سپی، سوورایی نیشتمانەکەی کاڵ کردبۆوە. بەڕێوەبەری قوتابخانە گرژ و مۆن ڕاوەستابوو و لە پەستا دەستووری بە ناسر دەدا. ئەو شەوە تا درەنگان نەخەوتبوو و نیشتمانەکەی سڕیبۆوە. خاڵی نوونەکانی ئەمسەر و ئەوسەری نیشتمانەکەت وەک چاوێکی ڕێژراو کێشابۆوە. ناسر بە دەم پاککردنەوە و ڕەنگکردنی دیوارەکەوە پێدەکەنی و دەیکوت: «زوو پاکی نەکەمەوە سبحەینێ نیشتمان چاو لە قوتابییەکان دادەگرێت!»

ڕۆژێک دوای ئەوە، دەمەو تەواوبوونی قوتابخانە تەلەیفوونی مەدرەسە زەنگی لێدا. بەڕێوەبەری قوتابخانە لەوە دەچوو هەواڵێکی ناخۆشیان پێدابێت. بە دەم بە فارسی بەڵێ بەڵێ کوتنەکانییەوە دیار بوو هەواڵێکی ناخۆشیان پێداوە. سپی سپی ببۆوە. هات و

پێی کوتم لە حەراسەتەوە زەنگیان لێداوە. کوتوویانە سبحەینێ دەبێ تۆ لەگەڵ باوکت بچنە نەهادێکی ئەمنی و لەوێ لێپرسینەوەت لێبکەن. بەڕێوەبەری قوتابخانە نەیدەویست نە بەرەوڕووی خۆت و نە بەرەوڕووی باوکیشت ببێتەوە. زەنگی لێدا بۆ ماڵتان. هەواڵەکەی بە باوکت ڕاگەیاند.

بۆ ڕۆژی دوای ئەوە، هەوەڵ شتێک دوای ئەوەی قوتابییەکانمان ناردە ناو پۆلەکانەوە بە پەی شوێنییەوە چووم، هاتن یان نەهاتنەوەی تۆ بوو. چوومە بەر درگای پۆلەکەتان پرسیارم لە نوێنەری پۆل کرد. کوتی تۆی لێ نیت. تووشی دڵەخورپەیەکی سەیر ببووم. دەمەویست زەنگ بۆ ماڵتان لێدەم بەڵام دوودڵ بووم. ماوەی کاتژمێرێک لە دوودڵیدا بووم و ئاخری گووشیم هەڵگرت و ژمارەی ماڵێتانم گرت. برا چکوولەکەت هەڵیگرت. هەواڵی تۆم لێ پرسی. کوتی لەگەڵ باوکت چوونەتە دەرێ و خۆی بە تاقی تەنیا لە چاوەڕوانیتاندابوو. من لە ئەو چاوەڕوانتربووم و ئاخری لە کاتی پشوودانی زەنگی ئاخری پۆلدا چاوەڕوانییەکەی من پێش برا چکوولەکەت کۆتایی پێ هات. لە حەساری قوتابخانەدا بە ناو قوتابییەکاندا دەهاتم و دەچووم. قەرەوڵی دریای حەسار پشتبەندی دەرگای لابرد. وەژوور کەوتی و باوکت بە شوێنتەوە. گەرما و ئارەق باوکتی لە جاران سوورتر کردبۆوە. مات و پەشێو دەینواند. چەند هەنگاو پێش ئەو بە بزە هاروهاجەکەی جارانتەوە بەرەوڕووم هاتیت و یەک بە خۆت پڕ بە حەساری قوتابخانە هاوارت کرد: «ئاغا بانگیان کردبووم بۆ دیوەخان.» ئەو هەموو قوتابییە گوێیان بەو هاوارە سەرکەوتوانەت زرینگایەوە و سیلەی نیگایان هەڵی کوتایە سەر ئێمە دوانە کە ئێستا ڕوخسارمان نزیک و ڕوو بە یەک، وشک ڕاوەستابووین.

دیسان مەچەکی تۆیە و لە کەلەپچەی دەستەکانی مندا. بۆ پۆلێکی چۆڵت دەبەم لەگەڵ خۆمدا. دیسانەوە پێت دەڵێمەوە ئەم ڕێگە پڕ لە ئاستەنگ و خەتەرە و دەبێ هۆشت بە خۆتەوە بێت. پێم پێدەکەنی و دەڵێی: «ئەوەش نەبوو وا دایمە دەتکوت و ئاگادارت دەکردمەوە!» ئاگامان لە باوکت نەماوە کە چووە بۆ لای بەرپرسی قوتابخانە هەتا لە زمانی خۆیەوە بەسەرهاتەکە بۆ ئەوان بگێڕێتەوە. من دەمهەوێ لە ناو پۆل داتنیشێنمەوە و داتمرکێنم. واشت لێ دەکەم و لە جێگای خۆت داتدەنیشێنمەوە. من چاوم بە باوکت هەڵنایە و ناشمهەوێ چاوم پێی بکەوێ.

ناسر ئاوری چەرخەکەی پێش داگرساندنی جگەرەکەی دەگرێت بە ژێر جگەرەکەی منەوە. مژێکی خەستی لێدەدەم. ناسر دەڵێ: «ئاغا دووکەڵ هەتا سەرچۆکت دەچێ.»

من پێدەکەنم و ناسر دەیڵێتەوە: «باوکت تەنیایە و خۆی پێ ڕاناگیرێ. تۆ و برا چکوولەکەت و باوکت تەنیا دیوێکتان بۆ نیشتمان هەیە. دوو لێفە و سێ نەفەر.» لێفەیەک لەو شەوە سەخڵەتەی ڕۆژە هەوەڵەکانی نەورۆز بە سەر ئێوەدا کێشراوە. گرێکی بێتین لە کوورەی ژوورەکەتان هەڵدەستێ و دەستی ئێوە لە حەیبەتی دارەکەی پەنا دەستی باوکت ناوێرێ گوڵ بدات بە کوورەکە. جێگاوبانێکی تر لەولاوە ڕوو لە تەلەفزوێنەکە ڕاخراوە و کەس نەچووەتە ژێری. ساحێبەکەی دەبێ تەنیا بێ بۆیە مەیلی نییە بچێتە ژێری. ئەمە بەزمی بەینێکە و نابێ سەر لە ژێر لێفەوە دەر بهێنن. لە مەیلی بزۆزانە بترازێ، سەریش بێ مەیل نییە لە ترسی سەرما بچێتە ژێر لێفەی نەبینینەوە. دیو کڕوماتی بێدەنگی و تاریکییە. گڤەگڤی سەفحەی تەلەفزوێن تامەزرۆی نواندنی ڕەنگ و ڕواڵەتی هەمە چەشنەیە. باوک هێواش دەستی بۆ ژێر زیلۆی ڕەقوتەقی ماڵ دەچێ. سیدییەکی سوور دەردێنێ. بە گاوڵکێ دەچێ و دەست بە دووگمەی دەزگای سیدیخوێندا دەنێ. درگاکەی دەردەپەڕێ و شەق ڕادەوەستێ. چرکەچرکی سەعات ئاوسی ڕووداوێکی پڕ لە عارەق کردن و دڵەخورپەیە. دەستەکەی تر ئەم بەراوبەری خڕی سیدی بە قامکە کەڵە و قامکی ناوەڕاست دەگرێ هەتا لکە نەکەوێتە سەری. پاڵپێوەنانێکی بە دیانەکیرێوە دەیکات بە نێو دەزگادا.

پشتاوپشت دەکشێتەوە و دەخزێتە ژێر لێفەی تاکەکەسی. تەلەفزوێن هەڵدەکرێ. دیوی نووتەک پڕ دەبێت لە شەوق و ڕەنگی ڕووت و قووت. باوک دەنگی هانکەهانکی بەئاڵۆشی تەلەفزوێنەکە کەم دەکات. دەنگ بە ئەسپایی هەر دێت و لەمپەری لێفە ناتوانێ ببێتە بەرگری ئەو. دەستێک کۆنترۆڵی تەلەفزوێنەکە دەنێتە سەر عەرز. بە هێواشی دەستی چەپ بە سەر سینگدا خۆی دەخزێنێتە ژێر لێفە. دەخوشێ و دەڕوا بەرەو خوارێ. سنووری ناوک دەبەزێنێ. هێندەی نەماوە بگاتە ئەوێ بۆیە هیچ پەلە ناکات. ئاوری حەز و ئاڵۆش گوێچکە تیژەکانی ئێوە بە هیچ نازانێ. ڕەگی نێرینەییەکی لووت بەرز شەرمی بوونی ئێوەی وەلا ناوە و خۆی نەبێ ئاگاوبینای لای هیچ شتێک نەماوە. باوک بە فێنکایی تف نەبێت بڵێسەی ئەو ئاورە ترسێنەرەی بۆ ناکوژێتەوە. تۆ ناتوانی دیلی ناو قەفەزێکی خۆکرد بیت. تۆ ناتوانی گوێی خۆتی لێ کەڕ بکەیت و بە پێی بەندوداوی گرێبەستێکی یەک لایەنە چاوی تماشا و ڕزگاری خۆت کوێر بکەیت. دەستت بەندوداوی گرێبەستی لێفەی نەبینین لا دەدات و نیگات باز دەداتە نێو مەیدانی مەنعی حەرامەوە. باوکت داردەستەکەی پەنا دەستی هەڵدەگرێت و لەو جێگات دەسرەوێنێ کە بیری ڕزگاربوونی پێداهاتووە. دەنک و دوان نییە و ڕووتبوونەوەی شەرم و شکۆ هەوساری لە مل خۆپارێزی داماڵیوە. لێت دەدات و لێت دەدات. هەتا لە ماڵت دەردەپەڕێنێ. تۆ چارەت نییە بێجگە لەوەی لە شەوانی هەوەڵی بەهاردا دوای سەرگەردانییەکی زۆر بە ناو کەسیرەیی سەرمایەکی بەهاری چاوەڕوان نەکراودا پەنا بێنیتە بەر قوتابخانە. بە بێدەنگی و پاڕانەوە نهێنییەکەی چاوت لە ناسری خزمەتکار ورد ببێتەوە هەتا جێگایەکت بۆ دەربازبوون لەو جەحەندەمە بداتێ.

دەمەو ئێوارەی ئەو ڕۆژگارە درێژەی بەهار، وەک هەمیشە کە دێمە ناو هۆڵی قوتابخانەوە چاوم پێت دەکەوێ لە بەر دەفتەری قوتابخانەدا ڕاوەستاوی.

وەکوو جاران بە دەمەوە پێناکەنی. لێت دێمە پێشەوە و هۆی دەرکران لە پۆلت لێ دەپرسم؛ چاوت بە ئارامی و ڕقێکی گەیشتووەوە لێک دەنێی و بە دەم چاو هەڵبڕینەوە ڕووم لێ وەردەگێڕی. بە بۆی دەمتدا دەزانم هیچت نەخواردوە. لێت دەپرسم برسیتە؟ وڵام نادەیتەوە. بە جێت دێڵم و دەچم بۆ نهۆمی سەرێ هەتا چاوێک بە وڵاتدا بگێڕم. بێئاگام لەوەی کە بەڕێوەبەری قوتابخانە ئیتر هێزی لەخۆبووردنی نەماوە و بە بێ پرسی من زەنگی بۆ باوکت لێداوە هەتا بێت و کارت یەکلایی بکاتەوە. بە بیستنی هەرا و هەڵلامەکەی نهۆمی خوارەوە دادەچڵەکێم. بە پلیکانەکاندا بەرەو خوارێ هەڵدێم. لە درێژایی هۆڵەکەدا چاوم بە تێکهەڵچوونی تۆ و کەسێک دەکەوێت. کەشەفەیەک هەنگوین لە پێش درگای دەفتەردا دانراوە و کەس لێی ناپرسێ. بە ڕەنگە سوورمسەکەیدا باوکت دەناسمەوە. بۆقەتەی ملی گرتووی و بەرەو ئەوبەری هۆڵ ڕاتدەدات. بڵاوە بە قوتابییە سەیرکەرەکان دەکەم و دەیانکەم بە پۆلەکانی خۆیاندا. تۆ بە بینینی من تینێکت تێ دێتەوە و نیوە شەڕ و نیوەی هێزت لە هەڵاتدا! من دێم و دەربازت دەکەم. دیسانەوە مەچەکی تۆیە و لە کەلەپچەی دەستەکانی مندا گرفتار. باوکت ڕەوانەی دەفتەر دەکەم و خۆت دەهاوێمەوە وەتاغێکی چۆڵەوە و قوفڵی دەکەم. بەڕێوەبەری قوتابخانە لە بینینی باوکت چەندە نارەحەتە لە بینینی خۆت چەند ئەوەندە دەهری‌تر دەبێت. نایەوێ چاوی بە هیچتان بکەوێت و پێی وا بوو لە ئان و ساتێکدا ئاو بە سەر ئاوردا دەکرێت. پێم وایە ئەو وەتاغە دالدەیەکی باشە بۆ تۆ. دەچم بەرەو دەفتەر و باوکت دەبینم بە دەسماڵە شینکییەکەی دەستییەوە ئارەقی ناوچاوانە سوور و بێ تووکەکەی دەسڕێت. دەمە کەفچەرێنەکەی پاک دەکاتەوە و بە دەست و ڕانی خۆیدا دەدات. پێی وابوو دوای ئەو ڕۆژەی وا لە دیوەخان لێ پرسینەوەیان لێت کردووە ئیدی ئاو بە سەر ئاوردا کراوە و تەواو بووە. بە جێیان دێڵم و دێمەوە بۆ لات. قوفڵی درگا دەکەمەوە. هەنگاو دەنێم بە سەر تکەی خوێندا. بە بینینی من دەستی ڕاستت دەورێکی توندتر دەگرن و کلکی پێنووسەکەی ناودەستت توندتر دێنێت بە سەر مەچەکی دەستی چەپتدا. بە هەڵەشەیی بە سەرتدا دەگوڕێنم. بەم دەمە تیغەوە کردووتە بە سەر پێنووسەکەتەوە و گوڕای‌گوڕ دەیهێنی بە شادەماری مەچەکی چەپتدا دەزانم کۆتایی بە ژیانی خۆت دێنی. توند ڕاتدەوەشێنم و دەمە تیغت لێ دەستێنم. توند دەتگرم و بە خۆمە دەتگوشم. پەردەی گریانت دەدڕێ و بانگ هەڵدەدەی. سەرت بۆ ماوەیەک دەنێی بە سینگمەوە و زۆرەزۆر دەگریت. خۆم پێ ناگیرێ. دەمەتیغەکەت هەڵدەگرم و وەتاغەکە بەجێدێڵم هەتا بە جگەرەیەک تەمی ئەو دیمەنە بڕەوێنمەوە. بە ئەسپایی هەنگاو هەڵدەگرم و کاسی کاسم. قوتابخانە سریوەی لێوە نایە. تیغەکەی ناو دەستم توندتوند دەگوشم. تەپەی هەڵاتنی کەسێک بە لامدا وەخۆم دێنێتەوە. لە درگای هاتنە ژوورەو خۆت دەرباز دەکەیتە ناو حەسار. باوکت چاوی پێت دەکەوی و بە شوێنتدا ڕادەکات. کەشەفەی هەنگوین بە سەر شانەوە و هاوارت لێ دەکات. بە ناو حەساردا هەڵت دەبڕین و دێین و دێین هەتا دەچیتە سەر شەقامەکە. بەرەو ئاوابوونی ڕۆژ هەڵدێی و زۆر لە پێش باوکتەوە دەردەچی. باوکت پێت ناگاتەوە تەنیا هاوارت لێ دەکات. تۆ هەر هەڵدێیت و من ئیتر چی دی بە شوێنتاندا نایەم و ڕادەوەستم. تۆ لە پێش چاو ون دەبی و من لە جێی خۆمدا ناجووڵێم. بۆ ماوەیەکی زۆر لەویادا چاو لە ئاسۆ دەبڕم. خۆر بەپەلە تر لە جاران لە ئاوابووندایە. من نیگام لە چوارچێوەی تابلۆی ڕۆیشتنی تۆدا قەتیس ماوە. وڵات تاریک بووە. جوان نازانم لە کەیەوەیە لەوێدا ڕاوەستاوم. ئاگام لە سەگ لوورێکی بێبڕانەوەیە. تۆ ئەڕۆیت و منیش ماقی ئاسۆ بە عەرزدا، داکوتراوم!

ڕەسووڵ ڕەش ئەحمەدی (هەڵۆەدا)- مەهاباد



## ویشکەساڵ

زیندەوەر سڕ، دەوەن زیزن
پەرۆشی مەرگی ئازیزن
لارەمل لە شوێن یەک ڕیزن
دەڵێی میوانی پاییزن
بەهار بەرەو بەسەرچوونە
وەرزێکی دی بەرەو بوونە
گەرمای هاوین دە ڕێ دایە
دار و دەوەن بێ سەدایە
هەر سیسرکە دەسیڕێنێ
پەل و چڵان ڕادەژێنێ
ویشکەساڵە زەوی کڕە
وڵات تا بڵێی قاقڕە
باب لە منداڵی خۆی زڕە
زۆردار پڕە هەژار قڕە
شینایی ویشکەڵ و زەردن
گوڵ لارەمل لەسەر هەردن
هەوا گەرمە گوڵ دەوەرن
شیوەن بگێڕن دەوەرن
گیانلەبەر دەڵێی بێگیانە
ئەوەی مانای نییە ژیانە
ژانە ژیان ژیان مەرگە
زووخاوی دنیام بە جەرگە
کۆمەڵ تاوڵەمەی گەشاوە
ڕۆژێ سەت چین ڕاوەشاوە
کارەساتێکە دڵتەزێن
خەفەت هێنەر شادی بەزێن
بە فەرمانی هەلاکوخان
گوڵ نابێ شین بن لە باخان
و . . . . .

# وێژەوانانی موکریان

بەشی ٩



سەید نووح عینایەتی(نەبەز) - مەهاباد

بەپێی بڕیاری گۆڤاری بەیان، هەموو ژمارەیەک چەند کەس لە چالاکانی بەستێنی فەرهەنگی و ئەدەبیی وڵاتەکەمان دەناسێندرێن. ئەم ژمارەیە:
١- حاجی هاشم نانەوازادەگان ٢- ئیرەج ناهید ٣- حاجی مامۆستا مەلا ئەحمەدی دافعی

## حاجی هاشم نانەوازادەگان



دەکتێبی تاریخی مەهاباد دا نووسراوە کە ساڵی ١٣١٠ لە دایک بووە بەڵام وەک وتوویژێک دەگەڵ خۆی کراوە، ساڵی ١٣٠٧ دەجەنگەی شەڕی مەلاخەلیل دا لە دایک بووە، هاشم کوڕی میرزا ساڵحی نانەوازادەگان بوو، میرزا ساڵح دەشەڕی مەلاخەلیل دا لایەنگری لە خۆی نیشان دابوو بەو بۆنەوە ماوەیەک دەخرێتە زیندان، دوای مردنی بابی، سەرپەرستی هاشم و برا و خوشکەکانی دەکەوێتە ئەستۆی مامەکانی، دەبەر خوێندنی دەنین تا ساڵی (١٣٢٠) کە برا گەورەی دەمرێ، هاشم لە دەرس وەپاش دەکەوێ و مل دەبەر ملی کاسپی دەنێ و لە شاگرد ناڵبەندی را هەتا عەتتاری و سەرەنجام بەززازی هەموویان تاقی دەکاتەوە. زەمانی کۆمار دەنێردرێتە یەکێتی سۆڤیەت و لە دانیشکەدەی ئەفسری ئەوێ فێری ددانسازی و کاریکاتۆر و نیگارکێشی دەبێ. حاجی هاشم جگە لە هەستی شاعیری تەرانە وێژێکی هەڵکەوتە بوو، بەو مانایە هەوڵی دەدا ئەوی دەیڵێ شتێک بێ کە دە چوارچێوەی موسیقادا بگونجێ، هەر بۆیە کاک محەممەدی ماملێ هۆگرێکی زۆری پێی هەبوو و هەتا ئاهەنگی نوێی دۆزیباوە دەرۆیشتە لای حاجی و زەمزەمەی بۆ دەکرد و حاجی لە روی زەمزەمەی زاری ماملێ شێوەیەکی پڕ بە پێستی ئەو ئاهەنگەی دا دەنا، حاجی حەزی لە خۆڕانان نەدەکرد و تەنانت مردیش و جگە لە چەند شاعیر و ئاهەنگسازی خۆ وڵاتی کەس نەیدەزانی ئەو شاعیرە، تەنانت دوای شێعردانان بە کاک محەممەدی دەکوت: «مەڵێ ئەو شێعرانە ئی حاجی هاشمن». دەو پێیەدا دۆست و هاوڕێی حاجی هاشم، محەممەد ئەلیاسی دەڵێ: «حاجی هاشم دە عیرفان دا بە پلەیەک گەیشتبوو لە من من و خۆڕانان تێپەڕیبوو ئاشقێکی ئیلاهی بوو. نەسلی پێش ئێمە زۆربەیان دەگەیشتنە ئەو پلەیەو حەزیان دەکرد وەک چۆن بێ نێو هاتوون هەروا بێ نێو بڕۆن ئەو دەستە بنیادەمە ئەوەندە خۆیان لە بەرامبەر گەورەیی خوادا بە چکۆڵە دەزانن کە هەر چەشنە خۆڕانانێکی بە کفر دەزانن». سەرئەنجام ئێوارەی رۆژی هەینی شازدەی مانگی دەی ساڵی ١٣٧٣ کە لە داوێنی سروشت را گەڕابۆوە بە هۆی سەکتەی قەلبی ماڵاوایی لێ کردین و لە بەر ئەوەی خۆی ئەوجۆرەی هەبوو نەناساندبوو لە گۆڕستانی گشتی شار ئەسپەردەی خاک کرا.

### گوڵی سوورم

گوڵی سوورم بۆ ژاکاوی
لە بەر بێ ئاوی شەمزاوی
گوڵاڵەی کوێستانی قەندیل
خوێن شیرین و جوان و نەشمیل
بۆ بێ کەیفی بۆم بەیان کە
دڵم رزگار لە غەمان کە
من کوێستانم سەرم بەرزە
داوێنم خاوێن و تەرزە
مەکانی باز و پەڵکورم
جێ و مەکانی گوڵی سوورم
مەکانی کیژ و دڵدارم
جێ رمبازی و تەقڵە و سوارم
جێگەی بەزم و شادی و مەستیم
جێگەی ئازادی و سەربەستیم
جێگەی هەڵاڵە و گیای خاوم
جێی خاسەکەو و جێگەی راوم
جێی نواڵە بەفر و کانیاوم
کەس نایە بێ هەمدەم ماوم
جێی هەڵو و پەڵکوور و بازم
جێی خاسەسی وسونە و قازم
جێی لاوک و بەیت و ئاوازم
بە سەربەرزی خۆم دەنازم
سەربەرزم داوێنم پاکە
حەڵاڵە نوتفەی ئەو خاکە
نەترس و ئازا و بێ باکە
چاک خولقاوە ورۆڵەی چاکە

کتێبی هەواڵنامەی

## ئیرەج ناهید



ماموستا ئیرەجی ناهید ساڵی ١٣١٩ی کۆچی هەتاوی هاتۆتە دنیا، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری بۆکان تەواو کردووە و لە دانیشگای تاران مەدرەکی لیسانسی وەرگرتووە، لە ساڵی ١٣٣٨را هەتا ١٣٤٠ لە تاران خەریکی خزمەتی سەربازی بووە پاشان لە ئیدارەی ئاموزش و پەروەریش لە سەر کار دامەزراوە و سەرجەم سی ساڵ و شەش مانگ خزمەتی ئیداری کردووە و لەو ماوەیە نزیک بە پێنج ساڵ بەرپرسی شیرکەتی تەعاوونی مەسکەن و شەش مانگ بەرپرسی ئاموزش و پەروەریشی شاری پیرانشار و باقی ساڵەکانی خزمەتی دەخزمەت دەرس کوتن بە قوتابیانی شارەکانی سەقز و تاران و بۆکان گوزەراندووە، دۆستایەتی کاک ئیرەج دەگەڵ مامۆستا حەقیقی و سەید کامیل زۆر خۆش و پەیوەندیان زۆر بوو، دەحاڵی حازردا بازنیشەستەیە و لە شاری بۆکان ژیان دەباتە سەر.

### دەسی لەزرۆک

غەم و کۆیـرەوەری ونەگبەت لەمن دوور ناکەوێ و ناچێ
وەرە چـاوە جـوان بە کولا بێنە دڵـی کەیلم بە هۆی ماچێ
دڵـم توقـی دە بەسـیە بـێ وەفایـی پێـی بـلا لاچـێ
لـە کاتـی مردنا زۆر خۆشـە غەمـزەی تۆم لـە دلا راچێ
هەزارسوێندیش‌بخۆم تۆم خۆش‌دەوێ ولێم ناکەوێ و ناچێ
هەناسـەی دەم بەیانانـم گەلـی تیـژە چلـۆن راچـێ
بگـە فریـام ببەحـالازان مـەلا پیسـە و بەقـور داچـێ
بـە شمشـیری دو ئەبـرۆت وا بریت جەرگم لـە بیر ناچێ
دەوای دەردم لـە کـن تۆیـە هـەزار پسـپۆر دەبـێ لاچێ
کەلامـم بـۆ لەکـن تـۆ هیـچ رەواجێکـی نییـە و ناچێ؟
ئەگەرچـێ زۆر لەمـن دوری وەرە پێشـی و مـەلا لاچـێ
لـە کاتی مەرگدا بمگەی بـە زەحمـەت گیانـم دەرناچێ
وەرە تۆبـی و خـودات رووبەنـد فڕێـدە بـا بەگـڕ داچێ
وەکـو سـومبول پەچەت لادە دەبڕوا شـەو بـە ئەو لاچێ
لـە سـۆییانت تەقـەم کرد سـا لە ڕێـی پێغەمبەرا ماچێ
دەمـی چوکـت لەبەرتەنگـی تریـی ئالانـی تـێ ناچـێ
دەری باغـی مەمـان قوفڵـە دەسـی لەرزۆکـی تـێ ناچێ
سـوپای زولفت لە سەر روخساری تۆ پەخش و پەرێشانە
بـە دەسـتانی خـڕ و خۆڵـت بفەرموویـی بـلا لاچـێ

لـە قورسـی رۆژ هووەیدا بـوو هیلالی مانـگ دەبێ لاچێ
قەدی سەروت لە بەر بەرزی قسەی سەردی دەگوێ ناچێ
دوو چـاوی تـۆ بەدی کەم من هـەزار پەروین دەبێ لاچێ
سـەرم گەرمـە بە بانگـی بەرز دەڵێـم بێچارە بـوو ناهید
بڵێـی ئـاە و نزولـەی دەم بەیانانـم لـە گـوێ راچـێ
مەکەباوەڕدەڵێی پووڵی چرووکە هیچ رەواجێکی نیە و ناچێ

مامۆستا سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات) دەشێعرێکدا دەفەرموی:

مالـی مـووم ئـاوا کـە وا روی بـاش سـپی کردوومەوە
کاتـی جوانـی و جحێڵـی رێـک لەبیـر بردوومـەوە
زووکـە وەک مـاش و برینـج ئێسـتا کە کاکە ببـڕە ماش
یانـی ماشـم چـوو برینجـم مـا سـپی کەوتوومـەوە

مامۆسـتا ئیرەجـی ناهیـد بەو جـورە و لامـی داوەتەوە:

مـوو بـە باعیسـی مەزانـە، زۆر ئەدیـب و و فازلـی
کـوا قەڵـەم تەحریـر ئـەکا شـەرحی کەماڵـت کامیلی
هـەر لـە پیـری تـا جەوانـی رووسـپی بویت کاکـە گیان
مـاش و برویش‌خـۆری زگزل بـا نەزانـن قابیلـی

## حاجی مامۆستا مەلا ئەحمەد دافعی



حاجی مامۆستا مەلا ئەحمەد دافعی لە ساڵی ١٢٩٧ هەتاوی لە گوندی شوێی بانە هاتووەتە دونیا.

لە خزمەت باوکیدا حاجی فەقێ سمایل دەستی بە خوێندنی زانستە ئایینیەکان کردووە. گوڵستان و بووستان و رێنووس و زمانی فارسی لە لای بابی فێربووە. دواتر بۆ پەرەپێدانی زانستی چووەتە حوجرە لە شوێ و لە بەردەستی موستەعەدەکانی گوند خەریکی فێربوونی عەوامل، تەسریفی زەنجانی و کتێبە سەرەتاییەکانی سەرف ونەحو ئیستعارە بووە. پاش خوێندنی ئەو کتێبانە لای خوالێخۆشبوو حاجی مامۆستا مەلا مستەفای مودەڕڕەسی مامۆستای شوێ درێژەی بە خوێندن داوە.

دواتر چۆتە بەردەڕەش و تا سێ ساڵان لە خزمەتی مامۆستا مەلا عەبدولقادری بەردەڕەشی خوێندویەتی و پاشان دەچێتە تورجان و لای خوالێخۆشبووان حاجی مەلا عەبدوڵڵای محەممەدی سووتویی کە دواتر ئیمام جومعەی سەقز بووە هەر وەها حاجی بابە شێخ کە هەم زانا و هەم خاوەنی گوندی تورجان بووە دەوامی بە خوێندنی داوە.

تەنەوع خوازی و دەربەدەری فەقێ لەو سەردەمەدا هێندە باو بووە ئیدی جێی سەرسووڕمان نەبووە کە فەقەیەک بۆ دەوامی خوێندنی پتر لە چل شار و گوندی بپشکنێ تا بگاتا پایەی مەلایەتی. ئەویش بەدەر لەم باسە نەبوە. بۆیە بەرەو نەمەشیری سەر بە بانە بار و بنەی بە کۆڵا داوە و لە بەر ماڵی مامۆستا مەلا ئەحمەدی حەیدەری بۆ خوێندن وچانی داوەو. دواتر هەر تامەزرۆی خوێندن بووە کە بردوێتیە بەر دەستی مامۆستا مەلا عەبدوڕڕەحمانی ڕەحمانی سیسیری لە ئاوایی وەڵیوی گەورکی سەردەشت. لەوێوە چووەتە شاری سەردەشت مەنتق و هەیئەت و بەلاغەت و حکمەتی لە لای خوالێخۆشبوو قازی عەلی قازی خوێندووە. ئیدی هەر بۆن و بەرامەی زانست بووە کە بردوێتیە باشووری کوردستان بردوویەتە بێتواتە لە خۆشناوەتی و لەگەڵ حاجی مەلا حەسەنی واشەی ناسراو بە کەیوان لە بێتواتە لە لای مامۆستا مەلا محەممەدی بێتواتە تەفسیر و شەرعی خوێندوە. پاشان چوونە شاری کۆیە و لە مزگەوتی گەورەدا لە بەر دەستی شێخ نوورەددینی جەلی دامەزراون تا وانەکانی زانست قورئان و زانستە ئایینیەکانیان لە ناخیاندا جێگە وەکا لەوێ ڕاشەوە پێشیان کەوێ تا لەهەولێر لە مزگەوتی حاجی قادری کۆیە لە لای مەلا عەبدوڵلای فلووسەیی دەوامە بە خوێندن بدەن.

چارەنووس وای بۆ نووسی بوون تا لە باشووری کوردستان بۆ دوا قۆناغی خوێندنیان بچنە خزمەت خوالێخۆشبوو مەلا ئەبووبەکری کۆیە لە گوندی دووگرتەکانی سەر بە ناوچەی دزەی هەولێر و شەرع و حەدیس و ڕاڤەی قورئان بخوێنن و لە ساڵی ١٣٣٢ هەتاوی مامۆستا مەلا ئەبووبەکر بە شیاویان بزانێ کە ئیجازەنامەی مەلایەتیان پێ ببەخشێ و ئەرکێکی نوێیان پێ بسپێرێ و دوا مۆری خوێندنیان تا ئەو ساتە لە سەر تاپۆی هەوڵ و خوێندنیان ڕەنگ بگرێ. ئیجازە نامەیەکیان لە لپی دەست و هەنگاوی قورس و قایم ڕاکێشی ڕۆژهەلاتی کوردستانی دەکردن شادومان بوون کە پاش ساڵانێکی دوور و درێژ بەرەو زێدیان وەڕێ کەوتوون تا لە ئامێزی بنە ماڵەیاندا بە سەر بەرزی پشوێ بدەن و خۆ بۆ قۆناغێکی دی ژینیان تەیاربکەن. هەروەها یەکەم کۆسپی سەر ڕێگەیان ئەوە بوو کە لەو سەردەمە ئیجازەنامەی ئەو دیو سنوور لەم دیو سنوور لە دائیرەکانی ژێر دەسڵاتی ئێراندا وەرنەدەگیرا بۆیە لە لای مامۆستا مەلا عەبدوڕڕەحمانی سیسێری کە سەردەمانێک لە خزمەتیا خوێندبووی بۆ دووهەم جار لە ساڵی١٣٣٣ هەتاوی ئیجازەنامەی وەرگرتووە.

هەر هەمان ساڵ چووەتە بیشاسبی سەر بە ناوچەی سوێسنی سەردەشتێ و بۆ یەکەم جار بووەتە پێش نوێژو وتاربێژ و لە حوجرەیەکی پاڵ مزگەوت کە بۆ فێرکاری چێ کرابوو خەریکی وانە وتنەوە بە فێرخوازان بووە و ماوەی سێ ساڵ لەوێندەرێ مەلاو مودەریس بووە. لەوێش ژیانی هاوسەریەتی سازداوە و پاشان لە ساڵی ١٣٣٦ تا ١٣٣٨ هەتاوی ڕووی کردووەتە نەلاس.

لە وێش ئەرکەکانی مەلایەتی و فێرکاری جێبەجێ کردووە تا بەرەو وەڵیوی سەر بە گەورکی سەردەشت ئەو شوێنەی کە ساڵانێک بەر لەو کاتە لەوێ دەرسی خوێندبوو بۆیە وەک قەرزدانەوێەک هەوڵی فێرکاری داوەو چون فێرخوازان بە توانستی لە فێرکاری پەیان بردبوو دەستە دەستە بە خوێندن بەرەو وەڵیو وە ڕێ کەوتووە.

هەر لەوێ لە ژنی یەکەمی جیادەبێتەوە. بەرهەمی ژیانی هاوبەشی لە ژنی هەوەڵ سێ منداڵ دەبن: محەممەد و ڕوقیا و ساڵح.

دووهەم ژنی لە وەڵیو دێنێ وچوارەم منداڵی ساڵی ١٣٣٩ چاوی بە دنیا هەڵدێ و کەریم ی(ک.د.ئازاد) ناولێدەنێ.

ساڵی ١٣٤٦ دەچێتە گوندی سیوچی سەر بە بانە.

ساڵی ١٣٤٨ بۆ ماوەی ١٢ ساڵان چووەتە گوندی پاراستانی سەر بە گەورکی سەردەشت.

ساڵی ١٣٦٠ چۆتە گوندی نژۆی سەر بە بانە.

ساڵی ١٣٦٥ چۆتە مزگەوتی جامیعەی سەردەشت واتە مزگەوتی سوور بۆ بەجێگەیاندنی بەرنوێژی و دەرسوێژی. وە دواتر لە ساڵی ١٣٦٧ لە سەر داخوازی جەماوەر و نێردراوانی مزگەوتی سەیدی بانە گەڕاوەتەوە بۆ بانە.

ساڵی ١٣٧٤ پاش کۆچی دوایی خێزانی ژنێکی دیکەی هێناوەو ساڵی ١٣٧٩ چۆتە حەج.

حاجی مامۆستا تا ساڵی ١٣٨٥پتر لە ٧٠ ئیجازەی مەلایەتی داوە بەو کەسانەی کە لە لای خوێندنیان تەواو کردووە واتە بە شێوەی فەرمی بە پێی مەراسمی تایبەت ئیجازەنامەی پێبەخشیون بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەی لە لای خوێندوویانە لە ژماردە نایەت ڕەنگە بۆ ماوەی چەند مانگ یان چەند ساڵان لە لای چۆکیان دادابێت و خوێندبێتیان. دواتر لای مامۆستایەکی دیکە ئیجازەیان وەرگرتبێ جا هەندێک لەو مامۆستایانە کە لە لای ئیجازەیان وەرگرتووە هەنووکە لە مزگەوتەکانی شار و گوندەکانی کوردستان خەریکی پێشنوێژی یان وانە وتنەوەن مامۆستا تا دوا کاتەکانی بەرنوێژی لە مزگەوتی سەیدی، حوجرەی بێ فەقێ نەبووە. حاجی مامۆستا لە بوارەکانی فێرکاری و ڕامیاری و نووسین بە تایبەت شێعر بە زمان کوردی و عەرەبی و فارسی دەستێکی باڵای بووە، هەروەها چەندین جار لە درێژەی تەمەنیدا ڕاپێچی بەندیخانە کراوە. لەو دوایانەی تەمەنی بە هۆی پیرییەوە لە ماڵەوە خانەنشین بووە. و لە ٢٠ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٩٣ لە بانە لە ماڵی خۆیدا بەرەو ژیانی هەتا هەتایی بارو بنەی ژیانی پێچاوە. بە ئامادە بوونی سەدان مامۆستا و جەماەری بانە و دەورو بەر لە گۆرستانی شوێ ئەسپاردەی خاک کرا.

تەخمیسی حاجی مامۆستا مەلا ئەحمەدی دافعی لە سەر کەلامی مامۆستا عەبدولکەریم فیدایی :

چاوی مەستی بازە یار سەیری شکارم بۆ دەکا  
ڕۆژی مەیلی کوشتنی سەد خوێنەوارم بۆ دەکا  
ئاهووە هەر فیکری مێرگ و مێرغوزارم بۆ دەکا  
دڵ کە یادی دڵبەری سیمین عوزارم بۆ دەکا  
وەسفی نالەی بولبول و فەسڵی بەهارم بۆ دەکا

بلبلێکم نەغمەخوانی شاخ و چڵ هەر لەحزەیێ  
چاوەڕوانی مردنم یا وەسڵی گوڵ هەر لەحزەیێ  
دوورلەهۆڵی عاشقان دەگریم بەکوڵ هەرلەحزەیێ

بڕوانە ل ٩٢



د. عومەر حیسامی(ئەمیر) - بۆکان

# سەبارەت بە ڕەخنە

لەبەر چی دەمەوەێ سەبارەت بە ڕەخنە بدوێم؟ لەبەر ئەوەی ڕەخنە لە نێو دنیای ئەدەبیاتی کوردی هەتا ئێستا یان بە تەواوی وەلانراوە یان بە لاوازترین شێوە هاتۆتە ئارا. ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕەخنە لە گەشەدار کردن و ڕێکوپێک کردنی ئەدەبیاتی جیهانی جێگایەکی زۆر گەورە و گرینگی هەیە. لە پێشدا ئەگەر لە دێڕێکدا تاریفی ڕەخنە بکەین دەبێ بڵێین«ڕەخنە لێکۆڵینەوە و تێڕوانینێکی وردبینانە و ژیرانەیە بۆ دیتنەوەی جوانی و ناحەزەکانی(واتە مەحاسنی و کەموکووڕیەکانی نووسراوەیەک) لە پەنا ئەوەش دەکرێ بە چاوێکی ڕەخنەگری تەماشای ئەم هەل ومەرجە کە پێکهێنەری ئەم جۆرە ئەدەبیات و ڕەخنەیە بکرێ، هەر لەبەر ئەوەش هێندێک ڕەخنە بە ٣ شێوەی ڕەخنەی مێژوویی، ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی تیئۆریک دابەش دەکەن و هێندێکیش بە ڕەخنەی فەلسەفی و ڕەخنەی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی من دابەشی دەکەن و زۆر بەشکردنی دیکەش کە لێرە باسی ناکەم. دەبێ ئەوەش بڵێین کە ڕەخنەی مێژوویی زۆرتر لەگەڵ ڕابردوو و چۆنیەتی بەرەوپێشچوون و کامیلبوونی ئەدەبیات و هۆنەر لە ڕابردوو دەکۆڵێتەوە و ڕەخنەی هەڵسەنگاندن و تەفسیر کردنیش هەر ئەوەیە کە ئەرەستاتالیسی یۆنانی لە«بوتیقا» باسی کردووە واتە تەرازوویەک بۆ هەڵسەنگاندن و سووک و قورس کردنی ئەسەرێکی ئەدەبی و هۆنەری کە لەو ڕێگایەوە دەتوانێ لەگەڵ ڕەخنەی مێژووییش هاوبەشیی یەکگرتووی هەبێ.

ڕەخنەی هەڵسەنگاندن و تەفسیرکردن لەم ڕێیەوە یارمەتی ئەدا بە ئەدەبیاتی مێژوویی لەبەر ئەوەی ئەو ئاسەوارەی لەمە بەدواوە واریدی مێژوو دەبن هەڵدەبژێرن. هەروەها ئەم جۆرە ڕەخنەیە بۆ تەواوی نووسراوەکانی دیکەش زۆر بەکەڵکن. دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە ڕەوانناسی(دەروونناسی) سابیتی کردووە کە کەسێک کە ئەسەرێکی ئەدەبی یان هونەری پێکدێنێ ناتوانێ بە تەواوی بێلایانە سەبارەت بە نووسراوەکەی خۆی قەزاوەت بکا لەبەر ئەوەی هیچکەسێک زانیارانە تێناکۆشێ کە ئەسەرێکی خراپ پێکبێنێ یان ئاسەوارەکەی خۆی خراپ کا.

هەر لێرەوەیە کە گرینگی ڕەخنە وەدەر دەکەوێ، لەگەڵ ئەوەی کە ڕەخنەگر دەبێ بێلایەن بێ و بێلایەنانە لەسەر نووسراوەیەک قەزاوەت بکا بەڵام بەم هۆیەی کە باسمان لێکرد مومکینە زۆرتر کەموکووڕیەکانی نووسراوەیەک لەبەر چاو بگرێ یان ویست و ئامانجەکانی خۆی لە لێکۆڵینەوەکە بهێنێتە ئارا یان زۆر وردبینانە و لێزانانە و دەقیق ڕەخنە نەگرێ. لەگەڵ ئەوەش کە ئێمە بۆخۆمان دەزانین کە بێلایەنی و بێغەرەزی بە تەواوی مومکین نییە.(ئەوەش بۆخۆی جێگای ڕەخنەیە؟!) ئەگەر وایە دەبێ چی بکەین؟

بە بڕوای ئێمە دەکرێ بە شێوەی نیسبی تا ئەو جێگایەی بۆمان بلوێ بێلایەنی و بێغەرەزی خۆمان لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی یان هونەری نیشان بدەین. (لەم دنیایە هەموو شتێک نیسبییە، تەنانەت بیریش، ئەوەش بۆخۆی جێگای ڕەخنەیە) ئێدی ئەوانەی کە بیرێکی نزم دێننە ناو کۆمەڵ و دەبنە هۆی قوربانی میلیاردها کەس، بۆ دەبێ جەنایەتکار نەبن و مەحاکەمە نەکرێن؟ دەبێ ئەوەش بزانین نابێ تەواوی عیلمەکانی کۆمەڵایەتی و تەواوی نووسراوەکان کە تا ئێستا نووسراون بە چاوێکی شەککاکانە تەماشا کەین و ڕەتیان کەینەوە. دیسانیش دەڵێینەوە دەبێ بۆ باشتربوونی ڕەخنە تا ئەو جێگایە بۆتان دەگونجێ چاوپۆشی بکەین لە بیروڕا و ویستی خۆمان. نابێ بیروڕای تایبەتیی خۆمان سەبارەت بە ئەسەرێکی هۆنەری یا ئەدەبی دەربڕین دەبێ ئەوەش بڵێین لەگەڵ ئەوەش کە ڕەخنەی تەفسیری و هەڵسەنگاندن ئەو ڕەخنەیەیە کە کەڵکێکی زۆری لێوەردەگرن. وێنەیەکی دیکەی ڕەخنە هەیە بە نێوی ڕەخنەی ئینتزامی. کە دەکرێ لە ڕێی ئەم شێوە ڕەخنەیەش کە کاری هەڵسەنگاندنی نووسراوەیەک لەگەڵ ئەو قەواعید و یاسایە و ئەو ئامانجانەی کە بۆیان تەنزیم کراون هەڵسەنگێنن. کە تا چ ڕادەیەک نووسراوەیەک لەگەڵ ئەم یاسایانە یەک دەگرێتەوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕەخنەی هەڵسەنگاندن و تەفسیرکردن(لێکدانەوە) زۆرتر نووسراوەکە لە ڕواڵەتی ڕەوان‌نووسین و چۆنیەتی دەربڕینی بیروڕاکان هەڵدەسەنگێنێ.

خەڵکی ئێمە وەها بار هاتوون_ لەبەر ئەوەی بە هەتیوی ژیاون بڕوایان بە خۆیان کەم بۆتەوە زۆرتر پێیان خۆشە تاریفیان کەی چون لەگەڵ هەستی ئەوان کە جێگای بیریشیان گرتۆتەوە زۆرتر یەک دەگرێتەوە واتە بەجێگای تێفکرین و تێگەیشتن وەدوای هەست و ئیحساس دەکەون. لێرەدا لەگەڵ ئەوەش کە بە هۆی هەلومەرجێک کە تێیدا گیرمان خواردووە تووشی ئەم بەسەرهاتە بووین. بەڵام ئەمەش هیچ لەمە کەم ناکاتەوە کە بۆخۆشمان تاوانبارین. دەبێ ئەوە بزانین کە ڕەخنە لێگرتنی هێندێ کەس دەتوانێ چەکەرەی خۆشەویستی و دڵسۆزی لە ناو گوڵزاری ژیانمان شین بکا و بە ڕەوپێش‌ڕۆیشتن و کەم‌بوونەوەی دەرد و ئازارەکانمان هانمان بدا_ ئەو کاتەیە کە هونەری کوردەواریش پێش دەکەوێ دەکرێ ئەوەش بڵێین کە ڕەخنەش ڕەخنەی لێ دەگرن وەک یادیبەخێر کاک مارفی ئاغایی لە سروەدا لە شێعری خەوەبەردینەی مامۆستا سوارە ڕەخنەی لە ڕەخنە گرتبوو. زۆری پێ ناچێ ڕۆژێک ئەم بیروڕایە کە ئەمڕۆ لە سەری سوورن و بە سەر خەڵکیشی دادەسەپێنن بدرێتە بەر ڕەخنە و مرۆڤ لە خۆی بپرسێ جا چۆن ئاوا بووە؟ جا چۆن ئاوا

دەبێ ؟ زەمان باشترین داوەرە لە دواوە دێ. چ بمانەوێ و چ نەمانەوێ هەوڵی ئەوە ئەدا ئەم بیرە بەرتەسکانەی کە ئەمڕۆ باون لا ئەدا. بەڵێ ئەمڕۆ لە سەردەمی ئێمە دزی بۆتە کار_پڕ لە بایەخ و مەنفەعەت و ڕێز_ ڕاستی_عەیبووعار، و سادقبوون جورمە دەک ئەو زمانە لاڵ بێ کە دژی ئەم کارەساتە نەوەستێ_ هەمووی ئەو شتانەی کە دەبێتە هۆی چەوساندنەوەی ئینسانێک بە دەستی ئینسانێکی دیکە ئەوانەی ئەمە دەڵێن و ناترسن دەبنە ئالای شەکاوەی خۆشەویستی هەتاهەتای ژیان_ هەتا زوڵم هەبێ موبارزەش دەمێنێ_ هەتا موبارزەش بمێنێ ئەو مرۆڤە گەورانەی کە ئەم ڕێیە هەڵدەبژێرن هەر دەمێنن. هەروەک وتوویانە لە نێوان میلیاردهامیلیارد شانسم هێنا یان بەدبەختی بوو یەکیان بوو بە من بۆیە نەهاتوومە سەر دونیا بە پێی ویستی تۆ بژیم. لێمگەڕێ با ئازاد بم لاوان ئەمڕۆکە لە سەردەمی سەدەی بیستویەک سەردەمی زانست و فەزا و دێیەکی بیچکۆلە وەدوای پشکنین و شیکردنەوە(ڕەخنە) دەکەون ئیدی ئەو زەمانە گوزەرا کە مۆتە و شەوە و دیو و درنج ببنە بەشێک لە ژیانمان بۆ ئەوەی بمانترسێنن_ ئەوانە ڕاستیەکان و حەقیقەتەکان تاقی دەکەنەوە تا پێبگەن_ ئەوان لەم دونیایە پڕ تەنگ و چەڵەمە و گێژەڵۆکەیە_ دونیای خۆیان ساز دەکەن ئیدی ناکرێ بە هەر جۆرێک بمانەوێ بیر و باوەڕەکانیان پێ بسەلمێنن خۆزگە بەشەر خۆی برێک لەو دوژمنایەتیەی خۆی لەگەڵ یەک کەم کردبایەتەوە، ئەم هەموو ئەنرژی و سامانەی کە بۆ کۆنترۆڵکردنی یەکتر بەکار دێنن لە ڕێگای باشترکردنی ژیانی ئینسانی بەکار بهێنایە. لە لایەکەوە بۆ بۆق ڕێز دادەنێن لەم لاشەوە هەزاران منداڵ و ژن و پیاو دەبنە قوربانی بێ ئەوەی سەرنجی ئەو بۆ لای خۆی ڕابکێشێ دەکەومە بیر قسەکەی ئیستالین کە دەیکوت مەرگی یەک کەس تراژدیە بەڵام میلیۆنها مردوو ڕەقەمێک زۆرتر نییە؟! خۆزگە ئینسان ئەمڕۆ ئاوڕێکی بدایەتەوە بپرسیبایە بۆچی و لەبەر چی؟! لە کاتێکدا کە بەسەرهاتی خۆشی تراژدییە و ڕەنگە چارەڕەشتر لەو لە سەر عەرز نەبێ ئیدی بۆچی وا دەکا_ بۆچی لەگەڵ هەموو کەس تەنانەت لەگەڵ خۆشی ناسازێ؟!

لە ئاخردا دەمەوێ برێکیش لە سەر ئەرکی ڕەخنە سەبارەت بە ئەدەبیات و هونەری ئەمڕۆی کوردستان بدوێم. لێرەدا دەبێ ئەوە ڕاگەیەنین هەرچەند ئەدەبیاتی کوردی زۆرتر وەدوای ڕیئالیسم(واتە واقعگەرایی) دەکەوێ ڕەخنەش ئەو شێوە ڕێبازە دەگرێتە پێش و دەبێتە هۆی پێکهاتنی هونەر و ئەدەبیاتێکی بەشکۆ لە وڵاتی کوردەواری، بەس دەکرێ ئەوە بڵێین هەوەڵین ئەرکی ڕەخنە ئەوەیە کە شێوازی ئەدەبیات و هونەری کوردی بەرەو ڕێبازێکی ڕاستەقینە و واقیعگەرایانە ڕێنموون کا کە ئەوە ئەرکێکی زۆر گرینگ و مەزنە لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی دەربڕین و کێشانەوەی ڕواڵەتی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتی کە بۆ ئەم ڕێگایە دەکرێ لە ئەدەبیات و هونەری ئێرانی و جیهانی کەڵک وەرگرین بێ ئەوەی شێوەیەکی تەقلیدکردن هەڵبژێرین یانی فێربوونی لە زانایان و کەڵکی خۆماڵی لێوەرگرتن لەوان. لێرەش دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە خزمەت بە کۆمەڵ لەگەڵ جوانی و ڕازاوەیی ئەسەرێکی هونەری یەک دەگرنەوە و یەکتر تەکمیل دەکەن. ئازادبوون و ئازادی لە پێکهاتنی ئاسەواری ئەدەبی و هونەری ئەرکێکی گەورەی لە خزمەت بە گەل بە سەر شانەوەیە ئەوەش زۆر گرینگە کە نووسەر و هونەرمەند ئەرک و حەقی کۆمەڵایەتی خۆی بە باشی بناسێ و ڕۆڵەی ڕاستەقینەی میللەتەکەی بێ. ڕەخنەش لەم ڕێیەوە دەتوانێ یارمەتیی نووسەران بدا.

ڕامان سۆفی سوڵتانی- بۆکان

## سێ کورتە شێعر

١

ئەمشۆ هەموو خەونەکانم ئاڵۆزبوون
خەونم بە خۆمەوە دیت
سەری خۆم هەڵگرتبوو لە جانتایەکدا -کە هی خۆم نەبوو-
دەمبرد.
خەونم بە شەقامێکەوە دیت
کۆخە کۆخ لەگەڵم دەهات.
بە بایەکی ناحەزەوە,
هەر ترکی دەزانی و لێی نەدەبڕییەوە.

خەونم بە قژتەوە...
بە قژتەوە...
کە لە دەستم دەرچووبوو...

٢

خەونم دەدی
من و تۆ لە یەک جیا دەبووینەوە
تۆ هەموو سپێتی ماڵەکەمانت لە خۆت هاڵاند و
بووی بە هێڵێک لە کەف و
ڕەدووی شەپۆلێک کەوتی.

منیش مابوومەوە
نەمدەزانی چی بکەم
هەر بە ڕەشیدا دەگەڕام و ڕەش دەگریام
هەر بە ڕەشیدا دەنووسام و ڕەشم دەنووسی

من و تۆ لە یەک جیا بووینەوە
تۆ ئیدی شەوت نەبوو خۆتی تێدا ڕووت بکەیەوە
من سپیم دەست نەدەکەوت
کانییەکی ماڵیی پێ بکێشمەوە.

٣

ئەم بەیانییە خۆر
لە بیری چووبوو پرشنگەکانی لە گەڵ خۆی بێنێ
نەماندەزانی چی بکەین.
من چ گەوج بووم
لەم هەزاربەهەزاری دڵتەنگییەدا
چاوم بە زەردایی قژەکانتەوە ڕاداشتبوو لە وێنەکەتدا.
دڵم پێی گەرم دەبوو.

بیرم بە لێوتەوە...
کە بەم تەمەنەوە
سوور سوور سوور دەزانم،
نایەتە سەر لێوم.

هەواڵنامەی کێبڕ

سپابلاغی جاران

پەروانە ئەحمەدێن - مەهاباد

# خاڵخاڵۆکە



تۆبڵێی منداڵی ئێستا بزانن خاڵخاڵۆکە چێ و چ ڕێنوێنێکی باشە بۆ دیتنەوەی دەرکی ماڵە خاڵان؟ تۆ بڵێی لە ئاپپەدەکاندا نوێنگەی ڕێگەی ماڵەخاڵان هەبێ؟ ماڵتە من ئێستاش بە دیتنی وێنەی خاڵخاڵۆکە، دڵم گرنەم لێدەگرێ بچمە ماڵە خاڵم. من تەنانەت بە دیتنی وێنەی خاڵخاڵۆکەش دڵم دەگەشێتەوە و بزە دێتە سەرلێوم. جار فەرامۆشیم دێتەوە و جار پەرۆشی بیرەوەری تەمەنی لە دەستچووم دەم تەزێنێت. ئاخ سەت خۆزگە بەو کاتی کە لەگەڵ خوشکۆلانم لە نێو کۆڵان لەسەر گڵ و خۆڵان و لە سەوزە و شینکان لە کەلێنان لە قوژبنان کون بەکون لە خاڵخاڵۆکان دەگەڕام و لەسەر دەستم دادەنا و نوێنگەی ڕێگەی ماڵە خاڵانم لێ دەپرسی ئێنجا وەڕێ دەکەوت ئەوسەرئەوسەری باسک و دەستمی دەکرد و تەواوی گیانم قدیلکەی دەهات وە پێکەنین دەکەوتم و لەپڕ دەستم بەرز دەکردەوە وخاڵخاڵۆکەش باڵی لێ فش دەکردوە وەجۆلانە دەکەوت و بەردەبۆوە سەرئەرزی و لێم دەتۆرا و باڵی دەگرت و بەجێی دەهێشتم و بە دوایدا ڕام دەکرد و پێی نەدەگەیشتم. زۆر جار بە غاردان خۆم بە ماڵێدا دەکرد و گرووم دەگرت کە دایکم هەستێ و خۆسازبکات و بمباتە ماڵە خاڵم، بەڵام چوونی ماڵە خاڵم هەر وابەهاسانی نەبوو ئاخر ماڵە خاڵم لە گوندێکی لای چۆمی مەجیدخان بوو دەبوو بابم ئیزن بدات ئێنجا سازبوونمان چەند ڕۆژێکی دەخایاند. فایتوون دەهاتە بەردەرکە و بەرەو کاڕێژی ڕووبەڕووی مسافیرخانەی خۆمان دەی بردین بەهەر قەمچیێکی کە فایتونچی لەڕانی ئەسپەکانی دەدا دڵم وەژان دەکەوت. بەلەنجەولاری فایتوون وئەسپەکان لە دوور و نزیکی کاڕێژێ دەنگی عەلێ کوردە و سوارە کوێری دەلاڵی کاڕێژێ هەتا ئاسمانێ دەچوو کە هاواریان دەکرد خانێ خانێ. ...، نەغەدە نەغەدە . ......، میاندواو میاندواو میانداو. .. کە خۆشترین ئاواز بوو بۆ من ئەوکاتی. ورد وردچاوم تێدەبڕین چۆن دەستیان ڕادەوشێنن و چەندە زاریان دەکەنەوە و چەندە دەنگیان هەڵدەبڕن و بەرز و نەزم دەکەن و چۆن بەولاو ئەولای خۆیان دا دەڕوانن؟ بە ڕاستی شانۆگەرێکی بە تەواو مانا و زیندوو وسروشتی بوون.

لەپێش دایکم و ئەوانی دیکە هەڵبەزدابەزێ دەکەم و پووڵی لەدایکم وەردەگرم لە دووکانی کاک حوسێنی تۆوفرۆش تۆپێک سەرداری شیرن وئاڵ کراو بە شەربەتی حاجیان و ڕەحەتێکی کاغەزی قاوت و شەکر دەکڕم. بە پەلە خۆم ڕادەپچڕم سواری ماشێنێکی دەبم لەپڕ دەبینم بەتەنێم و ئەوانی دیکە نەهاتوون لێم حاڵی دەبێ کە بە هەڵە سواربووم، بەپڕتاو دەردەپەڕیمە دەرێ و هەڵدێم لەماشێنێکی دیکەدا دەیانبینمەوە، ماشێن وەڕێ دەکەوێ، لای من وایە کە بەرەو خۆشترین شوێنی دنیا دەچم ئاخر دەچمە ماڵە خاڵم لای خاڵۆزاکانم زۆرم خۆش دەوێن. سەرم بە شووشەی ماشێنێوە ناوە و تاونا تاوێک قەپاڵێک لە گوڵە سەردارێکە دەگرم ودوایەش لۆچێک قاوت بەزارم دادەکەم، ئاخ کە تامی خۆشە! ئێنجا چاوم لە دارتێلان دەبڕم دەپرسم دایە دارتێلەکان بۆ هەڵدێن؟ ئەی بۆ ئێمە ناڕۆین؟ دایکم دەڵێ بیانبژێرە بزانە چەند دارتێل هەڵدێن؟ بە دەنگی شۆفێرەکە ئەژمارم لێ تێکدەچێ ئاخر گەیشتووینە کەڵکی بەگزادان و ماشێن وەسەرناکەوێ خەڵکەکە دەستیان پێکردووە بە دوعا وپاڕانەوە لەبەرچاک و پیران، ماشێن دووهەنگاوەدەچێتە پێشێ هەنگاوێک دەگەڕێتەوە دواوە، دڵم تەنگە فرمێسک لە چاومدا قەتیس دەبێ ئاخردەترسێم وەسەرنەکەوێ و بگەڕێینەوە ماڵێ! خۆم گڵۆڵە دەکەم وەدەزانم ئەگەر وابکەم کێشم کەم دەبێ و ماشێنەکە وەسەردەکەوێ، دوای چەرمەسەرێکی زۆر باسکەی بەگزادان بەجێ دەهێڵین و ئاوەژوودەبینەوە لای گوێکتەپە و بەردەڕەشان و جا شۆڕەکاتی دەشتی حاجی حەسەنی بە جێدێڵین و دەگەینە پردی میرزا ڕەسووڵی هەڵبەستراو لەسەرچۆمی تەتەهووی. لەدورەوە تارمایێکم لێ وەدیاردەکەوێ بەچەپڵەلێدان هاوار دەکەم ماڵەخاڵم ماڵەخاڵم! خوشکم نەقورچێکم تێدەکوتێ و دەڵێ دەک ماڵت نەشێوی دەدانیشە سەرومێشکت بردین، هەی بزۆزی بە هەڵتۆز! دوای پردی میرزا ڕەسووڵی و دێ گۆرانەکان و گوندی شایسێوانەکان دەگەینە کاڕێژی میاندواوێ. لەکاڕێژێ خاڵم بە ئەسپە ڕەشەکە وتاجێکەی بەرەوپیرمان هاتووە و فایتوونی بۆ ڕاگرتووین نازانم سواری فایتوونی بم یان ئەسپی خاڵم؟ لەپێش خاڵم دادەنیشتم و کاروانمان بەرەو ماڵی خاڵم وەڕێ دەکەوێ سەدان پرسیار لەخاڵم دەکەم دەگەینە چۆمی جەغەتووی و دەبێ بە فایتوونی لە ئاوێ بدەین، لەئەسپی ڕا خۆم دەهاوێمە نێوفایتوونی، ئاوەکە زۆر بەسامەو تا -ڕکێفی فایتوونی دێ ترس هەڵیگرتوم و کپ وخامۆش دەبم! ئاو لە پێش چاوم دەسووڕێ و سەرم دەگێژەوە دێت و دایکم دەڵێ پەپوو چاو لە دووری کە، وا دەکەم چاک دەبم. لەنیهایەتدا بە دڵەڕاوکێکی زۆر لە چۆمی دەپەڕینەوە لەدووورەوە ماڵە خاڵم وەدیار دەکەوێ خاڵۆزاکانم بەرەوپیرمان هاتوون ئامێز و باوەش دەگرێنەوە و ماچ وموچ دەستی پێدەکات و دڵم لێوڕێژ دەبێ لە خۆشیی. لەحەساری ماڵە خاڵانم وەژوورەکەوین خاڵۆژنەکانم خەریکی نان کردنن هەڵدێم بۆلایان لە ئامێزم دەگرن و ماچبارانم دەکەن، دەڵێم خاڵۆژن ئێشتیام لەشۆرباوی نان و ڕۆنی کەرەیە دایە بەبە (خاڵۆژنم) دەڵێ پەپوو پیتۆڵ ئەوە ئێشتیات لە هەرمێشکە؟ ئەی بەچاوان، جا بە پەنجە باریکەکانم ئەوەندە هەرمێشکی دەخۆم کێشم قورس دەبێ، کولێرە ناسکە وپەنجەکێش و

کولێرە قەرەپەپاغێکی زۆرسازدەکرێ تاجی و سەگورگی ماڵی کلکەسووتەیانە بۆ سەولەخواردن، حەساری ماڵەخاڵم زۆر گەورەیە سەرم بە هەمو کەلێن و کولێنان دادەگرم گمەگمی کۆترەکانی خاڵە چکۆلەکەم سرنجم ڕادەکێشێ خاڵم کۆترێکم دەداتێ لێی وەردەگرم و لەسەر بەری دەستمی دادەنێم و لە نەکاو هەڵدەفرێتەوە نیو کۆترەکان. کوڕی خاڵم قەلێکی سەردەبڕێ قەل وەهەڵبەزدابەز دەکەوێ ومن وێڕای قەل هەڵدەبەزمەوە و چەپلەی لێدەدەم. ئێستا کە وەبیرم دێتەوە بۆ خۆم بە خۆم دەڵێم ئەرێ بۆ وام دەکرد؟ بۆ بۆ مەرگی زیندەوەرێک وەشایی و قلە دەکەوتم لەدیوەخانی بانگمان دەکەن نەهارسازە کارداری ماڵێ ئافتاوە لەگەڵ بەدەستەوە و خاولی لەسەرشانی و سابوون لەسەر دەستی وەژوور دەکەوێ دەستمان دەشۆین و خەریکی خواردن دەبین، پەکوووو چێشتێکی بە تامە! بەغاردان دەچمە متبەقێ، لەگۆشێکی کەندووی ئاردی داندراوە و نوێن و بانێکی زۆر لەسەر هەرزاڵێ و دانەوێڵە لە نێو کوولەکە سەراوی گەورە کراوە وەک ماری بێ ئیجازە دەست لە هەموو کەلوپەلەکانی متبەقێ دەدەم هەموو بۆ منی منداڵی بەگڕوگاڵ تازەن. ئێواری درەنگانێک دڵم تەنگ دەبێ بۆ کارەبای ماڵی خۆمان بەڵام چار نیێ خاڵۆژنەکانم خەریکی شووشە لامپا پاکردنەوە و نەفت تێکردنی چراتۆڕ و چرای گڕسۆز و فانووسان و هەڵکردنیان دەبن. لە دورەوە تەپوتۆز سازدەبێ گاڕانی دێ بەرەو ماڵێ دێ و گاوان بە نارە نار گاڵۆک لەسەرشان و کیفۆک بە دەست بەرەو تەویلەیان دەبات خاڵۆژنم قۆڵچاخە و بەڕهەڵبێنەی دەبەستی دەچێ بۆ شیردۆشینێ دەڵێم خاڵۆژن تۆسەری خاڵم بێڵە ئەمنیش دەست لە گوانی مانگایان بدەم، دەڵێ باش بەڵام ئاگات لەخۆت بێ ئازاریان پێنەگەیێنی تا شەقۆنت لێنەدەن، خۆشترین کات بۆ من ئەو کاتەیە کە گوێلکە خوێن شیرنەکان شیری دەخۆن و بە لاچاوێک چاوم لێدەکەن کە لێیان نزیک نەبمەوە. شەوێ خاڵم دەڵێ بەیانی دەچمە ڕاوە کەروێشک زۆر دەپاڕێمەوە بەڵام نامبات بەگۆشتی کەروێشک لەسەر تەندوور سەنگەسیری بەتام و لەزەت سازدەکرێ و کلکە کەروێشکی نەرمۆل دەدرێ بە من. لە گەڵ کچی خاڵم دەچمە حەوشەی مەڕان و چاو لە شیردۆشینێ دەکەم هەڵمی شیری تازە سرنجم ڕادەکێشێ. ژنانی دێ لە دانگەی دێ خەریکی دەوەپێژین، لە لایکی دیکە چەند نەفەرێک خەریکی قەڵاغ(دەوەڵان) سازکردنن و کەمران دەکەنە نێوئاخنی قەڵاخەکان، قازەکان لە نێو ئاوی چۆمی قەراغ دێی خەریکی مەلەن و دوایی بە قیرەقڕ دەگەڕێنەوە ماڵێ پێموابێ ئەمن بۆیان ئاشنا نیم و بەزاری ئاوەڵە دێن بۆلام قەپاڵم لێبگرن بەگریان خۆم لە پشت کوڕی خاڵم دەشارمەوە. بە حارەبەی کەڵێ دەچینە جێ خەرمانان سواری جەنجەڕ(کەرەستەی گێرەکردن) دەبم گەرچی زۆر دەترسێم بەڵام وەرووی خۆم ناهێنم لەئاخردا بە سووران سوورانەکەی دڵم لە ژێڵلا دێ و وازی لێدێنم. کڵۆشی نۆکیان هێناوەتەوە و بەکوتکان وێی کەوتوون نۆک و کڵۆشی لێک کەنەوە لە لایێکی دیکە خاڵۆژنم کە چەند ڕۆژە چاوەڕێی بایێکی توندە نۆکە سووری لە دەستاڕ داوە خەریکە لەپەکەی بە بادەکات و خاوێنی دەکاتەوە بێژینگێکی چکۆلەی لەگەڵ خۆی هێناوە دەڵێ پەپوو ئەوەم بۆتۆ کڕیوە ئەتۆش خەریک بە گەرچی خەریکی خەرابکاریم بەڵام بەدڵەگەورەکەی وەڕووم ناهێنێ. ڕۆژی دیکە لەنێو مەنجەڵان گەنمیان کوڵاندووە و لەسەر سواغی بانی ڕایدەخەن ئیشک بێتەوە و لە دەستاڕی دەن بۆ ساواری. زۆر ڕۆژان چەرچی کەلوپەلی ژنان و ماڵی بە باری داشقە و گوێدرێژ دەنێن و ژنانی دێ لێیان دەهاڵێن بۆ کڕینی کەلوپەلی پێداوستیان، منداڵان هەڵدەپەڕن و هاوار دەکەن بنێشت بە نان بەختی ژنان!

زۆر ڕۆژان لەگەڵ خاڵۆزاکانم لە نەنکم گەنمی وەردەگرین و دەچینە تاقە دووکانەکەی دێی و گەنمی سەربەسەر یا دوو بەیەک... بە شووتی و گرکە و کاڵەک دەگۆڕینەوە و بە بەردی وێیان دەگەڕێن و دەیان شکێنین و تەواوی دەم و چاو ودستمان لە شیرەی وەردەدەین و بە پێکەنین و شادی کات ڕادەبوێرین. شەوانە دەچینە کۆڵانان لەگەڵ کوڕ و کچی خاڵان خۆشارەکێنێ دەکەین بە ڕۆژ خەریکی بووکەڵە سازکردن و خەستەکێن و داشقە سوار بوونێ دەبین. دوای چەند ڕۆژان ڕوومەتم تاوسووتوو دەبن و پشتی دەستم دەقەڵشێ بەڕاست هەروەک منداڵی دێم لێهاتوە. زۆرڕۆژان لە گەڵ خاڵۆزایان دەچینە چۆمی بۆ مەلەکردن و لە سەر ڕەڵمان گوێ ماسیلکەی کۆدەکەینەوە بازەڵێن دەکێن کۆ ڕەڵمان هەڵدەدەینەوە...، کوڕوکچی دێ لە بن پنچکی دارە بییان خەریکی باوباوێن و ژوانێن و ئێمەی منداڵ بە هێند نازانن! شەوێ لە گۆڕەپانی گەورەی دێی لە لایەن ئیدارەی بێهداشتەوە هاتوون تا لەسەردیواری مەدرەسەی فیلمی فێرکاری پاک وخاوێنی بۆ خەڵکی دێ نیشان بدەن، ژن وپیاو و پیروجحێڵ و منداڵ کۆوە بوون و چاو لە فیلمی دەکەن و تۆ گوڵەبەڕۆژەی دەتروکێنن. لە هەموو کۆڵانەکان، حاجی لەگ لەگەکان هێلانەیان سازکردوە و لەسەر هێلکان کورک بوون. بەیانی لەخەو هەستاوم قریوە قریو سازبووە ئاخر قەیتەران بە دەهۆڵ و زوڕنا و ورچەوە هاتۆتە نێو دێی بۆوەی کە ورچی وەسەماخات و پولێک بۆ بژیوی ژیانی کۆکاتەوە. ڕۆژێکی دیکە پیاوێک لە دێی دەمرێ لەهەموو ماڵەکان نان و چێشت دەنێردرێتە ماڵی ساحێب مردوو. زەماوەندی گوند چەند خۆشە! کوڕو کچ ڕەشبەڵەکیان گرتووە وشای بە سەپانی خۆیان ناگرن چاودەگەڕێن و دەست دەکوشرێن سەر دەلەقێن لاق توند بە زەوی دادەرێن... و دەنگی عەلی خەندانی شادی لەدڵان گەڕاندووە. تەواوی چرکەکانی ژیانم لەو چەند ڕۆژەدا بەخۆشی و بیرەوەری خۆش تێپەردەبێ. بەڵام بەیانێکی زوو خاڵم دەڵێ پەپوو دەبێ بتانبەمەوە سابڵاغێ هەستە بەرچایی بخۆ با وەڕێ کەوین بەخەواڵوویی دەچم دەست و چاوم دەشۆم دڵم پرە هیچ ئیشتای خواردنم نیە... بەدڵێکی تەنگ و چاوی بە فرمێسک ماڵی باپیرم بە جێدێڵم بە ئەسپی لە چۆمی دەپەڕیینەوە لەپڕ لە ئامێزی خاڵم بەردەبمەوە هاواردەکەم خاڵە گیان بمگرە خاڵە گیان نوقم دەبم دەستم بگرە! لەوکاتەدا وەخەبەرم دێنن و تەواوی گیانم ئارەقەی کردووە دڵەڕاوکێمە، وادیارە دیسان خەونی ماڵەخاڵانم دیتووە، خەونێکی خۆشی پڕلە بیرەوەری...

باوەشێک ڕێز و ئامێز

**رزگار خدر مستەفا ـ سلێمانی**
سەرنوسەری گۆڤاری ئاراستەی پەروەردەی/ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ژیارە



# سلێمانی جاران (خوێندن وخوێندەواری)

ئەشقی ئیبراهیم پاشا بۆ (کانی ئاسکان ومەڵکەندی) وبەرفراوان کردنی سنووری دەسەلاتەکەی بیرۆکەی بنیاتنانی شاری سلێمانی لە ساڵی١٧٨٤ی زاینیدا لێکەوتەوە کە یەکەمین ئەزموونی کورد بوو دوای چەند سەدە وساڵ لە بنیاتنانی شاردا بەمەبەستی کردنی بەپایتەختی حکومڕانی میرنشینی بابان بەشێوەیەکی شارستانیانەی سەردەم وهەڵبژاردنی ئەو جێگەیە کەناوچەیەکی جوگرافی گرنگ بوو، کە پێدەشتێکی فراوان بوو لە دامێنی چیا سەرکەشەکانی گۆیژە و ئەزمەڕدا و دەوڵەمەند بەسەرچاوەی ئاو و کارێز و کانی تا ڕادەیەک پارێزراو بناغەیەکی پتەو بۆ داهاتوو کەپێگەیەکی گرنگی هەبێت وەک دەبینین کە ئەمڕۆ خاوەنی دەیان نازناوە و وەک شاری ڕۆشنبیری لەسەر ئاستی جیهان ناسراوە، لەڕووی خوێندەوارییەوە هەر لەسەردەمی سەرەتایی دەسەلاتی بابانەوە مزگەوتی گەورەی شار بنیاتنرا وکتێبخانە دەوڵەمەندەکەی میری بابان گواسترایەوە ئێرە ودەیان مزگەوتیتر بەدوایدا کرانەوە و حوجرەکان بەبوونی دەیان زانا و مەلا بەناوبانگ بوونە مەڵبەندی خوێندەواری و کەسانی وەک نالی وسالم ومەحوی و...هی تر پێگەیاند و شەیدایانی زانست لە هەموو لایەکی کوردستانەوە ڕوویان لەم شارە دەکرد، بوونی هەردوو تەریقەتی قادری ونەقشەبەندی زیاتر پێگەی شاری دەرخست. لەپاش ڕووخانی دەسەلاتی بابان لەسایەی دەسەلاتی عوسمانیدا خوێندەواری کز و لاوازبوو، تاساڵی ١٨٨٣ هیچ دەزگایەکی پەروەردە و مەعاریف لەعێراقدا بوونی نەبوو، تا لەساڵی ١٨٩٣ لەسلێمانی هەردوو قوتابخانەی ڕوشدی موڵکی وڕوشدی عەسکەری کرانەوە بەڵام خوێندن تیایاندا بەزمانی تورکی بوو ، دوای هاتنی ئنگلیز و کۆتایی هاتن بەدەسەلاتی عوسمانی لەسەردەمی مێجەرسۆن قوتابخانەی (نموونەی سەعادەت) کرایەوە کە وەک لەڕۆژنامەی (پێشکەوتن) ژمارە ١٨ی ڕۆژی ٢٦ی ئابی١٩٢٠بانگەوازی بۆکراوە خوێندن بەخۆڕایی بووە و پێداویستی خوێندن بۆ قوتابیان دەستەبەرکراوە، لەسەردەمی دەسەلاتی مەلیک مەحموودا ئەم شارە هەنگاوی خێرای نا لە ڕووی ڕۆشنبیری وخوێندەوارییەوە کە (موستەفا پاشا یامولکی) کرابووە وەزیری پەروەردە (معاریف)، چوار قوتابخانە کرانەوە بەناوەکانی(ناوەندی مەحموودی کەبەڕێوەبەرەکەی ڕەفیق حلمی بوو، سەرەتایی قادری بەڕێوەبەرەکەی شێخ مەحموود زوهدی بوو، سەرەتایی ڕەئووفی بەڕێوەبەرەکەی



وێنەی مامۆستایانی یەکەم قوتابخانە لەسلێمانی
ناوەکان لەلای راستەوە (زێوە ، سعیدکابان
،خواجە ئەفندی، رشید زەکی کابان، عبدوڵا سەبری،
عبدولرەحمان نسیب، ئەحمەد عەزیزئاغا)



وێنەی مامۆستا (نەجمەدین مەلا)



قوتابخانەکەی نەجمەدین مەلا بەناوی (کەشتی نوح)

سەعید عاکف بوو، سەرەتایی لەتیفی بەڕێوەبەرەکەی ئەحمەدی عەزیزئاغا بوو) لەساڵی ١٩٢٦قوتابخانەی زانستی ئێواران کرایەوە وهەر لەوساڵەدا یەکەم قوتابخانەی کچانیش (قوتابخانەی سلێمانی) کرایەوە کە (گوزیدە یامولکی) بەڕێوەبەری بووە، ڕۆڵی (نەجمەدین مەلا)ش لەبیرناکرێ کە دووکانەکەی خۆی کردبووە قوتابخانە بەناوی (کەشتی نووح)وبەهەزاران کەسی فێری خوێندەواری کردووە، دوابەدوای دروست بوونی دەوڵەتی عێراق چەندین قوتابخانە بۆ قۆناغە جیاجیاکان کرانەوە و لەساڵی ١٩٦٨ زانکۆی سلێمانی کرایەوە. دوابەدوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و بڕیاری خودموختاری گۆڕانکاری گەورە لەبواری پەروەردە و خوێندن بەزمانی کوردی کرا کە ڕۆشنبیرانی سلێمانی ڕۆڵێکی گەورە و گرنگیان لە دانان و وەرگێرانی کتێب وسەرخستنی پرۆسەی خوێندندا هەبوو، لەو نووسەر و ڕۆشنبیرە دیارانەش (شاکرفەتاح، جەلال غەریب، کامران‌موکری، کەماڵ مەزهەر، شێخ محەممەدی‌خاڵ، د.ئیحسان فوئاد، د.عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ، محەممەدی مەلا کەریم، جەمال بابان، نووری عەلی ئەمین، . .. هی تر)

هەر وەک خوالێخۆشبوو دکتۆر عیززەددین مستەفا ڕەسووڵ لەبارەی شاری سلێمانییەوە دەڵێ : (یەکەم چاپخانە کە لە کوردستاندا کەوتەکار لە شاری سلێمانی بوو، یەکەم ڕۆژنامەی کوردی کە لە کوردستاندا دەرچووبێ لە شاری سلێمانی بوو، یەکەم جار خوێندن بە کوردی هەر لەم شارە دەستی پێکردووە، یەکەم هەوڵ بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری هەر لەم شارە بووە ) وەک دەبینین تاوەکوو ئەمڕۆکەش پێشەنگە لەداهێنان و خەبات وقوربانی دان.

سەرچاوەکان

١- خوێندەواری ڕێگەیەکی سەخت ودرێژ لە کوردستاندا/ غازی‌حەسەن، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨

٢- سلێمانی و کاکی / ئاسۆ عومەر سوارە

کەریم ڕەسووڵ پوور(وریا) – مەهاباد

# دار

بۆ پیاسە کردن بۆ حەسانەوە    دەم ڕووبارخۆشە ولێی خولانەوە
ڕۆژێک ئێوارە لەدەم ڕووباری    پشوویەکمدا لای پیرەداری
میوانی سەوزە وسێبەری داربووم    دەمی سەرمەست وتاوی ئەغیاربووم
ڕووبار ئەڕۆیی بەبێ ڕاوەستان    هەر سەیریان ئەکرد دارودارستان
هاژەی چەم هەستم گادەبزوێنی    پەیمانی جاران؛ وەبیرم دێنێ
شەپۆلی ڕووبار شنەیەک دێنێ    کەرویشکەی سەوزە توبڵێی بیدوێنێ
وتم بەسەوزە دیمەنتان جوانە    وتیان دڵتەرین پیشەی خۆمانە
پرسیم لەبۆچی مرۆڤ دەردیان هەن    کوانێن ئەمانەی زام چارە ئەکەن
لە ناکاو بیستم پیرە دار ئەی وت    حەیفەشۆخ وشەنگ بکرێن لەت وکوت
ئەوا دەمێکە من لێرەڕوواوم    جیرانی بێشە و میوانی ئاوم
گەرچی دژوارە ژیانی ئێرە    نارەوم بەشم گەرتاڵ وسوێرە
گەلێکم دیتوون مەلی بێ لانە    بیستوومە سۆزی شمشاڵی شوانە
لە خۆشی دەنگی مەلانی سەرخۆش    ناڵەی دڵی خۆم کردوە فەرامۆش
بە نەغمەی بولبول مزگێنی بەهار    ئەگا بەسەوزە وگوڵ وگەڵا ودار
ئەم جار وتی پێم داری بە ئەزموون    خۆزگە بە مانەی هەردەم بەرز بوون
لەو ڕۆژە ڕیشەم کوتا لە زەوی    بۆهیچ کۆسپێکم نەکرد سەرنەوی
هەر بەرزبووم وسەر بەرز ژیام    بەرزیش ئەمێنم بۆیە دڵنیام
هەتا پیرترم، پەتوتر، دەبم    بە زۆری تەمەن بە برەوتر دەبم
سێبەرم زیاتر ولات دادەگرێ    ڕێبواری ماندوو ئۆقرەگا دەگرێ
لەژێر باڵی من پۆلێ ئەویندار    دەگرن دیلان وڕەشبەڵەک جارجار
میوەی شیرینم ئەکەن بە دیاری    ئەی بەن بۆ دڵدار بە یادگاری
بە بۆنی خۆشم هەموو مەست دەبن    دەبنە هاوڕێی یەک پڕلە هەست دەبن
وەرزی خەزانیش کە گەڵام وەری    زەوی حەساوە هەر کەوتە سەری
بە ڕەنگی گەڵا زەوی ڕازاوە    بۆ زەوی بێ هێز وزەی هێناوە
مزگێنی ژینی تازەی پێ ئەدا    بۆ جارێکی تر بە زەوی گەڵا
وتی ئەم جارە داری پیرە دار    سەری هەر بەرزە دار لەسەر وخوار
سەریشم لێدەن هەمووی لک و پۆ    هومێدم هەیە دەر دەکەم چڕۆ
لەناخی دڵم جۆگەیەک ، ماوە    بەرەو ئاسمان ئاوبەری ناوە
گشتی ژیانم خزمەتی کردم    پوونی ئەم نەبا بێ شک دەمردم
ئەو دەم لە نەکاو چەند دژە سروشت    هێرشیان کرد و پیرە داریان کوشت
دارخەمی نەبوو لە لەتلەت بوونی    هەر کە نەیاری دیت بە زەبوونی
قەڵشیان خستە دارکە هۆرەی لێدەن    گریا پیرە دارا! ئێوەش، لە ئێمەن؟!
لۆمەتان ناکەم، بێ دەستە لاتن!!!    بۆ خۆڵەمێشم ئێوە خەڵاتن!!!
ئەی خۆزگە نەبا قەت هۆرە لە دار    بێ سووچ بشکێنی لەشی کۆنەیار
ئێوەش دوای ئێمە زۆرزوو دەسووتێن    دەبنە خۆڵەمێش بە زەوی دەدرێن
دیسان زمانی سەوزایی دێنین    لە بۆ داهاتوو تێکرا دەخوێنین
دەبینەوە دار ڕێی بەرزی دەبڕین    گەلێ شانازی بۆخۆمان دەکرین

هەواڵنامەی کتێب



محەمەد ئەدیبی ـ بۆکان

# شوانی کورد وەک یەکەمین ڕۆمانی کوردی

«. . . . . ڕەوەند دەچنە هەردەبانی ئەلەگەزێ و لەوێ مەڕەکانیان تەڕ دەکەنەوە. . . لەوێ هەور و هەڵم بە تەختایی ئاسمانی شین و بێبڕانەوەدا دەنووسێن و چەشنی شەپۆلی زەریای کەفچڕێن، بە سەریەکدا دەکەونەوە و تێک دەئاڵێن، دەڵێی ئالایەکەو هەڵکراوەو بە بان دەشتە پڕ پیتەکەی ئێرەواندا دەشەکێتەوە. » برگەیەک لە ڕۆمانی شوانی کورد.

لە نێوان دەقە ئەدەبیەکاندا ژانری پەخشان وەک چیرۆک و ڕۆمان شوێنێکی تایبەتی و بەرچاویان هەیە. دیارە ئەم ژانرە نوێیاوە دوای سەرهەڵدانی شەپۆلی مۆدێرنیزاسیۆن بەم لاوە سەریهەڵداوە؛ وەک باقی کەرەسە و تەکنەلۆژیای مۆدێرن ئەویش دەکەوێتە قەوارەی کەرتی هاوردە و لە لایەن ڕۆژئاوا و ئەوروپاوە بە خەلات بۆ مرۆڤایەتی خولقاوە و هەموو چوار قورنەی ئەم گۆی زەوییەی گرتوەتەوە.

هونەری چیرۆک و ڕۆمان وەک باقی لق و پۆپ و ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە زایەڵەی ڕووداوو ترپەی دڵی کۆمەڵگایەکی ئەکتیڤە. جا چ ڕووداوێکی تاڵ و سوێرتام بێ، یان شیرین و خۆشباو. کار و ئەرکی هونەر بە گشتی و ئەدەبیات بە تایبەتی ئانالیزەی کرداری کۆمەڵگایە، زەق کردنەوە و دەستنیشان کردنی ڕەفتار و خسڵەتێکی تایبەتییە بۆ وریاکردنەوەی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. تاکوو ئازارێک، نالەبارییەک یان دژە کردارێکی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکرێ و نەبێتە کەلێنی چینایەتی و ڕەهەندی چلکنی نەخاتە داوێنی جەماوەری گەل و نەتەوەوە.

بە گشتی لە دەقە ئەدەبیەکاندا دوو جۆر و دوو شێوە نووسین لە ئارادایە:

١. شێوە نووسینێکی ڕەوان و جەماوەری کە جیا لە لایەنی ڕووناکبیر زۆربەی زۆری خەڵکی ڕەشۆکیش ئۆگریەتی و دەتوانن بەشی خۆیانی لێ هەڵێنجێون و خۆیان و ژیانی کەسێتی خۆیانیانی تێدا بە دی بکەن. ئەم جۆری نووسین و ژانرە ئەدەبیبە لە چەمکێکی زمانەوانی و ئاخافتن و دیالۆگی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە و لە بەستێنی چیرۆک و ڕۆمان و بە گشتی چەمکێکی چەند ڕەهەندی «گێڕانەوەیی»یە. پێناسەی ئەم نووسینە، ئاخافتن، دیالۆگی دوو لایەنە و چەند لایەنەی باوی چینە کۆمەڵایەتیەکان، شوناس و دەنگی کەسایەتییەکان، زایەڵەی ڕووداوو بە سەرهاتەکانە؛ واتا دینامیک بوونی ورد و درشتی کۆمەڵگا دەستنیشان دەکات. گەڕان و سەفەرنامە و بیۆگرافی و ئۆتۆبیۆگرافیش لەخۆدەگرێ کە سەرجەم بەشێکن لەو پێکهاتەیەی وا باسی کرا.

ئەم شێوازە نووسینە لە باری زمانەوانییەوە لە وشە و گوڵوشە، ڕستەی ڕەسەن و ڕیشەدار و ئەو ئیدیۆمانە کەڵک وەردەگرێ کە لەگەڵ کردار و ئیش و کاری سەرەکی و مێژوویی گەلدا تێکەڵاون.

٢. بەشی دووهەم دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو دەقە ئەدەبیانەی وا لە سەر قەوارەی وتار و شرۆڤەکاری و هەڵسەنگاندنی بابەتە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوەکان دەئافرێندرێن.

ئەم دەقانە زمانێکی تایبەتی دەوێ، واتا زمانێکی فەننی و دارێژراوی زانستی و سەردەمیانەی گەرەکە. خوازەی ئەم نووسراوانە هەڵگری ئیدیۆم و وشەی داتاشراو و سەردەمیانەیە. بە واتایەکی ڕوونتر شوێنی ئەم دەقانە لە ئەساسدا مەکۆی خوێندنگاکان و زانکۆکانە کە بە گۆشە نیگای زانستیانە و سەردەمیانەوە خەریکی ئانالیز و هەڵسانگاندن و لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە و مەیدانییە.

لە بەشی یەکەمدا زمان مانا بە دەق دەبەخشێ چونکە وشە لە چیرۆک و ڕۆماندا کارەکتەرە و لە ڕێگای زمانەوە شوناسی نەتەوەیەک دەستنیشان دەکات. بەڵام لە دەقێکی هەڵسەنگاندن یان وتارێکی ئەدەبی/زانستی، کۆمەڵێک سیفەت بە پۆلێن کردن و پێناسەیەکی مەیدانی مانا و چەمکێکی گشتی دەخاتە ڕوو، ئالێرەدا چەمک و مانا شوناس بە دەق دەدات، واتا چەمک دەق پێناسە دەکات.

هەر بۆیە زۆرجار دەبیسین و دەڵێین فلانە ڕۆمان یان کورتە چیرۆک یان فلانە وەرگێڕان لە چاو ئەوانی دیکە سەرکەوتووترە. چونکە نووسەر لە بواری ڕێزمان و داڕێژەی ڕستەییەوە شارەزاتر و لێهاتووترە. بۆ نموونە ئەگەر بە قەوارە و زۆری و ئەستوورایی ڕۆمان بێ، دەبێ بەختیار عەلی لە ڕیزی یەکەمی ڕۆمان نووسیی کوردی دابنرێ بەڵام دەبینین شێرزاد حەسەن نێوێکی ناسراوتر وبە نووسەرێکی شارەزاتر دەناسرێ. بە قەولی د. هاشم ئەحمەدزادەی لێکۆڵەر، پێوەندی ڕۆمان و زمان، یان چیرۆک و زمان، پێوەندی بە ئەندێشە و بە بوونەوە هەیە؛ وەک ماسی بە ئاوەوە. یانی ماسی بە بێ ئاو هیچ بوون و مانایەکی نامێنێ و مردووە. بوون، یانی مێژووی زمانی، ڕەسەنایەتی و دێرینە بوونی زمان. سەرکەوتوو نووسەرێکە شارەزایەکی پتری بە سەر زمانی ڕەسەنەوە هەبێت.

بۆ نموونە لە ڕۆمانەکانی سەید قادری هیدایەتی بە تایبەت «گابۆڕ» و لە کورتە چیرۆکەکانی قادر عەلیخا وەک کۆمەڵە چیرۆکی«ئەو ڕووبارە بۆ وا دوورە» ڕۆڵی زمان و دەکارهێنانی بە جوانی هەست پێدەکرێ. واتا وشە و ڕستە بوونەتە تان و پۆی یەکتری، خوێنەر بە ڕوونی هەست بە پێوەندی و تێکهەڵکێشانیان دەکات، تەسویر و بێچمەکان بە باشی وێنا دەکرێن. کردار(فعل) زۆر جێکەوتوو و بەرچاوە. چونکە کردار لە ڕستەدا لە چاو مابەقی بەشەکانی دیکە قورسایی و گرینگایەتییەکی زۆرتری لە ئەستۆیە. نووسەر بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێ دەبێ زمانی زارەکی کۆمەڵگاکەی بە باشی بناسێ، ئەگەر زمانی زارەکی بە باشی ناسی، دیالۆگی پوختی لێ دەکەوێتەوە و لە ئاکامدا کارەکتەری بە جێی لێ دەخولقێت. نموونەی هەرە بەرچاوی کەڵک وەرگرتن

له زمانی زارەکی «هاواره بەرە»ی مامۆستا فەتاح ئەمیرییە. کاک فەتاح وەستایانەو شارەزایانە توانیویەتی زمانی زارەکی بکاتە زمانێکی نووسراوەیی.

هەر کاتێک خوێنەر هەستی کرد لە ڕۆمان یان چیرۆکێکدا بێچم و شکڵی ڕووداوەکان وەک فیلمێک بە چاوی زەینیدا تێدەپەڕێ، ئەوە یەکێ لە نیشانەکانی سەرکەوتوویی ئەو دەقەیە، هەر وەها ئەگەر خوێنەر لە بواری ئانتۆلۆژیکەوە توانی بوون و هەستی خۆی تێدا بە دی بکات و خۆی تێکەڵاوی ڕووداوەکانی کرد، ڕوونە لێهاتووی نووسەرەکەی دەگەیەنێ، جا فەرق ناکات ئەو بەرهەمە ڕۆمان بێ یان چیرۆک یان دەقێکی وەرگێردراو بێ.

زۆرجار وەختایەک دەقێکی وەرگێران دەخوێنیتەوە وەها گیرۆدەی دەبی هەست بە وەرگێران بوونی ناکەی مەگەر وەخۆبێیتەوە، دەڵێی وەرگێر خودی نووسەرە. ئاخر لە ئەساسدا وەرگێران خۆی ئێپیزۆدێکە لە پانۆرامایەکی بەرینی پەخشان و ئەدەب.

ئێمەی کورد لە سەر ژانری وەرگێران دەست کەوتی گرینگی ئەدەبیمان زۆرە. هەموو دەزانین کاتێ چوارینەکانی خەیام دەخوێنینەوە قەتمان وەرگێرانیش بە خەیاڵدا نایە چونکە مامۆستا هەژار بە وەرگێرانە شاکارەکەی گەورەیی و سەنگینی بە چوارینەکانی خەیام بەخشیوە. لە ئەساسدا مامۆستا هەژار ئافراندوویەتەوە، وەرینەگێراوەتەوە. هەر لە وەرگێرانی قورئانیشدا شاکارێکی ئەدەبی خوڵقاندووەو تابۆ و حەرامییەکی مێژووی شکاندووە کە ئەو خاڵە گرینگە خۆی هەڵگری باس و خواستێکی تایبەتییە.

لە وەرگێرانی ژانری ڕۆمانیشدا بەرهەمی باش و پڕ کاکڵمان بەرچاودەکەوێت. یەکێ لەو بەرهەمە بە نرخ و سەنگینانە ڕۆمانی «شوانی کورد»ی عەرەبی شەمۆیە(شامیلۆڤ). عەرەبی شەمۆ کە کوردێکی ئێزەدییە و بە قەولێک لە دەست زۆرو زەبەندی مسوڵمانان پەرێوەی ئەرمەنستان بوون و بە درێژایی ڕۆژگار ئەو شوێن و مەکانە دەبێتە مەڵبەند و مەنزڵیان.

ئەم ڕۆمانە لە لایەن کاک محەممەدی خزری ئەقەدەمەوە کراوەتە کوردی ناوەڕاست، وەک لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا هاتووە، شوانی کورد پەرتووکێکی کوردییە سەبارەت بە ژیان و گوزەرانی کوردانی قەفقاس و ئەرمنستان. ئەم بەرهەمە ژانرێکی مێژوویی، کلتوورییە کە دەلالەت لە ژیان و گوزەرانی خێڵەکی و کۆچەری بوونی ئەو سەردەمی کوردان دەکات، بە گشتی تێم و مزاری ڕۆمانەکە چینایەتییە و بەرهەمی سەردەمانی ئالۆگۆری نەرین و نەریتی کۆمەڵگایەکی فیئۆدالیتە و ئاغا و ڕەعیەتییە و باندۆری سیاسەتی ئەو کاتانەی بە سەرەوەیە. شوانی کورد بەرهەمی ژیانی نووسەرە و نوستالۆژیەکی داڕێژراوەی ئەدەبی سەردەمانی شۆڕشی ئۆکتۆبری سۆڤییەتە. ئەم ڕۆمانە ساڵی١٩٣٥ زایینی لە ئێرەوان چاپ و وەشانی بۆ کراوە و بە شاهیدی زۆر نووسەری کوردی و بیانی وەک یەکەمین ڕۆمانی کوردی دەناسرێت وبۆ سەر زۆر زمانی دیکەی دنیا وەرگێردراوە وەک: ئینگلیسی، فەرەنسی، ڕووسی، ئەرمەنی، گورجی، ئازەری و تورکی، ئاڵمانی، عەرەبی، فارسی. جێگای باسە بەڕێز عەرەب شەمۆ زۆر ڕۆمانی بە نرخی دیکەی لە کەشکۆڵی ژیانیدا بە یادگار لێ ماوەتەوە وەک: بەربانگ( ١٩٥٨). ژیانە بەختەوەری(١٩٥٩). دم دم(١٩٦٦). حۆپۆ(١٩٦٩).

جێی ئاماژەیە ئەم وەرگێرانە لە ڕووی نوسخەی د. نووڕەددین زازاوە وەرگێردراوەتە سەر زاراوەی سۆرانی؛ چونکە سەرەتا دوکتور نووڕەددین زازا، نووسەر و سیاسەتڤان (١٩١٩ ـ ١٩٨٩). لە فەرانسەوییەوە کردوویەتە کوردی ژووروو و لە لوبنان چاپی کردووە.

کاتێ ئانالیزی ڕۆمانەکە دەکەی بۆت دەردەکەوێ نووسەر جەخت لە نەتەوە وزمانی خۆی دەکا و شانازی بە کورد بوونی خۆی ئەکات. چونکە هەموو بەها کۆمەڵایەتییەکانی کوردی ڕەچاوکردووە؛ ئاژەڵداری، کۆچەری بوون، داب و نەریت و هەڵسوکەوتی باوی ئەو سەردەم و زۆر خاڵی بەرچاوی دیکە. تەنانەت خاڵە نگەتیڤ و دیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵگاکەشی زەق کردووەتەوە و هەوێ ساری و شیربایی وەرگرتن وەک نەریتێکی ناحەز و باو دەخاتە بەر دیدەی خوێنەر. زۆر وەستایانە ناوی زۆر شوێن و مەکان و کێو و کوێستانەکانی ناوچە کورد نشینەکانی ئەرمەنیای کردووەتە نێوئاخنی ڕۆمانەکەی. هەروەها ژێر دەستەیی و چەوساوەییش وەک باقی بەشەکانی دیکەی کوردستان کالایەکی ڕەشی بەژن و باڵای کوردە کە عەرەبی شەمۆ بە حەسرەتەوە لێی دەڕوانێ. ڕۆمان لە سەر شێوازی ڕیالیستی و ئۆتوبیۆگرافی و بە زمانێکی خۆیی و پاک وساکارەوە نووسراوە، عەرەبی شەمۆ دیارە لە تکنیکەکانی ڕۆمان نووسین شارەزایی تەواوی هەبووە و کەسایەتی و ئیش و کار و دیالۆگەکان هەموو دەرخەری ئەو ڕاستیەن. ئەوە نییە ماکسیم گورکی دەڵێ: «گەلی کورد بە زمانی نووسەری خۆی، واتا عەرەبی شەمۆ دەدوێ. »

وەرگێرانی شوانی کورد بۆ سەر زاراوەی کوردی سۆرانی بەرهەمێکی زۆر پوختە و بە زمانێکی خۆماڵیانە و تەواو کوردیەوە خۆی پێناسە دەکات. کاتێ ڕۆمانەکە ئەخوێنیەوە تەواو هەست بە ڕەوانی دەق و ڕاوێژێکی ڕەسەنی کوردی دەکەی. بە تایبەتی ئەگەر لە کرداری ڕستەکان دەڕوانی زۆر جێکەوتوو و بە جێ و ڕێن و خوێنەر هەست بە لەنگی و شەلینی ڕستە ناکات، وشە دەڵێی داتاشراوە و بە جوانی کەوتووەتە جێوبانی خۆی، بۆ نموونە کاتێ سەردەمانی منداڵی دەگێڕێتەوە:

ـ «کە لەو کارانە دەبووینەوە، دەبووینە دارکەری سۆبان و دەیانناردینە ئاوردووان. » ـ «ترسێکی وامان لە سەرما و سۆڵە نەمابوو، چونکە زمێر و زخیرە و ئازاڵە و ئاوردوویەکی باشمان داخستبوو. » بە دوای ئەودا دەڵێ: « کەچی لە شەختەبەندانی پاییزدا، لەبەر خووزە و خوسار، باران و بۆران و گلێرەدا نەماندەوێرا سەر وەدەرنێین. » لاپەرەی ٤٠، ٤١.

ـ«جارناجارێکیش لە کرێن و زوورکان قرەی قەلان دەهاتە بەر گوێ. » لاپەرەی١٨٧.

–«کۆدەوبەیار وەک نۆتەکەشەوانی زستان ترسێنەربوون و کەدەر بە سەریاندا دەباری. » لاپەرەی ١٨٨.

یەکێ لە خاڵە پوزەتیڤ و باشەکانی ئەم وەرگێردراوە کەڵک وەرگرتن لەو وشە ڕەسەنانەیە کە ئەمرۆکە زۆر بە کەمی لە دیالۆگ و ئاخافتنەکاندا کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. هەر ئەو وشە و ئیدیۆمانە کالای پڕ بە باڵای ئەو وەرگێردراوەیە

چونکه لەگەڵ فەزای حاکم بە سەر ڕۆماندا تەواو ڕێک کەوتووە، فەزایەکی خێڵەکی و کۆچەری و عێلاتی و مەڕداری و گوندی بوون. چەند ئیدیۆمێک دێنمەوە:

لە کلکەی ڕەشەمەدا ـ ئاسمانی کەو ڕەنگ ـ تەشی لەبەر ڕستن ـ ئێختیارێکی ئالۆس ـ کۆدە و بەیار ـ زۆڵە زیرکن ـ ئاو لە دەممان زابوو ـ ژیانی نە قڕ نە پڕی ـ هەوری ڕەشی ئاوسە باران ـ گەلەمپەڕی ـ تۆزیان لێ هەڵنەدەستا و......

ئەوانە نموونەیەکی بچووکن و مشتێکن لە خەڵوارێک و گەنمی مالووسکەی خەرمانێکن کە هەرکامەیان مانا و ڕەنگ و بۆیەکی تایبەتی خۆیان هەیە. لەم دەقە وەرگێڕدراوەدا ڕوو و ڕۆڵی ڕاستەقینەی وشەو ئیدیۆمت بۆ دەردەکەوێ. بە جوانی هەست دەکەی ڕستەکان دەستکرد و و ویشک نین، بەڵکوو ڕێکوپێکی و هاوتەریبی وشە و ڕستەت دێتە بەرچاو، هاوئاهەنگییەکی ڕاست و ڕەوان و لێزانی و شارەزایی کاک محەممەدی خزری ئەقەدەمی پێوە دیارە.

وەرگێڕدراوی ڕۆمانی شوانی کورد فەرهەنگ و قاموسێکی پوختەو پڕ پیتە، هەر بۆیە وەرگێڕ لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا فەرهەنگۆکێکی باشی بۆ چێ کردووە. سەرنج بدەنە هێندێ لەو وشانە = گەلۆر: بێکارە، بەرەڵاـ فەساڵ: شێوە قیافە ـ سەفان: زنجیرەکێو ـ ئاحێل: قەیرە ـ هێربار:دەفر،گۆزە ـ زبارە: هەرەوەز ـ هێس: مل کەچ ـ تاژانگ: قامچی ـ ڕاسەر: دەست ڕۆیشتوو ـ سەرسۆدەرە: قوڵە فیتنە، مایە فیتنە.

دیارە زۆرن ئەو دەق و بابەتانەی کە لە ڕەوانبێژی و گێڕانەوەیدا خوێنەر دەخەنە ژێر کاریگەری خۆیان و زەمان دەوەستێنن و وەک حەقایەت بێژێکی دیوەخانان دەمی دانیشتووانی مەجلیس دەکەنە تاقی چراو بەرگ و پۆشاکێکی جوانی کوردی بە بەردا کراوە.

بەو هیوایەی نموونەی وەک «شوانی کورد» زۆر و زۆرتر بێ و بەرهەمی باشتر و بە پێزتر لەو وەرگێڕە خۆشەویستە بێتە ئاراوە.

– ئەو ڕستانەی لە دوو توێ کەوان دان، بە ئەمانەت لە ڕۆمانی« شوانی کورد» وەرگیراوە.

جەمیلە سەمەدی - مەهاباد

## ڕازی ئەو دوو چاوەی کە بەتاڵ بوون لە نیگا

باش لە بیرمە، سەرەتای ئاشنایەتیمان زۆر سادە دەستی پێکرد. لە ناو ئاپۆرەی سەرلێشێواوی ئەم سەردەمەدا، بە تەنیشت یەکتردا ڕابردین. ئەو سڵاوی کرد و منیش وڵامم دایەوە. هەر ئاوا هاسان...

کە لێم ڕوانی، بە پێچەوانەی هەموو ڕوخسارێ، ئەوەی وەبەرچاونەهات، چاوی بوو. ڕەنگە وەک نیگاری خودایانی سەردەمی کەونارا، چاوی نەبوو! کە چاویش نەبوو ئیتر نیگای چی؟!

دواجار و چەند جار، لە هاتوچووی ژیانا تووشی یەک هاتین و دیدارمان نوێ کردەوە. هەر جارە پتر هەستم بە نزیکیی ڕۆحی، نەک لەشی، دەکرد و بە بوونی شاد دەبووم.

بە دیاریەکەوە دادەنیشتین و لە هەموو شتێ دەدواین؛ کەچی ئەو هەروەک پێشوو چاوی لە نادیار دەبڕی و من بێ بەهرە لە نیگای، بیرم لەو ڕازە دەکردەوە کە: هەیاران! چاوی لە کوێیە؟! بڵێی نیگایەکیش لە پشتی ئەم ڕوانینەوە هەبێ؟! هەموو جارێ بەم پرسیارانەوە جێی دەهێشتم.

زۆر جار بیرم لەوە دەکردەوە، کە تەواو پێچەوانەی چاوانی ناو چیرۆکەکانی «بوزورگی عەلەوی» و «سادقی هیدایەت»ن. ئەوان زەق و ئاشکران و ڕازی دەروونیان هاواردەکا و جۆرێ کاریگەری لەسەر قارەمانی چیرۆکەکە دادەنێ کە جگە لە خۆیان، هیچ ئەندامێکی تر وەبەرچاونایە؛ بەڵام ئەمان دوو چاوی سیحراویی پڕ ڕەمز و ڕازن کە نیگا وەکی تارماییەک لەودیو بوولێڵی ڕوانینیاندا بزرە...

ئیتر وەها بە هاتنی ڕاهاتم، کە بە دیارنەبوونی دەپەشۆکام. هەموو چرکەکانی ژیانم تێکەڵاوی یاد و بیری ئەو ببوو. بەر لە هاتنی، سەدان چۆلەکەی پرسیار لە زەینمدا دەیانجریواند و گەلای هەزاران وەڵامم بە سەردا دەباری، بەڵام کە دەهات، هەموو دەفڕین. لە سەر چۆک دادەنیشتم و وەکی خوێندکارێکی سەرەتایی وانەم لێوەردەگرت.

دیدارەکانمان ژوان نەبوون، بەڵکوو پۆلی ئەزموون و زانیاری بوون و تژی لە فێربوون.

لە فەلسەفەی ژیانرا بگرە تا فەلسەفەی ئامرازەکانیش، دەهاتنە بەرباس و ڕوانگەی جیاوازیان بۆ من دەرەخساند، بەڵام هەمیشە پەژارەی ترسێکی نامۆ بە سەر ڕۆحمدا دەتەپی و ئازاری دەدام.

زۆرجار تەمام دەگرت لەو ترسەم بۆی بدوێم. بەڵام لە حوزووردا زەمان بە چەشنێ دەبووری کە پێم حەیف بوو بە باسی پەژارەوە بیفەوتێنم.

سەیر ئەوە بوو کە هەروا ڕوانینی بەتاڵ بوون لە نیگا! تەنانەت ئەو کاتەی بەرواڵەت چاوی لێم بوو، تەنیا هەستم بە ڕوانینێکی بێ سەرنج و بینینێکی بێ نیگا دەکرد و بەس.

زەمان تێدەپەڕی و من ڕۆژ لە ڕۆژ پتر دەربەستی بوون و هاتنی دەبووم.

هاتنی شادی دێنا، چونکە ئاواڵ و ئاودەنگیم بوو؛ بەڵام لە هەمان کاتدا ترسی لەکیسدانی پەرۆشی دەکردم. ئەو لە ڕاستیدا پارادۆکسی بەرچاوی تاڵاو و شیرناوی ڕۆژانەم بوو. سنووری غەم و شادیم ببووە سێبەری تاریک و ڕوونێکی تێکەڵاو کە نە تەمم دیاربوو نە ساو.

لەم گێژاوەدا بووم و چاوەڕوان، کەچی ئەوەی لێی دەترسام بە سەرم هات و نەهاتە سەر قەرار!

سات و ڕۆژ و مانگم بووری و نیگای تینووم لە توولەماری ڕێگا بڕی. کەس دیارنەبوو! نە سەر تاشە و نە بن پاردە و نە چیمەنی بەرپێی سپیدار و نە ڕێبواری شەکەت و ماندوو، هیچ کوێ نەما سەری تێنەنێم و کەس نەما هەواڵی ونبووەکەمی لێ نەپرسم.

لەو پرسە گەورەیەدا بووم کە هەستم بە هاتنی کرد و لە دوورەوە وەک تارماییەک دەرکەوت. ئەمجار پرسیارەکانم هەندێ گنجی کراس و چینی داوێن و تاڵی قژەکانم کەڵەکە ببوون. نەرم و سووک هات و بە هەیبەتەوە لە پەنام وێستا. هەمیسان چاوە لە نیگا بەتاڵەکانی، دوو ئەستێر نا، دوو بیری قووڵ و لێڵ بوون.

ڕووی تێکردم و بێ ئەوەی ئێزن بدا تاکە وشەیەکم لە دەم بفڕێ، گوتی:

تەنێ ڕاستییەکت پێدەڵێم؛ خۆت وەڵامی هەموو پرسیارەکانتی تێدا بدۆزەوە...

کڕ و مات تێی ڕامام و کۆشی پرسیارم بە ئاودا دا.

بە بزەیەکی تاڵ ئاوڕی وێدام و بە توانجەوە گوتی: «ئاخۆ فەیلەسووف! تۆ چۆن تێنەگەیشتی کە من تەنیاییم! تەنیایی! تەنیایی!»

فەوزیە سوڵتان بەگی ـ بۆکان



# وێنەیەکی سوعبەتچی

تا ئێستا هەزار جار بیرم لە مەرگی خۆم کردۆتەوە و هەزار جار بە دیار مەیتی خۆمەوە دانیشتووم و هۆن هۆن گریاوم.

هەموو مردنێکم تاقی کردۆتەوە، جاریَ باسی خۆکوژیەکانم هەر ناکەم کە چەندە بیَ ڕەحمانە بە لاوێچ سیانوورم هەڵداشتووە، یان پەتم لە ئەستۆی خۆم کردووە، دوایین کەرەستەی خۆ کوشتنم بتڵیَ بێنزین و چڵیَ شەمچە بوو، لە حەمامەکەدا تا بۆکروزم وڵاتی دانەگرت و نەبووم بە خەڵوز کەس پێی نەزانیم.

جارێکیان نەخۆشی شێرپەنجە دەگرم دوای شەش مانگ ئێش و ئازار و شیمی دەرمانی و بەربەرەکانی تەسلیم دەبم. جارێکی دیکە سەکتە دەکەم نازانم سەکتەی دڵ بوو یان مێشک بەڵام بەر لەوەی بمگەیەننە نەخۆشخانە تەواو دەبم، ئەهااا وەبیرم هاتەوە سەکتەی مێشک بوو ئاخەر لە نەخۆشخانە دوای ئەوەی دکتورەکان دەستیان لیَ شوشتم هەموو ئەو ئەندامانەم وا حەیاتیان تێدامابوو بەخشیانە نەخۆشەکانی دیکە، لەبیرمە دڵم بەخشرا بە کچێکی بیست ساڵانی هاوتەمنی خۆم، ئەو دواتر ئاشقی دەزگیرانەکەم بوو، ئاااى چەندەم پێخۆش بوو دوای مردنیشم دڵم هەر لەگەڵ دڵی بوو!

جارێکیان تاو و بان گەرم دەبێت قوتابخانەی هەر دووکمان وەدرەنگ دەکەوێت هیوا بە زەنگی تەلەفوونەکە وەخەبەر دێت چاو لیَ دەکات نۆی بەیانییە پێی سەیر دەبێت تا ئێستا هەڵم نەساندووە. هەست دەکات هێشتا سەرم لە سەر باسکێتی و قژە خاو و نەرمەکەم بە سەر باڵنجەکە و شان و باسکیدا پەرێشانە.» کچەکە بۆ هەڵنەستاوی نیوەڕۆیە!» بانگم دەکات، ڕام دەتەکێنیَ توند و توندتر، هەناسەم دەپشکنیَ، گویَ دەنیَ بە دڵمەوە.سارد و سڕ لە حەوت ساڵان ڕاست بوومەتەوە.

دەیان جار لە سەفەر نەگەڕاومەتەوە نینۆکە سوور و لاکاوێکانم بە فەرمانی شکاوی ماشێنەکەوە جیَ ماون و خوێنم بە سینگی جادەوە شۆلاوگەی بەستووە، لە نیوەڕاستی ئاسمانەوە لە گەڵ فڕۆکە و سەدان سەرنشین بەر بوومەتەوە نیوەڕاستی دەریای ڕەش و حەسرەتی لە ئامێز گرتنی تەرمەکەم بە سەر دڵی دایکمەوە بۆتە مەراق!.هەر لەم دوایانەدا سواری واگۆنی شمارە ١٥ی قەتاری مەهاباد ـ دیاربەکر بووم و بۆ هەمیشە دانەبەزیم.

باوەڕکە بیرم لە هەموو مردنێکی خۆم کردۆتەوە بەڵام قەتقەت بە بیرمدا نەهاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە دەرگای ماڵەکەم بدریَ، من بە چاویلکەی خوێندنەوە و سەر و قژی ئاڵۆز و پێنووسەکەی دەستمەوە بچم دەرگا بکەمەوە، چەند جار بڵێم کێیە؟ کەس وڵام نەداتەوە، سەر بکێشمە کۆڵانەوە و کەس دیار نەبێت تەنیا وێنەیەک کە لە ژێریدا نووسراوە «خۆشم دەوێی»بە دیوارەکەی ڕووبەڕوومەوە هەڵواسرابێت. من پێکەنینم بەو شۆخییە بێت و پێم وابێت ئەمەش شۆخییەکە لە شۆخییەکانی ڕۆژگار.!

دەرگاکە پێوەدەدەم و دەچمەوە ژووریَ، لە بیرم دەچێت، چیم دەخوێندەوە یان چیم دەنووسی، بە کارێکی دیکەوە خەریک دەبم.

باوەڕکە مەرگی خۆم باوەڕ دەکەم بەڵام نەخۆم و نەهیچ کەسێک باوەڕ بەوە ناکات حەوتوویەک دواتر ئەو وێنەیە بێتەوە بیرم و من هەر وا بزانم شۆخییە و ئەو هەر دووپات بێتەوە لە زەینمدا.

ئەو دیسان لە درگا بداتەوە و من بە پەلە دەست بە سەر و قژمدا بێنم و چاوەکانم پڕ کەم لە کل و بە هەڵاتن بچم درگا بکەمەوە، سەر بکێشمە کۆڵانەوە، کەس دیار نەبێت تەنیا وێنەیەک کە لە ژێریدا نووسراوە «خۆشم دەوێی» بە دیوارەکەی ڕووبەڕوومەوە بزەی بێت. من لێی نزیک ببمەوە و حەز بکەم دایگرم، ئەو ئەوەندە دوور بێت دەستم نەیگاتیَ، من زیاتر لێی بچمە پێشیَ و ئەو زیاتر دوور بێت.

من هەر ڕووبەڕووت دێم و هەر نات گەمیَ کۆڵانە و کۆڵان، شارە و شار، وڵاتەو و وڵات ئەوەندە دوور دەکەومەوە کە ئیتر ڕێگای گەڕانەوە بۆ ماڵەکەی خۆشم لیَ ون دەبێت، پڕکێشی ناکەم لە کەسیش بپرسم ئاخەر نە بۆ خۆم باوەڕدەکەم و نە بە بیری هیچ کەسیش دادێت من ڕۆژێک لە ڕۆژان بیرم لە تۆ کردبێتەوە.

مستەفا ڕەسووڵی دێبوکری ـ مەهاباد

# بەڵگەیەکی زارەکیی لە کوشتاری گشتیی سابلاغ بە دەست عرووسان (ڕووسان)



خۆم هەوەڵجار کە بەرەوڕووی ئەو تراژیدیە بوومەوە هەر لە زمان بابم و بە گێڕانەوەی وەک پەند لە مێژووی بنەماڵەی خۆمان و چلۆنایەتیی شەهیدکرانی ڕەسووڵ ئاغای باپیرە گەورەمان بووە، کە دە نێو زار و زمانان و قسەی مەجلیس و دانیشتنەکاندا باس هەر مابوو، بەڵام ناساندن وەک کۆمەڵکوژی و جینایەتی ئاوا بێشەرمانەش پاش خوێندنەوەی بەسەرهاتەکانی دوکتۆر ئاسۆ بۆمی ڕوونتر کرد، کە بەراز بوونەوەرێکی دڕەندەیە و بۆی هەیە هێلکەش بکا.

ئێمە لە تایفەی دێبوکرین، کە یەکێکە لە عێلاتی نێشتەجێی موکریان. بابم حەق نەوەی ڕەسووڵ ئاغای شەهیدە، کە بەدەست فەوجێک قازاخی سوار و پۆشتەی عرووس لە ساڵی کارەساتەکە لە نێوان دووڕییانی سونجاغ و حاجیئاڵیکەند (لە چوار فەرسەخیی مەهاباد) وەک جەردە و ڕێگر پێشی پێدەگرن و بە گوللەی تفەنگە نەگریسەکەیان شەلاڵی خوێنی دەکەن و پاش سەرکێشانی هەراوهوریای سەرمەستی بە برینداری لە ترسی ئەوەی کە نەوەک خزمانی بکەونە سەریان و تۆڵەهەستێن بن بە غارەکوتە و هەڵات هەڵات کە پیشەی هەمیشەی دوژمنانی ئەو گەلە بووە، شۆنەونکە دەکەن و خۆ دەربازداوێن.

وا دەگێڕنەوە حاجی عەبدوڵڵا ئاغای دێبوکری، بابی، لە سەردەمانی تالان و بڕانی عرووسان نێشتەجێی شێخاڵی بووە، بە هرووژمی داگیرکەران قسەیەکی نەستەقیشی لێ باس دەکەن، کە گۆیا دەبێ کوتبێتی: «بۆنی نحوسەتێم بە هاتنی ئەوانە بۆدێ.» هەتا خەبەرهاتووە کە دەستەی قازاخ و ساڵداتی عرووسان دە مەحاڵدا گەڕاوە، دەرک و پەنجەرە و پەردە و سەراپەردەی لەسەر خۆی داخستووە، پێی وابووە هەنگ و هەناسە و هەناویان گڵاو و نحوسەت دێنێ، چاتر وایە خۆی مەڵاس دا تا چاوی بە ڕوخساری نا مەبارەکیان نەکەوێ. ناوبراو سێ کوڕی هەبوو، کوڕە گەورەکەی کە خۆی سێحەب ژن و منداڵ و پیاوی ماڵە خۆی بووە، وەک بابی مەندوماقووڵ ناسراوە و زۆرتری کاری بنەماڵە لەسەر ئەستوی بووە و هەر ئەو شان وەبەر نانەوە وای لێ کردووە لەنێو خزم وکەس نێودێر بێت و پرس و ڕا و مەسڵەحەتانی پێبکرێ، بابی هەروەک هەموو بەوە ناسیویانە پیاوی خوڵای بێ، شەو و ڕۆژی بە زیکر و فیکر و تاعەت و کەرامەتداری، دوور لە دەسەڵاتداری و گرێهەڵچنی دە کاری کەسانی دی ڕابوێرێ.

دە بەرەبەیانێکی زۆر زووی ڕۆژی هەینیەکی بەفرانباری ساڵی ١٢٩٥ هەواڵیکی بەپەلە دەگاتە ڕەسووڵ ئاغا کە دەبێ زۆر زوو خۆ بگەیەنێتە سابڵاغ، وادیارە دانیشتن و مەسڵەحەتیکی گرینگ لە ئارادایە، خۆ ساز دەکا بۆ سەفەر، دەنێریت لە دووی دوو لە پیاوەکانی و بۆ ئیزن وەرگرتن دەچێتە خزمەت بابی، گرینگیی باس و خواسەکەی لەلا دەدرکێنێ، بابی سەفەرەکەی بە مەسڵەحەت نازانێ و دڵەڕاوکەی خۆی لێ ناشارێتەوە و دە جوابیدا دەڵێ سەفەر دە جومعەم بۆ کەس پێ باش نییە، واباشە نەچی، ئەگەریش هەر دەبێ بچی، باشتر وایە پاش نوێژی جومعەی بچی، من خێر دە سەفەری بەرەبەیانی جومعان نابینم. بەڵام کوڕە جحێڵە و لاو، گوێڕایەڵ نییە، زەوتکردنی ئەستەمە، ئەجەڵ هەڵیگرتووە، دەبێ بچێ، واش دەخۆ ڕادەبینێ هەر ئەوانەی وەبەرچاو نایا، ئەوەی نەدەبوو ببێ، بوو، کرا بەسەریا.

قازاخی عرووسان پێشی پێدەگرن و دەیانەوێ چەکی بکەن، هاواڵەکانی خۆ چەک دەکەن، ماینی سواری بەجێدێڵن و لە پشت تاشە بەردێکی خۆ حەشار دەدەن، بەڵام غیرەتی ئاغا ناهێڵێ تەسلیم بێ، وەک مام عەزیز دەیگێڕێتەوە کە یەکێکە لە شایەد حاڵەکانی ڕووداوەکە، بەری دەستی وەبەر لوولەی تفەنگی جەردە عرووسی دەنێ، ئازایەتی و نەترسیی خۆی پێ نمایشت دەکا، هەر ئەو چاو نەترسییە وا لە غەدارەت دەکا دەست بەرێتە بەر پەلەپیتکەی تفەنگێ و تیر دەردەچێ و شپرزەی دەکا، بەو حاڵەشەوە جارێکی دی دەستی لێ دەبزێون و جەستەی لە لای کەلەکەیەوە برێندار و زامدار دەکەن و خوێناوی و کەوتوو لەسەر سوار بەجێی دێڵن. پاش دەربازبوون، هاواڵەکانی دێنەوە سەری، تیماری دەکەن و برینەکەی بۆ دەبەستن و بە بێوازی لەسەر ئەمری خۆی سواری دەکەن و بەرەو دەوەشاری و ماڵە شێخاڵیخانی بوداق سوڵتانی دەبەن. هەواڵی کارەساتەکە بە پڕتاو بڵاودەبێتەوە، خزمان دەکەونە پێوشوێنی، کەڵی بۆ ئامادە دەکەن و لەسەر عارەبە جێی بۆ ڕادەخەن و پاش دەرمان کردنێکی سەرەتایی بەرەو شێخاڵی، کە باب و برا و کەسوکاری بەگشتی هاتوون بۆ پێشوازی، بەڕێی دەکەنەوە، ئاخر دیدار و قسە دەگەڵ بابی هەر ئەوە بووە کە بمبوورە بێ ئەمریی جەنابتم کردووە، منداڵەکانم بە سەغیری بۆ بەجێ هێشتی، بۆم بێنەوە سەر بەشێ و گەرنم ئازا کە، چیی دی مۆڵەتی نەمابوو، خوێنیک دە جەستە و بەدەنیدا نییە، ڕەنگ بزرکاو و هۆش لەسەرخۆچوو، هەنیسکی ئاخری دا و تەواو. دڵی پڕ لە کوڵی بابی، بە ڕوخسارێکەوە کە تۆزی پیریی لەسەرنیشتووە و ڕدینی وەک کلووی بەفری سپی، بە ئانیسک و ئاونگی سەرچاو و تەڕاییی فرمێسکی ڕوومەت داگرتوو، جێدێڵی.

دەور هات و گەردوون گەڕا، ئیستاکەشی لەگەڵ بێ دێبوکری سەفەری پێش جومعەیان پێ باش نییە و بە نەهامەتی دەزانن و خۆی لێ دەبوێرن. ماڵ چاک کرا، سەغیر هاتنەوە سەر بەشێ، بەڵام برینی زامی خوێنی بەفیڕۆ چووی دەست عرووسان هەر ما و ساڕێژ نەبوو و لەبیر نەکرا و چش نەکرا. زۆر ساڵ و مانگ ڕابوارد، هەر ئەو هۆیەش بوو نازناوی بنەماڵەی ئێمە دەساڵی کۆخا سجیلی بە ڕەسووڵی دێبوکری تۆمار کرا و وەک یادگارییەک لەو هێما بڵێندە بۆمان ماوە.



مەسعود ڕەشیدی ـ مەهاباد

# مێژووی خەت، کتێب و پیشەی چاپ لە ئورووپا، ئێران و کوردستان

لەو کاتەوە کە مرۆڤ بۆ دەربڕینی بیر و باوەڕ و داخوازی و بەسەرهاتی خۆی، دەستی کرد بە ڕەسمی وێنەکان لەسەر تاتەبەردەکان، تا ئەوکاتەی بە هۆی پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی خەتەکانی میخی، ئاشۆری، ئارامی، ئەوێستایی، مانەوی و... هاتنە ئاراوە، ساڵیانێکی دوورودرێژ مەودا هەیە.

بەشەر ئەو زات و زانا تێگەیشتووە، بەهۆی نووسینی ئەو خەتانە، توانی نەزم و تەکووزێکی زیاتر بدات بە ژیانی خۆی و بەسەرهات و ڕووداوەکانی، ویست و داخوازەکانی بێنێتە سەر دار و دیواری ئەشکەوتان، لەوحە گڵێنەکان و تەختە بەردەکان.

مێژوی خەت نووسی بۆ پێنج هەزار ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، دواتر ئەو خەتانە بەهۆی هەنگاوێکی بەرە و پێشتر، لە سەر پەڕی تینووس نووسرانەوە.

بۆ هەوەڵ جار لە وڵاتی میسر لەسەر کاغەزێک بە نێوی پاپیرۆس کە دەوام و قەوامی پێویستی هەبوو، خەت نووسرایەوە.

لە وڵاتی چین، بە ساڵی ٢١٣ ی پێش زایین، کتێبەکان لە پەڕەکانی دار، سازدەبوون. بەدوای وییدا لە هەوریشم و پەڕەکانی تایبەت بەرهەم دەهاتن. لە مێزۆپۆتامیا، شارستانییەتی سۆمێر و بابل و ئاشوور، لە سەر لەوحە گڵێنەکان و یۆنانییەکانیش بەهۆی نیزیکی لە خاکی میسر، لە سەر پەڕەکانی پاپیرۆسیان دەنووسی.

بەڵام مرۆڤ بەوەش نەسرەوتا و دیهەویست بیر و ڕای خۆی بگەیێنێتە بەرچاوی خەڵکانی تر و دەراوسێکانی و وڵاتانی تری گۆی زەوی.

داهێنانی تینووس ئاڵوگۆڕێکی هەمەلایەنەی لە پێشکەوتنی شارستانیەتی مرۆڤ بینی. ئەرکی نووسین، هاسانتر و هەڕەشەی لەناو چوونی کەمتر ببووە. باوەیکە نیعمەتی نووسین و خوێندنەوە، کەوتبووە جەغزی دەستەڵاتدار و دەسمایەدارەکان، بە لام ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو جەغزە باریکتر و لاوازتر دەبووە،

لە بارەگا و دیوان و دیوەخان و پێشخانی ئیمپراتۆر و پاتشا و حاکمان و ئاغاکاندا، بە سەتان و دەیان کەس سەرقاڵی نووسینی یاسا و فەرمان و دەستوور و بەسەرهاتی دەوڵەتان و شەڕ و شەڕحەحاڵەکان بوون کە ئەوە بۆ خۆی سات و کاتێکی یەکجار زۆری پێویست بوو و هەروا لەسەریەک کەڵەکە دەبوون و لەناو چوارچێوەی دیوان و بارەگادا، دەمانەوە و دەرفەتی بڵاوبوونەوەیان بۆ نەدەڕەخسا.

بە هەزاران زانیاری و دەسکەوت وعیلم و زانست لە چوارچێوەی کۆشکی مەزنەکاندا قەتیس دەمانەوە و بەوهۆیەوە وڵاتانیتر، لە بەهرەوەرگرتنیان بێبەش مابوونەوە.

بەدوای پەیدابوونی تینووس لە چینێ، لە ڕێگای سەمەرقەندێ ئەو داهێنراوە گرینگە، خۆی دەگەیێنێتە وڵاتی ئێران و ئیسپانیا و ئورووپایە. لە وڵاتی ئورووپاش کەسێک بە نێوی تسایلۆن تینووسی ئەورۆکەیی بەرهەم دێنێت کە دەبێتە هۆی هەرزانی کتێب و وەبرەوکەوتنی چاپی ئەو.

بەسەرهاتی خەت لە ئێراندا

ئێرانێکان دوای ئەوەیکە خۆیان لەژێر حوکماتی عەرەبەکان بە شێوەیەکی نیوە عەرەب قوتار کرد، خەتی کۆنباوی خۆیان بە تەواوی لەبیر بردبۆوە و هەر لەو خەتە عەرەبەی، مشووری پیشەسازی خۆیان لێ بەکاربرد و لەو پیشەیەشدا، وەکی زۆربەی زانست و سەنعەتەکانی ئیسلامی لە تەواوی نەتەوەکانی ئیسلامی وەپێش کەوتن.

خەتی سولس بۆ کەتیبە نووسی، نەسخ بۆ نووسینی کتێب و ڕۆژنامەکان، تەعلیق بۆ فەرمان و دەستوورەکان، ڕقاع بۆ ڕەقعە نووسی و نامەنووسی، تەغرا بۆ سەرناو و سەردێریان داهێنا و وڵاتانی تری ئیسلامیش، ڕەدوای ئێران کەوتن. ئێرانێکان تەنیا بەوەی کە مامۆستای خەتەکانی موسوڵمانان بن نەسرەوتن، بەڵکوو کەوتنە ئەو حەوڵ و تەقالایەی کە بۆ نووسینی فارسیش، خەتێکی تایبەتیان هەبێ. لە ئاکامدا، توانیان لە داهێنانی خەتی نەستەعلیق کە لە نەسخ و تەعلیق پێکهاتووە، سەرکەون و بۆ ڕەقعە نووسی، خەتی شکەستەی نەستەعلیق یان داهێنا.

لە مامۆستایانی گەورەی خەت لە ئێراندا، دەتوانین بە میرعیماد و لە دوای ویش، بە میرزا ڕەزای کەڵهۆر کە کورد بوو، ئاماژە بکەین.

ڕەوتی پێکهاتنی کتێب و نووسراوە لە ئێراندا

لە ئێرانی کەوناردا، کتێب بوونی نەبووە، بەڵکوو لەوح و بەردەنووسەکانی گڵی و لە دواییدا لە سەردەمی ساسانی و هەخامەنشینەکاندا، پێستە دەباخی کراوەکانی مانگا و پێستی داری خەدەنگیان بە هۆی مەحکەمی و تاقەتیان، بۆ نووسین هەڵدەبژارد.

لە دەورانی ساسانێکان، هاوزەمانی خوسرەوی هەوەڵ، ئەوشیروان لە زانستگای جوندی شاپووری مەنشوور، بزووتنەوەی ورگێڕانی لە ڕووی نووسراوەکانی هیندی، سۆریانی و یۆنانی، بە کەڵک وەرگرتن لە خەت و زمانی پەهلەوی دەست پێکردبوو کە بوو بە هۆی نووسینی کتێبهایەکی پڕ بایخ وەکوو کەلیلە و دەمنە، تووتینامە، سەندبادنامە و وەیس و ڕامین.

بەدەرکەوتنی ئیسلام، نووسینی کتێبی مەزەبی لە لایان ئێرانێکان پەرەی ساند. لە نیوەڕاستی هەوەڵی

سەدەی دووهەمی ئیسلامی سەنعەتی تێنووس سازی لە شارەکانی جۆراوجۆری ئێران وەبرەوکەوت، بە جۆرێک کە تێنووسی بەرهەم هێنراوی هەر کام لە شارەکان بە نێوی ئەو شارە، دەناسرا وەکی، تێنووسی سەمەرقەندی، تێنووسی ئامولی، تێنووسی خۆراسانی و هتد.

ئەو ڕەوتە بوو بە هۆی بەربڵاوی حەڵقەکانی دەرسی لە مزگەوت و کتێبخانە و قوتابخانەکان. هەروەها کتێبخانەکانی دەرباری، لە شیراز و هەرات و بوخارا، پەرەیان پێدرا و لە دەرباری سەفەوی و قاجارەکاندا، کەسانێکی زۆر خەریکی کاری زێڕکاری ( تذهیب )، مونشیگەری و سەحافی و نووسین و مینیاتوریست و خۆشنووسی بوون.

سەنعەت و پیشەی چاپ لە ئوروپا

لە ساڵی ١٤٤٥ زایینی، یووهان گوتنبێرک، داهێنانێکی لە شاری ماینزی وڵاتی ئاڵمان خستە بەرچاوان کە مێژووی ئابووری دنیایەی خست ژێر کاریگەری خۆی. ئەو توانی مەکینەیەکی دروست کا، کە کاری چاپ کردنی بە کەڵک وەرگرتن لە پیتەکانی جووڵەوەر بە جوانی بەئەنجام دەگەیاند. هەرچەندە هەوەڵین کتێبی کە بەو مەکینەیە بە چاپ گەیشت، کتێبی ئینجیل بوو و لە چاپ دانی پێنج ساڵی خایاند، بەڵام لە دواییدا خێرایی ئەو مەکینەیە چەند قات کرایەوە. تا پێش ئەو مەکینەیە، کتێبەکان دەبۆایە ڕێگایەکی دوور و درێژ و پرۆکێنەر لە لایان دەست نووسان بپێون. کتێب یەگجار کەم و گران قیمەت بوو، بەڵام لە سایەی مەکینەی چاپ بارودۆخەکە کۆڕدرا و ئەم جارە کتێب بە هاسانی بە چاپ دەگەیشت و دەخرایە بەردەستی خوێنەر. بەبێ ئەو داهێنانە پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی عیلم و زانست لە نێوکۆمەڵدا، غەیری مومکین بوو.

ئوروپای ڕۆژئاوایی لە ڕادەی گرینگی ئەو مەکینەیە، زۆرزوو تێگەیشت. پێش ساڵی ١٤٦٠ زایینی، مەکینەی چاپ لەوبەری سنوورەکانی ئاڵمانی، لە ئیستراسبورگی فەرانسە، دەستی بە کارکرد. تا ئاخرەکان دەیەی ١٤٦٠ زایینی، ئەو تیکنولۆژیە لە سەرانسەی ئیتالیا بڵاوببۆوە و مەکینەکانی دیش لە ڕۆم، وێنیز، فلۆرانس، میلان و تورین، وەکارکەوتبوون و کەم کەم سەرانسەری باشووری ئوروپای تاکوو ئیسپانیای تەنیوە، ئەوجار خۆی گەیاندە ئوروپای ڕۆژهەڵاتیش.

بەو شێوەیەش نەبوو کە تەواوی دەوڵەتەکان مەکینەی چاپی بەشتێکی باش دابنێن. لە ساڵی ١٤٨٨ زایینی، بایەزیدی دووهەم، سوڵتانی عوسمانی، بە دەرکردنی فەرمانێک، موسوڵمانەکانی لە چاپی کتێب بە زمانی عەرەبی ترساند. ئەو بەربەست کردنە لە ساڵی ١٥٢٥ زا ـ لە لایان سوڵتان سەلیم دووپات کرایەوە و ساڵی ١٧٢٧ زا ـ کە ئیزنی هاوەردەکردنی ئەو مەکینە بۆ نێو وڵاتی عوسمانی درا، هەروا بەردەوام بوو، بەڵام چالاکی چاپخانەکان لە ژێر چاوەدێری ڕاستەخۆدا بوو.

لە دەرەوەی وڵاتی عوسمان بارودۆخەکە لەوەش خەراپتر بوو. بۆ وێنە هەوەڵین مەکینەی چاپ لە میسر لە ساڵی ١٧٩٨ زا ـ بەدەستی فەرانسێکان دامەزرا کە ئەوانیش پێشتر تەواوی کارەکەیان بە کاتیب و نووسەرەکان هەڵدەسووڕاند..

دژایەتی لە گەڵ مەکینەی چاپ ئاسەوارێکی بەرچاوی لە سەر وەدواکەوتنی ڕادەی ڕاهێنان و بارهێنان و پێشکەوتی ئابووری هەبوو.

لە ساڵی ١٨٠٠ز ـ ڕەنگە ٢ یان ٣ لە سەدی شارۆمەندانی وڵاتی عوسمانی باسەواد بووبن، بەڵام لە ئینگلستانێ ٦٠ لە سەدی پیاوان و ٤٠ لە سەدی ژنان، دەیانتوانی بنووسن و بخوێننەوە. ئەو ڕادەیە لە هۆلەند و ئاڵمانێ لەوەش بەرزتر ڕۆیشتبوو.

سەنعەتی چاپ لە ئێراندا

لە سەدەی نۆزدەهەمی زا ـ هاوکات لە گەڵ حوکماتی قاجارێکان، بەدوای پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی تێکنولۆژی و دانیش و شارستانییەتی ڕۆژئاوایی بە سەرانسەری جیهانێ، سەنعەتی چاپیش خۆی خزاندە نێو وڵاتی ئێرانێ.

لە ساڵی ١٢٥٤ قەمەری، دیوانی غەزەلیاتی حافز، لە شاری تاران بە شێوەی چاپی بەردی خرایە بازارەوە.

لە زەمانی ناسرەددین شاوە، بە پەرەگرتنی بەرچاوی ڕۆژنامە و کتێبەکان، ڕێژەی بنکەکانی لە چاپدان بەرزبوونەوە و لەو کاتەوە تا بەم ڕۆ، سەنعەتی چاپ لە ئێراندا لە باری چەندێتی و چۆنیەتی بەروپێشکەوتن بووە.

خەت و پیشەی چاپ لە کوردستان

لە سەردەمی مادەکان، کورد خەتی سەربەخۆی نەبووە و کاتی داهێنانی خەتی میخی لە تەک پارسەکان، هەردووک لەو شێوە خەتەیان کەڵک وەرگرتووە.

خەتی کوردی لە ئێران و عێراقدا بە ئەلف و بێی ئارامی و لە سووریا و تورکیادا بە ئەلفوبێی لاتینی و لە یەکێتی سوڤیەت بە ئەلفوبێی ڕووسی دەنووسرێ.

لە شێوەی ئارامی خەتی کوردیدا ٢٩ پیتی بێدەنگ و ٨ پیتی دەنگدار بە کاردێت کە شێوە نووسینی ئەوڕۆی ئێمەیە.

پیتەکانی ێ، ڕ، ڤ، ڵ، سەر بە کوردەکانن و لە خەتی فارسیدا نین.

لە ساڵی ١٩١٣ زا ـ مامۆستا حوسێن حوزنی موکریانی لە وڵاتی ئاڵمانیا، ئامێرێکی چاپی دەکڕێ و پاش دوو ساڵان لە شاری حەڵەبی سووریا دەستی کردووە بە چاپی کتێب و گۆڤار بە زمانی کوردی. گۆڤاری کوردستان و زاری کرمانجی لە بەرهەمەکانی دەست ڕەنگینی ئەو مەزنە پیاوەن.

حوسێن حوزنی موکریانی هاتووە لە داری بەڕوو، پیتی داتاشیوە و بە دەستی خۆی، ڕۆژنامەکانی سەروی دەرکردووە. بە فەرمایشتی مامۆستا عیزەددین مستەفا « ئەوە ڕەنگە لە مێژووی میللەتی دیکەدا نەبێ» !

ئەوە ڕاستە کە ڕەوتی نووسین و چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێب لە ئوروپا و ئێران لە چاو کوردستان بە گشتی، زۆر زیاتر بووە، کە لێرەدا باسی هۆکارەکان ناکەین، بەڵام بە پێچەوانەی دەیەکانی ڕابردوو، ئەوڕۆ بە سەتان بنکەی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار لە سەرانسەری کودستان لە چالاکی دان بەرهەم گەلێکی شیاو و بەرچاو دەخەنە نێو کۆمەڵگای کوردی. وادەردەکەوێ کە بە خۆشێوە ئێستاکە هەلومەرجەکە ڕەخساوتر و بوار تەنکتر بۆتەوە وبەرەو پێش دەڕۆێن



د. فاروق یەزدانستا ـ سەقز
Department of Educational Sciences, Saghez Branch, Islamic Azad University (IAU), Saghez, Iran

# بۆچوونی سیستەمی[1] لە بەڕێوەبەریدا

لە دونیای زانستەکاندا مرۆڤ بە هەموو ئامێریکەوە هەوڵی ئەوە دەدا کە ناروونیەکانی دونیای خۆی کەم بکاتەوە و لە ریگەی عیلمەوە بتوانی دەست بە سەر دیاردەکانی ژیانی خۆیدا بگریَ و ئەوانەی وا پەیوەندییان بە ژیانیەوە هەیە بیخاتە ژیر کۆنترۆڵ تا باشتر بتوانی پێداویستەکانی خۆی دابین بکات. بەڵام بەو چەشنەی کە ئەزمونی مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو نیشانی داوە بە لاچوونی هەر ناروونییک، ناروونییکی دیکە سەر هەڵدەدا و مرۆڤ مەحکوومە بە خەباتی بیَ وچان بۆ فێر بوون. بەڵام ئەوەش نەبووتە هۆی ئەوە کە مرۆڤ دەس لە تێکۆشان هەڵگریَ چونکە ئەوە دیاردەیە بە هۆی تایبەتمەندی رێژەیی زانستە و دەتوانین بڵێن تاهەتایە وادەبیَ. یەکێک لەم بابەتانە کە مرۆڤەکان بە چەشنی جۆربەجۆر بۆ شیکردنەوە و تاوتویَ کردنی هەوڵیان داوە، بابەتی زانستە مرۆڤیەکانە و لە ناو دەریای زانستە مرۆڤیەکانیشدا بابەتی رێخراوە و بەڕێوەبەری بووە. ئەم بابەتەش بە پێی زانست و تەکنولوژیای سەردەم تاوتویَ کراوە بۆ وێنە ئەگەر چاو لە وشەی سەرۆک لە کوردیدا و«رئیس» لە عەرەبی وفارسیدا و بە هەمان شێوە «head» لە ئینگلیزیدا دەکەین، هەمووی ئەم وشانە بە چەشنێک وشەی سەریان تێدا بە دی دەکرێت کە یەکێکە لە ئەندامانەکانی لەش و شوێنی کۆنترۆڵی تەواوی کردارەکانیەتی. ئەم وشەیە کاتیَ کە دێتە نێو رێخراوەوە ناسێنەری کەسێکە کە کۆنترۆڵی تەواوی کردارەکانی رێخراوە دەکات یانی رۆڵێکی هەیە وەک سەر لە لەشدا. بە گۆڕانی ئاقار و تەکنولۆژیا وردە وردە جێگەی دیکەی وێناکردەکانیش دەکرێتەوە. لێرەدا دەمانەویَ باس لە سەر ئەو بۆچوونەی بکەین کە رێخراوە وەک سیستەمێک لە بەر چاو دەگریَ و پاش پێناسە کردنی دەچینە سەر تایبەتمەندیەکانی ئەم بۆچوونە تا شێوازی تاوتویَ کردنەوەی رێخراوە لە روانگەی سیستەمیەوە بزانن بە چ چەشنێکە.

سەرچاوەی وشەی سیستەم(system) لە systema ی لاتینیە کە ئاوێتەیێکە لە (syn) بە مانای «پێکەوە» و (histanai) بە مانای «هۆیەک بۆ یا هۆکارێک بۆ». لە زمانی کوردیدا هێشتا وشەیێک بۆ سیستەم دیاری نەکراوە و هەمان وشەی سیستەم وەک خۆی دەکار دەهێنریَ. وەک جی هیکس و گوڵت(١٣٨٥) دەڵین، وینێر یەکەم کەس بووە کە بۆ یەکەم جار شێوەیێکی روونی لە رێخراوە، کە وەک سیستەمێکی خاوەن دەرخوارد، پرۆسە، بەرهەم و ئاقار بووە دێنێتە ئاراوە.

شایەد لەمرۆدا لە سنووری بەڕێوەبەریدا نەتوانین چەمکێک باوتر لە سیستەم و شێوازی سیستەمی بەدی بکەین. سیستەم بریتیە لە کۆمەڵێک هێمانە و بەش کە لەگەڵ یەکتردا کردە و دژکردە و پەیوەندی دوو لایەنەیان هەیە، بە هەر بەشێک دەتوانین بڵێین سیستەمە. ماشێن سیستەمێکی میکانیکییە و گوڵیش سیستەمێکی گیاییە.

مرۆڤ سیستەمێکی ژینی- دەروونی بەدی هاتوو لە مێشک و دڵ و پاڵنەرەکان و....یە. رێخراوە یانی مەڵبەندی کار و چالاکی بەڕێوەبەری و سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە. روانگەی سیستەمی، رێخراوە وەک گشتێک یا سیستەمێک لەبەرچاو دەگریَ. بۆ دەرک و ناسینی هەمووی رێخراوە، ناسینی بەش و هێمانەکانی بەدیهێنەری وی گرینگە. هەروەها پێناسە کردنی پەیوەندی و دژکردە دوو لایەنەکان لە نێوان خودی بەشەکاندا و هەروەها لە بەین بەشەکان و تێکڕای رێخراوەدا گرینگە. لەم تێکڕاییەدا یا بڵێین لە سەرجەم رێخراوەدا هەر بەشێک بە بیَ لەبەرچاو گرتنی دیکەی بەشەکان توانای کرداری کاریگەری نیە. بە شێوازیَ دیکە هەر کردەوەیەک کە لە بەشێکدا روو دەدات لە دیکەی بەشەکان و تێکڕای رێخراوە و ئاقاری رێخراوەدا رەنگدانەوەی دەبیَ. لە روانگەی بۆچوونی سیستەمییەوە هەموو شتێک پێکەوە هاوپەیوەندیان هەیە. ئێستاکە ئەو هێڵە هاوبەشە وا گشت بۆچوونە جیاوازەکان لەوێدا یەک دەگرنەوە، ئەو بۆچوونەی وا رێخراوە وەک سیستەمێک لەبەرچاو دەگریَ(علاقەبند، ١٣٨٦).

جۆری بیرکردنەوەی سیستەمی خاوەن هەندیَ بنەما و تایبەتمەندیە کە بریتین لە:

یەکەم: تێڕوانینی ژینەوەری یا ئۆرگانیک یانی ئەو تێڕوانینەی کە زیندەوەر دەکاتە ناوەندی تێگەیشتنی مرۆڤ.

دووهەم: گشت بینی یانی بە جێی ئەوەی کە سەرنجی بەشەکانی دیاردەیک بدەین تیشک بخرێتە سەر تەواوەتی دیاردەکە.

سێهەم: مۆدیل سازی یانی لێکۆڵەری سیستەمی بۆ تێگەشتن لە دیاردە بە جێی شکاندنی تەواوەتی دیاردەیێک بە هەندیَ بەشی ورد کە بە شێوەیێکی گرێبەستی دیاری دەکرێن، تێگەشتنی خۆی لە دیاردە راستەقینەکان وەک دیاردە راستەقینەکان لێبکات.

چوارەم: چاک کردنەوەی ناسین، یانی بیرۆکەوانێکی سیستەمی تێدەگا کە:

١.ژیان لە سیستەمێکی زیندوو و پڕۆسەیێکی بەردەوامدایە.

٢.ناسین و تێگەشتنی مرۆڤ لە یەک «تەواوەتی» لە رێگەی دیتنی ئەو پڕۆسانەی دەس دەکەویَ کە لە ناخی ئەودا روو دەدات نە لە رێگەی دیتنی بەشەکانیەوە.

٣.ئەو شتەی کە تاک دەیبینیَ خۆدی راستەقینەکە نیە بەڵکوو تێگەشتنە ئەوە لە راستەقینە(رضائیان،١٣٨٤).

هەمووی سیستەمەکان خاوەن هەندیَ خاڵی هاوبەشن لەوانە:

١.هەمووی سیستەمەکان لە کات و شوێندا بوونیان هەیە.

٢.هەمووی سیستەمەکان بەرەو دۆخی ئاڵۆز(تصادفی) و نارێک و پێکی بوون دەرۆن کە ئاکامی ئەو ئانترۆپی (Entropy) و راوەستانە.

٣.سنورێکی گرێمانی، بەشە ناوەکیەکانی هەمووی سیستەمەکان لە بەشە دەرەکیەکان جودا دەکاتەوە.

٤.هەمووی سیستەمەکان خاوەنی ئاقارێک بەو مانایە کە بەشەکانی دەرەوەی ئەو وەک بەشێکی دەرەکی دێنە ئەژمار.

٥.هەمووی سیستەمەکان هەندێ هۆکاریان هەیە کە کاریگەرییان لە سەر کرداری سیستەمدا دەبێت.

٦.هۆکارە ناوەکیەکانی سیستەم وەک بگۆڕ و هۆکارە ئاقاریەکانی وی بە پارامیتر ناوزەد دەکرێن.

٧. جگە لە بچووکترین سیستەم، دیکەی سیستەمەکان وەک ژێر سیستەم دێنە ئەژمار.

پاش دیاری کردنی خاڵە هاوبەشەکانی سیستەمێک دەبێ ئاماژە بەوەی بکەین کە هەر سیستەمێک خاوەن هەندی توخم و هێمانەیە لەوانە:

١. دەرخواردەکان (Input) یانی ئەو شتانەی دێنە ناو سیستەمەوە

٢. پرۆسە (Process) ئەو کارو کردارانەی وا لە نێو سیستەمدا بۆ بەرهەم هێنان ڕوودەدات

٣. دەسکەوتەکان (outputs) برتین لە ئەو کاڵا و خزمەتانەی وا دەدرێتە دەرەوە

٤. پەرچدانەوەی(Feedback) کونترۆڵی یانی ئەو دژکردەوانەی وا لە لایەن ئاقارەوە لە مەڕ کردارەکانی سیستەمدا نیشان دەدرێ.




ڕێکخراوە وەک سیستەم

پۆلێنبەندیەکانی سیستەم

بۆ پۆلێنبەندی کردنی سیستەمەکان شێواز وبنەمای جیاوازی زۆرمان هەیە، لێرەدا ئێمە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

یەکەم: بە پێی سنور و بەرایی سیستەمەکان، بریتیە لە سیستەمە سەرەکی و لاوەکیەکانی سنورێکی گرێبەستی وەک وەزارەتی پەروەردە کە بۆ خۆی سیستەمێکی سەرەکی کە لە بەرانبەر سیستەمی دەوڵەتیدا سیستەمێکی لاوەکیە بەڵام لە بەرانبەر سیستەمی پەروەردەی پارێزگاکاندا سیستەمێکی سەرەکیە.

دووهەم: بە پێی پەیوەندی لە گەڵ ئاقاریاندا، کە دابەش دەبێ بە دوو جۆری سیستەمی کراوە و داخراو. سیستەم کراوە بەو سیستەمەی دەوترێ کە بە هاوسەنگیێ بزێو گەیشتە و بەردەوام لە گەڵ ئاقاری خۆیدا پەیوەندی هەیە، بەو مانایە کە گۆڕانەکانی دەوروبەر ڕەنگدانەوەی لەودا دەبێ و بۆ خۆیشێ ڕەنگدانەوە و کاریگەری لە ئاقاردا دەبێ. سیستەمی داخراو بەو سیستەمەی دەوترێ کە بە هاوسەنگییێکی سەقامگیر گەیشتە و بە بێ پەیوەندی لە گەڵ ئاقاری دەرەوەیی خۆیدا دەتوانی درێژە بە کاری خۆی بدات.

سێهەم: بە پێی ڕادەی پێشبینی کران، بە دو جۆری سیستەم مسۆگەر و سیستەمی ئەگەری دابەش دەبن. سیستەمی مسۆگەر بەو سیستەمەی دوترێ کە بە دڵنیاییەوە بەرهەمەکانی ئەو بەراورد دەکرێ. سیستەمی ئەگەریش بەو سیستەمە دەوترێ کە ناکرێ بە دڵنیاییەوە ئاکام و بەرهەمەکانی ئەو بەراورد بکەین، هەتا سیستەمەکان ئاڵۆزتر بن پێشبینی ئاکامەکانی ئەستەمترە.

چوارەم: بە پێی ڕادەی پێویستی بە بەرنامە، بە دوو جۆری سیستەمی سروشتی و سیستەمی دەستکرد دابەش دەبن. بە بۆچوونی لازلۆ سیستەمی سروشتی لە بەرانبەر سیستەمی دەستکردایە بە واتای دیکە سیستەمی سروشتی بەو سیستەمەی دەوترێ کە هەبوونی ئەو پێویستی بە بەرنامە نیە وەک گەشە کردنی دار و دەوەن بەڵام سیستەمی دەستکرد پێویستی بە بەرنامە و کرداری ئاگادارانەی مرۆڤە وەک پێدانی بەرنامە بە موبایل و کامپیوتێر(سعیدی و نظری، ١٣٩٠).

ڕۆڵی تیۆری سیستەمی لە بەڕێوەبەریدا

بۆچوونی سیستەمی چەشنە بیر کردنەوەێکی گشتیخواز و کۆمەڵ بینە کە دیاردەکان لە لایەنی جۆراوجۆرەوە شرۆڤە دەکات و تیشک دەخاتە سەر ڕەنگری و ڕەنگدەری تۆخمەکانی پێک هێنەری سیستەمێک لە ناو یەکتردا و هەروەها لە بەرانبەر دیکەی سیستەمە گەورەکانی ئاقاردا(مشبکی و روحانی، ١٣٨٥).بۆ نموونە کاتێک ئێمە دیاردەێکی وەک گەشە سەندی ئابووری تاوتوێ دەکەین تەنها ناتوانین یەک هۆکار بێنینە ئەژمار بڵێن چوونکە ئەو وڵاتە خاکی چاکی هەیە بۆیە لە بواری ئابوریەوە پێشکەوتە بەڵکو دەبێ ئەوەش لە بەر چاو بگیرێت کە ئەو وڵاتە لە کوێدایە، ڕێژەی نیشتەجێیەکانی چەن کەسە؟ کەسەکانی خاوەن چ لێهاتووی و کەلتورێکن؟ دراوسێکانی هەروەها پێشکەوتوون یا خۆ لە دوان؟ بارو دۆخی کۆمەڵایەتی دراوسێکان چۆنە؟ بۆ نموونە شەر لە وڵاتێکدا دەبێتە هۆی لاواز بوونی دۆخی هێمنی ئەو وڵاتە هەروەها لە درێژ خایەندا دۆخی ئابوریش دەگۆڕێ چوونکە لەوانەیە هێزی مرۆڤی کار هەرزان ببێت و ئەمجار کار پەیا کردن بە نرخی رابردوو بۆ هاووڵاتیان ئەستەم دەبێتەوە هەروەها بە هۆی زۆر بوونی نیشتەجێیە ئاوارەکان خواردەمەنی گران دەبێت. هەمووی ئەم دۆخە لە ڕوانگەی سیستەمیەوە ڕەنگدانەوەی سیستەمی دراوسێیە.

سەرچاوەکان:
١. aspx.٣٣٨-http://hosinhatami.blogfa.com/post
٢.سعیدی، پرویز و نظري، محمد رضا.(١٣٩٠). اصول مدیریت و سرپرستی، چاپ دهم، تهران: برآیند پویش.
٣.جی.هیکس، هربرت و گولت. سی. ری.(١٣٨٥). تئوری های سازمان و مدیریت، جلد یکم، چاپ جهاردهم، ترجمه و نگارش: گوئل کهن، تهران: انتشارات اطلاعات.
٤.رضائیان،علي٠(١٣٨٦).؛ تجزیه وتحلیل و طراحي سیستم، تهران، سمت.
٥.علاقەبند، علی.(١٣٨٦). مدیریت عمومی، تهران: نشر روان.
٦.مشبکی، اصغر و روحانی، محمد حسین.(١٣٨٦). مبانی سازمان و مدیریت، تهران: نشر اقبال.

# بابەشێخی مەردۆخ ڕۆحانی «شیوا»

زانای بێنیاز، بابەشێخی مەردۆخ ڕۆحانی، نازناو «شیوا»، کوڕی شێخ حەبیبوڵای مودەڕڕیسی ڕۆحانی کاشتەری، ساڵی ١٢٩٩ ک. هـ (١٩٢٠ ز.)، لە گوندی کاشتەر، لە ناوچەی «بێڵەوار»، هاتە دنیا و بە ناوی باپیریەوە، ناویان نا «ئیسماعیل» و بانگیان لێ کرد «بابەشێخ».

بابەشێخ منداڵ بوو، ماڵیان گواستەوە شاری سنە و لە ژێر چاوەدێری بابیدا، بارهات و بە لایەوە ئەلفوبێتکەی خوێند و لە ودمی هەناسەیەوە، زۆر زوو، قورئانی خەتم کرد.

هەر لەو سەردەمانەدا، یەک لە شاگردانی تازە ئیجازە وەرگرتووی باوکی (عەبدولحەمیدی میهی) لە حوجرەی مزگەوتێکدا قوتابخانەیەکی دانابوو، چەند منداڵی تازەباوی وەکوو قوتابی وەرگرتبوو. بابەشێخیش چووە ڕیزی ئەو منداڵانەوە و دەوری ساڵێک زمانی فارسی خوێند و قەسیدەی «بُردیە» و «بانَت سُعاد» و یەکێ ـ دوو قەسیدەیتری لەبەر کرد. بە دووی ئەوەدا، لای یەکێکیتر لە فەقێیانی هێژای بابی (بەهائەدینی شادمان)، «شمسُ التّلاریف» لە سەرف و «اظهار» و «کافیە»ی لە نەحو و چەند کتێبیتری خوێند. چەند مانگیش بە لای مەلا موحەممەد سەعیدی دەربەندیوە «بوستان سعدی» خوێند. ماوەیەکیش بە خوێندنی حیساب و هیندیسەوە خەریک بوو. ئەوجار کەلاسی پێنج و شەشی سەرەتایی، چووە مەدرەسەوە و بڕوانامەی شەشی وەرگرت و ئەگەرچی بۆخۆی دڵی پێوە بوو دەرسی مەدرەسە بخوێنێ، بەڵام ڕای بابی لەسەر خوێندنی ئایینی بوو.

بەم جۆرە ماوەیەک «شرح الفیە»ی سیوتی لە نەحو و «فتح‌المعین» لە فیقهـ و «رسالەالکُبرا» و «شرح شمسیە» لە مەنتیقی لای بابیەوە خوێند و ئیمجا چووە ڕیزی فەقێیانی مامۆستای پایەبەرز، مەلا موحەممەدی مودەڕڕیس گورجی و «فناری» و «گَلَنبَوی بُرهان» و «گلنبوی آداب» و بەشێک لە «تهرِیبُ الکلام»، لە خزمەتیدا فێر بوو. پێڕای ئەوەش چەند بابەت لە «تشریح‌الافلاك»ی لای مەلا مەجیدی ئوسوولیوە خوێند. لەو ماوەدا شەوان بابی «شروح تلخیل»ی عەللامەی تەفتازانی و هۆنراوەی «نخبەالادب»ی لە بەدیعدا کە خۆی داینابوو ـ پێی دەگوت. درەنگانی شەویش، کە باقی دەنووستن، «تُحفە المُحتاج» و «جمع الجوامع»ی دەخوێندەوە.

زستانی ساڵی ١٣٢٠ ک. هـ باوکی کۆچی دوایی کرد و ناچار دەرسە ناتەواوەکانی بردە لای مامۆستایانیتر و چەند جاریش وەکوو گوێگر، لە کۆڕی دەرسی مەلا عەبدولعەزیمی موجتەهیددا دانیشت؛ کە «تفسیر بیضاوی» و «جمع‌الجوامع»ی دەرس دەگوتەوە. ساڵی دواتر (زستانی ١٣٢١) لە لایەن مامۆستاکانیەوە ئیجازەی وەرگرت.

شیاوی باسە ئیجازەنامەکەی، زانایانی وەک: مەولانا موحەممەد سادقی مینبەری نیەری، مەولانا مەحموودی موفتی، مەلا موحەممەدی مودەڕڕیسی گورجی، مەلا عەبدولعەزیمی موجتەهید و ئایەتولا مەردۆخ، شادەیان لەسەر نووسیوە و بۆیان مۆر کردووە.

هەر لەم سەروبەندانەدا ژنی خواست و ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٣ (١٩٤٥ز.) بە ناوی مامۆستای دواناوەندی شاری سنە، دامەزرا و ماوەی ٨ ساڵ کاری کرد؛ تا سەرەنجام ساڵی ١٣٣١، پاش وەرگرتنی لیسانس، بە شێوەی فەرمی دایانمەزراند و تا ساڵی ١٣٥٧، واتا ٣٤ ساڵ، بە دڵ و گیان بۆ پەروەدان بە زانست و زانیاری، بەتایبەت لە نێو لاواندا، حەولیدا. زۆر جاران کاری هاسانتر و نانوئاودارتریان پێ پێشنیار دەکرد، بەڵام ئەو هەرگیز دەرس و کەلاسەکەی بە هیچێک نەگۆڕاوە.

لەو هەموو ساڵانەدا، نموونەی نیشاندەری ئەوپەڕی خۆ بەخت کردن، بە بێ چاوەڕوانی و هەروەها خاکەساری و نەوسکوژی کەموێنە، زۆرە. بۆ وێنە ئەو کاتە کە ئامێری کۆپیکردن نەبوو، شەوانی ئەزموون، تا کازێوەی بەیان نەدەنووست؛ دوو پەڕە کاربونی دادەنا و بۆ یەکەیەکەی قوتابییان، لاپەڕەی ئەزموونی دەنووسینەوە؛ تا هەموو قوتابییەک بەرگێکی پرسیارەکانی لەبەردەستدا هەبێ و پێویست نەکا مامۆستا چاودێرەکان بە نۆرە بیخوێننەوە و ئەگەر یەکیان بە هەڵە خوێندیەوە، بەخۆدا بشکێتەوە و قوتابییانیش تووشی هەڵە ببن.

ئەڵبەت مامۆستایی بەشێک لە کار و ئەرکی سەرشانی ئەو بوو. نووسینی پەراوێز لەسەر بەرهەمە بایەخدارەکانی زانایانی پێشوو، وەرگێڕانی کتێب و نووسراوەی جێنیازی فەقێیان، نووسینی کتێبی شەرعییات بۆ قوتابییان، لە پۆلی سەرەتاییەوە تا دواناوەندی و لە هەموو گرنگتر، کۆکردنەوە و نووسینی ژیاننامە و بەسەرهاتی عارفان، زانایان، وێژەوانان و شاعیرانی کورد و هەروەها مێژووی حاکمان و ماڵەمیرانیان، لە سەرەتای مێژووی ئیسلامییەوە تا ئەم دواییانە بوو.

دیارە لە سەردەمی دوای کۆمار و کارەساتی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی، دەست بۆ کاری وا بردن، جگە لە ئەرک و زەحمەتی لەڕادە بەدەر، لە ئێراندا کە ناوی کورد و کوردستان بردن تاوانێکی گەورە بوو ـ چەند بوێری و لەخۆ بردوویی دەوێ.

مێژووی ناودارانی کورد، لە ڕاستیدا بەڵگەیەکی جێ متمانە و سەلماو بۆ ناسنامەی کوردە و دەردەخا کە زۆربەیەک لەو عارف و زانا و وێژەوان و شاعیر و میرانە وا هەموو وڵات و میللەتە ئیسلامییەکان شانازییان پێوە دەکەن، لە ڕاستیدا کورد بوون.

مامۆستا بابەشێخ دوای کارکەناری، بە ماڵەوە چوو بۆ تاران و لێبڕا مێژووەکەی چاپ بکا و بە پشتیوانی سەروماڵی مامۆستا هەژاری هێژا، دوو بەرگیشی لێ چاپ کرد؛ بەڵام ئەگەرچی تەمەنێکی زۆریشی نەبوو، نەخۆشکەوت، دوای ماوەیەک لە بەرەبەیانی پێنجشەممە ٢٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٦٧ ک. هـ (١٩٨٩ ز.) کتێبی ژیانی بەسرا و ڕووی کردە بارەگای خودا.

بەرهەمەکانی مامۆستا بابەشێخ:

١. چهارصد مسألەی حساب و هندسە

٢. کتاب‌اللّغری،لە مەنتیقدا

٣. فرهنگ نوزاد، سێ بەرگ

٤. قارورەاللّحو، شەرحێکی عەرەبییە لەسەر هۆنراوەی «باکورەُالنحو»ی بابی

٥. فرهنگ روحانی، وەرگێڕاوەی «المُنجد»، (ناتەواو)

٦. دانش سرایش، لەمەڕ عەرووز و قافیەوە

٧. مرآەالاسامی، شەرحێکی عەرەبییە لە کتێبی «وضع»ی مەلا ئەبووبەکری پیرڕوستەمی

٨. الیمّ الغیێ لِحدایق التوریێ، دەق و شەرحی بە شیعر و پەخشان لەمەڕ «فرایض فقهی» بە عەرەبی



هەواڵنامەی کتێب

٩. ارمغان گرامی، شەریعەتی ئیسلام (ناتەواو)

١٠. مَـآدِبُ القـوم بِمَـآرِب اللّـوم، دەق و شـەرحی بـە شـیعر و پەخشانی عەرەبی

١١. اَحْسَـنُ الاتحـاف لِکتـابِ الاِعتـکاف، دەق و شـەرحی بـە شـیعر و پەخشانی عەرەبی

١٢. فَتاوی الاکراد

١٣. ابهی المِلّباح لِبَیت النّکاح، (ناتەواو)

١٤. بدیع روحانی، لە بەدیعدا

١٥. اَسْهَلُ الولّـول الـی نظـم لُـبّ الالّـول، دەق و شـەرحی بـە شـیعر و پەخشـان لـە «الّول الفَقـه»دا بـە عەرەبی

١٦. دریای گوهر، ٣ بەرگ

١٧. شرح سبعەی معلّقه

١٨. شرح لامیه العرب و لامیه العجم و لامیه الکرد و قلّاید بَانَتْ سُعاد و بُرده و قلّیدەی جیمیەی بدیع الزمانی و قلّیدەی طنطرانیە، لە بەرگێکدا

١٩. شاهراه رهایی، به فارسی

٢٠. شیوەی مسلمانی، به فارسی

٢١. دورەی تعلیمات دینی، بۆ قوتابییانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی

٢٢. آینەی درستکاری، در برابر آیین زشتکاری

٢٣. مناظره با آیّار و تألیفات آیت‌الله مردوخ

٢٤. صفوت روحانی در مناقب شیخ عبدالقادر گیلانی، وەرگێڕاو لە عەرەبییەوە بۆ فارسی

٢٥. بدیع و قافیەی شیوا، بۆ قوتابییانی دواناوەندی

٢٦. تاریخ مشاهیر کرد، ٣ بەرگ (ناتەواو)

٢٧. مناسك حج، به فارسی

٢٨. خاطرات و یادداشتهای من

٢٩. دیوان اشعار

خوا لێ خۆشبوو" شیوا" لە نووسینی پەخشانی فارسیدا، شێوازێکی تایبەتی هەبوو. ڕەوان و بێ گرێوگۆڵ دەینووسی و بە وشەیەکی کەم، مەبەستەکەی پوخت و پاراو، ڕادەگەیاند. لە شیعریشدا دەستێکی باڵای هەبوو؛ بەتایبەت غەزەڵی جوان و ڕازاوەی زۆری هەن. ئەوا نموونە لە پەخشانی شیوا:

«... زمستان سال ٢٣ شمسی فرا رسید؛ هوا به شدت سرد و برفی بود و من مدام به فکر کار و مشغلتی بودم. روزی دو نفر از دوستانم ـ که اتفاقاً آنها هم جویای کار بودند ـ به دیدنم آمدند. از هر دری سخنی گفتیم و در آخر تصمیم گرفتیم که به تهران برویم. البته قبل از هر چیز لازم بود هرکدام لباس مناسبی برای این سفر تهیه کنیم و گذشته از آن خرج سفر لازم داشتیم. آنها رفتند که برای خود پول و لباس دست‌وپا کنند و من هم به یکی- دو جا مراجعت کردم. متأسفانه این هیأت سه‌نفره بعد از یک‌هفته، روی هم سیصد تومان پول داشتیم... نزدیک غروب در حوالی طاق بستان پیاده‌مان کردند. آن شب در یک بیغوله‌ای که به نام مسافرخانه بود بیتوته کردیم و فردا صبح به کرماشان رفتیم. پس از یک ـ دو روزی توقف و دیدار دوستان و خویشانی که آنجا داشتیم و تهیەی مبلغی دیگر وجه، شبانه به طرف تهران راه افتادیم؛ طلوع صبح به مقصد رسیدیم. نه جایی بلد بودیم و نه کسی را می‌شناختیم. هوا بسیار سرد بود و ما سرپناهی می‌خواستیم که از رنج سرما و خستگی سفر بیاساییم. یکی از همسفران، ما را به مسافرخانه‌ای راهنمایی کرد. آنجا منزل گرفتیم و یکی ـ دو ساعت استراحت کردیم تا خود را برای گشت و گذار در شهری که به هوای آن تحمل مشقت کرده بودیم، آماده سازیم.»

لە پرسەی مامۆستا بابەشێخیدا، کە ڕۆژی ٥ی ڕێبەندانی ١٣٦٧ ک. هـ. (١٩٨٩ ز.) لە تاراندا بەڕێوە چوو، مامۆستا هەژار ئەم وتارەی خوێندەوە:

«وەک دەبینم ئێمە ئەمڕۆ لەم شوێنەدا کۆ بووینەوە، داخ لە دڵین؛ ئازیەتبارین؛ کە عەزیزێکی زۆر بەڕێز، لە دنیایە، بەڕواڵەت، کۆچی کردووە. خۆ ئەگەر تۆزێک بەوردی سەرنج بدەین، کەمێ ژیرانە و پیرانەی تێگەییشتوو بیر لە حاڵی خۆمان وەکەین، تێدەگەین کە بەشی زۆرمان، بە ناشکوری خودا نەبێ، هەرچەندە بە ڕواڵەت زیندووین، بەڵام سەدهەزار خۆزگەمان بە مردوان کا!

بەڵێ ئێمە لەم کۆڕ و کۆبوونەوەدا، شین و گریانێکمان دەوێ؛ بەڵام بۆ کێ؟ هەر بۆ خۆمان؛ بۆ کولۆڵی و نەگبەتیمان. نەک شیوەنمان بۆ کەسێک بێ وەک «بابەشێخ»، کە هەرگیز مردن و نەمان سەری نادا و تا هەتایە ناوی لە سەر پەڕی مێژوو، وێڕای هەموو ناودارانی بەرزی تەئریخ، بە شانازی خۆ دەنوێنێ.

ئێمەی کورد بەر لە ئیسلامەتی، هەرچێکمان بووبێ دیار نییە. بەڵام ئەگەر ئاوڕێکی، تەنانەت نیوە ئاوڕیش وەسەر خۆمان بدەینەوە، شتی یەکجار سەیر دەبینین. لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامەوە، بە هەزاران زانای لەزەبر و بلیمەت، لە شەریعەت، لە تەریقەت، لە شیعر و ئەدەبیات و مێژوو، لە هەرجۆرە هونەرێکی بابەتی زانیاری زەمان، لەم گەلی کوردە هەڵکەوتوون، کە زوربەیان مایەی شانازی گەلانی هاوسامان بوون؛ کە ئێمەی نەگبەت تا ئێستا، وەک لە گوێی گادا نووستبین، هەر ئاگا و خەبەرمان نەبووە!

گوناهی ئەم بێ خەبەرییە لە سەر کێیە؟ دیارە هەر لەسەر خۆمانە. ئێمە بەپێی توانای خۆمان، بۆ فەرهەنگی نەتەوەمان ماندوو نەبووین. بەڵام لە بیریشمان نەچێ، ماڵم حەقە، ئۆباڵی ئەم بێ ئاگاییە، تا ئەندازەیەکی بەرچاو، لە ئەستۆی ئەم گش زانایانەی بەچکە کوردە.

مەسەل دەڵێ: «تا ماڵ پێویستی پێ هەبێ، نابێ بدرێ بە مزگەوت»؛ کەچی هونەرمەندانی کورد، زانا و مێژوونووسانی کورد، لە درێژی و پانی مێژوودا و بگرە ئێستاش، ئەم پەندەیان بەراوەژوو کردۆتەوە و چی لەم مەسەلەدا هەیە، لە بیر خۆیان بردۆتەوە.

لە درێژایی تاریخی ئیسلامەتیدا، لە ڕابوردوودا تا ئێستاش، هەر کوردێکی هێژا و بەرکەتی هەڵکەوت، بە بێ ئەوە خۆی لەبیر بێ، هەرچی بوویە، داویە بە مزگەوت و تەکیە و ئەگەر پاشەکەوتێکی دیکەشی بووبێ لە سامانی هونەرییەوە و لە سەرمایەی بەختەوەری فەرهەنگیمان، گشتی دراوە بە گەلەکانی هاوسامان. خۆمان دەملەپووش و قەتیس ماوینەوە، لە دەرگای دەر و دەراوسێ، سواڵی ماڵی خۆمان دەکەین!

تۆ بڕوانە ئەم هەموو مێژوو نووسانەی تۆرەمەی کورد، لە ڕۆژگاری کەونارادا و لە دەورانی نیوەکەون و ئاماڵ تازە و نیمداشتیدا، شوێنەواری پڕ لە پیتیان، کتێبخانەی هەندەرانیان پێ نەخشاوە و بوونەتە مایەی شانازی گەلانی‌تر، لەو هەموانە جگە لە تاک و تەرایان ـ دەربارەی وڵاتی خۆیان، گەلی خۆیان، لە فەنای بێدەنگا ژیاون؛ هەر متەقیشیان نەکردووە.

لەم هەزار و ئەوەندە سەتساڵانەدا، چەند جار قەتڵوعام کراوین، لە زێدی کەونارای خۆمان ڕاونراوین، دەرکراوین، چەند سەتجار تالان کراوین؛ نووسەر و هونەرمەندانمان، کەسیان نووکی قەڵەمەکەی بەرەو نووسینی دەردی گەل نەچەرخاوە. ڕەنگە هەر بە دەم گوتبێتیان «ماڵ سووتاو و ماڵ بریاو بە کۆی زوخاڵ بن»! تەنانەت بەڵای عاسمانیش

وەکوو لافاو، بەفر و تەرزە، کوللە و پەتا و بوومەلەرزەش لە کوردستاندا ڕووی‌دابێ و ماڵی کوردی پێ خرا بێ، بە هیچ ئاوا نەنووسراوە!

بە ڕەحمەت بێ شەریعەتی، لە نامیلکەی عیرفان و بەرانبەریدا، دەربارەی مەولانای ڕۆمی فەرموویەتی:

«پەسنی مەولەوی چەند بێژی، هێشتا کەمە. بەڵام ئافەرین لە چی بکەم؟ مەولانایەک لە بەلخ ، لە قوونییە، یان لە وڵاتێکی‌تر ژیاوە؛ خۆی وا لە ناو لیفەی ئەستووری عیرفان پێچاوە، بە کوشت و کوشتاری مەغول، بە شاڵاوی خاچپەرستان نەحەسیاوە. دەی‌سا من ناڵێم، تۆ بڵێ! بوون و نەبوونی ئەو پیاوە، بە بێچارە و هەژاران چی؟ بە بریندار و دەردەداری ئیمانداری موسوڵمان چی؟»

جا کە ئوستاد شەریعەتی تەوس و توانج دە مەولانای ڕۆمی بگرێ، ئێمە دەگەڵ ئەو هەموو زانایانەی کورد، کە هیچ هەستیان بە تاوتوێی تیراویی، بە ئێش و ژانی خزمان و هاوماڵانی خۆیان نەکرد و خۆیان لێ بوارد، دەبێ چۆن بین؟ دەبێ چ بڵەین؟

جا ئەمانە وا هاتن و وا ڕۆیشتن؛ خوایان لەگەڵ. بەڵام ئێستاش زۆری وامان لە ناودایە کە دەستی قەڵەمێ دەگرێ و نووسراوی دەخوێندرێتەوە. هەژارانە ڕوو دەکەمە ئەو دەستەیە و لەبەریان دەپاڕێمەوە: خوشکی کوردم! برای کوردم! تۆی کورد لە زێدی کورد ژیاوی. نان و ئاوی ئەم گەلە بۆتە بژیوت. لە فێرگەدا هەر بە یارمەتی ئەو ماوی. تۆ لە سایەی کوردەواریدا بوویتە کەس. دەیسا تۆش لە نووسینتدا ئاوڕێکی وەسەر بدەوە. لە خۆشیان هیچ؛ کە هەرگیز خۆشی نەدیوە. هیچ نەبێ بە نووکی قەڵەم، لە دەردەکانی بەشدار بە! هەرچی بەڵا و دەردیسەری بە سەری دێ، تۆ بیخە سەرڕووی کاغەزێک؛ با وەچە و بەرەی دوارۆژی ئەم میللەتە نەگبەتبارە، ڕابردووی باب و کاڵی خۆی لەبیر نەکا و جارجار پەندی لێ وەرگرێ.

خوشک و برای هونەرمەندم! هەر وەک گەرەکتە فەرهەنگی دراوسێکان دەوڵەمەند کەی، لە هەشت مشتێکی لێ لادە و بیدە بە هاوماڵانی خۆت؛ با بە بێ‌ئەمەگ دەرنەچی.

خۆزگە بە خۆزگەی خودا با، زانا و هونەرمەندانی کورد، لە ڕابردووش و ئێستاشا، بزگوڕێکیان لە مامۆستای بەرز و نەمر، بابەشێخی ڕۆحانی خۆمان داوڕیبا. ئەم کارەی بابەشێخ کردی، دەربارەی مێژووی ناوداران، دەکرێ بڵێم: بەو نەبا، بە کەس نەدەکرا. هەر ئەو توانی پەڵەی هەڵەی سەر شانی زانایانی کوردی لە کورد خۆ بوێر، بسڕێتەوە و ئابڕووی ئێمەی دەڵەمە و نەبەگەی ئەمڕۆش بکڕێتەوە.

بەداخەوە منی هەژار بەختم نەیهێنا زۆر ساڵان لە فەیزی مامۆستای نەمر بەهرەوەر بم. تەنیا لەم دواییی دواییانە، بەهەڵکەوت ڕێگەم کەوتە لای ئینتیشاراتی سرووش. لە سرووشەوە دەگەڵ ماجیدی ڕۆحانی بوومە ئاشنا. لە سایەی کاک ماجیدەوە توانیم مامۆستا زیارەتکەم و بە دیتنی بەهرەوەر بم.

هەر لە هەوەڵ دیدارم بۆ ماڵی ئوستاد، فیکرم سەرمەقولاتێکی دا! ئاخر منێکی هەژاری لە هەموو دنیا دەربەدەر، لە ناو هەموو چین و بەرەیەک لە کورد و عەرەب و تورک و فارسدا ژیاوم. بیرم وابوو کە ئاکاری خواپەسند و ڕەوشی جوان و پاک و ڕند، لە ناو مەردمدا نەماوە و لە حەو کێوان ئاوا بووە؛ دەمگوت پێشووش هەر وا بووە. بەڵام نەخێر، حیسابی من گشتی بەراوەژوو دەرچوو. ئەم خانەوادە نەجیبە، ژن و پیاوی، پیر و لاوی، گشت لە گشتی، خاوەنی ئەخلاقی بەرزی بێ نموونەن. لەو کەسانەی کە من هەتا ئێستا دیومن، ئەمانە زۆر جیاوازن. هەیاران! ئەم ئاکارانە لەم خێزانە دیارە سەرچاوەی لەو باوە و لەو دایکەوە هەڵگیراوە. زانیم کە کەوتوومە شوێنێک فیز و خۆ بە زل زانین و گاڵتە و گەپ بە هەژار کردن، شوێنی نییە. هەر بۆیە بە ڕاشکاوی پرسیارم کرد: مامۆستا تۆ مەشغووڵی چیت؟ لە مێژووی ناودارانی کورد، چەند ڕووپەڕێکی نیشاندام. سەیرم کرد؛ ئەم کابرایە لە فارسیدا نەهەنگە؛ لە زمانی عارەبیدا دەریایەکە؛ لە زوانی کوردی خۆماندا بێ هاوتایە ... هەر ئەوەندەم بۆ کرا بڵێم: کارەکەت یەکجار بەنرخە؛ خۆزگا بڵاو کراباوە. بە بێ ئەوە هەست بکەم کە پێی خۆش بووە، یان غوروورێکی تووش بووە، بەوپەڕی خۆبەکەم‌زانی فەرمووی: نەخێر شتێ نییە؛ بەڵام چ بکەین هەر ئەونەم لە دەس هاتگە، کردوومە. قسەی ئەو شاعیرە ڕووسەم بیر کەوتەوە کە وتوویە: «بۆشکەی پڕ دەنگی لێ نایە. بۆشکەی واڵا دەنگی لە دنیا بڵاوە».

خوا شوکور بڕیار درا کە ئەم ئەسەرە چاپ بکرێ. بۆ یەکەم جار لە ژیانی پڕ کڵۆڵیمدا بەختی کەچم ڕاستی هێنا کە ئیدارەی پەژووهیشی ئیران‌زەمین، بە خێری خۆی، منی هەژاری نێونووس کرد بەر لە چاپ بیخوێنمەوە. مەسەل دەڵێ: «ئەگەر خوا دای، پاڵەوەدە!» ئای لەو مزگێنییە!

کتێبم هاتە بەردەستان. تازەبەتازە تێ‌گەییم کە مامۆستای نووسەری ئەو ڕووپەڕانە چی کردووە و پایەی زانستی چەند بەرزە! تازەبەتازە تێ‌گەییم کە ئەم پیاوە چەند حەول و تەقالای داوە و چەند لە ڕێیدا ماندوو بووە! پیاوێکی بێ‌بونیە و لاواز، چل و چەند ساڵ خزابێتە ماڵێکەوە، سەر لە سەر کتێب هەڵنەگرێ، هەر لێرە متالا بکا و هەر لەوێوە قەڵەم بەرێتە سەر کاغەز و تۆمار بکا. بۆ نموونە ئەمڕۆ کێ هەیە بتوانێ هەزاران پەڕ وەک: لوغەتنامەی دیهخودا، الکامیلی ئیبنوئەسیر، ئەعلامەکەی زرکلی، مێژووی مەسعوودی و بولفیدا، موعجەمول‌بولدانی یاقووت و سەتان کتێب و نامیلکەی گەورەو پچووک، لە عەرەبی و فارسی و کوردیدا وەخوێنێ و هەرکامێکیان بپشکنێ، لە سووچی هەر ڕووپەڕێکدا تووشی ناوی کوردێک بێ، دەسبەجێ بیقۆزێتەوە و بێ هەڵە بیگوێزێتەوە و ئەم چەند جڵدەی لێ پێکبێنێ؟ سەرەڕای ئەمەش کلیلی بەڵگە و سەرچاوە دینەوە، بداتە دەستی لاوانی دوارۆژی کورد، کە هەرکەس ویستی دەربارەی کوردێکی ناوداری مێژوو، بتۆژێتەوە و بنووسێ، ناچار نەبێ کون و کاژێڕی کتێبان لە کتێبخانان پەیدا بکا و بە خۆڕایی ماندوو ببێ.

من لەم پێداچوونەوەمدا بیرم لەوە دەکردەوە کە خوایە ئەم پیرەمێردە ممبارەکە، لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی ڕابردووەکانی گەلەکەی، دەبێ چەند ڕەنجی کێشابێ؟ خوایە دەبێ چەند دڵۆپی خوێنی گەشی دڵی تەنگی، تێکەڵ بە مەرەکەف بووبێ و ڕژابێتە سەر ئەم کتێبە بەنرخە؟ چۆن توانیویە و چۆن دەتوانێ ئەم هەموو ئەرکە دەربەرێ؟! دیسان لە دڵی خۆما دەمگوت: ئەم پیاوە ئەویندارێکە، گراویەکەی ژینەوەی فەرهەنگی کوردە. ئەویندارانی بەڕاستیش، لە ڕای گەیشتن بە ئاوات، لە هیچ خەتەرێ کۆ ناکەن.من بە بیری هەژارانەم لە مردوو زیندوو کردنەوە، مامۆستای نەمر (بابەشێخ)، لە مەسیحیشی تێپەڕاند. ئەگەر مەسیح لازارێکی خستەوە ژین، ئەو میللەتێکی لە مردنی بێ فەرهەنگی ڕزگار کرد.دروودی خوا لە گیانی پاک و پیرۆزی.

پاش لە دنیا چوونی مامۆستا، زۆرێک لە شاعیران و نووسەرانی دۆست و ناسیاوی، شیعر و پەخشانی بەرز و ڕازاوەیان لە شینیدا نووسی. دیارە هەموو ئەوانە تەنیا لە یادنامەیەکدا جێیان دەبێتەوە و لێرەدا ناگونجین.

سەردار هێتوتی ـ دهۆک



# هۆزانڤانێن کوردیێن بەهدینی

دەڤەرا بەهدینان ئێک ژ دەڤەرێن مەزن و بەرفرەهن ل باکووریێ هەرێما کوردستانا عیراقیێ، ل ڤێ دەڤەرێ گەلەک مەزنە شاعر و هۆزانڤان لێ ڕابوینە و دەست دایە خامەی و ب پەیڤێن شرینیێن کوردی ئەوا د سینگێ خۆ دا ڕێز ڕێز ل سەر لاپەران ڤەهاندینە و بۆ ئەڤرۆیا مە هێلانە، کو د دەمێ نوکە دا دەما ژ وان دنێرین دزانین کو ل سەر عەرد و ئاخا ڤێ دەڤەرێ دیرۆک هەبوو.

دەڤەرا بەهدینان ل باکوور هەڤ توخیبە دگەل میرگەها هەکارێ و وەلاتێ تورکیا و زنجیرە چیاییێ ئورەمار هەر دوو میرگەهـ ژێک جدا دکرن، و ل باکوورێ ڕۆژئاڤا دگەهشتە میرگەها بوتان ڕوبیارێ دیجلە توخیبێ وان بوو، ژ لاییێ باشووری ڤە دگەهشتە ئاسکێ میسل هەتا ڕۆژهەلات و ل چیاییێ مەقلیبێ دەرباز دبیت بۆ ریبارێ گومل و ئەڤ سنورە میرگەها بەهدینان ژ ویلایەتا میسل جدا دکر و باشورێ ڕۆژهەلاتێ زیێ مەزن ژ میرگەها سوران جدا دکەت(١).

ئەڤێن ل خارێ پشکەکن ژ کۆمەکا هەرە مەزنیا هۆزانڤان و زانا و نڤیسەرێن دەڤەرا بەهدینان:

## حـــەمیــدی



حەمیدی ژ هۆزانڤان و شاعرێن مت و بێ دەنگ و بێ ناسناڤ بۆ د ناڤا تەخا ڤەکولەرێن دیرۆکا ئەدەبا کوردی دا، هەتا ڤان دیماهیکا ڤەکولەر ل سەر بەرهەمەکێ وی هەلبوێ و دانە دیارکرن کو حەمیدی شاعرێ ئێکێیێ کوردە کو شێعر ب زمانی کوردی ڤەهاند بن، هەر چەندە مەسعود کتانی د سالا ١٩٩٨ دا ب ناڤێ (مەلاییێ باتەیی و سولتان حسێنێ بەهدینی میرێ ئامێدییێ) ئەڤ شێعرا حەمیدی ل سەر ناڤێ مەلاییێ باتەیی د هژمارە ٦یا گۆڤارا پەیڤ دا بەلاڤکربوو(٢) یا کو بویە جهێ ڤەدیتنا ناڤ و هەبوونا ڤێ هۆزانڤانێ مەزن.

حەمیدی کیە:

ناڤێ ویێ دروست نەهاتیە زانین، د.عەبدولرەحمان مزیری د گۆڤارا دیروک دا دەتە دیارکرن کو حەمیدی ناسناڤێ وی یە، لێ ناهێتە زانین کانێ وی ناسناڤێ خۆ ژ کێ وەرگرتیە ژ باب و بابکالان یان ژ کوردێن حەمیدی(٣).

ژ بۆ سالا ژ دایکبوونا ناڤبری، سەعید دێرەشی د گۆڤارا (دیرۆک هژمارە ١) دا ب ڤێ ئاوایی بەحسێ مێژوویا ژ دایکبوونا حەمیدی دکەت: دێرەشی هەڤبەرییێ دگەل ژ دایکبوونا فەقییێ تەیران و مەلاییێ جزیری و حەمیدی دا دکەت و دنڤیسیت: حەمیدی ٤٠ سالان ژ فەقییێ تەیران مەزنترە و نێزیکی ٦٠ سالان ژی ژ مەلاییێ جزیری مەزنترە.

هەروەسا دێرەشی ب زەلالی باس ل وی سەردەمی دکەت یێ کو حەمیدییێ شاعێر تێدا ژیایی کو ل سەردەمێ میرگەها بەهدینان و میرێ وێ (سولتان حوسێن وەلی) بویە کو سولتان حوسێن وەلی سالا (٩٤٠ مشەختی و ١٥٣٣ زاینی) بویە میرێ بەهدینان و (٩٨١ مشەختی ١٥٧٢ زاینی) چویە بەر دلوڤانیا خۆدێ.

دەما کو سولتان حوسێن دبیتە میرێ بەهدینان دیوانەکێ ئاڤا دکەت د ناڤبەرا سالێن (١٥٣٣-١٥٧٣) ئانکو سولتانی ٤٠ سالان میراتی کریە و د ڤان ٤٠ سالان دا حەمیدی یێ شاعێر شێعر ب دیوانا سولتانی گوتینە.

د ڤێ لێک ئینان و برنێ دا دێرەشی گەهشتیە وێ راییێ کو شاعرێ ئێکێیێ کورد حەمیدی ل سالا (١٥١٠ زاینی) ژ دایکبویە و شەهرەزایی د چار زمانان دا هەبویە و ب هەر چار زمانێن (کوردی، فارسی، عەرەبی، ئوسمانی) شێعر ڤەهاندینە.

ئەڤە ژی پارچەکە ژ دەڤا وێ شێعرا کو حەمیدی ب دیوانا سولتانی ڤە ڤەهاندی:

یاربی دائیم موبارەک بن ل وە دیوان و تەخت
جوملە کرمانجێ سلاڤ کێش بن بە پێش گشتی غەدار
عەدل و دادەن تەخت و دیوانێ موبارەک ئولەلەر
زرجە ئولمایە غەمدەن کوینزدە بەر غوبار

****

کائناتی هەفتتارم ساکیناتی شەرق و غەرب
جوملەئی بادی تورا یا ڕەب موبارەک باد دار
بار الباری لکم ایوانکم مدی الزمان
قد اراد الله فی اخلاقکم نعت الوقار

****

مەحمودێ خۆش تشتە علم ژ بۆ خەلقێ مەلا
مە دڤێ میران د هەیبەت والی بو ئەنیا شەهسوار
فەزلنز مهـ ئەی (حەمیدی) عیلم ئیلشەن یوقدرر
ئیلیم عالم ئیچندە ئەلمەک اوولور نام دار(٤)

## بەکر بەگێ ئەرزی



ناڤێ وی (بەکر بەگ کورێ میر بەهدۆر بەگ کورێ میر شالی بەگ)ە، لدوور سالا بوونا وی بوچوونێن جدا هەنە، م.بەیان ئامێدی ژ محەمەد ئەمین دوسکی ڤەگوهاستیە کو بەکر بەگ ل سالا (١٧٥٦زاینی) ژ دایکبویە ئەو دبێژیت: دوسکی ل دویڤ بەیتا سەیرانی ئەڤ دیروکە دایە دیارکرن(٥). ژ زاروکینیێ بەکربەگ دکەڤیتە بەر خاندنێ کو بابێ وی پالدەرێ وی بویە و ژبلی دەستێ نڤیسینێ شاعری مە دەستەکێ مەزن د هونەرێ دەستی دا ژی هەبویە.

ئەرزی وەک هۆزانڤان یێ سەردەمێ میر ئیسمائیل پاشایێ ئێکێ بوو (١٧٦٨-١٧٩٨) و ژ بەر ژێهاتیبوونا وی زیکا شیایە جهێ خۆ د ناڤا دلێ میرێ بەهدینان و خەلکێ دەڤەرێ دا بکەت.

وی هەلبەستێن خۆش و رند ڤەهاندینە و ب زمانەکێ پاقژ ڤەهاندنا پەیڤان کریە و هۆزانێن وی د سڤک و سادە بوین.

ژ بەیتێن ئەرزی (بەیتا سەیرانی، بەیتا چولێ بەلی، بەیتا نائیلا خاتینێ، بەیتا کەوی، بەیتا بوهارا کوردستانێ).

دگەل کو بەکربەگ ژ مالە میرێن بەهدینان بوو، لێ وی پشت دابوو وێ ژیانێ و دەست ب ژیانا نورمال کربوو دگەل خەلکێ سادە و ئاسایی و ڤێ چەندێ جەزا خەلکی بۆ شاعری مەزنتر لێکربوو.

پارچە هۆزانەکا ئەرزی دەما بۆ میر ئیسمائیل دبێژیت:

عاشقێ قەهوا شرین
سەرخۆشێ قەهوا تەحل
هنارکا دبەینە دەشتێ
سەر ب سەر ددەین ب دەخل(٦)

ئەڤەژی چەند بەیتەک ژ هوزانێن بەکربەگ بەیتا نائیلە خاتووینێ

ب دەرکەفتم تەماشاکەم
تیێ رۆژێ ل دنێ دابەه
خەیالا دلبەرێ ناکەم
مەدیت ئاگەهـ کو پەیدا بو
***
مە دیت ئاگەهـ ژ ئیحسانێ
هەلاند پەردا دریزانێ
ژ بورجێ هاتە ئەیوانێ
مقابل هات و وەستا بو
***
مقابل هات و راوەستا
دو خادم دەست ل سەر دەستا
ل پێش وێ دلبەرێ وەستا
هەلات رۆژێ ل دنێ دا بو(٧)

## مەلا مەنسورێ گێرگاشی



مەلا مەنسور خەلکێ گوندێ گێرگاشی یە، ل دەڤەرا بەرێ گارێ، ئەڤ گوندە دکەڤیتە باشوورێ رۆژئاڤا دێرەلوکێ، مەلا مەنسور ل دوماهیکا چەرخێ یازدێ مشەختی ژیایە، کو هەڤبەرە دگەل چەرخێ (١٦)ێ زایینی، ئەو ئێکە ژ هەلبەستڤانێت کلاسیک و گەلەک هەلبەست نڤیسینە.

مەلا مەنسور وەک هاتیە دیارکرن دەستەکێ بلند د ڤەهاندنا هەلبەستان دا هەبوو و وی د ناڤ مزگەفتا گوندێ گێرگاشێ دا خاندیە و پاشی بەرەڤ ئامێدێ بریکەفتیە بۆ تمامکرنا خاندنا خۆ ژ گرنگترین هەلبەستێت وی هەڤرکانیا دگەل(مەلایێ باتەی) بوو کو ئێکە ژ مەزنە هەلبەستڤانێت دەڤەرا هەکارێ ل باکوورێ کوردستانێ.

ئەگەر مەلا مەنسوریێ سەردەمێ مەلایێ باتەی بیت، وەک دوماهیک ڤەکولین هاتیە دیارکرن کو مەلایێ باتەی د سەدە سالا دوازدێ مشەختی دا ل هەمبەرێ هەژدێ زایینێ ژیایە.

هەتا نوکە ب تنێ سێ هەلبەستێت وی هاتینەدیتن (ل رۆژئاڤا دەمێ ئێڤار، سوبحان ژ شاهێ بێچوون، بەریکانا وی و باتەی).

پارچەک ژ هەلبەستا مەلایێ گێرگاشی:

سەلاما من سەحەر خیزی
ل تە ئەی (باتێ هەکارێ)
ژ شەهبازان شەکر دیزی
ژ عەقدا دور و مرواری
ژ مەوجان فیتنە ئەنگیزی
ژ لوتفا خالقێ بار

مەلایێ باتەیی ژی د بەرسڤێ دا دبێژیت:

ژ لوتفێ ئو عنایاتێ

تو یی مەنسورێ رەحمانی
هەرە گۆشێ خراباتێ
ببین فنجان و خافانی
ژ سیمایا بت و لاتێ
خویابو سرا سولتانی(٨)

ئەڤە ژێ پارچە هۆزانەکا دیتر یا هۆزانڤانێ کلاسیک مەلا مەنسورێ گێرگاشیە

ل روێ ئاڤا دەمێ ئێڤار
مەدین دیتا ل سەر بانی
رەشە پۆش کری بۆ خوار
برویسک و کەفتی نە ئەسمانی
ل ئەسمانا بۆ شاهی
ل ئەرد بێ هۆش و ئاگەهی
چ دونیا گرت ب ساناهی
نەکو ب عەسکەر بەلێ ب جانی
دەلالا نازکا رندی
شەپالێ دێم وەکو فندی
براستی ئایەتا زەندی
بهار و خۆشیا جانی(٩)

**محەمەد تەیار پاشا**



ئێک ژ شاعرێن بەرکەفتیین دیترە ل بەهدینان، ئەو ژ مالا میرێن بەهدینانە و ب وەسیەتەکا بابێ وی میرێ میرگەها بەهدینان دا هاتیە کو دڤێت محەمەد تەیار ببیتە جهگرێ وی و میرێ پاشەرۆژێ ل بەهدینان لێ برایین وی نەهێلا ئەڤ چەندە چێبیت(١٠) ب تنێ د ژیانا خۆ دا ئەڤ میرە دوو سالانێ بویە سەرڤەگێر و میرێ بەهدینان و هەر جارەکێ ب تنێ سالەکێ یێ بویێ ئەو ژێ د ناڤبەرا سالێن(١٧٩٨-١٧٩٨) و (١٨١٦-١٨١٧)، هەروەسا بۆ دەمێ چار سالان ژێ میرێ دهۆکێ بویە (١٢١٥-١٢١٩ مشەختی، ١٨٠٠-١٨٠٤ زاینی).(١١)

ئیسمائیل پاشا کورێ بەهرام پاشا ل سالا(١٢١٣ مشەختی هەمبەری ١٧٩٨ زاینی) مریە و کورێ خۆیێ بچیک محەمەد تەیار کریە جهگرێ خۆ، عەبدولرەحمان مزیری سالا بوونا محەمەد تەیاری ب ١١٩٤ مشەختی ل قەلەم ددەت لێ سەعید دیرەشی سالا بونا وی ب ١١٩٧ مشەختی ل قەلەم ددەت ل هەمبەری ١٧٨٣ زاینی.

محەمەد تەیار دوو پاشناڤ د ناڤا شێعرێن خۆ دا بکار برنە کو ژ وان ژێ (غەریبی و ٩٢) بونە کو ٩٢ ب تنێ وەک هژمارە نڤیسیە(١٢).

ڤی میرێ بەهدینی و شاعرێ کورد پشتی وەفاتا خۆ چەند شێعر و دەستنڤیس ل پاش خو هێلانە کو ئەڤرۆ بوینە جهێ ڤەکولینا ڤەکولەرێن بیاڤێ شێعرێ ل بەهدینان.

مرنا محەمەد تەیار نەیا زەلالە، (هێرش کەمال رێکانی د پەرتۆکا عەشیرەتێن بەهدینان و د بەرپەرێ ٦٣٦) دا ئاماژە ب دوو بوچوونا ددەت و دبێژیت: ل سالا ١٨١٨ ئەڤ میرێ هوزانڤانێ چویە رەحمەتێ، لێ دەما بەحسا نامەیەکێ دکەت کو مێژوویا وێ بۆ (١٧ شەوالا ١٢٦٢ مشەختی، ١٨٤٦/١٠/٧ زاینی) ڤەدگەریت و ناڤ و موهرا میرێ هوزانڤان لسەر هاتیە قەیدکرن کو سالا ١٨١٨ دئێخیتە د ناڤا مژ و دومانێ دا و ناڤبرێ دبێژیت کو لگورەی ڤێ نامێ یا کو دیوکا وێ بۆ پشتی هەرڤینا میرگەهێ ڤەدگەریت دڤێت زێدەتر کار لسەر محەمەد تەیار بهێت کرن دا کو ب دروستی سالا مرنا وی زەلال ببیت.(١٣)

شێعرەکا شاعرێ کورد محەمەد تەیار
چەند بارینم ژ چەهڤان
چەند بارینم ژ چەهڤان ئەشک گەوهەر بار بار
رۆژێ عشرەت بت ل من وەک رۆژ هجران تار تار
دل ژناری فرقەتێ دائیم تژی بت پێت پێت
سینەئێ مەجرووح و کول هەردەم تژی تێ خار خار
زەر کرم دەردێ فراقێ وەک خزانان رەنگ رەنگ
لال بووم تەشبیهی بلبل دور از گولزار زار
گولرخان تالانێ جان کر مەهوەشان دین برد برد
عەقل و هش من ژوون ژ سەر وەک مەردمێ مەیخۆر و خوار
بوو رەقیبی سوحبەت و دلدار و شادی حەیف حەیف
ئەز ب ئەفغان و گرین وەک عندەلیب زار زار
(ئەڤا ل سەر بەشەکە ژ پارچە شێعرا وی یا ب ناڤێ چەند بارینم ژ چەهڤان)(١٥)

**مەلا محەمەد ئەمین بەرچی**





ناڤێ وی یێ دروست محەمەد ئەمین کورێ شینۆ کورێ کرێتە، خەلکێ گوندێ بەرچی یە، ل دەڤەرا نهێلێ، ئەڤ گوندە دکەڤیتە رۆژئاڤا دێرەلوکێ.

مەلا محەمەد ئەمین بەرچی د نیڤا دویێ یا سەد سالا ١٩دا ژ دایک بۆیە و د نیڤا ئێکێ یا سەد سالا ٢٠ێ وەفات کریە.

مەلایێ بەرچی، ب محەمەد ئەمینێ لەنگ ژی د ناڤ خەلکی دا یێ بەرناس بوو چمکی ژ بەر شیماتیان وی پییەکێ خۆ ژ دەستدابوو.

بەرچی شارەزایی د ئەزمانێ عەرەبی و فارسی دا هەبوو و هندەک بیرهاتن ب ڤان هەر دو ئەزمانان قەیدکرینە.(١٦)

دەقەکا هوزانا وی

دەردێ عشقێ ئەڤینیێ
شەوقێ دا بوو ل غەریبیێ
دەریایێ بەحرا غەربیێ
سەرمەست و گەردانی مەلا
خالا ل وەجهێ ئەنوەری
رەونەق ل ئەنیا دلبەری
دەریایێ داغا کەسەری
سەرمەست و گەردانی مەلا
بەژنا شرین وێ قامەتێ
چاڤێت حوبرا سەر کاغەتێ
دەریایێ بەحرا مەحبەتێ
سەرمەست و گەردانی مەلا
جایێ غەریب دەرکەفتەمە
تا ب عراق و عەجەمە
دەروونێ من دەرد و غەمە
ئاتەش ل سەر دانی مەلا(١٧)

## شێخ غیاسەدینێ نەقشبەندی



ناڤێ وی (غیاسەدین کورێ شێخ بەهائەدین کورێ شێخ تاهرێ نەقشبەندی)یە، ل سالا ١٨٩٠ ل گوندێ بامەرنێ ژ دایک بۆیە، دەست پێکێ ژ خاندنا قورئانێ دەست ب خاندن و زانینێ کریە و پاشان ل نێک کومەکا زانایێن دەڤەرێ دەست دایە خاندنا پەرتوکێن شەریعەتێ.

ناڤبرێ دەستێریا شەرعاتیێ ژ بابێ خۆ شێخ بەهائەدینێ وەرگرتیە، و ئەو هەڤچاخێ (ئەحمەدێ نالبەندە)، ناڤبرێ ل سالا ١٩٣٠ دبیتە نوینەرێ ئامێدیێ د جڤاتا نوینەرێن عیراقێ دا و ل سالا ١٩٣٥ جارەکا دن بۆ دهێتە نویکرن ڤە.

شێخ غیاسەدین ژ بلی زمانێ کوردی، شەهرەزایی د زمانێ فارسی و عەرەبی دا هەبویە و بەرهەم ژی ب وان ئەزمانان هەبوینە. شێخێ هۆزانڤان سێ هەڤژین هەبون و دژێ پیراتیێ دا دەست ب ڤەهاندنا هۆزانان کریە.(١٨)

و ل رێکەفتێ(١٩٤٤/٨/١٢) ژ ئەگەرێ نەخۆشیا پەنچەشێرێ دچیتە رەحمەتێ و ل بامەرنێ ل گورستان (مەزاری) دهێتە ڤەشارتن.(١٩)

پارچەیەک ژ هۆزانا وی یا (رێیا لاوان)

رێیا لاوا
سەرێ شولی ژ بنی دانن گەلی لاوێت خۆدان غیرەت
نە بێژ نینە ئەڤرۆ بۆ مە بەخت و تالع و قسمەت
سەرێ شولا مە عیلم و چاکی یە وخێرخازیە و قەنجی
دگەل کەسپا حەلال و راستی و دل ساخی و عیففەت
هەمی پێکڤە بزانن دەست ل دەست بن ژێک نەبزدینن
وەریسی موکوم کەن دانە چپییت دانە بن عیبرەت
ئەگەر هون مونتەفق بن علم و فەن و سنعەتا بزانن
چو شک نینە سەعادەت بۆ وە دێ هێتن بێ زەحمەت
نەبن بێ هیڤی یێ بێ هیڤی سەرگەردان و ئالوزە
نەکوهوین پاشڤە مینن وەقتێ گەنگە قافلە دەرکەت
چو کەس ناهێتە دونیا دەستێ وی پر زینەت و سەروەت
دێ هێتە یێ رویت و رسوا شبتێ بابێ دەرکرێ ژ جەننەت(٢٠)

شێخ غیاسەدین کو ناسناڤێ وی یێ هوزانێ (مەلایێ پیر) بوو، ل دوماهیا هوزانێت خۆ ئاماژە دایە ڤێ ناسناڤێ:

حارس چ زەرە بۆ خچر رێبەرێ رێزان
زولمەت چ غەمە کەهرەبە دل شبهێ شەمالێ
ئەی پیرە مەلا بوچی دنالی وە تە چ دڤێت؟
وەک کویسەلی کەنگی تو دێ گەهیە غەزالێ؟(٢١)

## ئەحمەدێ نالبەند



ئەو کورتە ژیانا کو هۆزانڤانێ مەزن نالبەندی ب دەستێن خۆ نڤیسی، (ئەز موخلیسم، کورێ ئەمینێ نالبەند ناڤێ دایکا من فاتمابوو، بابێ من خەلکێ ئامێدیێ بوو، سالا ١٢٨١ مشەختی بەرامبەر ١٨٦٤-١٨٦٥ زاینی بابێ من ژ ئامێدیێ چوبوو بامەرنێ و ل وێرێ نالبەندی کر بۆ ژیارا خۆ. ئەز ل سالا ١٣٠٨ مشەختی بەرامبەرێ ١٨٩٠-١٨٩١ زاینی ل گوندێ بامەرنێ هاتیمە دنیایێ، سالا شەشێ من قورئان ل نێک دایکا خۆ ختم کر.

نالبەند ل سالا ١٩١٦ دبیتە مەلا ل گوندێ بێدوهێ یێ دەڤەرا بەروارێا و پشتی ڤێ سالێ ل گەلەک دەڤەران گەریایە هەتا ل رۆژا ٩/ئەیلول/١٩٦٣ ب دەستێ خۆ

هەواڵنامەی کتێب

دوماهیێ ددەتە ژیانا خۆ و خۆ دکوژیت و ل گوندێ خشخاخا دهێتە ڤەشارتن.(٢٢)

نالبەند چەندین ناسناڤ هەبین و ژ وان ژی (نالبەند، موخلس، ئامێدی، بامەرنی، نعلبند) و د ژیێ گەنجاتیێ دا دەست ب ڤەهاندنا هۆزانان کریە کو ب هۆزانێن خۆ یێن هەمەجور شیایە خزمەتەکا باش پێشکێشی وەلاتی بکەت.(٢٣)

کوردستان تو نۆ بۆکی
ئەز چو زاڤا نابینم
نە یا ب عەیب و چوریکی
ڤێت مەدحێت تە بخوینم
بو رەڤانێ نێزیکی
وەی بوتە ئەز نەمینم(٢٤)

## بـــازلـــی




هۆزانڤانەکێ دیتریێ دەڤەرا بەهدینانە، ناڤێ وی ( عەبدولخالق کورێ نەبی کورێ حەجی کورێ بابەکی)ە، ل سالا (١٣١٩ مشەختی، ١٩٠٢ زاینی) ل گوندێ بێژەلێ ل دەڤەرا رێکان هاتیە سەر دنیایێ، وی ل زاروکینیێ دەست دایە خاندنێ و ل دەڤ بابێ خۆ قورئانا پیرۆز ڤەخاندیە، ژ بۆ وەرگرتنا زانستێن دینی قەستا گوندێ سەیداڤا و مەمانێ کریە و پشتی وەرگرتنا زانستی ل سەر دەستێ بابێ خۆ ئیجازا مەلاتیێ وەرگرتیە.

بازلی ب ئەگەرێ نەخوشیەکا گران ل رێکەفتی (١٤٠٢ مشەختی، ١٩٨٢ زاینی) ل باژێرێ دهۆکێ چویە بەر دلوڤانیا خۆدێ.

هوزانەک ژ دیوانا بازلی:
بوچی هەموچکان ئستاندی جام
مە هندەکا بوچی حەرام
پرسین ل جەم گەرێ کەران
مە گەل چو کر شولا غەرام
چنکو ئەمە مە دەڤ خۆش نینە
لەوما ل وی دور کەفتینە
پرسین و سوز بێت رابینە
مایینە بێ بابێت یەتام
دنیا هەموو سەر پێ سەرە
کەت دەستێ خویس ڤەشمەرە
وەیلا ل بێت قەلەندەرە
کەنگی دێ چێبیت ئەڤ نیڤام؟

ئەڤ گوتنە زێدە کارینە
ئەمما ئەڤە مەجبورینە
بۆ مە کەسێت چ ب دەستینە
لەوما مە درێژ کر کەلام(٢٥)

## ژێدەر:


١.عبد الله دەروێش علی، مستەفا عبدالرحمن یونس، ئەرەدنا بەرپەرەکێ ڤەشارتی ژ دیروکا دەڤەرا ئامێدیێ، بپ ١٤-١٥، چاپخانا کاروان-(هەولێر ٢٠٠٧).

٢.د.مەسعود کتانی، مەلایێ باتەیی و سولتان حسێنێ بەهدینی، گۆڤارا پەیڤ، هژمارە ٦، بپ ٨، ١٩٩٨، (گۆڤار یا ئێکەتیا نڤیسەرێن کورد تایێ دهۆکێ یە).

٣.د.عەبدولرەحمان مزیری، کاودانێ رەوشەنبیری ل میرگەها بەهدینان،گۆڤارا دیروک، هژمارە ٥، بپ ٥، (هاڤینا ٢٠١٤).

٤. سەعید دێرەشی، حەمیدی شاعرێ ئێکێ یێ کوردە د دیرۆکا تۆرەڤانیا کوردی دا، گۆڤارا دیرۆک هژمارە١، بپ ٦١-٧١، (دهۆک هاڤینا ٢٠١٣).

٥.بۆ پتر پێزانینا تێندە محەمەد ئەمین دوسکی، بەکر بەگێ ئەرزی، (٢٠٠٢)

٦.م.بەیان ئامێدی، حەمک و بەکر بەگ د ترازیا خەلک و میرێن بەهدینان، د پەرتوکا دیدارا دیرۆکی ل دۆر ئامێدیێ، بپ ١٥٩-١٦٠، چاپا ئێکێ، چاپخانا خانی (دهۆک ٢٠٠٩).

٧.محەمەد عەبدولا ئامێدی، بەکر بەگێ ئەرزی، گۆڤارا سیلاڤ، هژمارە ٧، بپ ٣٤، (چریا دوویێ ٢٠٠٦).

٨.تێندە سەردار هێتوتی، هەلبەستڤانیا دەڤەرا دێرەلوکێ، گوڤارا سیلاڤ، هژمارە ١١٣، بپ ٣١، (ئەیلول ٢٠١٨).

٩.محەمەد عەبدولا ئامێدی، مەلا مەنسورێ گێرگاشی، گۆڤارا سیلاڤ، هژمارە ٦، بپ ٣٣-٣٤، (چریا ئێکێ ٢٠٠٦).

١٠. سەعید دێرەشی، شاعرێ مەزن محەمەد تەیار پاشایێ میرێ بەهدینا، گۆڤارا دیرۆک، هژمارە ١٤، بپ ٦و٧و٨و١٨، (دهۆک بهارا ٢٠١٧).

١١. هێرش کەمال رێکانی، عەشیرەتێن بەهدینان ١٥١٤-١٩١٩ز دانەناسینا جوگرافی و کورتیەک ژ دیرۆکا وان، لاپەرە ٦٣٣-٦٣٦، چاپا ئێکێ، ٢٠١٩ز.

١٢. سەعید دێرەشی، ژێدەرێ بەرێ.

١٤.هێرش کەمال، ژێدەرێ بەرێ. (بپ ٦٣٦)

١٥.سەعید دێرەشی، ژێدەرێ بەرێ.

١٦.سەردار هێتوتی، ژێدەرێ بەرێ

١٧.سەعید دێرەشی، کەلهێن ئاڤا (بپ ٣٣٥)، چاپا ئێکێ، چاپخانا وزارەتا پەروەردێ- هەولێر.

١٨.هاتین جومعە ، بزاڤا شێعری ل بامەرنێ، (بپ ١٦ و ١٧).

١٩.هێرش کەمال رێکانی، هندەک تشتێن دی ل دۆر هۆزانڤان شێخ غیاسەدین نەقشبەندی، گۆڤارا سیلاڤ، هژمارە ٣، بپ ٣٠، نیسان و گولان ٢٠٠٦.

٢٠.(هێرش کەمال رێکانی، زانا هۆزانڤان شێخ غیاسەددین نەقشەبەندی، گۆڤارا نیژەن، هژمارە ٤، بپ ٩، کانینا ئێکێ ٢٠١٤ز).

٢١.(محەمەد عەبدولا ئامێدی، هوزانڤان شێخ غەیاسەدین نەقشەبەندی، گۆڤارا سیلاڤ، هژمارە ٢٢، بپ ٢٧، شوات ٢٠٠٨).

٢٢.سەعید دێرەشی، کەلهێن ئاڤا، بپ١٣٨-١٣٩، چاپا ئێکێ، چاپخانا وزارەتا پەروەردێ-هەولێر، ٢٠٠٥.

٢٣.هاتین جومعە رەشید، بزاڤا شعری ل بامەرنێ،بپ ١٧

٢٤.(د.کامیران بەروار، قوناغێن وەرارا بزاڤێن نەتەوی د هوزانا کوردی دا نالبەند، گۆڤارا سیلاڤ، هژمارە ٤٩، بپ ٢٧، گولان ٢٠١٠).

٢٥.هێرش کەمال رێکانی، هۆزانڤانەکێ دی ژ کلاسیکیا کوردی بازلی ١٩٠٢-١٩٨٢ز، گۆڤارا دیرۆک، هژمارە ٤، )بپ ١٤٨-١٥٠، بهارا ٢٠١٤)



هێرش کەمال ڕێکانی - دهۆک
مامۆستایێ مێژوویی، بەرپرسێ سەنتەرێ قوبەهان بۆ ڤەکۆلینێن بەلگەنامە و دەستنڤیسان ل بەهدینان



# ژ پێشەنگێن ڕۆژنامەڤانیا بەهدینان

## محەممەد بریفکانی (١٩١٥_ ١٩٧٣ز)

ڕۆژنامەڤانی وەک ئێک ژ ژێدەر و ئالاڤێن گرنگ بۆ ئاگەهی و تۆمارکرنێن دیرۆکی و کاودان و ڕەوش و سەرۆبەر و ڕووداننێن جوداجوداییێن سەردەمێ بوری و یێن ڕۆژان و هەڤسەردەمی دەرکەفتا وان ڕۆژنامە و گۆڤاران ، ژ بەر ڤێ گرنگیێ نڤیسەر و ڕەوشەنبیرێن کوردی ژێ هەر زوی بزاڤ و شیان و خەباتا خۆ ئێخستی یە کاری بۆ ڕەوشەنبیرکرن و هشیاریا گەلێ خۆ، ب هەلکەفتا ١٢٢ سالیا ڕۆژنامەڤانیا کوردی دێ ل ڤێرێ ئێک ژ پێشەنگێن ڕۆژنامەڤانیا دەڤەرا بەهدینان دەینە نیاسین ئەو ژی نڤیسەر و ڕۆژنامەڤان (محەممەد بریفکانی) یە.

کورتیەک ژ ژیاننامەیا محەممەد بریفکانی :

